# کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟

# کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟

دانانی

د. خلیل اسماعیل محمد

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە

عبدالله رشید حسین

هەولێر - ٢٠١٠



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟**
- نووسینی: د. خلیل اسماعیل محمد
- وەرگێڕانی: عبدالله رشید حسین
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: مەریوان زەندی
- ژمارەی سپاردن: (٨٢٣)
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٤٩٢)

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

پێشەكی ... ٧
ڕەهەندی سیاسی پێگەی جوگرافی هەرێمی كوردستانی عێراق ... ٩
ڕەهەندی نەتەوەیی نەخشەی كارگێری كوردستانی ... ١٧
نیشاندەرەكانی كێشانی سنوورە كارگێڕییەكانی ... ٤٩
نەخشەی كارگێڕیی كوردستانی عێراق لە سایەی سیاسەتی بەعەرەبكردندا ... ٦١
كورد لە كوردستانی عێراق دا لە نێوان پەرەسەندنی عەرەبی و شەپۆلە توركیەكاندا ... ٦٩
خوێندنەوەیەك لە سیاسەتی دەرەوەی توركیادا لەسەر تەوەری (بەلْقان- قەوقاز) ... ٧٧
ئایندەی نەخشەی نەژاد ڕێژەیی (الاثنوغرافي) جیهان ... ٨٧
كێشەی كوردی لە نەخشەی سیاسی جیهان دا ... ٩٧
دەوڵەتی كوردی لە بۆچوون (تێڕوانین)ی جیۆپۆلیتیك دا ... ١٠٧
پەیمانی سیڤەر و ساباتی نێودەوڵەتی بۆ كێشەی كوردی ... ١١٥
جوگرافیناسان و ئایندەی كێشەی كوردی لە عێراق دا ... ١١٩
بەرزاییەكانی حەمرین: توێژینەوەك لە جوگرافیای سنوورەكان ... ١٢٣
كێشەی كوردی و ئاسایشی ئاو لە عێراق دا ... ١٣٩
شیكردنەوەی پێگەی شاڵاوەكانی ئەنفال لە هەرێمی كوردستانی عێراق دا ... ١٦٥
بەكوردستانیبوونی كەركوك لە سایەی ڕاستییە (مێژوویی، جوگرافی)یەكاندا ... ١٨٧
پشتێنەكانی بە عەرەبكردن بە دەوری (كەركوك)دا هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی شارەكە ... ١٩٧
كەركوك و ڕاستكردنەوەی باری نەتەوایەتی ... ٢١١
كۆچپێكراوە كوردەكان لە نێوان ئەشكەنجەی ڕاونان و چاوەڕوانی چارەسەرییەكاندا ... ٢١٩
گەڕانەوەی جووتیارەكان بۆسەر زەوییەكانیان كاردانەوەی كاریگەری لەسەر شاڵاوەكانی كۆچپێكردن ... ٢٣٣
وەستاندنی سیاسەتی بەعەرەبكردن بەرپرسیارێتیەكی مێژووییە ... ٢٣٩



PDF 4 KURD

كێشە و هەراكان (تداعیات)ی سیاسەتی گۆڕینی مۆركی نەتەوایەتی لە نێوان لێژنە نێودەوڵەتیەكان و بەرپرسانی كورددا ... ٢٤٩
دەرئەنجامەكانی بەعەرەبكردن پاش ڕزگاركردنی عێراق بەرەو كوێ....!؟ ... ٢٥٣
لە پێناو سەقامگیریی و بنیادنانی عێراقی یەكگرتوودا ... ٢٥٧
لە پێناو سەقامگیریی عێراق و سەر لە نوێ بنیادنانەوەی دا ... ٢٦١
بڕیار و بەڵگەنامە و زانیارییەكان ... ٢٦٥

# پێشەکی

کێشەی کورد لە عێراق بە قۆناغێکدا دەڕوات کە لە وانەیە بە مەترسیدارترین قۆناغە مێژووییەکانی کیشەکە دابنرێت تا ئێستا، لە هەمووشیان بایەخدارتر بێت لە دیاریکردنی رێڕەوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی بەشێکی گەورە لە نیشتمانی کوردان بە دەوڵەتی عێراقەوە.

ئەگەر بزوتنەوەکانی شیخ مەحمود و مەلا مستەفا بارزانی بە سەرەتایەك وەربگرین بۆ پێکهێنانی هەلۆیستی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراقی نویٚ ئەوا بڕیاردانی هاوبەشیکردنی

کورد لە تەك برا عەرەبەکانیاندا لە بنیادنانەوەی عێراق و پەرەپێدانی دەستکەوتەکانی شۆرشی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)، قۆناغێکی تری جیاوازە لە بەرەو پێشچوونی کێشەی کورد لە عێراق دا، هەر وەك چۆن شۆرشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) بە قۆناغێکی گەشە سەندووی ئەو بەرەو پێش چوونە دادەنرێت لە سایەی بەرجەستە بوونی هەلۆێست و خۆ نواندنە چارەنووسسازیەکانی گەلی کورد و گشت ئەو گیانبەخشینە بیٚ شومارانەی بەبەردەوامی ئەنجام دەدران، هەروەها رێکەوتنی (١١) ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراقیدا خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی و قۆناغێکی نویٚ بوو کە رەنگدانەوەی ئەو قوربانی و گیانبەخشینانە بوو، دان نان بە(کورد)دا وەکو گەلێکی خاوەن خەسڵەتە نەتەوەییەکانی وە بە (کوردستان)دا وەکو نیشتمانی ئەم گەلە کەپێگە و سنوری جوگرافی خۆی هەیە، وە بە (زمانی کوردی)دا وەکو زمانێکی فەرمیی، دەستکەوتی مێژووییِ ئەو قۆناغەی ئەوسا لە خۆی گرتوون.:

حکومەتە عێراقیەکان نەك تەنها پاشەکشەیان کرد لە پابەندبوونیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتنانە بەڵکو بە گشت توانایانەوە خۆیان تاودا بۆ کەمکردنەوەی هەبوونی کورد لە عێراق و ئامادە نەبوونی لە سەر شانۆی رووداوەکانی ناوچەکە لە رێی سووتاندن و وێرانکردنی هەزاران دیٚ و شارۆچکەی کورد و راونان و کۆچپێکردنی دانیشتوانەکانی بە بەکار هێنانی گشت جۆرە جەکێك (بە وانەشەوە کە بە شێوەیەکی نێودەوڵەتی رێگەیان پێنەدراوە) لە جێبەجێکردنی



سیاسەتی پاکتاوکردنی رەچەڵەکی و قەلاچۆکردنی بە کۆمەڵدا لە سەر ئاستی زەوی و مرۆڤ پێکەوە لە کوردستانی عێراقدا، وە لە ژێر سایەی راپەرینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) دا قۆناغێکی نویٚ رازایەوە لە مێژووی بەرەو پێش چوونی گەلی کورد لە عێراقدا، ئەم قۆناغەش بریتیی بوو لە رزگارکردنی بەشی زۆری خاك و نیشتمانی کورد لە گەڵ مافی دەستکردن بە دامەزراندنی قەوارەیەکی تایبەت بە کورد لە سایەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی دا بۆ دیاریکردن و پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی(پەرلەمان) و حکومەتی نیشتمانی بەم شێوەیە کورد توانی لە رێی ئەم پشتگیری و هاندەرە دیموکراتیانەوە پەل بهاوێژێت و دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگا شارستانیەکان پێکبهێنێت.

بە هەرەسهێنانی رژێمی دیکتاتۆری لەعێراقدا ساڵی (٢٠٠٣ ز) کێشەی کورد گواسترایەوە بۆ قۆناغێکی جیاوازتر، سنوورێك بۆ گشت ئەو نەهامەتی و ماتەمینی و سەردەمی زۆرداری و بیٚ بەشکردنانە دانرا کە گەلی کورد چێشتی لە لایەك، وە کورد پێگەی سەرکردایەتیکردنی گرتە دەست لە بنیادنانەوەی دەوڵەتێکی نویٚ و بە هێزکردن و پەرەپێدانی مافە نەتەوەییەکانی لە لایەکی تر.

ئەم توێژینەوانە خۆڕاگری ئەو قۆناغانە دەنوێنن کە کێشەی کورد پیایاندا تێپەڕیوە لەعێراقدا لە گەڵ بڕی ئەو گیان و خوێنەی کە کورد بەخشیوێتی لە پێناو بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییە رەواکان لە بەردەم(جەبروت) و دڕندەیی رژێمە فەرمانڕەواکانی عێراق کە بە درێژایی سەدەی رابردوو (سەدەی بیست) تێکۆشاون بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی (بەعەرەبکردن) بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەبوونی دیمۆگرافی کورد و خنکاندنی (نقوم کردن)ی گشت خەسڵەتە نەتەوەییەکانی و شێواندنی مێژووە دێرینەکەی.

ئەم توێژینەوەیەی لە بەردەستدایە ئەرککێشانی چەندین ساڵەیە پەخشی کراوە (بلاوکراوەتەوە) لە رێی هۆکارو دەزگا هەمە چەشنەکانی راگەیاندنەوە (بیستراوەکان، خوێنراوەکان، بینراوەکان) بەکارێکی سوودبەخشم زانی کۆیان بکەمەوە لەم پەرتووکەدا بەو هیوایەی کە ئەم ئەرك کێشانە بەشدارییەك بێت لە باوەڕ بەخشین و پەرەپێدانی کێشە نەتەوەییەکانماندا خوای گەورە سەرکەوتوومان بکات.

**دانەر**

**تشرینی یەکەم / ٢٠٠٥**



PDF 4 KURD

# ڕەهەندی سیاسی پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێو دەوڵەتانی دراوسێدا


خاکی کوردستان لە نێوان هەریەکە لە وڵاتانی: تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقدا دابەش دەبێت بێ ئەوەی سنوورێکی سیاسی خۆی هەبێت یان تەنانەت سنوورێکی کارگێڕیی سەرتاسەریی، لە ئێراندا بریتی یە لە ویلایەتێکی بچووك، لە عێراقدا بە پێی بۆچوونی حکومەتی ناوەندیی پێکهاتووە لە سێ پارێزگا کە ئەمانەن:

١- هەولێر ٢- سلێمانی ٣- دهۆك

تورکەکان لە بنەڕەتەوە دان بە هەبوونی کورد دا نانێن لە وڵاتەکەیاندا لە دەرئەنجامی ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١) و کشانەوەی دام و دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی عێراقی لە بەشە ڕزگار کراوەکانی هەرێم هەڵبژاردن ئەنجامدرا لە (مایس) ی ساڵی (١٩٩٢) وە دامەزراندنی (پەرلەمانی کوردستان)ی ڕاگەیاندرا و حکومەتی نیشتمانی سەری هەڵدا بۆ سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی هەرێم وەئەم هەرێمە بە هاوسێیەتی مایەوە لە گەڵ هەر یەکە لە کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا و کۆماری سوریا و دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا لە بەغداد بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) یەك.



نەخشەی ژمارە (١)




**شوێنی کوردستان لەناو وڵاتە دراوسێکاندا**

ئاشکرایە هەر یەکەیەکی سیاسی لە جیهاندا ناتوانێت بەردەوام بێت بێ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی کە هەیەتی بەرامبەر گەلەکەی جێبەجێ نەکات (لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە)، بە مەرجێك بۆ چوونەکان و کاریگەرییەکانی هێزە دراوسێکان و دەوڵەتەکانی تریش لە سەری ڕاستەوخۆیان ناڕاستەو خۆ لەبەر چاو بگێرێت.

شیکردنەوە جیۆپۆلیتیکیەکانی ڕەگەزەکانی شوێن پێکهاتوون لە دوو شت:

- دەروازە سەرەکیەکان(مدخلات) کە بڕبڕەی پشتی شیکردنەوەکانن
- دەرچەکان (المخرجات) کە بریتین لەو بنەماو دەستوورانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دیاری دەکەن.

لەم شیکردنەوانەدا پێگەی جوگرافی وەك بەردی بناغە ڕادەوەستێت وە لێرەدا مەبەست لە پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستانە لەچاو دەوڵەتەکانی تردا لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەم پێگەیە جێگیرو نەگۆڕە بە لاّم بەها سیاسی و ستراتیژ و ئابوورییەکەی لە گۆڕانی بەردەوامدایە.



PDF 4 KURD

پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان دڵی جیهانی دێرینە کە هەریەك لە) ئاسیا، ئەورووپا، ئەفریقا) دەنوێنێت و پردێکە دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە بە کەنداوی فارسییەوە بە هۆی ڕێگای ستراتیژی نێوان ئەستەنبول و بەغداد و بەسرە، هەر لەم هەرێمەوە ڕێگایەك تێپەڕ دەبێت کە (بەغداد) دەبەستێتەوە بە (تاران)ەوە لە ڕێی خانەقین و کرمانشاوە کە بە ڕێگای(خۆراسان) یان(ئاوریشمی چینی) ناسراوە، ئاشکرایە کە پێگەی جوگرافی بایەخێکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی هێزی دەوڵەت و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیدا، ناپلیۆن ئاماژەی بەم بایەخە کردووە و دەڵێت: (باری جوگرافیەکە هەل ومەرجی سیاسی تێرو تەسەل دەکات)، هەر وەك چۆن زۆر لە بڕیارەکان و دەرئەنجامە سەربازییەکان و ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێگەی جوگرافی ڕێك دەخرێن.

لایەنی ستراتیژیی پێگەی هەر یەکەیەکی سیاسی و کاریگەرییەکەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا لە هەستیارترین لایەنەکانی پێگەکەیە کەچی هەندێك جار دەوڵەتانی دراوسێ هاوکاری دانانی پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیە باشەکان دەکەن هەر وەك هەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان (کەنەدا) و (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دا بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرفتی هەمە چەشنە دروست دەبێت، هەر چەند دەوڵەتانی دراوسێ ژمارەیان زۆر بێت گرفتی زیاتر لە ناویاندا سەر هەڵدەدات بە تایبەتی ئەگەر هێزەکانی ئەم دەوڵەتانە جیاواز بوون (گەورەو بچووك بوون) ئەمەش وا لە دەوڵەتی بێ هێز دەکات کەلە پێگەیەکی بێ هێزیان ملکەچیدا بێت لە سەر ئەم بنەمایە دەکرێت سێ بازنە دیاری بکرێت کە ڕەنگدانەوەی ئەمجۆرە پەیوەندییانەبن ئەوانیشی ئەمانەن:

١- بازنەی ناوەخۆیی: بریتی یە لەو کۆمەڵەو پارتە سیاسیانەی کاریگەرییان هەیە لە بۆچوونە سیاسیەکانی هەرێمدا لە گەڵ ئەو دروشمە ناوەندییانەی دەری دەکەن و ڕەنگدانەوەی خۆدەرخستن و ئامانجەکانی هاوڵاتیانن لە ئێستاو لە داهاتوودا.

٢- بازنەی ناوەند: مەبەست لەو دەوڵەتە دراوسێیانەن کە دەوری هەرێمی کوردستانیان داوە و ئەوانیش تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق

٣- بازنەی دەرەکی: مەبەست لە دەوڵەتەکانی تری جیهانە بەتایبەتی ئەو هێزانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەیە بە هەرێمی کوردستانەوە لە پێشەوەی هەموویاندا:

(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا) وە لە وڵاتە عەرەبیەکان:

(میسر، ئوردن، دەوڵەتانی کەنداو بۆ نمونە)



PDF 4 KURD

کاریگەری جیۆپۆلیتیکی پێگەی دراوسێ لە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەردەکەوێت بە تایبەتی ئەگەر هەندێك جیاوازی هەبوو لە هێزی ئەم جۆرە دەوڵەتانە دا ئەگەر دوو دەوڵەت جیاواز بوون لە هێز (دەسەڵات) دا واتە بە هێزو بێ هێز بوون ئەوا بە زۆری دەوڵەتە بێ هێزەکە ملکەچی دەوڵەتە بەهێزەکە دەبێت ئەمەش وا لە دەوڵەتە بێ هێزەکە دەکات ناچار بێت لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەوەیدا لە سەر ڕێبازەکانی دەوڵەتە بەهێزەکە بڕوات یان ببێت بە بە شێك لێی یان دەبێتە دەوڵەتێکی گۆشەگیر ئەگەر کەوتە نێوان دوو دەوڵەتی بە هێزەوە، لەوانەیە بێ لایەنی دەوڵەتی گۆشەگیر ببێتە هۆی زیادکردنی گرنگی ئەم دەوڵەتە گۆشەگیرە لە پێشکەشکردنی هاوکاریدا بۆ پاراستنی دەوڵەتانی دراوسێی، لە لایەکی ترەوە دەشێت ئەو دەوڵەتە گۆشەگیرە ببێتە گۆڕەپانی کێشەو مل ملانیی نێوان دوو دەوڵەتە بە هێزەکەی دراوسێی بەم بۆنەیەوە گونجاوە پێناسەی (هێز) بکرێت لەم توێژینەوەیەدا:

هێز: ئەو کاریگەریەیە کە هەموو دەوڵەتێك دەتوانێت لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیدا بیسەپێنێت بەسەر دەوڵەتێکی تردا لە کارتێکردنی ئەو بۆ چوون و نەخشەکێشانانەدا کە پەیوەندییان هەیە بە سیاسەتی هەرێمەکەوە لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

هێز بابەتێکی زۆر گرنگە لە توێژینەوە جیۆپۆلیتیکیەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، زۆر لە توێژەران تێکۆشاون بۆ دانانی بیردۆزی سیاسی و لێکدانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەر بنەمای چەمکی هێز، وەئەم چەمکی هێزە وەك بەڵگەیەك لەسەر کاریگەری و زاڵ بوون و توانا بەکار دێت، هێز کۆی گشتی ئەو توانا و لێهاتووییانەیە کە بە هۆیانەوە دەوڵەت دەتوانێت کار بکاتە سەر ڕەوشت و ڕەفتاری خەڵکانی تر، (جۆنز) وا دەبینێت کە هێز تەنها شتێکی ماددی نیە وە ئەوەی گرنگە لە هێزدا هونەری بەکار هێنانەکەیەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەها سیاسەت بریتیە لەکرداری دانان و دیاری کردنی ئامانجەکان، (ستانسنکەر) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هێز بریتیە لە توانا و لێهاتوویی گەل بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ماددی و ناماددییەکانی بە شێوازێك کە کار بکاتە سەر ڕەفتاری خەڵکانی تر.

دەکرێت (هێز) بەم هێز بەخشانەی خوارەوە دیاری بکرێت:

١- هێز بەخشە سرووشتیەکان کە بریتین لە:

* پێگەی جوگرافی * زەوی (خاك) * ئاوو هەوا

*سامانە سرووشتیەکان (بەسەر چاوە ئاوییەکانیشەوە)

٢- هێز بەخشە دیموگرافیەکان: بریتین لە:

* قەوارەی دانیشتوان  * دابەشبوونی جوگرافی

* خەسڵەتە شارستانێتیەکانی دانیشتووان

٣- هێز بەخشە ئابوورییەکان: بریتین لە:

* داهاتە کشتوکاڵیەکان  * داهاتە ئاژەڵیەکان  * داهاتە رووەکیەکان

* داهاتە کانزاییەکان، لەگەڵ بایەخی گشت ئەم داهاتانە لە پێکەوەنان و ئەنجامدانی چالاکیە ئابوورییە هەمە چەشنەکاندا.

٤- ئاستی تەکنولۆژی دەوڵەت.

٥- هێز بەخشە نامادییەکان: بریتین لە:

* هزر (بیرو هۆش) * ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە دەوڵەت دەیگرێتە ئەستۆی خۆی لە بۆچوونە ناوەخۆییەکانی و دەرەکیەکانیدا.

لە بەر ئەم رۆشناییەدا هەندێك پەیوەندی باوەڕدار هەن لە نێوان شیکردنەوەی هێز و دارشتن(دروستکردن) ی ئەو بریار و رێوشوێنانەی کە دەوڵەت پەیرەویان دەکات لە جێبەجێکردنیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەها زانینی توانای دەوڵەت لە بە دەستهێنانی بریارەکانیدا بەندە بە توانای دەوڵەتەکانی ترەوە بە تایبەتی دەوڵەتانی دراوسێ لە بەر ئەوە گرنگە کە ئەم جۆرە تواناینانە بزانرێن، لەم توێژینەوەیەدا خۆمان ئاشنا دەکەین بە دیارترین (هەڵکەوتووترین) دوو هێز لە دەوڵەتانی دراوسێ کە ئەوانیش (تورکیا) و (ئێران) ن وەك نمونە بە ئامانجی زانینی رۆڵیان لە کارتێکردن لە سەر بۆچوون و تێڕوانینە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

## کۆماری تورکیا

تورکیا دراوسێی بەشە باکورییەکانی کوردستانی عێراقە هەروەك چۆن دراوسێی هەر یەکە لە: سوریا و ئێران و جۆرجیا و ئەرمینیا و بولگاریا و یۆنانە.

ڕووبەرەکەی نزیکەی (٧٨٠٠٠٠) کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، نزیکەی (٢٤٠٠٠) کیلۆمەتر چوار گۆشەی دەکەوێتە لای دەریای (مەرمەرە) کە بەشێکە لە کیشوەری ئەوروپا.

درێژی سنووری کۆماری تورکیا لەگەل ئەم دەوڵەتە ئەوروپیانەدا نزیکەی (٢٧٥٣) کیلۆمەترە، هەروەها کەنارەکانی ولاتی تورکیا بەبڕی نزیکەی (٨٣٣٣) کیلۆمەتر درێژە دەکێشن لە نێوان دەریای رەش و دەریای ناوەڕاست دا.



ئەم پێگە جوگرافیەی تورکیا پردێکە رۆژهەلاتی ئیسلامی و رۆژئاوای دیانی (مەسیحی) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر ئەم هۆکارەش بووە هۆی دیاریکردنی ئەم ولاتە وەك یەکێك لە گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی بەشدارییان کرد لە هەر دوو پەیمانی (بەغداد) و(ئەتلەسی) دا بۆ گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و چارەسەرکردنی بارودۆخەکە بەبێ بلاوبوونەوەی (مەترسیە سوورەکە)

دانیشتوانی تورکیا بە نزیکەی (٦٠) ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، هەروەها بەرابیەکی مرۆیی فراوانی هەیە هەر لە ئاسیای ناوەڕاستەوە دەکشێت تا دەگاتە سنوورەکانی ولاتی چین، هەروەها رەگەزی تورك رێژەیەکی زۆر لە زۆرینەی کۆمارە ئیسلامیەکان پێك دەهێنێت لەم ناوچەیەدا، پاش نەمانی دەسەلاتی عوسمانی لە سالی (١٩٢٣) وە تورکیا بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی زانستمەندانە ملی نا لە بەر ئەوە وای لێهات زیاتر لە رۆژئاوا نزیك ببێتەوە لە سەر حسابی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ رۆژهەلاتی ئیسلامیدا وەلەم پێناوەدا زۆر تێکۆشاوەو بەردەوامیش تێدەکۆشێت. پێدەچێت ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی تورکیدا کەوتبێتە بەر دڵ و وەلامدانەوە لە لایەن رۆژئاواوە بە تایبەتی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە پێناو دوو ئامانجی گرنگدا کە ئەمانەن:

- دانانی پەرژینێك دژی هاتنە ناوەوەی سۆڤیەت بۆ ناو خاکی تورکیا.
- سەرپەرشتیکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەگۆڕەپانی ولاتە سۆشیالیستیەکاندا رووی دەدا.

لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژی کێشەی نێوان ئەمریکیەکان و سۆڤیەت بایەخی ستراتیژی کۆماری تورکیاش لە لایەن رۆژئاواوە زیادی کرد بە تایبەتی پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران سالی (١٩٧٩) و داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە پاشان هەڵگیرساندنی جەنگی (عێراق — ئێران) و دووەم جەنگی کەنداو سالی (١٩٩١).

لە لایەکی ترەوە داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و بەرزبوونەوەی سەروەریی ئەمریکا وەك هێزێکی ئاراستەکراو بۆ سەر سیاسەتە جیهانیەکان بوونە هۆی لاوازکردنی بایەخی جیۆپۆلیتیکی تورکیا تاڕادەیەك وە توندوتیژیی کێشەی ناوخۆی نێوان تورکەکان بە شێوەیەکی بەر فراوان سەری هەڵدا لە نێوان ئەوانەدا کە داوای بەردەوامیان دەکرد لە بەرەو پێشچوونی بیری زانستمەندانەدا و نزیکبوونەوە لە رۆژئاوای دیانی (الغرب المسیحی) لە گەڵ ئەوانەدا کە داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ رۆژهەلاتی ئیسلامی بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی کۆمارە ئیسلامیەکانی ئاسیای ناوەڕاست و بڵندبوونەوەی هۆشیاریی ئیسلامی لە زۆر شوێنی جیهاندا، ئەم کارەش بووە هۆی بزواندنی دەروونی تورکەکان بۆ سەر لە نوێ خۆ فراوان کردنەوە و بە دیهێنانی خەونی (تورکیای مەزن) هەر لە (بەلقان) ەوە تا ولاتی (چین) لە سایەی ئەم

گۆڕانکارییانەدا چاوەڕوان دەکرا ڕەهەندەکانی سیاسەتی تورکیا لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ڕەنگ بداتەوە بە تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا لە وانەش (هەرێمی کوردستانی عێراق) کە دور نابێت لە کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانە ئایا:

- لەوشتانە دابێت کە پەیوەندییان هەیە بە بارودۆخی ناوخۆی تورکیاوە. لە پێشەوەی هەموویاندا هەڵوێستی تورکیا خۆی بەرامبەر کوردی تورکیا.
- یان تێڕوانینە دێرینەکەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بەو بڕوایەی کە ئەم هەرێمە بەشێکە لە ویلایەتی موسڵ تا ئێستاش تورکیا سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەم ویلایەتە بەشێکە لە خاکی وڵاتی تورکیا.

کۆماری ئیسلامی ئێران

رووبەری خاکی ئێران دەگاتە نزیکەی (١٦٤٨٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە.

- لە ڕۆژئاواوە ئێران دراوسێی هەر یەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و پارێزگا ڕۆژهەڵاتیەکانی کۆماری عێراق و تورکیایە.
- لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دراوسێی هەریەکە لە ئەفغانستان و پاکستانە.
- لە باکووریشەوە دراوسێی هەریەکە لە ئازەربایجان و ئەرمینیایە بە درێژایی بڕی نزیکەی (٢٥٠٠) کیلۆمەتر جگە لە دەریای قەزوێن.
- لە باشوورەوە دراوسێی هەریەکە لە کەنداوی (عومان) و کەنداوی (فارسی) و دەریای (عەرەبی) یە جگە لە دەربەندی (هورمز) کە زاڵە بە سەریدا و زۆرینەی پێداویستی یە نەوتیەکانی ئەوروپا و ژاپۆن لەم دەربەندەوە تێپەڕ دەبن،
- وڵاتی ئێران بایەخێکی نەوتی بەرفراوانی هەیە سەرەڕای ئەم بایەخە ستراتیژییە لە ڕووی جیۆپۆلیتکیەوە چ وەك:
  - بڕی یەدەکی نەوت
  - بڕی بەرهەم هێنانی نەوت
  - بڕی پاڵاوتنی نەوت

ئالێرەوە (ئێران) پێگەیەکی جیاو بەر چاوی هەبووە لە سیاسەتی جیهانیدا بە تایبەتی لە لای هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران. ئەمریکیەکان بەرەنگاری هەر گۆڕانکارییەك دەبوونەوە کە لە ئێراندا ڕوویدەدا بەڵام یەکێتی سۆڤێتی جاران بە سنگێکی زۆر فراوانەوە چاوەڕێیی گۆڕانکارییەکەیان دەکرد، پاش ئەوەی (ئەفغانستان) یان داگیر



کرد تەنها (٥٠٠) کیلۆمەتر لە خاکی ئێرانی لە ئاوە گەرمەکانی جیا دەکردنەوە، نەیانزانی پەیمانی (بەغدادی ناوەندی) ئێران دەخاتە پاڵ هەریەکە لە عێراق و تورکیا و پاکستان وە ئێران دەبێتە دەست (دەسەڵات) ێکی ڕانەگەیەنراو بۆ ئەمریکا لە زۆر شوێنی جیهاندا وە ئەمریکا لە (یانەی سەفاری) دا بەشداری دەکات لە گەڵ هەریەکە لە: سعودیە، میسر، مەغریب، فەرەنسا. دژی چوونە ناوەوەی شیوعیەکان بۆ ناو کیشوەری ئەفریقیا هەروەك چۆن ڕۆڵی هەمان شێوەی بینی لە کیشوەری ئاسیادا. تەنانەت (کێسنجەر) ئێرانی دادەنا بە گرنگترین قەڵای سەختی ڕۆژئاوا لە ئاسیادا هەروەها (نیکسون) پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا ووتی (ئێران لە قەڵایەکی سەختی ڕۆژئاواوە گۆڕا بۆ مەنجەڵێك دوژمنانە لە دژی ڕۆژئاوا دەکوڵێت)

لەو کاتەوە ئێران بوو بە کارێکی سەرقاڵ کەر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە دەستی ئەنقەست تێکۆشا بۆ گوڵ ڕێژکردنی ئێران لە ڕێیی کارەکانی: گەمارۆدانی سیاسی و ئابووری تەنانەت سەربازیش پاش ئەوەی کە ئەم ڕێوشوێنانەی بەکاردەهێنا بۆ گەمارۆدانی گشت بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە جیهاندا، لێرەدا بەشی کوردستانیش ئەوە بوو بکەوێتە نێوان شەویلاگی

ئەو تورکانەی کە چاوچنۆکی مێژوویی (فراوان) یان لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق کەم ناکەنەوە لە لایەك. ئەو ئێرانیانەی کە عێراق بە هەرێمی کوردستانەکەشیەوە بە پانتاییەکی مرۆیی و بوارێکی زیندەگیانەی دەوڵەتەکەی خۆیان دادەنێن لە لایەکی تر، ئەم کارەش هەروا ئاسان نیە بۆ سەرکەوتن لە نێوان ئەم بۆچوونانەی هەردوو دەوڵەتی دراوسێ دا. وەهیواو ئاواتەکانی گەلی هەرێمی کوردستان لە ئارامی و جێگیریدا نابن ئەگەر گشت گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بە هەند هەڵنەگیرێن.

ئاسانە بۆ هەر دەستەیەکی سیاسی یان کۆمەڵەیەك یان پارتێکی سیاسی دروشمی جوان و پرشنگدار بڵند بکات و بڕیار لە سەر ئارەزوو و ئاواتەکانی بدات کاتێك کە دوور بن لە کورسی دەسەڵاتەوە بەڵام ئەمانە لە سەنگەری بەرپرسیارێتیدان بەرامبەر گەلەکەیان و بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی هەرێمی (ناوچەیی) دا هەیە لێرەدا بابەتی دۆزینەوەی (هاوکێشەی هاوسەنگ) لە نێوان بەدەستهێنانی دروشمەکان و ئاوات و ئارەزووەکان و بۆچوونەکانی دەوڵەتانی دراوسێدا دەبێتە کارێکی زۆر پێویست لە دوو توێی ڕێورەسمی نەخشەکێشانی سیاسەتی ناخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا.



PDF 4 KURD

# ڕەهەندی نەتەوەیی نەخشەی کارگێڕی کوردستانی عێراق و پێداویستیەکانی قۆناغی ئێستا

## پێشەکی:

ئاشکرایە وشەی (عێراق) بە بەشەکانی خوارووی دۆڵی رافیدەین دەووترا ئەمەش لە بەر تەختی خاکەکەیی و نەبوونی چیا و نشێوییەکان[1]

لە لای زمانەوانیەکان وشەی (عێراق) ئەم واتایانەی خوارەوە دەبەخشێت:

* زەوی نزیك دەریا (ئاو) * تاجی بووك کە لە مادەی (ریشە-عرق) دروستکراوە

* لەوەڕگای نزیك دەریا (ئاو)

فەیروزئابادی لە ناولێنانی عێراقدا دەڵێت: لە تێکەڵبوونی رەگی دار خورما و درەختی ترەوە هاتووە[2]

بەڵام لە نەخشەکانی گەڕیدەکان و خەڵکە شارستانیەکانی وەك:

(البلغی، اصطغری، ابن حوقل، المقدسی) واهاتووە ئەو شوێنە جوگرافیەی عێراق دەینوێنێت: لە لای باکوورەوە لە (تکریت) ی سەر رووباری دیجلەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بەسرە و دەریای فارسی لە لای باشوورەوە[3]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تا کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانیش ساڵی (١٩١٤ – ١٩١٨)

پارچەیەك لە زەوی داگیرکردووە لە شێوەو رووبەردا جیاواز بووە لەو شێوەو رووبەرەی کە ئیستا هەیەتی[4]، وە ویلایەتی (موسڵ) بە دەوڵەتی عێراقی نوێوەنەلکێنراوە تاپاش ساڵی

(١) محمد بن حبیب الماوردی، الاحکام السلطانیة، چاپخانەی نیشتمان، قاهیرە، ١٢٩٨ك. ل١٦٤.

(٢) مجدالدین الفیروز ئابادی، القاموسی المحیط، چاپخانەی حسینیە، قاهیرە، ١٣٤٤ ك . ل٢٦٤.

(٣) خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کردستان العراق، چاپی ٣، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ١٩٩٩ز ل ٢٦٤.

(٤) ولید اسعد الصعب، خرائط و تطورها منذالقرن التاسع عشر،بەشی یەکەم، نامەی ماستەر، زانکۆی قاهیرە، ١٩٨١ ز ل ٣٥.



(١٩٢٥) بە بڕیارێك لە (کۆمەڵی نەتەوەکان)ەوە. هەر بەم بڕیارەش بڕیارلەسەر دیاریکردنی سنوورەکانی عێراق درا، دیاریکردنی ئەم سنوورانەی عێراق بە پێی زانیارییە مێژوویی و جوگرافیەکان نەبوو بەڵکو زیاتر دەرئەنجامی گفتوگۆ و رێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکان بوو.[5]

ئەوەی شایانی باسە ئەو بڕیارەی کۆمەڵی نەتەوەکان کە پشتی پێ بەسترا لەسەر رۆشنایی راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵە توێژینەوەی کێشەی (موسڵ) ی گرتە ئەستۆی خۆی کە تیایدا هاتووە[6]

١- سنووری عێراق لە(شاخی حەمرین) یان (تکریت) لەسەر رووباری دیجلە وە(هیت) لەسەر رووباری فورات تێناپەڕێت.

٢- گشت پەڕتووکە جوگرافیەکان هەر لە سەردەمی عەرەبەکانەوە تا ئەمڕۆ بایەخیان نەداوە بە ناوچەی کێشەدار (ویلایەتی موسڵ) و ئەم ناوچەیە وەك بەشێك لە عێراق دەرنەکەوتووە لە لایان.

لەبەر ئەوە هەندێك لە توێژینەوەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە نەخشەی سیاسی عێراق تا ئێستا شێوەی کۆتایی خۆی وەرنەگرتووە.[7]

لەم توێژینەوەیەدا بۆ زانینی ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەخشە کارگێڕییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا کراوە هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە تا راپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١) کارکراوە لەگەڵ زانینی ئەو هۆکارانەی لە کێشانی ئەو نەخشەیەدا کارلێکیان کردوە بە ئامانجی زانینی ئەو بنەما و پێوەرانەی کە رێنمایمان دەکەن بۆ بە دەستهێنانی نەخشە کێشانێکی باشتری هەرێم بۆ پارێزگاکانی ناوچەی توێژینەوەکە دابەشبوونە کارگێڕییەکان لە عێراق.

لە سەردەمی عەباسیەکاندا عێراقی ئێستا بۆ سێ هەرێم دابەش بوو بووەکە ئەمانەن:[8]

١- هەرێمی (السواد):

(٥) هەمان سەر چاوە ل ٣٦.

(٦) راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان (کێشەی سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق، چاپخانەی حکومەت، بەغداد، ١٩٢٥ ز ل ٣٠).

(٧) ولید اسعد الصعب، هەمان سەر چاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٨) لیسترنج، بلدان الخلافة الشرقیة، بشیر فرنسیس و کورکیس عواد، لە چاپکراوەکانی کۆمەڵگای زانستی عێراقی، چاپخانەی الرابطة، بەغداد، ١٩٤٥ ز ل٢٢١.



PDF 4 KURD

بەو زەوییە نیشتووانە دەووترێن کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا درێژ بوونەتەوە

٢- هەرێمی (الجزيرە):

بریتیە لە لای باکووری عێراق لە بانی رۆژئاوایی

٢- هەرێمی چیاکان:

ناوچە بڵندەکان دەگرێتەوە تا هەمەدان، سەردەمانێك پێی دەووترا (عێراقی عەجەم) و بە یەکێك لە ویلایەتەکانی دەووترا (کوردستان)

هەر هەرێمێك یەکەی کارگێری هەبووە بەناوی (کور) و(طسوج).

لە ساڵی (١٥٣٤ ز) دا سوڵتانی عوسمانی (سلێمان قانونی) گەیشتە بەغداد و هەرێمی کوردستانی بە وڵاتەکەیەوە لکاندوە بەغدادی کرد بە کەرت کە (١٧) فەرمانداری (متصرفیە)ی[٩] هەبووە، لەسەردەمی والی (مەدحەت پاشا) دا ساڵی (١٨٦٩ — ١٨٧٢) چەندین رێکخراوی کارگێریی پێکهێنرا لەوانە دابەشکردنی عێراق (کە پێکهاتبوو لە هەردوو کەرتی بەغداد و بەسرە بە تەنها)

بۆ چەند یەکەیەکی کارگێریی وەك:

(فەرمانداریەکان، متصرفیات)، (شارۆچکەکان)، (شارە دێکان) کە هێشتا کاریان پێدەکرێت[١٠]

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا یەکەم جەنگی جیهانی عێراقی ئێستا پێکهاتبوو لە ویلایەتەکانی: بەغداد، بەسرە، موسڵ)

کە سوڵتان عوسمانی خۆی سەرپەرشتی گشتی دەکردن و والیەکانی بۆ دادەنان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ویلایەتی موسڵ لە سێ (فەرمانداری) پێکهاتبوو: موسڵ، شارەزوور، سلێمانی، فەرمانداریی موسڵ ناوەندەکەی شاری موسڵ بوو،

شارۆچکەکانیشی پێکهاتبوون لە: (دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، زێبار، شەنگار)

فەرمانداری شارەزوور ناوەندەکەی شاری کەرکوك بوو، شارۆچکەکانی بریتی بوون لە:

(٩) طه الهاشمي، مفصل جغرافية العراقية، چاپخانەی (معاریف)، بەغداد، ١٩٣٠ ز ل ٥٤٧.

(١٠) جاسم محمد خلف، جغرافية العراق، چاپخانەی دار المعرفة، قاهیرە، ١٩٦٥، ل ٤٤٧، هەروەها: الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٥٠.

تێبینی: زاراوەی (لواء) بە زاراوەی (پارێزگا) جێگای گیرایەوە لەساڵی (١٩٧٠) دا بە پێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٢٤/ ٤/١٩٧٠، هەروەها بڕیارە کە گۆرینی ناوی ژمارەیەك لە پارێزگاکانیشی تیادا بوو.



(هەولێر، رانیە، کفری، رەواندوز، کۆیە)

شاری سلێمانی ناوەندی فەرمانداریی سلێمانی بوو ئەم شارۆچکانەشی پێوە لکێنرابوو:

(شارباژێڕ، چەمچەماڵ، مەرگە، گوڵ عەنبەر)[١١] بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢) دوو.

پاش ئەوەی یەکەم جەنگی جیهانی بار گرانی خۆی دانا و بەریتانیا بە تەواوی عێراقی داگیر کرد تێکۆشانەکان ئاراستەی دووبارە پێکهێنانەوەی پێکهاتە کارگێرییەکان کران لە وڵاتدا بە جۆرێك کە تیایاندا:

- یەکە کارگێریەکان بەسترا بوونەوە بە یەکەوە.
- پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەواو هاوڵاتیان فەراهەم کرابوو.

لە ساڵی (١٩٢٢) دا عێراق دابەشکرا بۆ (١٢) شارستان (لواء) بە پێی مادەی یەکەم لە سیستەمی هەڵبژاردنەکان کە لە ساڵی ناوبراودا دەرچوو وەتیایدا هاتووە:

(عێراق بریتیە لەو کۆمەڵە وڵاتانەی کە بەم ناوە ناسراوە و پێکهاتووە لەم شارستانانە(الويە) (موسڵ، سلێمانی، کەرکوك، دیالە، بەغداد، کوت، دلێم، حلە، کەربەلا، عەمارە، منتەفك، بەسرە)

ئەم شارستانانە دابەشکران بەسەر ئەم بازنە هەڵبژاردنانەی خوارەوەدا:[١٢]

١- بازنەی هەڵبژاردنی یەکەم: پێکهاتبوو لە شارستانەکانی: موسڵ، سلێمانی، کەرکوك.

٢- بازنەی هەڵبژاردنی دووەم: بریتی بوو لەم شارستانانەی خوارەوە:

بەغداد، دیالە، دلێم، حلە، کەربەلا، کوت


٣- بازنەی هەڵبژاردنی سێهەم: پێکهاتبوو لەم شارستانانەی خوارەوە:

منتەفك، عەمارە، بەسرە.

(١١) لونکریك، اربعة قرن من تاريخ العراق الحديث، وەرگێرانی: جعفر خياط چاپخانەی (مەعاریف)، بەغداد١٩٦٨ ز، ل ٢٧٥ هەروەها طه الهاشمي ل ٥٥٠-٥٥١.

(١٢) وەزارەتی پلان دانان، دەستەی پلان دانانی هەرێمی، تحديد المناطق التخطيطة في العراق، توێژینەوەی ژمارە (١٥٥)،بەغداد ١٩٨٤ز ل٣٦.

نەخشەی ژمارە (٢)




پێکهاتەی ئیداری ویلایەتی موسڵ



پاشان شارستانی هەولێر نوێکرایەوە و خرایە سەر بازنەی هەڵبژاردنی یەکەم پاش جیا کردنەوەی لە شارستانی کەرکوك، هەروەك چۆن شارستانی دیوانیە نوێکرایەوە و خرایە سەر بازنەی هەڵبژاردنی سێهەم لە دەرئەنجامی کۆتایی هاتنی شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣) سێ.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو شتانەی لە پێشەوە باسکران نەخشەی کارگێری عێراق پێکهاتبوو لە (١٤) شارستان و (٤٦) شارۆچکە و (١٣٩)[١٣] شارەدێ، ئەگەر وامان دانا کە هەرێمی کوردستانی عێراق (لەم تۆێژینەوەیەماندا) پێکهاتبێ لە:

- پارێزگای موسڵ (دهۆك و نینوا، جگە لە شارۆچکەی موسڵ).
- پارێزگای سلێمانی
- پارێزگای هەولێر
- پارێزگای کەرکوك
- هەر دوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە
- شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای واسط[١٤]

ئەوا ڕێژەی شارۆچکە و شارەدێکانی هەرێم دەگاتە (٥٠ — ٥٣٪)

لە کۆی گشتی شارۆچکە و شارەدێکانی عێراق بە دوای یەکدا بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤)

ئەوەی شایانی بیر هێنانەوەیە ڕاپۆرتە بەریتانیەکان ئاماژە دەدەن بەوەی کە ناوچەی باکووری عێراق لە بەر ڕۆشنایی سروشتی جوگرافی دابەشکراوە، موسڵ و کەرکوك و هەولێر دەشتە ئاشوورییەکانی گرتەوە جگە لە بەرزاییەکانی هەر دوو نشێوی (دۆڵ)ی زابی سەروو و زابی خواروو، هەروەك چۆن دابەشکردنەکان لە باشوری وڵات لەگەڵ هەندێك لە زانیارییە

---

(١٣) طه الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو ل ٥٥٣.

(١٤) خليل اسماعيل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦ و ل٦٢.

هەروەها: خەلیل اسماعیا محمد، هەرێمی کوردستانی عێراق، باسی دووەم، کێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی پەروەردەی هەولێر، ١٩٩٨، ل ٢٠.

جوگرافیه‌كاندا به‌رێكران و دابه‌شكردنه‌كان هه‌ر لـه خـۆوه نـه‌بووه،[15] راپۆرتـه به‌ریتانیـه‌كان درێژه‌ی پێده‌ده‌ن و ده‌ڵێن: هه‌روه‌ها سروشتی جوگرافی ناوچه‌ی (فورات) ی بـاكووری دیـاریكرد له‌گه‌ڵ جۆرو شێوازی ئه‌و تیره و هۆزانه‌ی كه له ناوچه‌ی (جه‌زیره) داده ژیان له بـه‌ر ئـه‌وه ئـه‌م ناوچه‌یه چووه پاڵ شارستانی (دلێم)، هه‌روه‌ك چۆن شارسـتانه‌كانی: (به‌غـداد، دیالـه، كـوت)، به‌هۆی لێكچوونی سروشتی كشتوكاڵیان و درێژبوونـه‌وه‌ی رووباره‌كـان و جۆگه‌كانـه‌وه پێكـه‌وه كۆكرا بوونه‌وه.[16]


(١٥) وه‌زاره‌تی پلاندانان، ده‌سته‌ی پلاندانانی هه‌رێمی، سه‌رچاوه‌ی پێشوو ل ٣٢.

(١٦) هه‌مان سه‌رچاوه ل٣٣

ێزگای دهۆك پێكهێنرا به بڕیارێك له ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆڕش ژماره (٢١١) له ٢٧/٥/ ١٩٦٩.



**نه‌خشه‌ی ژماره (٣)**




**دابه‌شبوونی ئیداری پاش دروستبوونی ده‌وڵه‌تی عیراق**

**((دابەشکردنە کارگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا))**

پارێزگاکانی کوردستانی عێراق گۆڕانکاریی بەردەوامیان بە خۆیانەوە بینی لە نەخشە کارگێڕییەکانیاندا جا چ لە رووی:

- رووبەری یەکە کارگێڕییەکانەوە بێت یان
- ئامادە کردنی یەکە کارگێڕییەکانەوە یان
- پێکەوە بەستنی یەکە کارگێڕییەکانەوە یان
- ناو لێنانی یەکە کارگێڕییەکانەوە بێت

ئەم گۆڕانکارییانەش لە دەرئەنجامی کۆمەڵێ کارتێکەرەوە بوون کە لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر وە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازییان هەبووە، لە بەر ئەوە ویستمان توێژینەوەی دابەشبوونە کارگێڕییەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەر بنەمای پارێزگاکان وە بە دوو قۆناغ بکەین:

١- قۆناغی نێوان ساڵانی (١٩٢١– ١٩٥٨) کە ساڵی کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی پادشایەتی بوو.

٢- قۆناغی نێوان ساڵانی (١٩٥٨ – ١٩٩١) لە سەردەمی راسەوە بوونی رژێمی کۆماری تا راپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری (١٩٩١) کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**پارێزگای موسڵ:**

شارستانی موسڵ لە بنەڕەتدا ئەم شارۆچکانە پێك دەهێنێت:

(موسڵ، شەنگار، تەلەعفەر، شێخان، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، زێبار)

لەگەڵ (٢٨) شارەدێ بەڵام چەند گۆڕانکارییەك کرا لە سەر ئەم پێکهاتانەی لە سەردەمی قۆناغی یەکەم (١٩٢١- ١٩٥٨) دا لە هەرە گرنگەکانیان:

١- لێك جیاکردنەوەی شارۆچکەی زێبار لە شارە دێکانی کە ئەمانەن:

(بارزان، مزوری باڵا، مێرگەسوور) بەگشت دانیشتوانە کوردەکانیانەوە و لکاندنیان بە شارستانی (هەولێر) ەوە.

٢- نوێکرنەوەی شارۆچکەی (الشورە) لە شارەدێکانی (شەرگات، گەییارە، حەمدانیە) کە دانیشتوانەکانیان زۆربەیان لەو هۆزە عەرەبانە بوون لە هاتووچۆدا بوون بۆ لای رۆژئاوای رووباری دیجلە.



PDF 4 KURD

٣- نوێکردنەوەی شارەدێکانی: سەرسەنگ، سمێڵ، نەهلە، سورچی، العیاضیة، حەمدانیە لەبەر رۆشنایی ئەو شتانەی لە پێشەوەدا باسکران شارستانی موسڵ هیچ شارۆچکەیەکی نەبوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەب بن (جگە لە شارۆچکەی موسڵ) لە بەر ئەوە بەرپرسەکان تێکۆشان بۆ سەر لە نوێ پێکهێنانەوەی نەخشەی کارگێڕیی ئەم شارستانانە (موسڵ) بۆ پەلەکردن لە بەعەرەبکردنیدا، شارۆچکەی (زێبار) ی کوردی لکێنرا بە شارستانی (هەولێر)ەوە پلەی شارەدێی (الشورە) بەرز کرایەوە بۆ شارۆچکە، وە شارۆچکەی نوێ پێکهێنران و نوێکرانەوە لە ناوچەی رۆژئاوای رووباری دیجلە کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان ئەو عەرەبە دەشتەکیانە بوون حکومەت کاری کرد بۆ نیشتەجێ کردنیان لەم دوا دواییەدا.

لە بەر بەردەوامی لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوبراودا قۆناغی دووەم (١٩٥٨- ١٩٩١) گۆڕانکاریی فراوانی بە خۆیەوە بینی دیارترینیان ئەمانەن:

١- دابڕینی شارۆچکەکانی: دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، لە پارێزگای موسڵ لە ساڵی(١٩٦٩)دا و پێکهێنانی پارێزگای (دهۆك) لێیان، هەر چەندە ئەمە مژدەبەخشە بە تێکۆشان لە پێناو دۆزینەوەی زەمینەیەك بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی کوردو چارەسەرکردنی لە عێراقدا بەڵام وەکو کردار و کردەوە ئەمە بووە هۆی بەرتەسککردنەوەی بوونی کورد لە پارێزگاکەدا واتە پارێزگای(موسڵ) کە ناوە کەشی گۆڕا بۆ (نەینەوا)

٢- نوێکردنەوەی هەر دوو شارۆچکەی (حضر وبعاج) و شارەدێکانی:

(رەبیعە، تەل، قحطانیة) پاش ئەوەی کە حکومەتی عێراقی ئەرکی زۆری کێشا لە ساڵەکانی پەنجاکان و شەستەکاندا بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە دەشتەکیە کۆچەرییەکانی بانی (جەزیرە) لە نێوان هەر دوو رووباری دیجلە و فوراتدا، پرۆژەی (جەزیرە) بەم ئاراستەیەدا دادە رێژرا، کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی ئاودێریی لە ناوچەکەدا لە گەڵ هەڵکەندنی بیرو دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵیەکان و پارچە زەوی نیشتەجێ بوون و دروستکردنی دێهات بۆئەو هۆزە عەرەبانەی باسیان لێوە کرا[17]

٣- گۆڕینی هەر دوو شارەدێی (شەرگات و حەمدانیە) بۆ هەر دوو شارۆچکەی شەرگات و حەمدانیە وەك دەرئەنجامێك بۆ کارەکانی ئەو نیشتەجێکردنەی کە ئاماژەی پێکرا لە ناوچەکانی رۆژئاوای رووباری دیجلەدا لە بەردەوامی سیاسەتی بەعەرەبکردنی پارێزگاکەدا.

---

(١٧) خلیل اسماعیل محمد، تخطیط المستوطنات الریفیة، فی بادیة الجزیرة، مجلة الجمعیة العراقیة، ژمارە(٢١)ی ساڵی ١٩٨٧ بەغداد.

٤- نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکان گۆڕانێکی تری لە نەخشەی کـارگێڕی پارێزگاکـەدا دەرخست بە جۆرێك کە هەر یەکەلە شارۆچکەکانی: (حضر، بعاج، شێخان، شەنگار) تەنها یەك شارەدێیان بۆمایەوە بەمەش ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکـە (موسـڵ) لـە (٣٠) ەوە دابەزی بۆ (٢٠) شارەدێ، وە رووبەرەکەشی لە (١٥٠ و ٥٢) کیلۆمەتر چوارگۆشە، وە دابـەزی بۆ(٤١/١٢٧) کیلۆمەتر چوارگۆشە تەماشای پاشکۆی ژمارە (١) بکە.

**نەخشەی ژمارە (٤)**




**نەخشەی ئیداری کوردستانی عیراق**



**پارێزگای دهۆك:**

پێشتر ئاماژەی پێکرا کە ئەم پارێزگایە لەساڵی (١٩٦٩) دا پێکهێنرا لە تێکۆشانێکدا بـۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی گونجاو کە پێش ڕێککەوتنی نێوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد لـە عێراق و حکومەتی عێراقی بکەوێت. وە لەم شارۆچکانە پێکهێنرا:

(دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ) کەدابڕێنرا بـوون لـە پارێزگـای(موسـڵ) بـەڵام هـەر زوو شارۆچکەی ئاکرێ سـەر لـە نـوێ گەڕێنرایـەوە سـەر پارێزگـای موسـڵ (نەینـەوا)، هـەروەها شارۆچکەی (سمێل) یش نوێکرایەوە لە هەر دوو شارەدێی سلێڤانی و ناوەند، لە مـاوەی نیـوەی دووەمی ساڵەکانی هەشتاکاندا ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای دهۆك لە (١٧) یەکـەوە دابەزی بۆ (٨) یەکە هەروەها رووبەرەکەی لـە (٩٧٥٤) کیلۆمـەتر چوارگۆشـەوە دابـەزی بـۆ (٦٥٥٣) کیلۆمەتر چوارگۆشە بە جۆرێك ئەم شارەدێیانە لابران و سڕانەوە:

(دۆسکی، نیروریکان، بەرواری باڵا، گەلی، رزگاری، سلیڤانی)

ئەمەش بەبیانووی توندتربوونی ئاگری جەنگی (عێراق- ئێران) لـە لایـەك وە شـاڵاوەکانی راگواستن و ئەنفالەکان لە سەر سەدان دێ لە سـنووری پارێزگاکـە دا لـە لایـەکی تـر تێبینـی پاشکۆی ژمارە (٢) بکە.

**پارێزگای هەولێر:**

شارستانی هەولێر هەر لە سەرەتای پێکهێنانیەوە پێکهاتبوو لەم شارۆچکانە:

(هەولێر،مەخمور، کۆیە، رەواندر، رانیە) لە گەڵ (١٤) شارەدێی هەر لە سەرەتای پێکهاتنی شاسانی (هەولێر) ەوە تا ساڵی(١٩٥٨) ئەم گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی خوارەوە روویدا:

١- دابڕینی شارۆچکەی (رانیە) لە پارێزگای هەولێرو لکاندنی بە شارستانی سلێمانیەوە وە لکاندنی شارۆچکەی (زێبار) بە پارێزگای هەولێرەوە پاش دابڕینی لە شارستانی موسڵ.

٢- نوێکردنەوەی شارۆچکەی شەقڵاوە لە شارەدێکانی: حەریر، خۆشناو، سەلاحەدین.

٣- نوێکردنەوەی هەر دوو شارەدێی عەنکاوە و قەراج و هەڵوەشاندنەوەی شارەدێی قوشتەپە لەماوەی نێوان (١٩٥٨-١٩٩١) پارێزگای هەولێر ئەم گۆڕانکارییە نوێیانەی بە خۆیەوە بینی:

١- نوێکردنـەوەی ئـەم شـارەدێیانە: شـۆڕش، دیانـە، خـەلیفان، لەگـەڵ سـەر لـە نـوێ پێکهێنانەوەی شارەدێی قوشتەپە.

٢- پێکهێنانی شارۆچکەیەکی نوێ بە ناوی (چۆمان) کە پێکهاتبوو لە ناوەندی شارۆچکەکە و حاجی ئۆمەران، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای هەولێر بۆ (١٩) یەکە، کە دابەش بوو بوون بەسەر (٦) شارۆچکەدا.

٣- لەبەر بەردەوامی جەنگی (عێراق- ئێران) و کلپە سەندنی بزوتنەوەی شۆڕش لە کوردستانی عێراق سەر لە نوێ ئەم یەکە کارگێڕییانەی خوارەوە هەڵوەشێنرانەوە:

(کەندیناوە، تەق تەق، شۆڕش، برادۆست، دیانە، مێرگەسوور، خۆشناو، قوشتەپە، حاجی ئۆمەران)

وە ئەم شارۆچکانەش کرانەوە بە شارەدێ:[18]

(کۆیە، زێبار، ڕەواندوز، چۆمان) بەم جۆرە سنووری پارێزگای هەولێر تەنها (١٤) یەکەی کارگێڕی تیادا مایەوە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)

## پارێزگای سلێمانی:

شارستانی سلێمانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی پێکهێنرا لەم شارۆچکانە: سلێمانی، هەڵەبجە، شارباژێر لە گەڵ (١٥) یەکەی کارگێڕی، لە ماوەی (١٩٢١ — ١٩٥٨) دا ئەم گۆڕانکارییانەی بە سەرداهاتووە:

١- نوێکردنەوەی شارۆچکەی پشدەر لە هەردوو شارەدێی قەڵادزێ و بنگرد وە شارۆچکەی خورمال لە شارەدێکانی: ناوەندی شارۆچکەی وارماوە، پێنجوێن.

٢- نوێکردنەوەی شارەدێی شارەزوور و بەستنەوەی بە شارۆچکەی هەڵەبجەوە.

٣- زیادکردنی هەر دوو شارەدێی: سروچك و سیوەیل بۆ شارۆچکەی شارباژێر.

٤- لکاندنی شارۆچکەی رانیە و هەر سێ شارەدێکەی: ناودەشت، چناران، شارەدێی ناوەند بە شارستانی سلێمانیەوە، بەمەش ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی ئەم پارێزگایە لە ماوەی ئەم گۆڕانکارییانەدا لە (١٥) یەکەوە بەرز بۆوە بۆ (١٩) یەکە.

پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (١٩٥٨- ١٩٩١) کەوتە بەر شاڵاوی گۆڕانکاریی بەر فراوانتر لە هەرە گرنگەکانیان ئەمانە بوون:

(١٨) خليل اسماعيل محمد، نصف قرن من التغيرات الاداريه، مجله هەولێر ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٩ هەولێر، کوردستانی عێراق.



PDF 4 KURD

١- گۆڕینی هەر دوو شارەدێی شارەزوور و پێنجوێن بۆ هەر دوو شارۆچکەی شارەزوور و پێنجوێن، بەڵام شارەزوور هەر بە پەلە جارێکی تر گۆڕایەوە بۆ شارەدێ، هەروەها شارەدێی گەرمك خرایە سەر شارۆچکەی پێنجوێن.

٢- لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو و (سەدەی بیست) دا پێکهاتە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی فراوانتر بوو بە زیادکردنی شارۆچکەی کەلار(بە هەر سێ شارەدێکەیەوە: بیباز، شێروانە، شارەدێی ناوەند) لە گەڵ شارۆچکەی چەمچەماڵ (بە هەر سێ شارەدێکەیەوە: ئاغجەلەر،سەنگاو، شارەدێی ناوەند) بۆ سەر پارێزگای سلێمانی بە دابڕاندنیان لەپارێزگای کەرکوك (تەئمیم) کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ (٣٣) یەکەوە بەرزبوونەوەی رووبەرەکەشی لە (١١/٩٩٣) کیلۆمەتر چوارگۆشەوە بۆ (١٥/٧٥٦) کیلۆمەتر چوار گۆشە.

٣- لە نیوەی دووەمی ساڵەکانی هەشتاکاندا شارۆچکەکانی: پێنجوێن، شارباژێر، هەڵەبجە لە گەڵ (١٨) شارەدێ: (سەرچنار، سیروان، خورماڵ، بیارە، گەرمك، سیوەیل، ماوەت،سورچك، هێرۆ، بنگرد، سورداش، چناران، بیباز، تیلاکۆ، ئاغجەلەر، سەنگاو) لابران و سڕانەوە هەروەها هەر دوو شارەدێی (ناوەندی شارەزوور و ناوەندی پێنجوێن) یشی سڕانەوە ئەمەش بووە هۆی دابەزینی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکە بۆ تەنها (١٨) یەکە لە نێوان هەر دوو ساڵی (١٩٨٦-١٩٨٧) دا بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

بێ گومان گۆڕانکاریی لەمجۆرە رەنگدانەوەیە بۆ ئەو بارە نا لەبارو ناجێگیرەی کە پارێزگاکە بە دەستیەوە دەیناڵاند نەك تەنها لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازیی بەڵکو لە سەر ئاستی ئاسایش و کارگێڕیش کە ئەم گۆڕانکارییانەی کرد بووە دیل و گیرۆدەی دەستی ئەو رووداوە سیاسی و سەربازیی و ئاسایشی و کارگێڕییانە.

## پارێزگای کەرکوك:

لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا کەرکوك ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بوو پێش ئەوەی ببێتە شارستانێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ و پێکهاتبوو لەم شارۆچکانە:

(کەرکوك، هەولێر، رانیە، رەواندوز، کۆیە، کفری).[19]

(١٩) طه الهاشمي سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

پاش پێكهێنانی دەوڵەتی عێراقی نوێ كەركوك بوو بە ناوەندی شارستانی كەركوك كە ئەم شارۆچكانەی لە گەڵدا بوو: (كفری، چەمچەماڵ، كیل، ناوەند) جگە لە (١٥) شارەدێ.

ئەو گۆڕانكارییانەی كە بە سەر شارستانی كەركوك دا هاتن لە ماوەی (١٩٢١- ١٩٥٨) ئەمانە بوون:

١- لابردن و هەڵوەشاندنەوەی شارۆچكەی (كیل)و بەرزكردنەوەی پلەی گەورەدێی (دوز) بۆ شارۆچكە،كە ئەم شارەدێیانەی لە گەڵدا بوو:

(ناوەند، داقوق، قادركەرەم)، لە گەڵ لكاندنی شارەدێی سەنگاو بە شارۆچكەی (چەمچەماڵ)ەوە.

٢- نوێكردنەوەی شارەدێی (حەویجە) لە جیاتی شارەدێی (مەلحە) وە شارەدێی(بیباز) لەجیاتی شارەدێی (شەبیجە) لە شارۆچكەی كفری.

لەم ماوەیەدا تێبینی بایەخدانێكی تایبەت دەكرێت بە بەشی رۆژئاوای پارێزگاكە ئایا لە رێی:

- دانانی پرۆژە ئاودێرییەكانەوە بێت
- هەڵكەندنی بیرە وە بێت
- دابەشكردنی زەوی كشتوكاڵیەوە بێت
- دانان و پێكهێنانی دێهات و كۆمەڵگا جێنشینیەكانەوە بێت بۆ ئەو هۆزە كۆچەرە عەرەبانەی لە ناوچەكانی رۆژئاوای رووباری دیجلەدا دەهاتن و دەچوون وەك جێبەجێكردنێك بۆ سیاسەتی بەعەرەبكردنی پارێزگاكە وەپرۆژەی (حەویجە)ی ساڵی ١٩٢٦ لە دیارترینی ئەو تێكۆشانانە بوو لەم ئاراستەیەدا.[٢٠]

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٩١)دا حكومەتە عێراقیەكان بەردەوام بوون لە جێبەجێكردنی سیاسەتەكانیاندا لە بەعەرەبكردنی پارێزگای كەركوك و زیادكردنی بایەخدان بە ناوچەكانی رۆژئاوای كەركوك و باشووری رۆژئاوای لە رێیی هاندانی زیادتری هۆزە عەرەبەكان بۆ نیشتەجێ بوون تیایاندا وەلە دیارترین ئەو گۆڕانكارییانەی كە لە نەخشەی كارگێڕیی كەركووكدا كران ئەمانەی خوارەوە بوون:

(٢٠) خلیل اسماعیل محمد، الحویجه و مخطط ت تعریب محافظة كەركوك، مجلة گولآن العربی، ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٩٩ ل ٩-١٢.

هەروەها نوری تاڵەبانی، منطقة كەركوك و محاولات تغیر واقعها القومی، لەندەن، ١٩٩٥، ل٣٤



PDF 4 KURD

١- بەرزكردنەوەی پلەی شارەدێی حەویجە كە لە ساڵی (١٩٤٢)دا نوێكرایەوە بۆ شارۆچكە لە ساڵی (١٩٦٢) دا پاش ئەوەی دانیشتوانەكەی بە هۆكاری خێرا زیادی كرد بە جۆرێك لە رێژەی (٨٪) ی گشت دانیشتووانی پارێزگای كەركووكەوە بەرزبۆوە بۆ رێژەی (١٨٪) لە نێوان ساڵانی (١٩٦٥-١٩٨٧) دا.

٢- دابڕینی شارەدێی زاب (كە زۆرینەی دانیشتووانەكەی هۆزە عەرەبەكانن) لە پارێزگای موسڵ (نەینەوا) و لكاندنی بە شارۆچكەی حەویجە وە لە پارێزگای كەركوك لە ساڵی (١٩٨٤) دا وەك پەلە كردنێك لە پەیڕەوكردنی سیاسەتی بەعەرەبكردنی پارێزگاكەدا.

٣- وەك بەردەوامیەك لە جێبەجێكردنی سیاسەتی بەعەرەبكردندا، بە جۆرێك بەرپرسەكان بەوەشەوە نەوەستاون كە شاڵاوی كۆچپێكردن و راگواستن بكەنە سەر دانیشتووانە كورد و توركەكان لە پارێزگاكەدا و جێگرتنەوەیان بە خەڵكی عەرەب بەڵكو پەنایان برد بۆ پارچە پارچەكردنی نەخشەی كارگێڕیی پارێزگاكە و جیاكردنەوەی ئەو یەكە كارگێڕییانەی كە زۆرینەی دانیشتووانەكەی عەرەبن و لكاندنیان بە پارێزگاكانی دەورو پشتەوە لە نمونەكانیان:

- لكاندنی هەریەكە لە شارۆچكەی كەلار بە شارەدێكانی: (بیباز، تیلاكۆ،ناوەند)ەوە وچەمچەماڵبە شارەدێكانی: (سەنگاو، ئاغجەلەر، ناوەند)ەوە بە پارێزگای سلێمانیەوە.
- لكاندنی شارۆچكەی كفری (بە شارەدێكانی: شێروانە، قەرەتەپە، ناوەند) بە پارێزگای دیالەوە.
- لكاندنی شارۆچكەی دوزخورماتو بە شارەدێكانی: (قادر كەرەم، بامەرلی، سلێمان بەگ، ناوەند)ەوە بە پارێزگای سەلاحەدینەوە.[٢١]

٤- لە بەر رۆشنایی ئەو گۆڕانكارییانەی سەرەوەدا ژمارەی یەكە كارگێڕییەكانی پارێزگای كەركوك لە (٢٢) یەكە دابەزی بۆ (١٣) سیانزە كە دابەشكرا بوون بەسەر سێ شارۆچكەدا كەلە ئەمانە بوون: حەویجە، دوبز، شارۆچكەی كەركوك (ناوەند) هەروەها رووبەرەكەشی لە(٥٤٢/ ١٩) كیلۆمەتر چوار گۆشە بۆ (٦٥٩/ ٩) كیلۆمەتر چوار گۆشە كەمی كرد.

٥- لە ساڵی (١٩٨٧) دا شارەدێكانی: (یایچی، قەرەهەنجیر، قەرەحەسەن، شوان) لە سنووری شارۆچكەی كەركووكدا هەڵوەشێنرانەوە هەروەها شارەدێی (عەباسی) لە شارۆچكەی

(٢١) خلیل اسماعیل محمد، البعدالقومی للتغیرات الاداریة فی محافظة كتركوك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل٩-١٢.

(حەویجە) هەڵوەشێنرایەوە وە شارەدێی (قدس) لە شارۆچکەی (دوبز) هەڵوەشێنرایەوە ئەمــەش بووە هۆی مانەوەی تەنها (٧) یەکەی کارگێڕیی لە سنووری پارێزگای کەرکووکدا.

تێبینیکردنی هێڵکاری ژمارەی یەکەکارگێڕییەکانی پارێزگای کەرکووك لەم توێژینەوەیــەدا بە ئاشکرا ڕەنگدانــەوەی ئاسـت بــەرزیی ئــەو گۆڕانکارییانــە یەکــە لــە نەخــشەی کــارگێڕیی پارێزگاکەدا کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- لە ماوەی یەکەمدا ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان لە (١٥) یەکەوە بەرز بۆوە بۆ (٢٢) یەکە.
- لە کۆتایی هەشتاکاندانزم بۆوە. بۆ تــەنها (٧) یەکــە بڕوانــە پاشــکۆی ژمــارە (٥).

ئەمەش لە بەر دوو هۆکاری گرنگ:

یەکەم: بوونی هەڵەو کــەم وکــورتی لــەو پێــوەرە زانــستیانەدا کــە نەخــشەو پــلان دانــانی کارگێڕیی پارێزگاکە لە سەری دەڕۆی.

دووەم: دەرئــەنجامی بڕیــارە ئاسایــشیەکان ئامانجیــان کەمکردنــەوە و بەرتەســککردنەوەی دانیشتووانە کورد و تورکمانەکان بوو لە بەرژەوەندیی عــەرەبەکاندا.

* * *

**هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لە پێکهاتە کارکێڕییەکاندا:**

پێشتر ئاماژەی پێکراوە کە نەخشەی کارگێڕیی عێراق پشتی بەستووە بە زۆر لەو بنەمایانە کەلە سەردەمەکانی پێشوودا بەهەند وەرگیراون بە تایبەتی ڕێکخراوە کارگێڕییەکانی سەردەمی (مەدحەت پاشا) پێکهاتە کارگێڕییەکان لە سەر چەند بنەمایــەکی دیــار پێکهێنــرا بــوون کــە بریتی بوون لەم دیاردە سروشتیانەی خوارەوە[٢٢]:

- شێواز (بەرزی و نشێوییەکان)ی زەوی
- درێژ بوونەوەی ڕووبارەکان
- قەوارەی زەوییە کشتوکاڵیەکان

لە سایەی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە ڕوویاندا لە قــەبارە و گەشــەکردنی دانیــشتوان و دابەشبوونی جوگرافیاندا بە تایبەتی دیــاردەی کۆچــکردن لــە لادێــوە بــۆ شارســتان و جێمــاوە خراپەکانی ئەو بارو سەردەمە ناجێگیرەی کە هەرێمی کوردستان تیایدا دەژیا و بریتی بــوو لــە شاڵاوە سەربازییەکانی نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٩١) و هەڵگیرسانی جەنگی (عێراق- ئێــران)

(٢٢) لونکریك، اربعه قرن من تاريخ العراق الحديث، هەمان سەرچاوە، ل١٢٢.



لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) داو کاریگەرییە ترسناکە جێماوەکانی لە سـەر گــەل و نیــشتمان، نەخشەی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان کەوتــە بــەر شــاڵاوی گــشت ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە ئاماژەیان پێکرا، ئەمەش کارێکە پێویستی بە توێژینەوەی گشت ئەو ئاماژە پێدراوانــە هەیــە لەگەڵ دیاریکردنی ڕەهەندەکانیاندا وە لە گرنگترین ئەم ئاماژە پێدراوانە ئەمانەن:

١- زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم:

ســەدەی بیــستەم بــەوە جیاکرایــەوە تیایــدا بــەرز بوونــەوەی بــەردەم هــەبوو لــە ژمــارەی دانیشتووانی هەرێمدا بە تایبەتی لە نیوەی دووەمیــدا، بــە جۆرێــك ژمــارەی دانیــشتووان لــە ساڵانی (١٩٥٧- ١٩٨٧) دا دوو هەنــد زیــادی کــرد. وە ڕێــژەی زیــادبوونی ســاڵانە گەیــشتە (٥٪)، ئەمــەش واتــە زیــاد بــوونی داواکــاریی و پێداویــستەکانی دانیــشتووان لــە بــواری خزمەتگوزارییــە کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و کارگێڕییەکانــدا و بــووە هــۆی پێویــست بــوونی پێداچوونەوە بە پێکهاتە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستاندا کە لە وانەیــە وا دابنرێــت ببێتــە مایەی ئاسانکاریی بەدەستهێنانی ئەو خزمەت گوزارییانە بە شێوەیەکی باشتر.

٢- بەرزبوونەوەی پلەی شارستانیەت:

دەرئەنجامــەکانی ســەرژمێرییەکانی دانیــشتووانی عێــراق بــەرز بوونــەوەی بــەردەوامیان دەرخست لە زیاد بوونی دانیــشتووانی ناوەنــدە شارســتانیەکانی هــەرێمی کوردســتاندا کاتێــك ڕێژەی دانیشتووانی ئەم ناوەندانە تێنەدەپەڕی لە (٣٤٪) ی کۆی گشتی دانیشتووانی هەرێم لە ساڵی (١٩٥٧) دا بە لام ئەو ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٨٧)دا گەیــشتە (٧٢٪) وە ئێــستا زۆر لــەم ڕێژەیــەش زیــاترە وەك دەرئــەنجامێك بــۆ بــەردەوامی شــاڵاوەکانی کۆچــپێکردن (ڕاگواســتن)ی دانیشتووانی دێهاتەکان و کۆمەڵگاکان لە کوردســتاندا لــە لایــەك، لــە لایــەکی تــر دیــاردەی کۆچکردنی بەردەوامی دێهاتەکان خۆیان بۆ شارە گەورەکان(سەرەکیەکان) ی هــەرێم. بــۆ نمونــە ئەوەی تێبینی دەکرێت:

- شاری هەولێر نزیکەی ڕێژەی(١٥٪) ی گشت دانیشتووانی پارێزگاکەی پێکدەهێنا لە ساڵی (١٩٥٧)دا بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) دا ئەم ڕێژەیە گەیشتە زیاتر لە (٥٨٪)
- ڕێژەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە (١٦٪) ەوە بەرز بۆوە بــۆ ڕێــژەی (٣٨٪) لــە هەمان ماوەدا.
- ڕێژەی دانیشتووانی شاری کەرکووك لە (٣١٪) ەوە بەرز بۆوە بۆ زیاتر لە (٧٥٪) لە هەمان ماوەدا.

- ڕێژەی دانیشتووانی شاری دهۆك لە (٤٪) ەوە بەرز بـۆوە بـۆ ڕێـژەی (٧٥٪) لـە هەمان ماوەدا.

دیاردەی لەمجۆرە (واتە بەرزبوونەوەی زۆری ڕێژەی دانیشتووان) بەبێ گومان بووە هۆی پێویست بوون بە پێا چوونەوە بە پێکهاتە کارگێڕییەکانی پارێزگاکانی هەرێمدا لەو شـتانەدا کـە دەگـونجێن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی باری دانیشتووانەکان و شێوازە نوێکانی پەیوەندییەکانی نێوان شارو لادێ.

٣- هەڵگیرسانی شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا:

پارێزگاکانی هەرێم کەوتنە بەر شاڵاوی سـەربازیی بـەردەوام و پەرەسـەندوو لـەبڕ و جـۆری هۆکارە سەربازییەکان و ئەو رووبەرە زەوییانەی کـە شـاڵاوەکە دەیگرێنـەوە ئەمـەش لـە بـەر کاریگەیی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) بوو ئەم شاڵاوە سەربازییانەش بوونە هـۆی دروسـت بوونی بارودۆخی ناسەقامگیر لە زۆرترین ماوەی (٣٠) ساڵەی نیوەی دووەمـی سـەدەی بیـستا کە دەرئەنجامی خراپیان هەبوو لە سەر لایەنەکانی:

(ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) دانیشتووان کەبریتی بـوون لـە سـووتاندن و وێرانکردنـی هەزاران دێ و شارۆچکەی پارێزگاکانی هەرێم و راونانی خاوەنەکانیان و دروستکردنی کۆمەڵگا زۆرە ملێکان بۆ ژمارەیەکی زۆر لەم راگواسـتراوانە دوور لـە شـوێنەوار و نیـشتمانی بنـەڕەتی خۆیان جگە لە شاڵاوەکانی ئەنفالەکان کە دەیان هەزار کەسی لە دانیشتووانی هەرێم لە ناو برد لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیست دا.

شتێکی سروشتیە ڕووداوی لەمجۆرە پێویستی کرد بە پێداچوونەوە بـە نەخـشەی کـارگێڕیی هەرێمدا بەڵام ئامانجەکانی گۆڕانکارییەکە بە پلەی یەك بریتی بوون لە دووبارە دەسـتگرتنەوەی دەوڵەت بەسەر یەکە کارگێڕییەکاندا یان تونـدترکردنی دەسـت بەسـەر داگرتنـە کـە لـە گـەڵ جێبەجێکردنی نەخشەکێشانەکانی دەوڵەت لە بەعەرەبکردنی هەرێمدا.

سەرەڕای ئەوەی نویکردنەوەی پارێزگای (دهۆك) ببووە هـۆی دارشـتنی کـرداری تێکۆشـان بـۆ باشکردنی پەیوەندیی نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەڵام لە دەرئەنجامـدا بووە هۆی دابەزاندنی زۆر لە ڕێژەی کورد لە دانیشتووانی پارێزگای موسڵ(نەینەوا)دا.

٤- جەنگی (عێراق- ئێران)

ئاگری جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ماوەی سـاڵەکانی (١٩٨٠- ١٩٨٨) دا بڵنـد بـوو، هۆکاری جەنگی هەمەە چەشـنەی تیـادا بـە کارهـات پارێزگاکـانی هـەرێم لـە دیـارترین ئـەو گۆڕەپانانەبوون کە دەرئەنجامەکانی ئەم جەنگە کاریان تێکردن و بریتی بوون لە:



- ڕاگواستنی دانیشتووانەکانیان
- تێکدان و وێرانکردنی دێهات و شارۆچکەکانیان.
- پەکخـستنی زۆر لـە پـرۆژەو دامـەزراوە رۆشـنبیریی و تەندروسـتی و ئـابووریی و کۆمەڵایەتیەکانیان.

ئەمەش پێویستی بە هەموار کردن (زیاد و کەمکردن) ی پێکهاتە کارگێڕییـەکانی هـەرێم دەکرد بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ کارلێکەکانی ئەو جەنگەدا بووە هۆی ئەوەی کە ژمـارەی یەمە کارگێڕییەکانی هەرێم بە پارێزگای (نەینەوا) شەوە دابەزینی بەخۆیەوە ببینێت هـەر وەك لە خشتەکەی خوارەوەدا خشتەی ژمارە (١)دا داهاتووە:

**خشتەی ژمارە (١) یەك**

یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٨٥- ١٩٨٧)دا[٢٣]

| پارێزگا | ژمارەی یەکەکان / ١٩٨٥ | ژمارەی یەکەکان / ١٩٨٧ |
|---|---|---|
| دهۆك | ١٥ | ٨ |
| نەینەوا | ٣٤ | ١٦ |
| سلێمانی | ٣١ | ١٩ |
| هەولێر | ٢٤ | ١٤ |
| کەرکووك | ١٤ | ٧ |

٥- سیاسـەتی بەعـەرەبکردنی هـەرێم: حکومەتـە عێراقیـەکان هـەر لـە سـەرەتای دروستبوونی دەوڵـەتی عێـراق سـاڵی (١٩٢١) و لکانـدنی ویلایـەتی موسـڵ پێیـەوە سـاڵی (١٩٢٥) تێکۆشاون بۆ دانانی نەخشە و پرۆگـرام بـە ئامـانجی سـەر لـە نـوێ پێکهێنانـەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی لە عێراقدا بۆ بەرژەوەندی عەرەب، وە سیاسەتی بەعـەرەبکردن ئـەم سـێ تەوەرەی گرتەبەر:

(٢٣) وەزارەتی پلانـدانان، دەزگـای ناوەنـدیی سـەرژمێریی کـردن، المجموعـة لاحـصائیة الـسنویة (١٩٨٥) و (١٩٨٧) چاپخانەی (الجهاز)،بەغداد.



PDF 4 KURD

- تەوەری جەزیرە:

بەرپرسان ئەرکی نەخشەکێشانیان گرتە ئەستۆ بۆ نیشتەجێکردنی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە لە بیابانی جەزیرەدا دەهاتن و دەچوون لە سایەی پرۆژەیەکدا پێی دەووترا (پرۆژەی جەزیرە) کە بریتی بوو لە دروستکردنی سەدان دێ و کۆمەڵگای نیشتەجێکردن بۆیان لەسێگۆشەیەکی درێژەوە بووی نێوان (تەلەعفەر- شەنگار-حەزەر) دا لەگەڵ هەڵکەندنی ژمارەیەکی زۆر لە بیری ئاوو دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی کشتوکاڵی بۆیان لە بەر رۆشنایی ئەم ئاوەدانکارییەدا ئەم شارە دێیانە پێکهێنران:

(رەبیعە، ئەلتول، قحطانیة) لەگەڵ نوێکردنەوەی هەر دوو شارۆچکەی حەزەر و بەعاج جگە لە هەر دوو شارۆچکەی شەرگات و حەمدانیە هەر وەك باسمان کرد.

- تەوەری پارێزگای کەرکوك:

بەرپرسان لە عێراقدا ئەرکی تایبەتیان کێشا بە ئامانجی بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك لە رێی نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبە کۆچەرییەکانی لای رۆژئاوای رووباری (دجلە) و لەبەر ئەوە پرۆژەی (حەویجە) خرایە گەڕ کە بریتی بوو لە هەڵکەندنی جۆگەیەکی فراوان لە رووباری (زاب)ی خوارەوە بە ئاراستەی ناوچەی رۆژئاوای کەرکوك لە ساڵی (١٩٣٦) دا بە مجۆرە زەوی کشتوکاڵی و پارچە زەوی نیشتەجێ بوون دابەشکرا بە سەر دەیان هەزار لە رۆڵەکانی ئەو هۆزە عەرەبانە، لە دەرئەنجامی ئەم فراوان بوونەی دانیشتووانەوەشارەدێی(حەویجە) نوێکرایەوە لە ساڵی (١٩٤٢) دا کە لە ساڵی (١٩٦٢) دا بوو بە شارۆچکە وەئێستا هەر دوو شارەدێی (ریاز) و(ناوەند) پێکهاتووە، ئنجا شارەدێی (عەباسی) پێکهێنرا، لە ساڵی (١٩٨٤)دا شارەدێی (زاب) لە پارێزگای (نەینەوا) وە خرایە سەر پارێزگای (کەرکوك) هەر وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

لە بەردەوامی جێبەجێکردنی نەخشەکانی بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك دا وبە شێوەیەکی خێراتر، بەرپرسان دەستیان کرد بە بەش بەشکردنی پارێزگا کە و دابەشکردنی ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆرینەیان عەرەب نین بەسەر پارێزگاکانی دراوسێدا بە ئامانجی بەرتەسککردنەوەی بوونی کورد لە پارێزگاکەدا لە بەرژەوەندیی دانیشتووانە عەرەبەکان.

- تەوەری رۆژهەڵاتی بەغداد:

نەخشەی حکومەتی عێراقی لەم تەوەرەدا بریتی بوو لە چۆڵکردنی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی بەغداد و هەردوو پارێزگای (دیالە) و (واست) لە دانیشتووانە کوردە فەیلی



یەکەی هەر بۆیە حکومەتی عێراقی پەنای برد بۆ ناردنەوەی هەزاران کەس لێیان قۆناغ بە قۆناغ بە درێژایی سەدەی رابردوو بۆ لای سنووری ئێرانەوە بە بیانووی ئەوەی ئەمانە لە رەچەڵەکدا ئێرانین لە دیارترین شاڵاوەکانی ئەم ناردنەوەیە ئەوانە بوون کە لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا[٢٤] روویانداو بوونە هۆی روودانی گۆڕانکاریش لە نەخشەی پێکهاتە کارگێڕییەکانی ناوچەکەدا نەك تەنها لە پێکەوە بەستنەوە و ژمارەیاندا بەڵکو لە رووبەرەکانیان و ناو لێنانەکانیشیاندا هەروەها لە پێکهاتە کارگێڕییەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی ئەوە بوو کە هەردوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی لکێنران بە شارستانی دیالەوە، شارۆچکەی خانەقین پێکهاتبوو لەم شارەدێیانە:

(هۆرین، ناوەند، قەزائیە)، هەروەها شارۆچکەی (بەدرە) لکێنرا بە شارستانی (کوت)ەوە کە پێکهاتبوو لەم شارەدێیانە:

(زرباتیە، جەسان، ناوەند) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

شایانی باسە ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوچەکە هێنران ئەمانە بوون:

١- گۆرینی شارەدێی (هۆرین شێخان) بە شارەدێی (مەیدان) وە شارەدێی (بەلەدرۆز) لە شارۆچکەی (شارەبان) لابراو خرایە سەر شارۆچکەی (مەندەلی) وەك سەرەتایەك بۆ بەعەرەبکردنیان.

٢- لە گەڵ بەردەوامی ئەو پشت گوێ خستنەی کە بە سەر شارۆچکەی (مەندەلی) و دەورو پشتیدا هات و کارلێکەکانی جەنگی (عێراق- ئێران) و شاڵاوەکانی ناردنەوەی دانیشتوانە کوردەکان دا قەبارەی دانیشتووانەکەی بچووك بۆوە، لە کاتێدا گرنگی زۆر درابوو بە شارەدێی (بەلەدروز) کە زۆرینەی هۆزە عەرەبەکانی تیادا بوو، هەر ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی شارۆچکەی (مەندلی) بۆ شارەدێیەکی سەر بە (بەلەدروز) کەبوو بە شارۆچکە و شارەدێی مەندەلی هەردوو شارەدێی (قەزائیە) و(ناوەند) ی هەبوو.

٣- نوێکردنەوەی شارەدێی (جەلەولا) لە شارۆچکەی (خانەقین) دا لە ساڵەکانی شەستەکانی سەدەی بیست دا.

٤- لابردن و نەهێشتنی ئەم شارەدێیانە:

- مەیدان و قۆرەتو لە شارۆچکەی خانەقین دا

(٢٤) خلیل اسماعیل محمد، منطقة التخصر الحدودیة بین العراق وایران، چاپخانەی کریستال، هەولێر، ١٩٨٨، ل٩٨-٩٩.

- زرباتیە لە شارۆچکەی (بەدرە)دا
- لە بەر بەردەوامی شالاوەکانی بەعەرەبکردنی ناوچەکە، ناوەکانی زۆربەی یەکە کارگێڕییەکان گۆڕانکارییان تێدا کرا، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)

سەرەڕای بەعەرەبکردنی ناوەکانی دامەزراوەکان و گەڕەکەکان و شەقامەکان و گۆڕەپانەکان و.....تا دوایی.

خشتەی ژمارە (٢)

ناوی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای دیالە پێش وە پاش بەعەرەبکردنی[٢٥]

| ناوە کۆنەکە | ناوە نوێکە |
|---|---|
| شارۆچکەی خۆراسان | شارۆچکەی بەعقوبە |
| شارۆچکەی شارەبان | شارۆچکەی مقدادیە |
| شارۆچکەی دەلتاوا | شارۆچکەی خالص |
| شارەدێی دلّی عەباس | شارەدێی مەنسوریە |
| شارەدێی قزلەربات | شارەدێی سەعدیە |
| شارەدێی هۆرین شێخان | شارەدێی مەیدان |

**((دەر ئەنجامەکان))**

دەکرێت ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە لەم توێژینەوە دەربهاوێژرێت:

١- پارێزگاکانی هەرێم گۆڕانکاریی فراوانی بە خۆیەوە بینی لە نەخشە کارگێڕییەکانیدا لە ماوەی سەدەی رابردوو دا بە تایبەتی لە نیوەی دووەمیدا وە ئەم گۆڕانکارییانەش ژمارە و رووبەرەکان و پەیوەندییەکان و ناوەکانی یەکە کارگێڕییەکانی گرتەوە.

٢- هەندێك لە هۆکارەکان رۆڵی گەورەیان هەبوو لە پێکهاتە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە پێشەوەی هەموویاندا:

- گەشە (زۆر بوون) ی خێرای دانیشتووان.
- بەرزبوونەوەی پلە (ئاست) ی شارستانیەت.

(٢٥) طە الهاشمی: هەمان سەرچاوە، ل٥٥٠-٥٥٥ هەروەها جاسم محمدالخالف، هەمان سەرچاوە، ل٤٤٧.



ئەموش بووە هۆی دوو هەند بوونی داواکاریی و پێداویستیەکانی دانیشتووانی هەرێم بۆ کارە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان بە ئاسۆیی و ستوونی، سەرەڕای کارلێکەکانی شۆڕش لە کوردستانی عێراق و جەنگی (عێراق- ئێران)دا

٣- لە جیاتی ئەوەی گۆڕانکارییەکانی لە مجۆرە کە کراوە لە نەخشەی کارگێڕیی هەرێمدا لە سەر بنەماکانی نەخشەسازیی و شتە زانستیەکان ئەنجام بدرایە و تیایدا بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان و بەدیهاتنی داواکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کارگێڕییە زۆرەکانیان لە بەر چاو بگیرێت. بە پێچەوانەوەئەو بنەما راستەقینانەی کە لە پشت گۆڕانکارییەکانەوە بوون بریتی بوون لە:

- هاندەرە سیاسیەکان.
- چەقاندن و بە هێزکردنی بنکەکانی دەسەڵات.
- درێژە پێدانی دەسەڵات.
- جێبەجێکردنی پلانەکانی بەعەرەبکردن

**((راسپاردەکان))**

مەترسیەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بە تەنها ناوەستێتە سەر دەرئەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو هاوڵاتیانەی پەیوەندییان هەیە بە گۆڕانکارییەکانەوە بەڵکو دەوەستێتە سەر دەرئەنجامە سیاسیەکانیشی هەروەها هەر وەك چۆن ئەم گۆڕانکارییانە بەندیشن بە چارەنووسی کێشەی کوردەوە لە عێراقدا پاش ئەوەی کە ناوچەیەکی فراوان لە هەرێم کەوتە بەر گۆڕانکاریی لە پێکهاتە نەتەوەییەکەیدا لە بەرژەوەندیی (کەمایەتی عەرەب) دا ئەم کارەش پێویستی بە دوو شت هەیە:

- دانانی نەخشە و پرۆگرامی دژ بە گۆڕانکارییەکان و دەستەبەرکردنی سنوور دانانێك بۆ ئەم سیاسەتە و چارەسەرکردنی تا بەردەوام نەبێت.
- گەڕانەوەی هەریەکە لە هاوڵاتیانی کورد و تورکمان بۆ شوێنە بنەڕەتیەکانی خۆیان.ئاشکرایە نەخشەکێشانی هەرێمی (دێهاتی- شارستانی) لە پێداویستیەکانی ژیانی شارستانیانەیە کە رەوشەکانی گەشەی خێرای دانیشتووانی هەرێم و سەر هەڵدانی شارە گەورەکان سەپاندی لەوەدا کە پێویست دەکات بە پێشکەشکردنی کاری خزمەتگوزاریی هەمە چەشنەی زۆر بۆ ئەو ناوچانەی کە سەر بە هەرێمن بە شێوەیەکی باشترو ئاسانتر

بێگومان کۆمەڵێك هۆکار رۆڵ دەبینن لە گەیشتن بە نەخشە کێشانی لەمجۆرە لە وانە:

- هۆکارە سروشتیەکانی وەك: بەرزیی و نشێوییەکانی زەوی، درێژبوونەوەی رووبارەکان، ئاوەکان.
- هۆکارە ناسروشتیەکانی وەك: زۆریی ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوەندانەی کە ئاوەدان کراونەتەوە.
- لە گەڵ چەندین هۆکاری تری مێژوویی و ئایینی و کۆمەڵایەتی... کەوا دەکەن پێداچوونەوە بکرێت بە پێکهاتە کارگێڕییەکانی هەرێمدا هەرکات پێویستی بەمە کرد وە بە پێی توێژینەوە دوورو درێژو تەواوەکانی هەرێم.

توێژەر (جۆنس – Jones) لەم رووەوە ئاماژە دەکات بە وەی:

ئەو هەرێمانەی کە دیاری دەکرێن بە پێی شارەکان وە بە پێوەری جیاجیا نابنە جێگای بڕواو متمانە بە هەندی ئەو هەرێمە کارگێڕییانە لە کێشان و دیاریکردنی سنوورەکانی و وردەکارییەکانیدا[26] لە دیارترین ئەم پێوەرانەش ئەمانەن:[27]

١-جووڵەی گواستنەوە(ژمارەی ئوتومۆبیلەکان – ئاراستەکانیان – ژمارەی گەشتیارەکان).
٢-دابەشکردنی کەل و پەل و پێداویستە خزمەتگوزارییەکان.
٣- خزمەتگوزارییەکانی بروسکە و پۆستە و تەلەفۆن.
٤- بواری کارتێکردنی فێر کردن و تەندروستی و کارگێڕی.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق داوا کراوە (بانگەشەی لەسەرە) بۆ پێداچوونەوە بە نەخشە کارکێڕییەکەی ناوچەکانی خۆی بە پێی قەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە روویانداوە لە دەیان ساڵەی رابردوو دا ئایا لە سەر رووبەرە:

* ئابووریی
* کۆمەڵایەتی
* سیاسی
* کارگێڕی یەکان بێت بە ئامانجی بەدەستهێنانی پێداویستەکان و داواکارییەکانی هاوڵاتیان لە سایەی ئەم گۆڕانکارییانەدا.[28]

(٢٦) وەزارەتی پلاندانان، تحدیدالمناطق التخطیطیة فی العراق، هەمان سەرچاوە، ل٤١.

(٢٧) هەمان سەرچاوە ل٤٢.



پاشکۆی ژمارە (١) یەك:

یەکە کارگێڕییەکانی شارستان (پارێزگا)ی موسڵ (١٩٢٢-١٩٨٨) (٢٨)

| ١٩٢٢ | ١٩٥٨ | ١٩٨٨ |
|---|---|---|
| ناوەندی شارۆچکەی موسڵ | ناوەندی شارۆچکەی موسڵ | ناوەندی شارۆچکەی موسڵ |
| شارەدێ ی سەورە | ش.د.سەورە | ش. د. سەورە |
| ش. د. قەرە قوش | ش. د. حەمدانیە | ش. د. حەمام عەلیل |
| ش. د. شەرگات | ش. د. شەرگات | ش. د. گەییارە |
| ش. د. حەمیدات | ش. د. حەمیدات | ش. د. بەعشیقە |
| ش. د. تەلکیف | ش. د. تەلکیف | ن. ش. د. حەمدانیە |
| ن. ش. شەنگار | ش. د. بەعشیقە | ش. د. نەمروود |
| ش. د. شیمال | ش. د. گەییارە | ش. د. بەرتەلە |
| ن. ش. شێخان | ن. شا. شەنگار | ن. ش. تەلکیف |
| ش. د. باسنێ | ش. د. شیمال | ش. د. قوش |
| ش. د. بەعشیقە | ن. شا. شێخان | ن. ش. شەنگار |
| ش. د. قوش | ش. د. قوش | ش. د. قەیرەوان |
| ن. شا. تەلەعفەر | ن. شا. تەلەعفەر | ن. ش. شێخان |
| ش. د. زومار | ش. د. زومار | ن. شا. تەلەعفەر |
| ن. شا. زێبار | ن. شا. دهۆك | ش. د. زومار |
| ش. د. بیرەت کارە | ش. د. مزوری باڵا | ش. د. رەبیعە |
| ن. شا. دهۆك | ش. د. دۆسکی | ن. شا. حەزەر |
| ش. د. مزوری باڵا | ش. د. سمێل | ن. شا. بەعاج |
| ن. شا. زاخۆ | ن. شا. زاخۆ | ن. شا. ئاکرێ |
| ش. د. سلێڤانی | ش. د. سلێڤانی | ش. د. عشائری سبعە |

(٢٨) لە پاشکۆکاندا پشتمان بەستوە بە: طە الهاشمی، مفصل جغرافیە العراق، والمجموعات الاحتیاطیة السنویة لوزارة التخطیط لسنوات (١٩٥٨- ١٩٨٧).

| | |
|---|---|
| ش. د. سندی | ش. د. سندی |
| ش. د. گەلی | ش. د. گەلی |
| ن. ش. ئامێدی | ن. ش. ئامێدی |
| ش. د. نیروەت ڕێکان | ش. د. سەرسەنگ |
| ش. د. بەرواری بالآ | ش. د. نیروەت ڕێکان |
| ن. ش. ئاکرێ | ش. د. بەرواری بالآ |
| ش. د. عشائری سبعە | ن. ش. ئاکرێ |
| | ش. د. نەهلە |
| | ش. د. عشائری سبعە |
| | ش. د. سورچیان |

(ن.ش) ناوەندی شارۆچکە (مرکز قضاء م.ق)

(ش.د) شارەدێ (ناحیە، ن)

(ن.ش.د.) ناوەندی شارەدێ (مرکز ناحیە — م.ن)



PDF 4 KURD

پاشکۆی ژمارە (٢) دوو

یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای دهۆك (١٩٦٩ — ١٩٨٨)

| ١٩٦٩ | ١٩٨٨ |
|---|---|
| ن. شا. دهۆك | ن. شا. دهۆك |
| ش. د. زاوێتە | ش. د. زاوێتە |
| ش. د. سمێلّ | ن. شا. زاخۆ |
| ش. د. دۆسکی | ش. د. سندی |
| ش. د. مزوری | ن. شا. ئامێدی |
| ن. شا. زاخۆ | ش. د. سەرسەنگ |
| ش. د. سلێڤانی | ن. شا. سمێلّ |
| ش. د. گەلی | ش. د. سلێڤانی |
| ن. شا. ئامێدی | |
| ش. د. سەرسەنگ | |
| ش. د. بەرواری بالآ | |
| ش. د. نیروەت ڕێکان | |
| ن. شا. ئاکرێ | |
| ش. د. نەهلە | |
| ش. د. عەشائری سەبعە | |
| ش. د. سورچیان | |

## پاشكۆی ژمارە (٣) سێ

### یەكە كارگێڕییەكانی شارستان(پارێزگا) ی هەولێر (١٩٢٢-١٩٨٨)

| ١٩٢٢ | ١٩٥٨ | ١٩٨٨ |
|---|---|---|
| ن. شا. هەولێر | ن. شا. هەولێر | ن. شا. هەولێر |
| ش. د. قوشتەپە | ش. د. عەنكاوە | ش. د. كۆیە |
| ش. د. حەریر | ن. شا. مەخمور | ش. د. خەبات |
| ن. ش. د. مەخمور | ش. د. گوێر | ن. شا. مەخمور |
| ش. د. گوێر | ش. د. كەندیناوە | ش. د. گوێر |
| ش. د. كەندیناوە | ش. د. قەراج | ش. د. قەراج |
| ن. ش. كۆیە | ن. ش. كۆیە | ن. شا. سدیق |
| ش. د. تەق تەق | ش. د. تەق تەق | ش. د. خەلیفان |
| ن. شا. ڕەواندوز | ن. شا. ڕەواندوز | ش. د. زێبار |
| ش. د. باڵەك | ش. د. باڵەك | ش. د. چۆمان |
| ش. د. برادۆست | ش. د. برادۆست | ش. د. ڕەواندوز |
| ن. شا. ڕانیە | ن. شا. زێبار | ن. شا. شەقڵاوە |
| ش. د. ناو دەشت | ش. د. بەرزان | ش. د. حەریر |
| ش. د. چناران | ش. د. مزوری باڵا | ش. د. سەلاحەدین |
| | ش. د. مێرگەسور | |
| | ن. شا. شەقڵاوە | |
| | ش. د. حەریر | |
| | ش. د. خۆشناو | |
| | ش. د. سەلاحەدین | |



## پاشكۆی ژمارە (٤) چوار

### یەكەكارگێڕییەكانی شارستان (پارێزگا)ی سلێمانی (١٩٢٢- ١٩٨٨)

| ١٩٢٢ | ١٩٥٨ | ١٩٨٨ |
|---|---|---|
| ن. شا. سلێمانی | ن. شا. سلێمانی | ن. شا. سلێمانی |
| ش. د. سەرچنار | ش. د. تانجەرۆ | ش. د. بازیان |
| ش. د. تانجەرۆ | ش. د. قەرەداغ | ن. شا. پشدەر |
| ش. د. قەرەداغ | ش. د. سورداش | ش. د. ناودەشت |
| ش. د. سورچك | ش. د. بازیان | ن. شا. ڕانیە |
| ش. د. سورداش | ن. ش. هەڵەبجە | ش. د. بێتواتە |
| ش. د. بازیان | ش. د. شارەزوور | ن. ش. دوكان |
| ن. ش. هەڵەبجە | ن. شا. شارباژێر | ن. شا. دەربەندیخان |
| ش. د. خورماڵ | ش. د. سورچك | ش. د. زەڕاین |
| ش. د. وارماوە | ش. د. سیوەیل | ن. شا. چەمچەماڵ |
| ش. د. پێنجوین | ن. شا. پشدەر | ش. د. ئاغجەلەر |
| ن. شا. شارباژێر | ش. د. قەڵادزێ | ش. د. سەنگاو |
| ش. د. چوارتا | ش. د. بنگرد | ن. ش. كەلار |
| ش. د. ماوەت | ن. شا. خورماڵ | ن. شا. برایەتی |
| ش. د. پشدەر | ش. د. وارماوە | ش. د. پێنجوین |
| | ش. د. پێنجوین | ش. د. تانجەرۆ |
| | ن. شا. ڕانیە | ش. د. شارەزوور |
| | ش. د. چناران | ش. د. هەڵەبجە |
| | ش. د. ناودەشت | |

## پاشکۆی ژمارە (٥) پێنج

### یەکە کارگێڕییەکانی شارستان(پارێزگا) ی کەرکوك (١٩٢٢- ١٩٨٨)

| ١٩٢٢ | ١٩٥٨ | ١٩٨٨ |
|---|---|---|
| ن. شا. کەرکوك | ن. شا. کەرکوك | ن. شا. کەرکوك |
| ش. د. داقوق | ش. د. ئاڵتون کۆپری | ش. د. تازە |
| ش. د. ئاڵتون کۆپری | ش. د. قەرە حەسەن | ش. د. داقوق |
| ش. د. قەرە حەسەن | ش. د. شوان | ن. شا. حەویجە |
| ش. د. شوان | ش. د. حەویجە | ش. د. ریاز |
| ش. د. مەلحە | ن. شا. کفری | ن. شا. دوبز |
| ن. ش. کفری | ش. د. قەرەتەپە | ش. د. ئاڵتون کۆپری |
| ش. د. دوز | ش. د. قەڵای شیروانە | |
| ش. د. قەرەتەپە | ش. د. بیباز | |
| ش. د. قەڵای شیروانە | ن. ششا. چەمچەماڵ | |
| ش. د. شەبیجە | ش. د. ئاغجەلەر | |
| ن. شا. چەمچەماڵ | ش. د. سەنگاو | |
| ش. د. ئاغجەلەر | ن. شا. دوز | |
| ن. شا. کێل | ش. د. داقوق | |
| ش. د. سەنگاو | ش. د. قادرکەرەم | |



## پاشکۆی ژمارە (٦) شەش

### یەکە کارگێڕییەکانی شارۆچکەکانی (خانەقین- مەندەلی- بەدرە) (١٩٢٢ -١٩٨٨)

| ١٩٢٢ | ١٩٥٨ | ١٩٨٨ |
|---|---|---|
| ن. شا. خانەقین | ن. شا. خانەقین | ن. شا. خانەقین |
| ش. د. هۆرین شێخان | ش. د. مەیدان | ش. د. سەعدیە |
| ش. د. قۆرەتوو | ش. د. قۆرەتوو | ش. د. جەلەولا |
| ش. د. قزلەربات | ش. د. سەعدیە | ن. شا. بەلەد رۆز |
| ن. شا. مەندەلی | ن. شا. مەندەلی | ن. ش. مەندەلی |
| ش. د. قەزانیە | ش. د. قەزانیە | ش. د. قەزانیە |
| ن. شا. بەدرە | ش. د. بەلەدرۆز | ن. شا. بەدرە |
| ش. د. جەسان | ن. شا. بەدرە | ش. د. جەسان |
| ش. د. زرباتیە | ش. د. جەسان | |
| | ش. د. زرباتیە | |

# نیشاندەرەکانی کێشانی سنوورەکارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

عێراق پێگەییەکی دیار داگیر دەکات، بەوەی کە بە بەرزایی و زەوی و زاری شاخاوی لە لایەك، لە لایەکی تر بە گردۆڵکە و بیابانی ووشك و برینگ دەور دراوە: لە لای باکوورەوە زنجیرە چیاکانی (تۆرۆس-ئەرمینیا) بە سنوورەکەیدا درێژ بوونەتەوە، لە رۆژهەڵاتەوە بەرزایەکانی(زاگرۆس) وەك بەر بەستێکی چیایی بڵند دەوەستن، لە رۆژئاواو باشووریشەوە بانی تەخت و بیابانەکان دەردەکەون کە زیاتر لە نیوەی رووبەری وڵاتەکەیان پێکهێناوە.

لە لایەکی ترەوە گەلانی هیندو ئەوروپی لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتەوە دراوسێی عێراقن لە زۆر لاوە دەڕوانن بەسەر کەنارەکانی رووباری دیجلەدا هەروەها کۆمەڵە(سامی-عەرەبی) یەکانیش لە ناوچەی دەشتە نیشتوەکاندا بڵاودەبنەوە، داگیرکاری ئیسلامیەکان لە سەدەی حەوتەمی زایینی دا خۆیان ئامادە کردبۆ هاتنە ناوەوەی هۆزە عەرەبەکان و بەزاندنی سنوورەکانی هەردوو رووباری دیجلەوفورات بە ئاڕاستەی رۆژهەڵات و باکوور کە مۆڵگەی کۆمەڵگا تورکمانەکان بوون ئەوکات پێش وە دوای داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەوڵەتی عێراق هاتبوونە ناوەوە و چەند مەڵبەندێکیان بۆ خۆیان وەرگرتبوو بە درێژایی ناوچەکە هەر لە شارۆچکەی(تەلەعفەر)ەوە لە پارێزگای (نەینەوا) تا دەگاتە(کەرکوك) و (توزخورماتوو) کەبە شارۆچکەی(مەندەلی) کۆتایی دەهات لە پارێزگای دیالە.

دزەکردنی ئەم کۆمەڵە تورکمانە بۆ ناو قوڵایی خاکی عێراق شتێکی سروشتی بوو لە بەر ئەوەی ئاو و هەوا گونجاو بوو، زەوی وزار بە پیت بوو،ئاو هەمیشەیی بوو، گشت ئەمانە ببوونە مایەی سەقامگیرییان و هەمە چەشنەیی رەچەڵەکەکانی کوردو عەرەب و تورکمان لە ناوچەکەدا، تێکەڵ بوونە کە زۆر بوو لە ناوچە کراوەکاندا(دەشتەکاندا)، لە کاتێکدا ناوچە شاخاوییەکان بوونە لەمپەرلە بەر دەم ئەم تێکەڵاوییەدا، لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبەکانی دەشتە



PDF 4 KURD

نزمەکان و کوردەکانی ناوچە بەرزەکان بریتی بوون لە دیارترین دوو نەتەوە لە عێراقدا،[1] بەڵام لە ناوچەکانی بەر یەك کەوتنی ئەم دوو نەتەوەیەدا کۆمەڵگای نیشتەجێ ی تر دەرکەوتن لە هەرە گرنگەکانیان ئەمانە بوون:

تورکمانەکان، کلدانەکان، ئاشوورییەکان

سەرچاوە مێژوویییەکانی سەردەمی عەباسیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە عێراقی ئێستا لەو کاتدا دابەشکرا بوو بۆ:

١- هەرێمی السواد: کە بە ناوچەی دەشتە نیشتووەکان دەووترا.

٢- هەرێمی جەزیرە: بریتی یە لە باکووری رۆژئاوای بانی رۆژئاوا.

٣- هەرێمی چیاکان: بریتی یە لە ناوچەی بەرزاییەکان و چیا بڵندەکان تا دەگاتە هەمەدان لە ئێران.

کوردستان یەکێك بوو لە ویلایەتەکانی دوا هەرێم، ئەم هەرێمە زۆربەی بەشی باشووری کوردستانی پێکهێنابوو تەنانەت(کرماشان)[2] ی ئێرانیش لە لایەکی ترەوە، عێراقی ئێستا تا یەکەم جەنگی جیهانیش(١٩١٤- ١٩١٨) لەم سێ ویلایەتە پێکهاتبوو:

(بەسرە، بەغداد، موسڵ) ویلایەتی موسڵ پێکهاتبوو لەم سێ شارستانانە: (سلێمانی، شارەزوو، موسڵ) لە راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ویلایەتی مەسڵ دانرا بوو کە عێراقی ئیستا پێك دێت لە سێ هەرێمی جیا کە ئەمانەن:

١- کوردستان ٢- جەزیرە ٣- عێراقی عەرەبی

ڕاپۆرتەکە جەختی کردەوە لە سەر ئەوەی کە عێراق سنوورەکانی لە تکریت لەسەر رووباری دیجلە و هیت لەسەر رووباری فورات زیاتر تێناپەڕێت[3] ویلایەتی موسڵ بە سنوورە

---

(١) جاسم محمد الخلف جغرافية العراق چاپخانەی المعرفة- قاهیرە، ١٩٦١،ل٤٠٣، فاضل الانصاری، مشكلة السكان، چاپخانەی الادیب، دیمەشق،١٩٨٠، ل١٩.

(٢) شاكر خصباك، الاكراد، چاپخانەی شفیق، بەغداد،١٩٧٢،ل٥١٥،جاسم محمد الخلف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

(٣) ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان، (مسالة الحدود بين تركيا والعراق) چاپخانەی الحكومە، بەغداد، ١٩٢٤، ل٢٥.

سروشتیەکانیەوە (لای باکووری بەرزاییەکانی حەمرین تا مەکحول) رۆژێك لە رۆژان بەشێك نەبووە لە عێراق[٤].

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی باری راستەقینەی ئەو دابەشکردنە کارگێڕییانەیە لە عێراقدا، لە بەر رۆشنایی ئەو پێشنیارانەدا کە پێشکەشکراون بۆ پێکهێنانەوەی نەخشەی (عێراق)ی دوای رزگار بوون لەسەر بنەمای باری راستەقینەی مێژوویی و جوگرافی ناوچەکە و لە پێناو هێنانە کایەی بیرو بۆچوونێك دەربارەی رەهەندی دیموگرافی دانیشتووانەکەی لە ماوەی سەدەی رابردوودا بۆمان دەرکەوت هەڵسەنگاندنی سەرژمێرییەکانی دانیشتووان لە عێراقدا کە لە ماوەی سەدەی رابردوودا ئەنجامدراوون گرنگ و بایەخدارە.

**((سەرژمێرییەکانی دانیشتووان لە عێراقدا))**

توێژەری بواری سەر ژمێریکردنی دانیشتووان لە عێراق خاوەنی کەم و کورین لە زۆر لەو زانست و زانیارییانەدا کە پەیوەندییان بە قەبارەو دابەشبوونی دانیشتووانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو زانست و زانیارییانەی کە پەیوەندییان هەیە بە پێکهاتە نەتەوەیی و زمانەوانیەکانەوە، ئەوەش کە بڵاو کراوەتەوە نەگونجاوە و کەمترین وردەکاری تێدایە و نزیك نیە لەڕاستیەکانەوە، ئەو زانیاریانەی بەر لە یەکەم سەرژمێریی کردنی فەرمی لە عێراق ساڵی(١٩٤٧)ئاشکرا کرا تەنها خەملاندن بوو هیچی تر، هەروەها دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتووان کە پاشان ئەنجامدران رەنگدانەوەی باری راستەقینەی دیموگرافی یان پێکهاتەی ئەثنوگرافی دانیشتووانی وڵاتەکەی نەدەکرد، لەبەرئەوەی سەرژمێرییەکان (سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ نەبێت) لە بارودۆخی ناسروشتیدا ئەنجامدران[٥]

هەروەها ئەو زانیارییانەی کە هەر یەکە لە حکومەتی تورکی و بەریتانی و عێراقی پێشکەشیان کردن بێ لایەنی تیادا رەچاو نەکرابوو بە تایبەتی بۆ کورد لە ویلایەتی موسڵ دا[٦]

بڕوانە خشتەی ژمارە (١):

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

(٥) خلیل اسماعیل محمد، هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی هەولێر، ١٩٩٨، ل ٣٢.

(٦) راپۆرتی کۆمەڵی نەتەوەکان، هەمان سەرچاوە،ل٣٧



PDF 4 KURD

خشتەی ژمارە (١) یەك:[٧]

(دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ بە پێی نەتەوەکان)

| نەتەوە | خەملاندنی عێراقی | خەملاندنی بەریتانی | خەملاندنی تورکی |
|---|---|---|---|
| کورد | ٦٥ | ٥٧/٩ | ٥٦ |
| عەرەب | ٢٠/٨ | ٢٣/٧ | ٨/٦ |
| تورکمان | ٤/٨ | ٨/٤ | ٢٩/٢ |
| دیانەکان | ٧/٧ | ٧/٩ | ٦/٢ |
| جوولەکە | ١/٧ | ٢/١ | -- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

خشتەکە ئاماژە دەکات بە وەی کە رێژەی کورد لە هەر سێ خەملاندنەکاندا لە نێوان(٥٦-٦٥٪) دا بووە لە کۆی گشتی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ، هەروەها رێژەی عەرەب لە نێوان (٩-٢٤٪) دابووە، تورکمان لە نێوان(٥-٢٩٪) دابووە.

بەڵام کورد رێژەکەی زیاتر بووە لە (٩٩٪) لە کۆی گشتی دانیشتووانی شارستانی سلێمانی و(٨٩٪)ی شارستانی هەولێر و (٤٣٪)ی شارستانی کەرکوك و زیاتر لە(٣٧٪)ی شارستانی موسڵ ی پێکهێنا بوو بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢)

رێژەی دانیشتووانی عەرەب کەمتر بوو لە (٣٢٪) لە شارستانی کەرکوك و (٣٩٪) لە شارستانی موسڵ و (٦٪) لە شارستانی هەولێر وە هیچ رێژەیەکیان دەرناکەوێت لەشارستانی سلێمانی.

(٧) هەمان سەرچاوە ل٩٣-٩٥

خشتەی ژمارە (٢) دوو:[٨]

دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ بە پێی نەتەوەکان بۆ ساڵی (١٩٢٤)

| شارستان | کورد | عەرەب | تورکمان | ئەوانی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ٣٧/٣ | ٣٩ | ٣/٢ | ٢٠/٥ | ١٠٠ |
| سلێمانی | ٩٩/ ٢ | – | – | ٨٪ | ١٠٠ |
| هەولێر | ٨٩ | ٦/١ | ١/٥ | ٣ /٤ | ١٠٠ |
| کەرکوک | ٤٢/٥ | ٣٠/٩ | ٢٤/٤ | ٢/٢ | ١٠٠ |
| ویلایەت | ٦٥/٢ | ٢٠/٨ | ٤/٨ | ٩/٢ | ١٠٠ |

ڕێژەی تورکمانەکان گەیشتە: ٢٣/٤٪ لە شارستانی کەرکوك

٣/٢٪ لە شارستانی موسڵ

١/٥٪ لە شارستانی هەولێر

ئەگەر بەم زانیارییانەدا چووینەوە لە بەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەدا کە لە سەدەی ڕابردوودا ڕوویانداوە و بریتین لە و شاڵاوە ڕێك و پێکانە بۆ کەمکردنەوەی بوونی کورد لە هەرێمی کوردستاندا و چاندنی هەرێمەکە بە دێهات و کۆمەڵگا نیشتەجێکراوە عەرەبەکان بە تایبەتی بە درێژایی ئەو هێڵە(سنوورە)ی درێژ بۆتەوە لە شارۆچکەی(شەنگار)ی سەربە پارێزگای موسڵ تا دەگاتە شارۆچکەی(بەدرە)ی سەربە شارۆچکەی واست کە بەم شارۆچکانەدا تێدەپەڕێت:

(تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، کەرکوك، حەویجە، دوزخورماتوو، کفری، خانەقین، مەندەلی)، کۆمەڵێك لە گۆڕانکارییە سەرتاسەرییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی ئەو زانیارییانە ئایا لە زەوییەکاندا بێت یان لە مرۆڤەکاندا.

- لە سەر ئاستی زەوییەکان دەسەڵاتە عێراقیەکان تێکۆشان بۆ:

(٨) هەمان سەرچاوە، ل٣٣، فاضل حسین، مشکلەولایەالموصل، چاپخانەی اسعد، بەغداد، ١٩٦٧،ل٨٢.



١- دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ بۆ ئەم شارستانانە(پارێزگایانە)ی خوارەوە: (موسڵ، سلێمانی، هەولێر، کەرکوک)

وە پارێزگای موسڵ بوو بە دوو پارێزگا: (نەینەوا) و (دهۆك) و پارێزگای (سەلاحەدین)یش نوێکرایەوە: تەماشای خشتەی ژمارە(٣) بکە، لە هەنگاونانی کردارییدا بۆ خێراترکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان.

خشتەی ژمارە (٣)

ویلایەتی موسڵ لە بەر ڕۆشنایی دوا دابەشکردنە کارگێڕییەکاندا[٩]

| شارستان | ڕووبەر(کیلۆمەتر) | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| دهۆك | ٦٥٥٢ | ٥/٩ |
| سلێمانی | ١٧٠٧٤ | ١٥/٣ |
| هەولێر | ١٥٠٧٤ | ١٣/٦ |
| کەرکوك | ١٠٢٨٢ | ٩/٣ |
| نەینەوا | ٣٥٨٩٩ | ٣٢/٣ |
| سەلاحەدین | ٢٦١٧٥ | ٢٣/٦ |
| کۆی گشتی | ١١١٠٠٦ | ١٠٠ |

٢- هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکان لەو پارێزگایانەدا کە ڕەچەڵەك(نەتەوە)ی هەمە چەشنەیان تێدا بووە بە ئامانجی کەمکردنەوەی بوونی کورد تیایاندا و زیادکردنی ڕێژەی دانیشتووانە عەرەبەکان لە شوێنیان، لە پارێزگای کەرکوك ئەم شارۆچکانە: (چەمچەماڵ، کەلار، دوزخورماتوو) دابڕان و خرانەسەر پارێزگاکانی دەوروپشت هەروەك لە پارێزگای موسڵ ڕوویدا ئەویش نوێکردنەوەی پارێزگای دهۆك بوو لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی شارۆچکەکانی: (دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ) لە پارێزگای موسڵ کە زۆرینەی

(٩) وەزارەتی پلاندانان، دەزگای ناوەندیی سەرژمێریی کردن، کۆمەڵەی سەرژمێریی کردنی ساڵی ١٩٨٧ چاپخانەی الجهاز، بەغداد ل١٠



PDF 4 KURD

دانیشتووانەكانیان كورد بوون وە بنەمای سەرەكی بوون لە پێكهاتە كارگێڕییەكانی پارێزگای موسڵ دا هەر وەها یەكە كارگێڕییەكانی پارێزگای (موسڵ)یش كە زۆربەی دانیشتووانەكانیان عەرەب بوون نوێكرانەوە بە چاندنیان بە دێهات و كۆمەڵگا نیشتەجێكراوە عەرەبەكان بە درێژایی سەدەی رابردوو[١٠]

٣- بە عەرەبكردنی ناوەكانی گشت دامەزراوە فەرمی و نیمچە فەرمی و شوێنە گشتیەكان و گۆڕەپانەكان و شەقامەكان و فرۆشگاكان و دێهاتەكان و تەنانەت ناوی لە دایكبووەكان و دەركردنی یاساو زانیاریی ئەوتۆ كە ئاخاوتن بە زمانی عەرەبی دەسەپێنێت بەسەر فەرمانبەران و قوتابیان و مامۆستایاندا و رێگەدان تەنها بە خەڵكی عەرەب بۆ ئەنجامدانی كاری بازرگانی و هێنان و بردنی كول و پەل.

- لە سەر ئاستی مرۆڤەكان ئەم كارانەی خوارەوە جێبەجێكراون:

١- دەستگرتن بەسەر زەوی و زارە كشتووكاڵیەكانی دانیشتووانە راگواستراوەكان بە تایبەتی بە درێژایی هێڵی درێژەوە بووی نێوان شارۆچكەی(شەنگار) لە پارێزگای (نەینەوا) و شارۆچكەی (بەدرە) لە پارێزگای (واست) كە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی عێراقیدا مانەوە تا رزگار كردنی عێراق لە نیسانی ساڵی(٢٠٠٣)دا، وەك قۆناغی یەكەم دابەشكران بەسەر ئەو جوتیارە عەرەبانەی لە پارێزگاكانی تری هەرێمەوە هاتبوون.

٢- راگواستنی دانیشتووانە كوردەكە كە بۆ دوور لە ماڵ و نیشتمانی خۆیان وە ئەم پارێزگایانە دیاریكران بۆ پێشوازی كردن لە راگواستراوەكان: (ئەنبار، قادسیە، مثنی،بابل، زیقار،)بە تایبەتی پاش رێكەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ كە لە دەرئەنجامەكانی جێبەجێكردنی چۆلكردنی ئەو پشتێنە سنووریەی (كە لە پێشەوە ئاماژەی پێكراوە)بوو لە دانیشتووانە كوردەكەی و راگواستنیان بۆ سنوورەكانی ئەو پارێزگایانەی لەسەرەوە ناویان براوە یان گەمارۆدانیان لەو كۆمەڵگایانەدا كە بۆ ئەم مەبەستە دروستكرابوون لە نزیك شارە سەرەكیەكانەوە یان بە درێژایی رێگا گشتیەكان تا بە ئاسانی چاودێریی بكرێن و دەستیان بەسەردا بگیرێت.

٣- دانانی یاسا بە ناوی (راستكردنەوەی باری نەتەوایەتی) كە پێویستی دەكرد لە سەركرێكار و فەرمانبەرە نا عەرەبەكان باری نەتەوایەتی خۆیان بگۆڕن ئەگەر نا ئەوا بەرەنگاری زۆر لێكۆڵینەوەی توندوتیژ دەبوونەوە لە وانە:

(١٠) خلیل اسماعیل محمد،الاستیطان العربی فی محافظة نینوی، گۆڤاری مەتین، ژمارە: ١٢٥، دهۆك ١٩٩٧.



* دوورخستنەوە * لێسەندنەوەی بلیتی خۆراك * دابەزاندنی پلەی كاركردن * راگرتنی گشت سەر مووچەو بەرزكردنەوە و دەرماڵەكان.

لە بەر رۆشنایی ئەم لێكۆڵینەوانەدا دەرئەنجامەكانی سەرژمێرییەكانی دانیشتووانی عێراق دەریان خست كە دابەزینی بەردەوام هەبووە لە رێژەی دانیشتووانی كوردەكاندا لە پارێزگاكانی ویلایەتی موسڵ دا لە بەرژەوەندی دانیشتووانە عەرەبەكە لە دەرئەنجامەكانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ دا رێژەی كوردەكان گەیشتە(٥٦٪) بەرامبەر بە(٣٢٪) بۆ عەرەب و (٧/٣٪) بۆ توركمان وە دابەزینەكە هەر بەردەوام بوو لە ماوەكانی داهاتوودا لە بەر ئەوەی شالاوەكانی راگواستن و كۆچپێكردن و پاكتاوی رەچەڵەكی و لەناوبردنی بەكۆمەڵ زیادی كرد بە جۆرێك رێژەكانی دانیشتووانە عەرەبەكان زۆر نزیك بوونەوە لەرێژەكانی دانیشتووانە كوردەكان سەیری خشتەی ژمارە (٤) بكە

خشتەی ژمارە (٤)

دانیشتووانی پارێزگاكانی ویلایەتی موسڵ بە پێی نەتەوەكان[١١]

| نەتەوە | ١٩٢٤ | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|
| كورد | ٦٥/٢ | ٥٥/٩ | ٤٨/٧ |
| عەرەب | ٢٠/٨ | ٣٢/٢ | ٤٦/٨ |
| توركمان | ٤/٨ | ٧/٣ | ٣/٣ |
| ئەوانی تر | ٩/٢ | ٤/٦ | ١/٢ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

هەردوو پارێزگای موسڵ و كەركوك لە زۆرترین ئەو پارێزگایانە بوون كەوتنە بەر شالاوی بەعەرەبكردن بە تایبەتی لە ماوەی ساڵەكانی حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی رابردوودا كە رەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر گۆڕینی باری نەتەوەیی دانیشتووان لەبەرژەوەندیی كەمایەتی

(١١) راپۆرتی كۆمەڵی نەتەوەكان، سەرچاوەی پێشوو، كۆمەڵەی سەرژمێرییەكانی تۆماركردنی دانیشتووانی ساڵی ١٩٥٧، فەیسەڵ دەباغ، كوردو كەمە نەتەوەكانی تر، سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٧، بەشی یەكەم، ١٩٩٣ هەولێر.

عەرەب(خاوەن دەسەڵات) ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە پارێزگای موسڵ لە (٣٩٪)ەوە بەرز بۆتووە بۆ(٨٥٪) لە ماوەی نێوان ساڵەکانی(١٩٢٤-١٩٧٧) بە بڕی(٤٦٪) لە بەرامبەر دابەزینی ڕێژەی کورد بە بڕی نزیکەی (٢٤٪)، هەروەها ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە کەرکوك بە بڕی(١٢/٥٪) بەرزبۆوە وە ڕێژەی کورد تیایدا بە بڕی (٥٪) دابەزی لە هەمان ماوەدا بڕوانە خشتەی ژمارە(٥).

خشتەی ژمارە (٥)

دانیشتووانی هەر دوو پارێزگای موسڵ و کرکوك بە پێی نەتەوەکان[١٢]

| نەتەوە | پارێزگای موسڵ | | پارێزگای کەرکوك | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٢٤ | ١٩٧٧ | ١٩٢٤ | ١٩٧٧ |
| کورد | ٣٧/٣ | ١٣ /٤ | ٤٢/٥ | ٣٧/٦ |
| عەرەب | ٣٩ | ٨٥/٤ | ٣١/٩ | ٤٤/٤ |

لەسەر ئەم بنەمایە جێبەجێکردنی ڕژێمی فیدرالی یان ویلایەتەکان یان هەر ڕژێمێکی تری لەم بابەتە لەبەر ڕۆشنایی پێکهاتە کارگێرییەکانی ئێستا دا کە پێشان بڕیتی بوو لە ویلایەتی موسڵ، یەك ناگرنەوە لەگەڵ ئامانجەکان و خواستەکانی گەلی کورد لە عێراقدا , لەبەرئەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن بووە هۆی ڕاکێشان و هێنانی هەزاران خێزانی عەرەب بۆ ناوچەکە هەر وەك چۆن بووە هۆی کۆچپێکردنی هەزاران خێزانی کورد بۆ دەرەوەی ناوچەکە و عەرەب بوون بە زۆرینەی دانیشتووان لە ناوچەکەدا، جوگرافیا(سروشت)ی هەرێمی کوردستان ناوچەکانی باکووری بەرزاییەکانی (حەمرین- مەکحول) باشترین هۆکارن لە دیاریکردنی ئەو شوێنەدا کە دەگونجێت تیایدا ڕژێمی فیدرالی جێبەجێ بکرێت لە بەر ئەوەی ئەم ناوچەیە ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکانی مێژوو و جوگرافیای دانیشتووانی ناوچەکەیە، مێژوونووسەکانی تایبەت بە بواری توێژینەوەی کورد کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەرزاییەکانی(حەمرین-مەکحول)

(١٢) کۆمەڵە سەرژمێرییەکانی تۆمار کردنی دانیشتووانی ساڵی ١٩٥٧، سەرچاوەی پێشوو (خشتەی ژمارە ١٦) و محمود درە، کێشەی کورد، چاپخانەی دارالطليعة، بەیروت، ١٩٦٣ ل ٢٠٦-٢٠٨



PDF 4 KURD

بە سنووری سروشتی نیشتمانی کورد بژمێردرێت، لەبەر ئەوەی ناوچەکانی باکووری ئەم ناوچەیە خەسڵەتی سروشتی و مرۆیی وای هەیە ناوچەکەی پێ جیا دەکرێتەوە لە ناوچەکانی بەشی باشووری ئەم بەرزاییانە.

لە بەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیەدا دەکرێت ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە بە دەست بێت:

١-هەرێمی کوردستانی عێراق پێکهاتووە لەم یەکە کارگێڕییانەی خوارەوە وەك بنەما یەك بۆ ڕژێمی فیدراڵی عێراق کە ئەمانەن بڕوانە نەخشەی ژمارە (٥):


- پارێزگانی: (دهۆك، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك) بە سنوورە بنەڕەتیەکانیانەوە

-ئەو شارۆچکانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکانیان کوردن لە پارێزگاکانی: نەینەوا، دیالە، واسگ،بریتین لە:

(شەنگار، تەلەعفەر، شێخان، تەکێف، حەمدانیە) لە پارێزگای (نەینەوا)، (خانەقین و مەندەلی) لە پارێزگای (دیالە)، (بەدرە) لە پارێز (واست).

٣- ڕووبەری هەرێمی فیدراڵی دەگاتە(٧٨٧٣٦) کیلۆمەتر چوارگۆشە، وە ڕێژەی(١٨٪)ی ڕووبەری عێراق پێکدەهێنێت، دانیشتووانەکەی (٢٢/٤٪)ی کۆی گشتی دانیشتووانی عێراقە بە پێی سەرژمێریی دانیشتووانی ساڵی(١٩٥٧) کورد زیاتر لە(٧٠٪)ی دانیشتووانی هەرێم پێکدەهێنن کە لەسەر بنەمای سەرژمێریی ناوبراودا بەشبوون وەك لە خوارەوەدا دیارە لە خشتەکەدا:

**نەخشەی ژمارە (٥)**




**پێگەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە(عێراق)دا**



خشتەی نیشاندانی رێژەی کورد لە دانیشتووانی هەرێم بەپێی سەرژمێریی ساڵی(١٩٥٧)

| ناوچە | دانیشووانی کورد |
|---|---|
| شارستانی موسڵ جگە لە ناوەند | ٦٦/٦ |
| شارستانی سلێمانی | ٩٨/٤ |
| شارستانی هەولێر | ٨٩ |
| شارستانی کەرکوك | ٤٨/٣ |
| شارۆچکەی خانەقین | ٥٨/٤ |
| شارەدێی ناوەندی مەندەلی | ٢٠ |
| شارۆچکەی بەدرە | زانیاری لە سەر نیە |
| دانیشتووانی هەرێم | ٧٠/٢ |

٤- کێشانی هەر سنوورێك بۆ کوردستانی عێراق و شێوازی رژێمە کارگێڕییەکەی لە داهاتوودا نابنە یارمەتیدەر بۆ پێکهێنانی کەش و هەوای سەقامگیر کردن و نۆژەنکردنەوەی وڵات ئەگەر کەمترین ئاست لە راستیە مێژووییەکان و جوگرافیەکانی ناوچە کوردییەکان لە عێراقدا نەیەتە دی و جێبەجێ نەکرێت.



PDF 4 KURD

## نەخشەی کارگێڕیی کوردستانی عێراق لە سایەی سیاسەتی بەعەرەبكردندا

(مەدحەت پاشا) بە هەڵكەوتووترین والیەكانی عوسمانی دادەنرێت كە بەشدارییان كرد لە دووبارە رێكخستنەوەی یەكە كارگێڕییەكان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی كردنیدا لە عێراقدا ساڵی(١٨٦٩-١٨٧٢) لە وانە دابەشكردنی عێراق (كە ئەوكات پێكهاتبوو لە هەر دوو كەرتی بەغداد و بەسرە) بۆ یەكەی كارگێڕیی وەكو:

شارستانەكان و شارۆچكەكان و شارەدێكان[1] كە تا ئێستاش كار بە زۆربەیان دەكرێت، لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدە تا یەكەم جەنگی جیهانی عێراق پێكهاتبوو لە سێ ویلایەت:

لبژاردنەكان كە ئەمانە بوون[2]:

١-خشەكانی جێگیركردنی هۆزە عەرەبەكان لە شارستانی موسڵ دا بە تایبەتی لە رۆژئاوای رووباری دیجلە و ناوچەی جەزیرەدا كە بە درێژایی سەدەی رابردوو قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێكرا لە دەرئەنجامدا بووە هۆی گۆڕانكاریی لە پێكهاتە كارگێڕییەكاندا، زۆر لەو یەكە كارگێڕییانە سەریان هەڵدا كە پێكهاتبوون لە هۆزە عەرەبە كۆچەرییەكان و جێگیر كرابوون و پێداویستیەكانیان دابین كرابوون لە وانە: شارۆچكەكانی: (حەزەر، بەعاج، شورە، شەرگات، حەمدانیە).[3]

وەك تەواوكاریەك بۆ بەعەرەبكردنی شارستانی موسڵ، پارێزگای دهۆك لە یەكە كارگێڕییە بنەڕەتیەكان نوێكرایەوە كە ئەم شارۆچكانە بوون دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاكرێ) ئەم كارەش بووە

(١) طه الهاشمی: مفصل جغرافیة العراق، چاپخانەی دارالسلام، بەغداد، ١٩٣٠، ل٥٤٩

(٢) علی شاكر علی، التشكیلات الاداریة العثمانیة، موسوعة الموصل الحضاریة، بەرگی(٤)، موسڵ، ل١٦٨

(٣) جبار قادر: السالنامه العثمانیة وحكایة الوثائق النادرة، گۆڤاری مەتین، دهۆك، ژمارە ١٢٥ ل١٢١

فیصل محمدالرحیم، تطور العراق تحت حكم الاتحادیین، موسڵ،١٩٧٥ ل٤٧



هۆی دابەزاندنی رێژەی كورد لەم شارستانانەدا و خێراتركردنی بەعەرەبكردنی ناوچەكە لە شارستانی(كەركوك)دا حكومەتی عێراقی لە چوارچێوەی بەعەرەبكردنی ناوچەكەدا تێكۆشا بۆ:

بازنەی هەڵبژاردنی یەكەم: پێكهاتووە لە شارستانەكانی ویلایەتی موسڵ كە ئەمانەبوون: موسڵ، سلێمانی، كەركوك.

٢- بازنەی هەڵبژاردنی دووەم: بریتی یە لە شارستانەكانی ناوەڕاستی عێراق كە ئەمانەن: (بەغداد، دیالە، حلە،دلێم(رمادی)، كەربەلا، كوت).

٣- بازنەی هەڵبژاردنی سێهەم: پێكهاتووە لە شارستاكانی باشووری عێراق كە ئەمانەن: (مەنتەفك(ناسریە)، عەمارە، بەسرە).

لە دواییدا شارستانی هەولێرو دیوانیە نوێكرانەوە و هەولێر خرایە سەر بازنەی هەڵێژاردنی یەكەم و دیوانیە خرایە سەر بازنەی هەڵبژاردنی سێهەم[4]، تەماشای نەخشەی ژمارە (٣) بكە.

خشتەی ژمارە (١)

پێكهاتە كارگێڕییەكانی ویلایەتی موسڵ ساڵی ١٨٧٩

| شارستان | شارۆچكە |
|---|---|
| موسڵ | ناوەند، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاكرێ، شەنگار |
| كەركوك | ناوەند، هەولێر، رەواندوز، كفری، كۆیە، رانیە |
| سلێمانی | ناوەند، گوڵ، عەنبەر، شارباژێر، بازیان، مەرگە، جاف |

(٤) وزارة التخطیط، هیئة التخطیط الاقلیمی، تحدید المناطق التخطیطیة فی العراق، دراسة رقم(١٥٥)، بەغداد.

خشتەی ژمارە(٢)

پێکهاتەی کارگێڕییەکانی ویلایەتی موسڵ ساڵی ١٩٠٩

| شارستان | شارۆچکە | شارەدێ |
| --- | --- | --- |
| موسڵ | ناوەند<br>دهۆك<br>زاخۆ<br>ئامێدی<br>ئاکرێ<br>شەنگار | شێخان، العشائر السبعه، مزوری<br>بەرواری بالآ، بەرواری زەید، رێکان،<br>نیروە زێبار<br>تەلەعفەر |
| کەرکوك | ناوەند<br>هەولێر<br>ڕەواندوز<br>کۆیە<br>ڕانیە<br>کفری | مەلحە، داقوق، ئالتون کوپری، کێل،<br>شوان، سۆلتانیە، دزەیی<br>بالەك،دیرە،حەریر، برادۆست،شیروان<br>شەقلاوە<br>دوزخورماتوو، قەرەتەپە |
| سلێمانی | ناوەند<br>گەڵ عەنبەر<br>معمورەالحمید<br>بازیان<br>شارباژێر | قەرەداغ<br>ئەلیجە، سروچك، قزلجە<br>قەلادزێ، سورداش، مەرگە<br>قەلای سیۆکە، سەنگاو<br>سیتەك، ماوەت |



خشتەی ژمارە (٣) سێ

یەکە کارگێڕییە(بەعەرەبکراوەکان) لە پارێزگای دیالە

| ناوە کۆنەکە | ناوە نوێکە |
| --- | --- |
| شارۆچکەی خۆراسان | شارۆچکەی بەعقوبە |
| شارۆچکەی شارەبان | شارۆچکەی میقدادیە |
| دێلتاوە(دەوڵەت ئاباد) | شارۆچکەی خالص |
| شارەدێی دڵی عەباس | شارەدێی منصوریە |
| شارەدێی قزلربات | شارەدێی سعدیە |
| شارەدێی هورین شێخان | شارەدێی مەیدان |
| شارەدێی قەزانیە | شارەدێی سیف سعد |

ئەوەی تێبینی دەکرێت دیاردە سروشتیەکانی وەك بەرزایی و نشێویی زەوی و درێژ بوونەوەی رووبارەکان و جۆری سامانە کشتوکاڵیەکان لە دیارترین ئەو بنەمایانە بوون کە ئەم پێکهاتە کارگێڕییانەیان لە سەر دانران[٥] وە لە راپۆرتە بەریتانیاییەکاندا ئاماژەکان ئاشکران کە(ناوچەی باکوور) لە رووی کارگێڕییەوە لە بەر رۆشنایی زانستە جوگرافیەکاندا دابەشکراوە بە جۆرێك هەولێر و کەرکوك و موسڵ کەوتنە ناو دەشتە بڵندەکانەوە لە گەڵ بەرزاییەکانی نێوان هەر دوو لقەکانی (زاب) ی سەروو(زاب)ی خواروو، هەروەها لە باشووریش دابەشکردنە کارگێڕییەکان بە پێی زانستە جوگرافیەکان جێبەجێکران نەك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی[٦]، وە ئەم راپۆرتانە درێژە دەدەن بە وەی کە زانستی جوگرافی لەمجۆرە سەرباری شێوازی دابەشبوونی هۆزەکان بوونە بنەمای دیاریکردنی ناوچەی(فورات)ی باکوور بەم شێوەیە دابەشبوونە کارگێڕییەکانی عێراق هەڕەمەکی نەبووە بەڵکولە بەر رۆشنایی بنەماو پێوەرە جوگرافی و مێژوویی و ئابوورییەکاندا بووە.[٧]

(٥) لونکریك، اربعة قرون من تاريخ العراق، وەرگێڕانی جعفر الخياط، چاپی شەشەم، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٢٢.

(٦) وزارة التخطيط، تحديد المناطق التخطيطية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

(٧) خليل اسماعيل محمد، البعدالقومی للتغيرات فی الحدودالادارية لمحافظة كركوك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ١٩٩٧.



PDF 4 KURD

لەسەر ئەم بنەمایانە عێراق دابەشکرا بۆ(١٤) شارستان و (٤٦) شارۆچکە و(١٣٩) شارەدێ، ئەگەر سنوورەکارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانمان وەرگرت کە بریتین لە شارستانەکانی: موسڵ(بەبێ ناوەند)، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك لە گەڵ شارۆچکەکانی: (خانەقین، مەندەلی، بەدرە) ئەوا هەرێمی کوردستان(٥٠٪)ی شارۆچکەکان و(٥٣٪)ی شارەدێکانی عێراق لە خۆی دەگرێت.

بەڵام حکومەتە عێراقیەکان لە سیاسەتی بە عەرەبکردندا کە پاش دروست بوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵ پێیەوە لە ساڵی(١٩٢٥)دا جێبەجێ کرا تێکۆشان بۆ چاو خشاندنەوە بە نەخشەی کارگێڕیی هەرێمی کوردستاندا ناوە ناوە لە هەوڵداندابوو بۆ پارچە پارچە کردن و بەرتەسککردنەوەی بوونی کورد لە لایەك، وە بەهێزکردنی دەست بە سەراگرتنیان لە لایەکی تر.

لە شارستانی موسڵ جگە لە ناوەندی شارستانەکە، کورد زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن ئەمەش لەو شارۆچکانەدا دەردەکەون کە لە کورد پێکهاتوون وەك: (دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، شەنگار)، تا ئێستاش ئەم شارۆچکانە سەرەڕای گشت شاڵاوەکانی راگواستن و بەعەرەبکردن پارێزگاریی رەسەنایەتی نەتەوەیی خۆیان کردوە. لە لایەکی ترەوە نەخشەکانی جێگیرکردنی هۆزە عەرەبەکان لە شارستانی موسڵ دا بە تایبەتی لە رۆژئاوای رووباری دیجلە و ناوچەی جەزیرەدا کە بە درێژایی سەدەی رابردوو قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێکرا لە دەرئەنجامدا بووە هۆی گۆڕانکاریی لە پێکهاتە کارگێڕییەکاندا، زۆر لەو یەکە کارگێڕییانە سەریان هەڵدا کە پێکهاتبوون لە هۆزە عەرەبە کۆچەرییەکان و جێگیر کرابوون و پێداویستیەکانیان دابین کرابوون لە وانە: شارۆچکەکانی: (حەزەر، بەعاج، شورە، شەرگات، حەمدانیە).[8]

وەك تەواوکاریەك بۆ بەعەرەبکردنی شارستانی موسڵ، پارێزگای دهۆك لە یەکە کارگێڕییە بنەڕەتیەکان نوێکرایەوە کە ئەم شارۆچکانە بوون دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ ئەم کارەش بووە هۆی دابەزاندنی رێژەی کورد لەم شارستانانەدا و خێراترکردنی بەعەرەبکردنی ناوچەکە لە شارستانی(کەرکوك) دا حکومەتی عێراقی لە چوارچێوەی بەعەرەبکردنی ناوچەکەدا تێکۆشا بۆ:

چاندنی لاکان(ناوچەکان)ی رۆژئاوا بە جێنشینە عەرەبەکان لە رێی هاندانی هۆزە عەرەبە دەشتەکیەکانەوە بۆ جێگیربوون تیایاندا و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، ئەم کارە بووە هۆی

(٨) خلیل اسماعیل محمد (نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراق)، گۆڤاری سیاسەتی دوەلی، ژمارە٣، سلێمانی، ٢٠...، ل٣٧



گۆڕینی شارەدێی (حەویجە) بۆ شارۆچکە ساڵی(١٩٦٢)وە شارەدێی(زاب)یشی بۆ زیاد کرا لە پارێزگای(نەینەوا)وە ساڵی(١٩٨٤).

دابەشکردنی شارۆچکەکانی: (چەمچەماڵ، کەلار، دوزخورماتوو،کفری) بەسەر پارێزگاکانی دەوروپشت دا بە ئامانجی چۆڵکردنی شارستانی کەرکوك لە زۆرینەی کورد، بەمەش ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی شارستانی کەرکوك لە(٢٥) یەکە دابەزی بۆ(١١) یەکەی کارگێڕیی لە نێوان ساڵەکانی(١٩٧٢-١٩٧٤)،دا هەروەها رووبەرەکەشی دابەزی بۆ نیوە رووبەر، ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبوو لە دووبارە پێکهێنانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان لە بەرژەوەندیی کەمینەی عەرەبیدا.

بەڵام شارستانی دیالە کە پێکهاتبوو لە شارۆچکەکانی: (خۆراسان(بەعقوبە)، دێلتاوە، شارەبان، خانەقین، مەندەلی)[9]، کورد زۆرینەی دانیشتووانی هەر سێ شارۆچکەی(شارەبان و خانەقین و مەندەلی) یان پێکدەهێنا، کەچی گۆڕانکارییەکانی ناو پێکهاتە کارگێڕییەکان رۆڵیان هەبوو لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچەکەدا لە وانە:

لکاندنی شارەدێی(بەلەدرۆز) کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە هۆزە عەرەبەکان بوو بە شارۆچکەی(مەندەلی)یەوە، سەرەتایەك بۆ بە عەرەبکردنی ئەم شارۆچکەیە، دەرئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە شارەدێی(بەلەدرۆز) گۆڕا بۆ شارۆچکەی (بەلەدرۆز)وە شارۆچکەی(مەندەلی)یش گۆڕا بە شارەدێیەکی سەربە شارۆچکەی(بەلەدرۆز).

دابڕینی ژمارەیەك لە دێکانی سەربە شارەدێی(قەرەتەپە) لە شارستانی کەرکوك و لکاندنیان بە شارستانی(دیالە)وە لە نوێکردنەوەی شارەدێ(جەلەولا)دا لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو (بیست)دا:

لکاندنی شارۆچکەی(کفری) لە پارێزگای کەرکوك و شارۆچکەی(مەدائن) لە پارێزگای بەغداد بە پارێزگای(دیالە)وە.

گۆڕینی ناوەکانی یەکە کارگێڕییەکان بۆ ناوە عەرەبیەکان بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

هاوکات لە گەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا، شاڵاوەکانی ناردنەوە و راگواستن و دەرکردن بەردەوام بوو بە بیانووی لە (رەچەڵەکدا ئێرانی) یان ئارەزوومەندی لایەنگیریی بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردی و چاندنی ئەو یەکە کارگێڕییانەی زۆرینەیان کوردن بە کارمەندو کرێکارە

(٩) طە الهاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

عەرەبەکانی سەربە هۆزە عەرەبەکان، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە پارێزگای(دیالە)دا لە(٧٩٪)ەوەبۆ (٨٨٪) لە نێوان ساڵانی(١٩٥٧-١٩٧٧)دا.

شارستانی(کوت)یش کە لە دوایدا ناونرا بە(پارێزگای واسیت)، لە بنەڕەتدا لە شارۆچکەکانی:(بەدرە، سوێرە، ئەل حەی، شارۆچکەی ناوەند) پێکهێنرا[١٠]

ئەم گۆڕانکارییانە بەردەوام بوو تا ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەوە بوو شارۆچکەی(نوعمانیە) و شارەدێکانی: (حەفریە، واسیت، شێخ سەعد) نوێکرانەوە، وە شارۆچکەی(بەدرە) تاکە شارۆچکە بوو کە شارەدێی(جەسان)ی لێ دابڕا، ئەوەی زانراوە ئەم شارۆچکەیە کە نزیك سنوورەکانی(عێراق-ئێران)ە تا ئێستاش بەردەوام پارێزگاری دەکات بە سیما و خەسڵەتە نەتەوایەتیە کوردانە کەیەوە سەرەڕای شاڵاوەکانی راگواستن کە لە دژی دانیشتووانەکەی بەرپا کرا لە گەڵ پشت گوێخستنی بە ئەنقەست لە بواری پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووریی شارۆچکەکە بە هەمان شێوەی شارۆچکەی(مەندەلی) ئەم کارەش بووە هۆی ناچارکردنی دانیشتووانی شارۆچکەکە بۆ کۆچکردن و بەجێ هێشتنی شارۆچکەکە بە تایبەتی پاش توندتر بوونی قەیرانی ئاو(کەم ئاوی) بێ ئەوەی حکومەتی عێراقی نەخشەکانی پرۆژە ئاودێرییەکان جێبەجێ بکات تا ساڵەکانی شەستەکانی سەدەی رابردوو پاش ئەوەی ناوچەکە بە دێهاتە عەرەبیەکان چاندرا ئینجا حکومەت دەستی کرد بە قیرتاوکردنی شەقامەکان و جێبەجێکردنی پرۆژە ئاودێرییەکان لە هەر دوو شارۆچکەی (بەدرە) و(مەندەلی)دا [١١]

لەو شتانەی لە پێشەوە باسکران دەکرێت بووترێت:

ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەخشەی کارگێڕیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەنجامدران هیچ خزمەتێکی هاوڵاتیانی نەکردوە یان ئاسانکاریی نەکردوە لە جێبەجێ بوونی کاروبارەکانی ژیانیاندا، بەڵکو کۆمەڵێ هاندەری سیاسی و پەلە کردن لە جێبەجێکردنی نەخشەکانی بەعەرەبکردنی هەرێم لە پشت ئەم گۆڕانکارییانەوە بوون، بۆیە رەنگدانەوە(کاردانەوە) ی ئەم گۆڕانکارییانە تەنها لەسەر:

- کەمکردنەوەی بوونی کورد نەبووە....بەڵکو
- لەسەر خۆ پێکهێنان(خۆ پێگەیاندن)ی نەتەوەیشیان بووە.

---

(١٠) محمودالدرة، القضية الكردية، چاپخانەی دارالطليعة، بەیروت، ١٩٦٦، ل٢٠٩ فیصل دباغ، کوردو کەمەنەتەوایەتیەکانی تر لەسەرژمێری ١٩٧٧، هەولێر، ١٩٩٣، ل١٨

(١١) خلیل اسماعیل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق وايران، چاپخانەی کریستال، هەولێر، ١٩٧٧، ل٢٦.

# کورد لە کوردستانی عێراق دا لە نێوان پەرەسەندنی عەرەبی و شەپۆلە تورکیەکاندا

دانیشتووانی جیهان بە تایبەتی لە سەردەمی مێژووی نوێیدا بە بزاڤی تێکەڵبوون و کارلێکی نێوان رەگەزەکانی و نەتەوەکانی و ئایینەکانی ناسراوە بە شێوەیەك کە پێشتر نمونەی نەبووە، بە هۆی پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤەوە لە چالاکی نواندنەکانی و بزاڤەکانیدا، لە زیاد بوونی داواکاریی و پێداویستیەکانیدا، لە ئاسانی هاتووچۆیدا، بەمەش شوێنەکانی نیشتەجێ بوون و بازنەکانی کلتوریی و کارە ئاوەدانکارییەکانی مرۆڤ بۆ زەوی زیادی کردوە و رەگەزە گەنم رەنگەکان و پێست سپی یەکان و پێست رەشەکان تێکەڵ بوون و زمانەکان و رۆشنبیرییەکان(کەلتورەکان) و باوەڕەکان بەیەکدا چوون، ئەمە وایکردووە(پەنا بردن) بۆ مێژوو یان جوگرافیای مێژوویی لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی نەتەوەکان و گەلانی جیهان کارێکی سەخت و ناخۆش بێت، گەر وانەبوایە ئەوا پێویست بوو لەسەرمان دووبارە نەخشەی دابەشبوونی گەلانی جیهانمان سەر لە نوێ بکێشایەتەوە، ئایا کارێکی ژیرانەیە(هیندە سوورە) کۆچکردووەکانی ئەوروپا و ئەفریقیا داوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەی خۆیان لێبکرێت؟!

یان عەرەبەکان لە باکووری ئەفریقیا و(هلال الخطیب)وە دەربنرێن بەرەو شوێنە سەرەتاییەکانیان لە دوورگەی عەرەبیدا ؟! یان

تورکەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا و رۆژهەڵاتی دەریای قەزوین؟!!

لەبەرئەوە بۆئەوەی لە راستی و دروستیەوە نزیك بین لە بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەو گەلانی بەشخوراو و ژێر دەستەدا کە تا ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەکانی تردا دەناڵێنن و واقیعی بین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای هاوڵاتیانی نەتەوە ژێردەستەکان خۆیان چونکە ئەمان خۆیان پەیوەندیدارن لە دیاریکردنی شێوازی ئەو فەرمانڕواییە(بەڕێوەبردنە)ی ئارەزووی دەکەن لەگەڵ ئەو هەرێمەی بۆیان دەگەڕێتەوە بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە لە راستیەکانی سەرزەوی لادەدەین، زەوی شانۆیە کە ئەم دانیشتووانانەی لە سەربووە و قوربانیان داوە لە پێناو دروستکردنی کەلەپوور و مێژوو و پارێزگاریکردن لە شارستانیەتەکەیان لەبەر ئەوەی تەوەری



PDF 4 KURD

توێژینەوە کە (کوردستانی عێراق)ە، لە گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست دا بەڵگە دەبینین لە ئازار و ئەشکەنجەی گەلی کورد لە سایەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی دراوسێ دا لە دیاریکردنی چارەنووس و دوارۆژی گەلی کوردا.

هەڵبەت ئەوە بەڵگە مێژووییە هاوچەرخانە و بڕوانامە و زانیارییانەی ئاماژەیان پێدەکرێت دەیان ساڵەی رابردوو زۆر تێکی نەداون و نەیشێواندون، هۆکارێکن سوودبەخشن بۆمان بۆ گەیشتن بە ئامانج.

### پێگەی جوگرافی هەرێم:

هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوچەی چیاکان و بەرزاییە بڵندەکان لە باکوورو رۆژهەڵاتەوە، بانەکان و بیابانەکان لە باشوورو رۆژئاواوە، ئەمەش هەر لە مێژووی دێرینەوە هەرێمەکەی کردووە بە پردێك بۆ تیرە و هۆزە شەڕفرۆشەکان و بنکەی بەیەکگەیشتن بۆ ئەو کۆمەڵگاو نەتەوانەی هاتوونەتە ناوچەکە بۆ جێگیربوون لە سەر خاکی هەرێم و بنیادنانی شوێنی نیشتەجێ بوون بە سوودبینین لە زۆریی ئاوەکان و گونجاوی ئاوو هەواکەیی و بەپیتی خاکەکەی، لەبەر ئەوە زۆر لە تیرەو نەتەوەکان لە هەرێمەکەدا دەرکەوتن و پێگەی جوگرافی هەرێم بووە هۆی زۆریی رەگەزە جیاجیاکان و بیروباوەڕەکان.، تەنانەت هەندێك لە توێژەران هەرێمەکەیان بە(مۆزە خانەی رەچەڵە کزانی) ناو ناوە.

ڕاستیەکانی سەرزەوی ئاماژە دەکەن بەوەی کە گەلی کورد توانیویەتی پارێزگاری بکات بە سیماو خەسڵەتە نەتەوەییەکانی و کولەپوورەکەیەوە لە شوێنە بڵندەکان و زەوییە پڕ مەترسیەکاندا، هەروەك چۆن عەرەبەکان خەسڵەتە نەتەوەییەکانی خۆیان پاراست لە لای زەوییە تەخت و دەشتەکاندا، تورکمانەکانیش لە ناوچەکانی بەریەککەوتنی کورد و عەرەبدا کۆبوونەوە لە ناو ئەو ناوەند و کۆمەڵانەدا کە درێژ دەبنەوە لە(تەلەعفەر)ی سەر بە پارێزگای(نەینەوا)وە تا دەگاتە(مەندەلی) لە پارێزگای (دیالە)دا.

### نیشتەجێ بوونی عەرەب لە عێراق دا:

مێژوونووسەکان جەخت دەکەنەوە لە سەر ئەوەی کە شتێك نەبووە ئاماژە بکات بە بوونی عەرەب لە عێراقدا. تا هەزارەی یەکەمی پێش زاین، وە زاراوەی(العرب) هاتا بووە بۆ

وشەی(بیابان-بادیە) لە زمانە سامیەکاندا[١] (جرجی زیـدان) وا دەبینێـت کـە عـەرەب پـێش ئیسلام مەبەست لە دانیشتووانی دوورگەی عەرەبی بـوو بـە تـەنها،[٢] کۆچـیان دەکـرد بـەرەو باکووری دوورگەی عەرەبی لەنێوان رووباری نیل دا، لەگەڵ دانیشتوانی ئیمارات کە عەرەبەکان پێش ئیسلام دروستیان کرد، وە خەڵکی(انباط) لـە رۆژهـەڵاتی ئـوردون، وە ئەخمینیـەکان لـە رۆژئاوای عێراق کە پایتەختەکەیان(حیرە) بوو.

پەرەسەندنی عەرەبی لە سایەی(هاتنەناوەوەی موسڵمانان) لـە سـەدەی حەوتـەمی[٣] زایینی دا مەزنترین رووداو بوو لە پێکهێنانی نەتەوەیی دانیشتووانی عێراقدا ئەوە بـوو دەستگیرا بەسەر(بەسرەو بەغداد و موسڵ) دا و چەندین شاری نوێ یـان دروسـتکرد کـە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی سەردەمدا وەك بنکـە مانـەوە بـۆ راکێـشانی توخمـەکانی تـری عەرەب وە تا سەدەی چوارەمی کۆچی (دەیەمی زایینـی) خـاکی جـەزیرەی دەوروپـشتی رووباری فورات زۆرینەی دانیشتووانەکەی کورد و عـەرەب بـوون هـەر وەك(الاصـطخری) دەلێت وە (یاقوت الحمـوی٦٢٦ کۆچـی- ١٢٢٨ زایینـی) دەری دەخـات و دەلێـت ئـەم ناوچانە لە ماوەی سەدەی شەشەمی کۆچیدا لە نێـوان هـۆزە عەرەبـەکان و کوردەکـان و تورکمانەکاندا دابەشبوو بوو، عەرەبەکان لە شوێنە دیاریکراوەکاندا بوون و کوردەکانیش لە شوێنە جیاجیاکاندا[٤].

لە سەردەمی عەباسیەکاندا تەوژمی بەعەرەبکردن بە توندیی بـەردەوام بـوو(الـبلاذری) یەکەم ئاماژەی دا بە نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەی(شەنگار)دا پاش(هاتنـە ناوەوەی ئیسلام) وە(الحموی) دەهێنێتەوە یاد کە زۆرینەی خەڵکی(هـەولێر) لـە کوردەکـان بەعەرەبکراون[٥]

---

(١) طە باقر، مقدمە فی تاریخ الحضارات القدیمە، بەشی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٥، ل٦٦

(٢) جرجی زیدان، تاریخ العراق قبل الاسلام، بەیروت، ١٩٣٨، ل٤١

(٣) لاصظخری، مسائل الممالك، دی غویـە،بریل، لیـدن، ١٩٢٧ ل١٠، الـبلاذری، فتـوح البلـدان، دارالنـشر للجامعیین، بەیروت،١٩٥٨،ل٢٠٥.

(٤) یاقوت الحموی، معجم البلدان، مکتب الاسدی، تاران،١٩٦٥ بەرگی ١، ل٨٧٢، بەرگی٤، ل٦٩٠.

(٥) هەمان سەرچاوە، بەرگی ١،ل١٨٦.



PDF 4 KURD

لە پەرتووکی(تاریخ جهان نما)ی تورکیەوە، وەرگیراوە کە خەڵکی شاری موسڵ کورد بوون و زمانی ئاخاوتنیان کوردی بووە بەڵام لە هەمان کاتدا هـەر سـێ زمـانی: عـەرەبی و تـورکی و فارسیشیان زانیوە[٦]

مێژووی هاوچەرخی عێراق لە بەردەوامی کۆچی هۆزە عەرەبـەکانی بـە خۆیـەوە بینـی لـە ناوچەی جەزیرەوە،بە تایبەتی لە سەدەی حەڤدەی زایینی دا، بە جۆرێك بووە هۆی گۆڕانکـاریی سەرتاسەری لـە نەخـشەی دابەشـبوونی جـوگرافی و نەتـەوەیی دانیـشتوواندا، لـە پێـشەوەی هەموویاندا کۆچی هۆزەکانی(شەممەر) ساڵی(١٦٤٠ ی زایینی) لە بیابـانی(نەجـد) و بـاکووری دوورگـەی عەرەبیـەوە، هەنـدێکیان لـە شـاخی(شـەممەر) نیـشتەجێ بـوون و ئـەوانی تـر لـە نێوان(عەنە-فەلوجە)دا، تیرەکانی (زبید) لە لای رووبـاری دیجلـەو دەوروبـەری شـاری(حلـە)دا جێگیر بوون وە (شمرطوکـة) کانیش لە نێوان(دیالە-کـوت)دا بڵاوبوونـەوە لـە کۆتـایی سـەدەی هـەژدەی زایینـی و سـەرەتاکانی سـەدەی نـۆزدەدا هۆزەکـانی (عنـزە) توانیـان پـاڵ بـە هۆزەکانی(شمر)ەوە بنێن بۆ ناوەوەی خاکی عێراق بەرەو رۆژهەڵات لە رێی رووباری(دیجلە)وە بـە ئاراستەی بەرزاییەکانی ئێران، ئەم جموجۆڵانە کاریگـەریی گـەورەیان هـەبوو لەسـەر جووڵـەی هۆزەکانی تر، لـە وانـە جێگـۆڕینی تیرەکـانی(عبیـد) و پەڕینـەوەیان لـە رووبـاری(دیجلـە)وە بۆ(حەویجە) و بەزاندنی بەرزاییەکانی(حەمرین)[٧]

(مەدحەت پاشا)ی عوسمانیەکان ئەرکێکی بەرچاوی کێشا لە نیشتەجێکردنی ئەم هـۆزە دەشتەکیانەدا ئایا لە باشوور بووبێت وەك هۆزەکانی(منتفك) یـان لـە پارێزگاکـانی(شمـر) و(دلێم) و(کعب)دا.

پـاش دروسـتبوونی دەوڵـەتی عێـراقیش سیاسـەتی نیـشتەجێکردنی هـۆزە عەرەبـە دەشتەکیەکان(کۆچەرییەکان) هەر بەردەوام بوو، بە جۆرێك دەوڵەتی عێراقی تێکۆشا بۆ دانـانی نەخشە بۆ دابەشکردنی زەوی وزاری کشتووکاڵی و دانـانی پـرۆژەی ئـاودێری بـۆ ئاسـانکردنی جێگیرکردنی ئەو هۆزە کۆچەرییانە لە وانە:

---

(٦) محمد امین ذکی، خلاصە تاریخ الکرد و کردستان، وەرگێڕانی محمد علـی عونی،چاپخانەی صلاح الـدین، بەغداد، ١٩٦١، ل٢٥

(٧) لونکریك، اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث، وەرگێڕانی جعفر خیاط، چاپی شەشەم، بەغـداد، ١٩٨٥، ل٤٢، نوری البرازی، البداوە والاستقرار فی العراق، قاهیرە، ١٩٦٩،ل ١٢٣.

- پرۆژەی جەزیرە لە موسڵ
- پرۆژەی حەویجە لە کەرکوك

ئەمە بانگەشەیەك بوو بۆ بەعەرەبکردنی پارێزگاکانی:
(موسڵ، کەرکوك، دیالە، کوت).

## نیشتەجێ بوونی تورك لە عێراق دا:

مێژووی نیشتەجێ بوونی تورك لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆڕەوی ئەو کۆمەڵە هۆزانەی کە لە ناوەڕاستی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی دەریای(قەزوێن) دادەژیان، وە لە راپۆرتی لیژنەی(کۆمەڵی نەتەوەکان ـ عصبە الامم) دا بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ ی ساڵی(١٩٢٤)دا هاتووە دەڵێ تورکمانەکانی عێراق لەو تورکانەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون لە سەدەی یانزەی زایینی دا و دەستیان کردە ملی ئیسلام و لە وڵاتی فارس و ئازەربایجان و عێراق و سوریا و تورکیا و میسردا نیشتەجێ بوون وە زۆربەی توێژەرەکان تورکەکان دابەش دەکەن بە دوو کۆمەڵەوە:[٨]

- یەکەم: ئەوانە بوون کە لە گەڵ سەربازەکانی جێگرە(خلفاء)عەباسیەکان و ئەتابەگیەکان و سەربازەکانی(توغرول) بەگ و جێگرەکانیدا هاتبوون وە لە تورکمانەکان بوون.

- دووەم: ئەوانە بوون کە لەگەڵ داگیرکەرە عوسمانیەکاندا هاتبوون وە تورك بوون وە پەیوەندیی بە هێز بەستبوونی بە دانیشتوانی تورکیاوە، هەریەکەیان زاراوەیەکی جیاوازی خۆی هەیە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو تورکانەی کە لە (ئازەربایجان) نیشتەجێ بوون ناونراون بە(ئازەرییەکان) وە ئەوانەی کە لە تورکیا نیشتەجێ بوون ناونران بە(عوسمانیەکان) لە کاتێکدا ئەوانی تریان بەناوی (تورکمان)پارێزران هەروەك تورکەکانی عێراق،[٩] وە(شاکر خصباك) دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە هاتووە لە راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکاندا و دەڵێ: گشت ئەو تورکانەی لە رووباری(جێجۆن) پەڕینەوە لە سەدەی یانزەی زایینی دا بە(تورکمان)ناودەبرێن و ئەمانە لە نەوەکانی سەربازە عەباسیەکان و(ئەتابەگیەکان) کە تورك بوون لەگەڵ سەربازەکانی توغرول بەگ و ئال عوسمان[١٠].

(٨) عصبەالامم، مساله الحدود بین ترکیا و العراق، مطبعة الحکومە، بەغداد، ١٩٢٤.، ص ٥٥-٥٦.

(٩) شاکر الضابط، موجز تاریخ الترکمان فی العراق، چاپخانەی بەغداد، بەرگی یەکەم، ١٩٦٠،ل١٢

(١٠) شاکر خصبان، العراق الشمالی، مطبعة شفیق، بەغداد، ١٩٧٣، ل٢٧.



هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان کردووە بە بوونی تورکەکان لە عێراقدا لە ساڵی(٥٤)ی کۆچیەوە کاتێ والی خۆراسان(٢٠٠٠) سەربازی دیاری کرد و ناردنی بۆ عێراق و لە ناوچەی بەسرە نیشتەجێیی کردن، هەروەها بەشدارییان کرد لە سوپای ئەبوموسلیمی خۆراسانی ساڵی(١٣٢)ی کۆچی[١١] وە جێگر(خلیفە) (مەنسوری عەباسی) لە گەڵ والی موسڵ دا(٢٠٠٠) سەربازی تورکی نارد لە خۆراسانەوە، هەروەها(موعتەسەم بیللا)ش (٢٠٠٠٠) بیست هەزار نیشان شکێنی تورکی هەبوو.

لەگەڵ هاتنی سولتانی عوسمانی(سلێمان قانونی) بۆ بەغداد ساڵی (٩٤١ کۆچی ١٥٣٤ ی زایینی)وە تا یەکەم جەنگی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) تورکەکان توانیان کاریگەریی گەورە بکەنە سەر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسی دانیشتوانی عێراق وە نیشتەجێ کران بە درێژایی هێڵی

(تەلەعفەر- مەندەلی) بۆ دەست بەسەرا گرتنی ناوچەکەو مسۆگەر کردنی ئارامی و پاراستنی هێڵی پەیوەندیی کردن لە نێوان ویلایەتەکانی بەشی باکووری(ئەنازۆڵ) و ویلایەتەکانی بەشی باشوور[١٢]

وە لەگەڵ ئەوەش دا کە عوسمانیەکان دەستیان گرتبوو بەسەر چوارچێوەو بنکەکانی کارگێڕیی دا بۆ ماوەی نزیکەی چوارسەدە (٤٠٠) ساڵ بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بە تورك کردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان کە ملکەچیان بوون وە بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی دەسەڵاتیاندا، بەڵام سیاسەتی بەعەرەبکردن کە حکومەتە عێراقیە یەك لە دوای یەکەکان نەخشەیان بۆ دەکێشا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتە نوێ یەوە وە تێکۆشانی ناوە ناوە(قۆناغ-قۆناغ) بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بووە مایەی کەمکردنەوەی رێژەی تورکمانەکان لە زۆربەی شوێنەکانیاندا و کەمکردنەوەی رۆڵیان هەروەك چۆن ناوچە کوردییەکان بەعەرەبکران[١٣]

## دەرئەنجامەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن

لە سایەی نەبوونی زانیاریی و ژمارەی ووردو سەرانسەریی تایبەت بە دابەشبوونی نەتەوەیی و زمانەکانی دانیشتوانی عێراق، بەتایبەتی پارێزگاکانی هەرێم لە بەرئەو هۆکارانەی کە

(١١) عبدالرزاق الحسنی، العراق قدیما و حدیثا، مطبعة العرفان، صیدا، ١٩٥٥.

(١٢) هەمان سەرچاوە.

(١٣) خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کردستان العراق، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆ، ١٩٩٩، ل٧٣

دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بارە سیاسیە ناجێگیرە کە لە لایەك،وە بۆچوون و ئاراستە کردنەکانی ئەوانەی کە هەڵساون بە سەرژمێریی کردنەکانی دانیشتوان کە لە عێراقدا ئەنجام دراون لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دا لە لایەکی تر، ئێمە ناچار دەبین پشت ببەستین بەو سەرژمێریانەی لەبەر دەستدان بۆ مەبەستی بەراوردکردن نەك بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر کێشی(دیمۆگرافی) نەتووەکان لە عێراقدا، هەڵبەت ئەو خەملاندنانەی کە لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان پێشکەشیکردون بۆ چارەسەری گرفتی(ویلایەتی موسڵ) زیاتر جێگای پشت پێ بەستنن لەم بوارەدا، سەرەڕای ئەوەش کە خۆمانیان لێ بەدوور دەگرین، لەبەر کاریگەریی ئەو کێشانەدا کە دروست بوون لە نێوان بەریتانیاو تورکیادا پاش کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی دەربارەی دەست بەسەردا گرتنی(ویلایەتی موسڵ)، کێشەکە بەرز کرایەوە بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ چارەسەرکردنی، کۆمەڵی نەتەوەکان لیژنەیەکی نارد بۆ روونکردنەوەی راستییەکان و دانانی راپۆرتێکی تێرو تەسەل سەبارەت بە راستەقینەی گرفتەکەو رێگا چارەکانی.

لایەنە پەیوەندیدارەکان(حکومەتی عێراقی، حکومەتی تورکی، بەریتانیەکان)زانیاریی و روونکراوەکانی خۆیان پێشکەشی لیژنەکە کرد، وە لیژنەکەش وەك رۆڵی خۆی هەستا بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دانیشتوان دا و کۆکردنەوەی زانیارییەکان، وە ئەو خەملاندنانەی کە لایەنەکان پێشکەشیان کرد دەربارەی دابەشبوونی نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو(١٤)

| نەتەوە | زانیارییەعێراقیەکان % | زانیارییەتورکیەکان % | زانیارییەبەریتانیەکان % |
|---|---|---|---|
| کورد | ٦٥ | ٥٦ | ٥٧/٩ |
| عەرەب | ٢٠/٨ | ٨/٦ | ٢٣/٧ |
| تورك | ٤/٨ | ٢٩/٢ | ٨/٤ |
| ئەوانی تر | ٩/٤ | ٦/٢ | ٠ و ١١ |

بەڵام زانیارییەکانی حکومەتی عێراقی لە ماوەی(١٩٢٣-١٩٢٤)دا کە لیژنەکەی کۆمەڵی نەتەوەکان پشتی پێ بەستبوو وە پەیوەندیی هەبوو بە دابەشبوونی نەتەوەیی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵەوە لە سەر ئاستی پارێزگاکان(شارستانەکان) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

(١٤) عصبه الامم، مساله الحدود بین ترکیا و العراق، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣، ل٩٣.



| نەتەوە | شارستانی موسڵ % | شارستانی هەولێر % | شارستانی سلێمانی % | شارستانی کەرکوك % |
|---|---|---|---|---|
| کورد | ٣٧/٣ | ٨٩ | ٩٩/٢ | ٤٢/٥ |
| عەرەب | ٣٩/٠ | ٦/١ | - | ٣١/٩ |
| تورك | ٣/٢ | ١/٥ | - | ٢٣/٤ |
| ئەوانی تر | ٢٠/٥ | ٣/٤ | ٠/٨ | ٢/٢ |

هەرچەندە کە لیژنەکەی کۆمەڵی نەتەوەکان لە راپۆرتەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە ئەو زانیارییانەی لە بەرژەوەندیی کوردا نەبوون، بەریتانیەکان سۆزی خۆیان دەردەبڕی بۆ عەرەب، هەروەها حکومەتی تورکیش لەگەڵ تورکەکاندا سۆزی دەنواند لە ویلایەتەکەدا بەلام لە راستییدا کورد زۆرینەی دانیشتووان بوون تیایدا و نوێنەری راستەقینەو بنەڕەتی ویلایەتەکە بوون، عەرەبەکان و تورکەکان وەك لێشاوی کۆچکردن هەڵقولان و تێکەڵ بەکوردەکان بوون لەگەڵ بەرەوپێش چوونی مێژوودا(١٥)

لە ئەنجامی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتەوە لە ساڵی(١٩٢٥)دا حکومەتە عێراقیەکانی تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانیان لە بەعەرەبکردنی عێراقدا ئەم کارەش بووە هۆی دەرئەنجامێکی خراپ کە ئەویش بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتووانی عەرەب بوو لە شارستانی موسڵ دا بەم شێوەیە(٣٩-٨٥%)،

لە ماوەی(١٩٢٤-١٩٧٧)دا لەسەر حسابی دانیشتووانی کورد کە رێژەکەیان دابەزی لە(٣٧%) بۆ (١٣/٤%) وە دانیشتووانی تورکمان لە(٣%) بۆ کەمتر لە(١%) بەهەمان ئەو شێوەیەی کە روویدا لە شارستان(پارێزگا)ی کەرکوك، هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:

| نەتەوە | شارستانی موسڵ % | | شارستانی کەرکوك % | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٢٤ | ١٩٧٧ | ١٩٢٤ | ١٩٧٧ |
| کورد | ٣٧ /٣ | ١٣/٤ | ٤٢/٥ | ٣٧/٦ |
| عەرەب | ٣٩/٠ | ٨٥/٤ | ٣٤/٩ | ٤٤/٤ |
| تورك | ٣/٢ | ٠/٩ | ٢٣/٤ | ١٦/٣ |

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل٣٠

# خوێندنەوە یەك لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا لەسەر تەوەری (بەڵقان- قەوقاز)


تورکیا پێگەیەکی جوگرافی دیار داگیر دەکات لەبەرئەوەی لە هەردوو کیشوەری ئەوروپا و ئاسیادا درێژ دەبێتەوە ئەمەش کردویەتی بە پردێك کە دەریای رەش دەبەستێتەوە بە دەریای ناوەڕاستەوە لەڕێی دەریای(مەرمەرە)و هەردوو دەربەندی(دەردنیل)و(بەسفوڕ)ەوە، هەروەها تورکیا بازنەی بە یەکگەیشتنی رۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژئاوای دیانییە، ئەم پێگەیەی تورکیا وایکردووە دەوڵەتی تورکیا بوارێکی جیۆستراتیژیی تایبەتی هەبێت بە تایبەتی لە سایەی کێبەرکێ نێودەوڵەتیەکاندا بە درێژایی تەوەری(بەڵقان-قەوقاز) سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی زیاتر لە(٧٠)حەفتا ساڵە تورکیا بۆچوونەکانی بەرەو رۆژئاوایە لە رووی رۆشنبیریی و سیاسیەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی و مێژوویی و جوگرافیدا شانازیی بە خۆیەوە دەکات لە بواری ناخی مرۆیی و شارستانی خۆیدا بە ئاراستەی رۆژهەڵات بەرەو ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز تا دەگاتە سنوورەکانی وڵاتی(چین)، لەبەرئەوە تورکمانەکان بە چڕی و پڕی بڵاودەبنەوە بە زۆربەی کۆمارە ئیسلامیەکاندا هەروەها دروشمی تورکیای مەزن(لە چینەوە تا بەڵقان) بە زۆریی بە سروودێکی نەتەوەیی گەلی تورك دادەنرێت.

بڕوانە نەخشەی ژمارە (٦)، دەکرێت بووترێت داڕمانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و سەربەخۆبوونی کۆمارە ئیسلامیەکانی(لێی هانی تورکەکانی دا بۆ چاوخشاندنەوە بەتەواوی سیاسەتی) دەرەوەیاندا لەگەڵ رێکخستنەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیاندا لە تەك پەرەسەندنی بانگەشەی ئیسلامی لە ناوچەکەدا کە هانی تورکیای دا بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژووەکەی سەرلە نوێ.

لە لایەکی تر زۆربوونی سەرچاوەکانی کێشەو کێبەرکێ نێودەوڵەتیەکان بە درێژایی تەوەری ناوبراو(بەڵقان- قەوقاز)و هاتنە ناوەوەی راستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆسەر هێڵەکە و بەردەوام بوونی بۆچوونە سیاسیەکانی روسیا بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان(کەنداوی فارسی و دەریا لوشی هیندی) وەك بایەخە جیۆستراتیژییەکان دەمێننەوە بۆ تورکیا.



نەخشەی ژمارە (٦)




کۆمارەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست

## پەیوەندییەکانی (تورکیا- روسیا)

ئاشکرایە کە کێشەی(روسی-تورکی) نویٚ نیە لە(ئۆراسیا)دا بەتایبەتی لەسەر کەنارەکانی دەریا و نۆکەندە ستراتیژیەکاندا رووسەکان هەمیشە تێدەکۆشان بۆ بڕینی ئەم دیوارە بۆگەیشتن بە ئاوە گەرمەکان(کەنداوی فارسی و دەریالوشی هیندی)، ئەم بارە بەبەردەوامی مۆرکێکی لاساکەرەوە(دووبارە)ی وەرگرتووە هەتا ئێستا سەرەڕای جیاوازیی هۆکارەکان و تواناکان و دوورکەوتنەوەی سەردەم، بەڵام ئەم جۆرە کێشانە لە وانەیە ئەندازەیەکی فراوان تر وەربگریٚ لە داهاتوودا لە ئەنجامی پەککەوتنی رووسەکان بۆ رووکردنە رۆژهەڵات لە بەردەم (ژاپۆن) و(چین) دا یان، رووکردنە رۆژئاوا لەبەردەم (ئەوروپا)دا[1] بەمەش تەنها پشتێنەی خوارەوە دەمێنیٚ کە بڕینی ئاسانتر بیٚ بۆ بەدی هاتنی خەونی رووسی. هەڵبەت هەر ئەمەش، هانی رووسەکانی داوە بۆ دەربرینی هەست وسۆز بەرامبەر توورکەکان ناوە ناوە، بە هەل قۆستنەوە لە کاتی قەیرانەکانی پەیوەندییەکانی(تورکیا-ئەمریکا)دا.

بەتایبەتی پاش داگیرکردنی دوورگەی(قوبرس) لە لایەن تورکیاو ئەمریکاوە ساڵی(١٩٧٤)یان لە بابەتەکانی دیموکراتیەت وە مافەکانی مرۆڤ دا وە بەرتەسکبوونەوەی دەسەڵات و دەست رۆیشتنی بەردەوامی رووسەکان لە ناوچە عەرەبیەکان دا وە بەتایبەتی لە (میسر) و (عێراق) دا ببووە هاندەرێك بۆ رووسەکان بە مەبەستی دەستدرێژکردنی یارمەتی بۆ توورکەکان هەر کات ئەمە پێویستی کرد، ئەوە بوو ئەم پەیوەندییانە پەرەیسەند لە سەردانێکی(ئەجەوید)دا بۆ(مۆسکۆ) لە ساڵی (١٩٧٨)دا و واژۆکردنی بڕوانامەیەکی سیاسی لە نێوانیان دا.، لەبەر ئەمە پاشەڕۆژی پەیوەندییەکانی(روسیا-تورکیا) تاڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاواوە بەرامبەر بە تورکیاو لەو شتانەدا کە پێشکەشی تورکیای دەکەن لە یارمەتی ئابووری و سیاسی، وە ویلایەتە یەکگرتووەکان سووربوون لەسەر لە خۆگرتنی سیاسەتی تورکی و چارەسەرکردنی گرفتەکان بە بیٚ لە دەست دەرچوونی سیاسی تورکیا خۆی ئەمەش لەبەر ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

کۆسپ خستنە بەردەم هاتنە ناوەوەی کەشتییە مەزنە دەریاییەکانی روسیا بۆ ناو ئاوە تورکیەکان لە دەریای رەش و نۆکەندە ستراتیژیەکانیدا بە تایبەتی لە کاتی قەیرانەکان و جەنگەکاندا.

---

(١) عادل محمد خضر، الممرات التركيه و تاثيرها في العلاقات التركيهالسوڤييتيه، بەغداد، ١٩٨٢،ل٤٢-٤٣



PDF 4 KURD

دانانی سنوورێك بۆ فراوان بوونی دەسەڵاتی روسی بە ئاراستەی (قەوقاز) و (ئاوەکانی کەنداو) و بچووككردنەوەی بواری جوڵانەوەکانی.

مسۆگەرکردنی بەردەوامی رۆیشتنی نەوت لە ناوچەی (کەنداوە) وە بۆ ناوچەکانی تری جیهان لە کاتێکدا کە رێژەی(٦٠٪)ی داهاتەکانی نەوتی جیهان لە ناوچەی کەنداوە وە دێت[2]

ئەوەی تێبینی دەکریٚ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەستە وەستان نەوەستا لە بەرامبەر گەمارۆدانی و تەسككردنەوەی قەوارەکانی دەسەڵاتیدا و فرت و فێڵ بەبیٚ بەدیهاتنی خەونە فراوانەکانی لە ناوچەکانی باشووردا لە بەر ئەوە خۆی هاندا بۆ داگیرکردنی لاوازترین ناوچە ئەویش(ئەفغانستان) بوو، ئینجا تێکۆشانەکانی روسیای ئێستا بۆ هێشتنەوەی بوونی لە ناوچەکانی قەوقازدا بە هیوای بەدەستهێنانی بارودۆخی گونجاو و بۆ بازدان بەسەر بەرزاییەکانی(قەوقاز)دا و خۆ تاودان بەرەو باشوور، هەڵبەت لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی روسیا ساڵی ١٩٣٩ بۆ مەبەستی ئەوە بوو کە ناوچەکانی(باطوم وباکۆ) بە ئاراستەی کەنداوی فارسی مەڵبەندە بۆخۆ بردنە پێشەوەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات[3]

## تورکیا و قەوقاز

موسڵمانانەکان لە پێش داڕمانی یەکێتی سۆڤیەتدا زیاتر لە پێنج یەکی کۆی دانیشتوانی ئەم وڵاتە مەزنەیان پێکدەهێنا، هەروەها رێژەی زیاد بوونی ساڵانەشیان لە نێوان ساڵەکانی (١٩٤٠-١٩٧٠) لە (٢/٧٪) و لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٨٠) لە (٢/٤٪) تێپەڕی کرد لە بەرامبەر رێژەی زیاد بوونی دانیشتووانی رووسەکاندا کەمتر لە (١٪) بوو، بۆیە کێشی دیموگرافی موسڵمانەکان مەترسیدارترین کاریگەریی هەبوو لە سەر دوا رۆژی یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی لە سایەی پەرەسەندنی زۆری بانگەشەی ئیسلامی لە کۆمارە ئیسلامیەکانیدا.

ئاسیای ناوەڕاست پێکدێت لە کۆمارەکانی:

(کازاغستان، ئۆزباکستان، تورکمانستان، تاجیکستان، قەرغینیا)

ژمارەی دانیشتووانەکانیان دەگاتە زیاتر لە(٥٥) ملیۆن کەس لە کاتی ئێستادا جگە لە هەرسیٚ کۆمارەکەی نێوان (دەریای قەزوێن) و (دەریای رەش) کە ئەمانەن:

---

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٣

(٣) محمد ابراهيم فضة: التدخل السوڤيتي في افغانستان، عەمان،١٩٨٦،ل١٣٥

کۆماری ئازەربایجان: پایتەختەکەی شاری(باکۆ)یە بە یەکێك لە ناوچە سەرەکیەکانی نەوت دەژمێردرێت لە جیهاندا، دانیشتووانەکەی زیاتر لە(١٠) ملیۆن کەسە.

کۆماری جۆرجیا: پایتەختەکەی شاری (تەفلیسە) ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە (٨)ملیۆن کەسە، بە ناوبانگە بەبەرهەمهێنانی نەوت و بایەخدانی کشتوکاڵی.

کۆماری ئەرمینیا: پایتەختەکەی شاری(ئەریڤان)ە، دانیشتووانەکەی نزیکەی (٥)ملیۆن کەسە بەناوبانگە بە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی.

وە لەگەڵ بەردەوامبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان لە تەوەری درێژەوە بووی نێوان(بەڵقان-قەوقاز)دا و زۆربوونی خۆتێهەڵقورتاندنی ئەمریکی و دوابەدوای دارمانی (یەکێتی سۆڤیەت) تیشکۆی کێشە و ململانێی زۆر سەریان هەڵداو درێژەیان کێشا بە درێژایی تەوەری ناوبراو، هەرچەندە پێگەی ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەبزاوتن وە جیاواز بوون لە کارلێکەکانیان دا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، هۆکاری جوگرافی وە بەتایبەتی شێوازی بەرزیی و نشێوی زەوی و بڵندی چیاکان و یەکێتی رۆشنبیریی و مێژووی هاوبەش پارێزگاریی جۆشدان و مانەوەی ئەم گرژیی و ئاڵۆزییانەیان دەکرد وە بەشێوەیەکی سروشتی ئەم قەیرانەو گرژییانە بەراییەکی نێودەوڵەتیان وەردەگرێت کە تێپەری کرد لە سنوورە جوگرافیەکەیان. وەناکرێ ئاسایشی ئەوروپا مسۆگەر بکرێ بەبێ دابینکردنی ئاسایشی دەوڵەتانی(بەڵقان)، یان بتوانرێ لە تورکیا ئاسایش دابین بکرێ یان لە روسیا ئەگەر بارودۆخی(قەوقاز) لەق و ناجێگیر بێ[٤].

لەگەڵ دارمانی(یەکێتی سۆڤیەت)دا کە بووە مایەی سووکترکردنی مەترسیەکانی تورکیای باکوور،ئەمەش وای لە تورکیای باکوور کرد، کە بەسەربەستی یەکی زیاترەوە بجوڵێ بە ئاراستەی رۆژهەلات و باشوور، ناجێگیریی بارودۆخی ناوچەی(قەوقاز) و زیادبوونی شاڵاوە سەربازییە رووسی یەکان بۆ سەر (شیشان) و پەرەسەندنەکانی کێشەی کوردی لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا بە پێویستی دانا، لە سەر تورکەکان تا نەخشەو پلانی نوێ دابرێژن بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ئاسایشی نەتەوەییان.

(٤) خەبات، صحیفه اسبوعیه، ژماره ٩٥٢ له ١٩٩٩/١١/٢٤



**تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان**

لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا کە تورکەکان وەهەر لە سەرەتای دامەزراندنی تورکیای نوێوە تێکۆشان بۆ بازدان بەسەر رابردووی دێرین و چاولێکەریی و رێ کردن بەرەو(رووکردنە) رۆژئاوا لە تێکۆشان دا بۆ کردنی تورکیا بە بەشێك لە شارستانیەتی رۆژئاوا و یەکێك لە کۆمەڵەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان، رەهەندی ئەم خواست و ویستانەی بەدیار کەوت بەتایبەتی لەسەر سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی بەرگریی تورکیادا ئەمەش لە رێ ی بەشدارییی تورکیاوە لە پەیمانە سەربازییە رۆژئاواییەکان و کۆمەڵە ئابووری ناسە ئەوروپییەکان و بەشداریکردنەکانی تری تورکیا لە ئەنجومەنی ئەوروپی و دەستەی ووزەی نێودەوڵەتیدا، پاشان تێکۆشانی بێووچانی تورکیا بۆ چوونە پاڵ(یەکێتی ئەوروپا) بە هیوای ئەوەی کە ئەم کارە یارمەتی بدات لە پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا و ئابوورییەکەی ببوژێنێتەوە و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە هەرەشەکانی دەرەوە بپارێزێت.

لەم رووە وە سەرۆکی ئەمریکی پێشوو(بیل کلینتۆن) لە ووتارەکەیدا لە بەردەم پەرلەمانی تورکیا لە(١٩٩٩/١١/١٥) دا ئاماژەی دا بە بوونی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و تورکیادا لە ماوەی (٥٠) ساڵەی رابردوودا هەروەها درێژەی پێداو ووتی: دەرکەوتنی دەوڵەتانی نوێ پاش لە ناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی رابردووی تورکیا دەکاتە کلیل بۆ کردنەوەو تێگەیشتنی سەدەی بیستەم، وەراستی جێگیریی جوگرافیای تورکیا ئەوەیەکە(ئاسیای ناوەراست) پردێك دروست بکات لە نێوان کیشوەرەکان دا، لە ئاماژە کردنیدا بۆ رۆڵی تورکیا لە ناوخۆی(ئاسیای سۆڤیەتی)دا دەری خست کە(١٢)دوانزە دەوڵەت دروست بوون لە رۆژهەلاتی تورکیای سەربەخۆ لە سەر حسابی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی، جگە لە دروست بوونی (٧)حەوت دەوڵەتی تر لە (بەڵقان), وە کلینتۆن جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە رووداوەکان بوونی (تورکیا) یەکی بەهێز دەسەپێنن تارۆڵی گرنگ و گەورە ببینێت لەناوچەکە دا[٥], کە هیچی کەمتر نەبێت لە رۆڵی رابردووی پێش دارمانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران.

تێبینی دەکرێ کە بیردۆزەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکی لە سەر بنەمای نزیك بوونەوە لە سەربازگەی رۆژهەلاتی (رۆژهەلاتی ئەوروپا) و یەکیەتی سۆڤیەتی جاران دەوەستا و هەرکاتێك

(٥) خەبات، ژمارە ٩٥٤ لە ١٩٩٩/١٢/١٠

قەیرانەکانی توندتر بوونایە لەگەڵ (رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)دا، بەڵام تەواوی سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان لە وانەیە زۆر لە پێداویستی یەکانی ئاسایشی تورکی گۆڕیبێ وە دەوڵەتی تورکیا بە زۆریی و بە پلەی یەك پشت دەبەستێ بە پلەو ئاستی ئامادە باشی هاوپەیمانەکان لە دەرەوەی(پەیمانی ئەتلەسی) دا و بەشدارییان لە جێبەجێکردنی داواکاریی و پێداویستی یە ئابووریی و بەرگرییەکانیدا[٦]

ئا لێرەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا(ئیسماعیل جم) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ پشت ببەسترێ بەسەرەتاکان (بنەماکان)ی پەیوەندییەکان لەگەڵ روسیادا لە پاشە رۆژدا هەروەها کێشەکانی(قەوقاز) گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەی داهاتووی تورکیا[٧]

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتی بە تورکیا بەست لە فراوانکردن و زۆرکردنی پشتگیریی و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆیدا لە ناوچەی(قەوقاز)دا بە تایبەتی لە(کۆماری جۆرجیا)دا وە دەردەکەوێ کە توندتر بوونی رووداوەکانی (شیشان) وخۆتێهەڵقورتاندنی راستەوخۆی روسیاو هەڕەشەکردنی لە کۆماری جۆرجیا پشتگیریی لەم ئاڕاستەو رێڕەوە کرد.

هەردوو سەرۆکی(تورکی) و (جۆرجی) بە یەك گەیشتن لە(٢٠٠٦/١/١٤)دا بۆ رێککەوتن و کارکردنی هاوبەش.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا بەشداریی کرد بە پرۆژەی دانانی هێڵی بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوتی(قەوقاز)ی ناسراو بە هێڵی(باکۆ-جیهان) لە شاری(باکۆ)ی ئازەربایجانیەوەکە دەکەوێتە سەر دەریای(قەزوێن) بۆ بەندەری (جیهانی)ی تورکی لەسەر دەریایی(ناوەڕاست)، کە سودێکی گەورەتری هەیە بۆ تورکەکان، بەڵام بەرزبوونەوەی تێچوونەکانی ئەم پرۆژەیە و تێپەڕبوونی هێڵی گواستنەوەی نەوتەکە بە دەوڵەتانێکدا کە بارودۆخیان ناجێگیرە، پاڵی نابە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆ چاوخشاندنەوە پیایدا و گەڕان بە دوای رێگایەکی تردا کە بە دەوڵەتانی(بەڵقان)دا بڕوات لە جیاتی شوێنی پێشووی. کە پێشنیارکرا بوو لە بەندەری(بۆرکاس)ی بولگارییەوە بۆ دەریای رەش و لەوێوە بۆ بەندەری(دورس)ی ئەلبانی لەسەر دەریای(ئەدریاتیکی)[٨]

---

(٦) احمد نوری النعیمی، ترکیا و حلف الشمال الاطلسی، عەمان، ١٩٨١، ل ٣٥٢

(٧) حسین باعیچی(پرۆفیسۆر)، ئەولەویاتەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

(٨) خەبات، ژمارە ٩٦٠ لە ٢٠٠٠/١/٢١



ئەم پرۆژەیە گواستنەوەی نەوتی(ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز) ئاسان دەکات راستەوخۆ بۆ ئەوروپای رۆژئاوا وە دووردەکەوێتەوە لە تێپەڕبوونی بە خاکی روسیادا، هەروەها ئەم گۆڕانکارییە ئەمریکی یە لە هێڵەکانی نەوت دا تورکیا دەخاتە بەردەم زیانی ماددی وە لە وانەیە ببێتە هۆی دروستکردنی قەیران لە پەیوەندییە(تورکی-ئەمریکی)یەکاندا، لە لایەکی ترەوە چوونە ناوەوەی ئێران بۆ ناو هێڵەگەرمەکانی ناو (ئاسیای ناوەڕاست) و (قەوقاز) بەتایبەتی پاش کەم بوونەوەی رۆڵی بە ئاراستەی عێراق و دەوڵەتانی کەنداودا لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی پاش روودانی جەنگی(عێراق-ئێران)ەوە پاشان گەڕانەوەی سوریا بۆسەر مێزی دانووستاندنە ئیسرائیلیەکان ئەمانە هەموو رۆڵیان دەبێ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و لە وانەیە سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێرانی(خەرازی) بۆ(ئەنقەرە) وکۆبوونەوەی لەگەڵ هاوکاریدا(وەزیری دەرەوەی تورکی)دا هەوڵێك بوو بێت بۆ پێشبینیکردنی چوونە پێشەوەیان لەیەکتریی، (خەرازی) مەترسیەکانی ئێرانی خستەڕوو لە بەرامبەر پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان(تورکیا- ئیسرائیل)دا لە کاتێکدا کە تورکەکانیش داوایان لە ئێران کرد چیتر هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا نەکەن.

وە تورکیا لە ناوەندی ئەم گۆڕانکارییانەدا دەمێنێتەوە و تێدەکۆشێ بۆ بەرجەستەکردنی سیاسەتێك کە بگونجێ لەگەڵ پەرەسەندنە خێراکانی تەوەری(بەڵقان-قەوقاز)دا وە ئەو پرسیارەی کە پێویستی بە وەڵامی کۆتایی هەیە ئەوەیە کە:

ئایا تورکیا بەردەوام دەبێ لە بۆچوونەکانی ئێستایدا لە بەرامبەر رۆژئاوادا بە بەزاندنی رەهەندی مێژوویی و پاشماوەی شارستانی ئەوروپا لە ناوچەکەدا و پەڕینەوەی یەکجاریی بۆ لایەکی تری نۆکەندی(بەسفۆڕ) یان پەرەسەندنی رووداوەکان خۆیان دەسەپێنن بۆ گەڕانەوە سەر لە نوێ بەرەو رۆژهەڵات واتە ناخی ستراتیژیی و خەونی مێژوویی تورکیا لە تورکیای مەزن دا(لە بەڵقانەوە بۆ چین) لەو کۆمارە ئیسلامیانەوە وەرگیراوە کە تورکەکان رێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکانیان پێك دەهێنن وە سامانێکی ئابووریی زۆریان تیادایە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان ئەمەش کۆمەڵێك ئاماژە بە هێز دەکەن کە ئەمانەن:

١- سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئاماژە دەکات بە گرنگی پێدانی زیاتر بەناوچەکە هەرلە(١٠) ساڵی پێشووەوە.



PDF 4 KURD

٢- سۆڤیەتی جاران ناتوانیٚ بەربەست دروست بکات بەبیٚ ئاماژەکردن بۆ کۆمارەکـانی (ناوەڕاسـتی ئاسـیا) و (قـەوقاز) هـەروەها ئیٚـران نـاتوانیٚ بـەهیٚزی خۆیـەوە شۆڕشـی ئیسلامی بتەقیٚنیٚتەوە.

٣- هەست و هۆشی ئاینی و نەتەوەیی و میٚژوویی گەلی تورك دەبەستیٚتەوە بـە گـەلانی ناوچەکەوە ئەم هەست و هۆشەش بەهیٚز دەبیٚت بە پەرەسەندنی بانگەشەی ئیسلامی و رۆڵی ئەم بانگەشەیە لە دروستکردنی بنکەی بەتوانادا بۆ بەهیٚز کردنەکە.

٤- بەرژەوەندییـە رۆژئـاوایی و ئەمریکیـەکان لـە ناوچـەکەدا کـە یـەکتر دەبـڕن لەگـەڵ بۆچوونەکانی تورکیادا وەکو ئەوەی روویدا لە کـاتی کیٚـشەو قـەیرانی(قـوبرس) و لـە گـۆڕینی دانانی بۆریەکانی نەوتی قەوقازی لە تورکیاوە بۆ بەلْقان.

٥- داواکاریی زۆر لە پارتە تورکیەکان بەگەڕانـەوەو وازهیٚنـانی تورکیـا لـە بۆچـوونەکانی بەرەو رۆژئاواو دەرچوون لە پەیوەندییەکان و پەیمانەکان و ریٚککەوتنـەکانی کەهـەن لەگەڵیانـدا وەکو پارتی (رزگاریی نیشتمانی)و (پارتی کاری تورکی).

# ئایندەی نەخشەی نەژاد ڕێژەیی (الاثنوغرافي) جیهان

لە دیارترین ئەو شتانەی کە دانیشتووانی دەوڵەتانی پێ دەناسرێتەوە لە مێژووی هاوچەرخدا: ڕەگەز، ڕەنگ، یان شوێنی لە دایك بوون، سەرەڕای گشت پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆژیاو فراوانبوونی تۆڕەکانی گواستنەوە و گەیاندن و تێر وتەسەل بوون و بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتە جیاجیاکانی جیهاندا، هێشتا سنوورە(نەژادڕێژی-الاثنوغرافیة) جگە لەوانەی لەسەر بنەمای زمان و ئایین و بنەڕەتی بەرەباب بەندن کاریگەریی زۆریان هەبووە لە کێشە نێودەوڵەتیەکان دا لە ماوەی سەدەی بیست دا.

تەنانەت کیشوەری ئەوروپاش کە نەتەوەکانی جیهانی پێش خست لە بواری زانست و تەکنەلۆژیادا لە سەردەمی ووریا بوونەوە(شۆڕشی پیشەسازی) یەوە دەسەڵاتی خۆی باڵا کرد بەسەر بەشێکی فراوان لە جیهان وە ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری کێشا لە کۆنگرەی(فرسای) بۆ گەیشتن بە سنوورە نەژادییەکانی(حدوداثنیة) گەلانی ئەوروپا کە بەتاڵن لە گیرفانی نەتەوایەتی یان درێژە کێشانە ئاینی و زمانەوانیەکان بە پێ ی توانا، بەڵام کیشوەری ئەوروپا سەرنەکەوت لەم بەدەست هێنانەدا لە بەر بەیەکداچوونی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان[1]

وە هەڵبەت ڕووداوەکانی(پۆڵەندە-چیکۆسلوفاکیا- یەکێتی سۆڤیەت و یوگوسلافیا) نمونەی ئەو وڵاتانەی کە تیایاندا کاری گێرەشێوێنی فراوان ڕوویدا و ئەم گێرەشێوێنی یە فراوانەش بە پارچە پارچە بوونی ئەم دەوڵەتانە کۆتایی پێ هات بە هۆی کاریگەریی بزوتنەوە نەتەوەییەکانەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بەر ژمارەیەك لە گەلانی جیهان دەکەوین کە توانیان نەخشەی سیاسی(ڕامیاری) بگۆڕن لە ماوەی سەدەی پێشوودا وە سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان دا وە لە دۆزینەوەی قەوارەی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان وە سەدەی داهاتوو ژمارەیەکی گەورە تر لە گەلانی ئەم جیهانە هەڵدەگرێت تا خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئامادە بکات لە بەدەست هێنانی ئەو ویست و خواستانەی کە لە سەدەی ڕابردوودا نەهاتنە دی.

---

(١) نافع القصاب وزملاه: الجغرافیة السیاسیة، چاپخانەکانی زانکۆی موسڵ ساڵ نیە ل ٢٠٤، هەروەها: ازهـد السماك: الجغرافیة السیاسیة (اسس و تطبیقات)، زانکۆی موسڵ: ١٩٨٨ل١٦٦



PDF 4 KURD

**سنوورەکانی نەژاد ڕێژی(الحدود الاثنوغرافیة)**

مەبەست لە سنووری ڕەچەڵەکزانی ئەو هێڵانەن کە ئەو کۆمەڵە مرۆییانە لێك جیا دەکەنەوە کە جیاوازن لە بنەڕەتی (بەرەباب) دایان لە (زمان)دا[٢] و ئەم توخمانە(بەرەباب-ئایین-زمان) ڕۆڵی کاریگەرییان هەبوو لە کێشانی سنوورە نێودەوڵەتیەکاندا بە تایبەتی پاش یەکەم و دووەم جەنگی جیهانی.

هێڵە ڕەچەڵەکزانیەکان بە چاکترین جۆرەکانی سنووری سیاسی دادەنرێن کە دەوڵەتان لێك جیادەکەنەوە، وە کار دەکەن بۆ بڵاوبوونەوەی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەش دا نەخشەی سیاسی جیهان زۆر لەم شتانە دەرناخات، هەڵبەت هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەیەکداچوونی گەلان و نەتەوەکان لەگەڵ یەکتردا بە درێژایی مێژوو و بە تایبەتی لە نێوان کۆمەڵگاو گەلە دراوسێکان دا، ئەمەش کارێکە دەبێتەهۆی دروست بوونی ئاڵۆزی ڕەچەڵەکزانی و لەگەڵ ئەم ئاڵۆزییەدا گەیشتن بە سنوورە جیاکەرەوەکانیش سەخت دەبێ ئەمەش لە دەرەئەنجامدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیرفانی ڕەچەڵەکی لە ناوەندی چوارچێوەی فراوانتر دا لە گەلێکی تر.[٣]

ئەوەی ئاشکرایە دانیشتوانی جیهان لە ڕووی(بەرەباب)ەوە بە سێ کۆمەڵە ڕێزبەند دەکرێن کە ئەمانەن:[٤]

کۆمەڵەی قەوقازی(سپی یەکان): کە بریتین لە گەلانی کیشوەری ئەوروپی و زۆربەی لاکانی دەریای ناوەڕاست، هەروەها کۆچکەرەکانی بەرەو جیهانی نوێ(هەردوو ئەمریکا و ئوستralیا).

کۆمەڵەی مەغۆلیەکان(زەردەکان): ئەمانە بڵاودەبنەوە لە زۆربەی بەشەکانی کیشوەری ئاسیادا جگە لە بەشەکانی لای باشوور و باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، بەشێکیان کۆچیان کرد بۆ هەردوو ئەمریکا لە ڕێگای دەربەندی(بێرنگ)ەوە کە کیشوەری ئاسیا لە(ئالاسکا) جیا دەکاتەوە لە ئەمریکای باکووردا و ئەمانە ناونران بە (هیندە سوورەکان).

کۆمەڵەی زنجیەکان(ڕەشەکان): نیشتمانی ئەمانە ئەفریقیای ناوەڕاست و باشوورە، وە ژمارەیەکی باشیان کۆچیان کرد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.وە ریزبەند کردنی

---

(٢) عبدالرزاق عباس: الجغرافیة السیاسیة، چاپخانەی اسعد، بەغداد/١٩٧٦ ل ١٢٠.

(٣) ازهرالسماك: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٢

(٤) ت.لین سمیث: اساسیات علم السکان: وەرگێرانی دکتور محمد السید غلاب، ئەسکەندەرییە، ١٩٧١، ل١٥٠.

دانیشتوان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێ، پەرتووکی تویژینەوەی سەرژمێری(الکتاب الدیموغرافی) ساڵانەی هەشتەم[٥] ئاماژەی بەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانیشتوانەکەی خۆی ریزبەند دەکات لەسەر بنەمای(رەنگ) بۆ (سپی یەکان) و (رەنگاورەنگەکان) مەبەست لە رەنگاو رەنگەکان زنجییەکان و ئەوانەی بەدەر لە زنجیەکانن، وە لە بەرازیل دانیشتوان جیا دەکرێنەوە لەسەر بنەمای: (سپی یەکان) و (رەشەکان) و (زەردەکان) و (تێکەڵاوەکان)، بەڵام لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دانیشتوان لەسەر بنەمای ئەو دەوڵەتانە ریز بەند دەکرێن کە دەگەرێنەوە بۆی(سەربەو دەوڵەتەن)وەکو: (چینی یەکان)،(هیندە ئەورووپییەکان)، وە لە ئەورووپادا لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی دەگەرێتەوە سەر بەرەبابی(قەوقازییەکان) ئەوا ریزبەندی دانیشتووان لەسەر بنەماکانی تر جێبەجێ دەکرێت لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپادا دابەشکران بۆ. (کرواتیەکان)، (سربەکان)، (سلاڤیەکان)، (تورکەکان)، و ریزبەندی دانیشتووان لە ئوسترالیادا لەسەر بنەمای ئەورووپییەکان و لە (دایکبووەکان)و (دانیشتووانە بنەڕەتیەکە) جێبەجێ دەکرێت.

### کەمە نەتەوایەتیەکان

دەوڵەت(نەتەوایەتی) بە وە پێناسە دەکرێت کە بریتی یە لە یەکەیەکی سیاسی کە تەواوی دانیشتوانەکەی یان زۆربەی دانیشتوانەکەی سەربەیەك نەتەوەن، بەم شێوەیە ئەم جۆرە دەوڵەتانە پلەیەکی باڵایان هەیە لێکچوونی ناوخۆیی لە نێوان رۆڵەکانیاندا، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەی جیاجیایان تیادایە دانیشتوانەکانیان سەربە زیاتر لە نەتەوەیەکن وە بەزۆری(کەمە نەتەوایەتیەکان) ملکەچی فەرمانی زۆرینەکان دەبن. بوونی ئەم کەمە نەتەوایەتیانە لەم دەوڵەتانەدا دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار لەوانە:

کۆچی بەکۆمەڵ: هەروەك کۆچی عەرەبەکان و تورکەکان بۆ کوردستانی عێراق، کۆمەڵەی هیندی و چینییەکان بۆ باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە کەمایەتیە ئەڵمانیەکان بۆ رۆژهەڵات و ناوەراستی ئەورووپا.

فراوان بوونی دەوڵەتان و درێژ خایاندنی دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمەکانی دەورووپشتیاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ملکەچ بوونی گەلانی ئەم هەرێمانە بۆ دەسەڵاتەکانیان، هەروەك

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٣.



داگیرکردنی چیاکانی جەولان و (کەرتی رۆژئاوای فەلەستین) لە لایەن ئیسرائیلەوە هەروەها داگیرکردنی (شیشان) لە لایەن روسیاوە.

کێشان و دیاریکردنی سنوورە نێودەوڵەتیەکان بە شێوازی کە ئاسایش و بۆچوونەکانی ئەو گەلانە ببەزێنێ کە پەیوەندارن بە سنورەکەوە بە جۆرێ کە لە دەرەنجام دا (گەلێك) یان (هۆزێك) دابەش دەکرێ لەسەر هەر دوولای ئەم جۆرە سنوورانە بۆ نمونە لە کێشان و دیاریکردنی سنوورەکانی (عێراق- ئێران- تورکیا)دا گەلی کورد دابەشکرا بەسەر هەردوو لای ئەم سنوورانەدا.

هەندێ جار کەمە نەتەوە(الاقلیە) دروست دەبێ لە ئەنجامی هەڵگیرساندنی شەڕی نەتەوەکانی خاکی هەرێمەکە بە شێوەیەکی پێکەوەیی بە جۆرێ کەمە نەتەوەکە پەرش دەبێ و دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و زاڵ بوونی نەتەوە گەورەکانەوە هەروەك رooویدا لە سەر(بەربەرەکان) لە باکووری ئەفریقادا، وە لە(باسك) لە ئیسپانیادا وە(بریتۆن) لە فەرەنسادا[٦]

گرنگی و بایەخی هۆکاری رەچەڵەکی دەوەستێتە سەر بەهێزیی دەوڵەتەکەیان لاوازیی وە لە سەر بری رێککەوتن و پێکەوە گونجان لە نێوان دەوڵەتەکە و کەمە نەتەوەکانیدا. وە ئەگەر ئەم پێکەوە گونجانە نەبوو ئەوا ئەم کەمە نەتەوانە تێدەکۆشن بۆ جیابوونەوە لە یەکتریی ولە دەوڵەتەکە و سەربەخۆ بوون یان هەر جۆرێکی تر لە خۆ بەرێوەبردن کە ببێتە مایەی پاراستنی قەوارەکەیی و بنەڕەتی و شارستانیەتی، وە لە نمونەی ئەم جۆرە: (زنجیەکان) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، (موسڵمانەکان) لەفیلیپین، وە (فەرەنسیەکان) لە کیوبیکی کەنەدا.

سەدەی بیستەم دەری خست کە دوو جۆر لە کۆمەڵگای نەتەوەیی هەن:

جۆرێکیان رازین بە باری ژیانی ئێستایان، لە دەرئەنجامی مانەوەی مێژوویی دوورو درێژ کە رۆڵی گرنگی بینیوە لە تواندنەوە و ئاوێتە بوونیان لەگەڵ نەتەوە مەزنەکاندا.

جۆرەکەی دیکە تێدەکۆشن بۆ بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان لە سنوورو قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیاندا کە بریتین لە مافە رۆشنبیرییەکان و کارگێرییەکان تا دەگاتە مافی بریاردان لەسەر چارەنووس بە جیابوونەوەشەوە کە زۆر جار دەبێتە مایەی کێشە لە نێوانیان دا و لە نێوان دەوڵەتی دەسەڵاتداردا، نزیکەی(٢٠) ملیۆن چینی دابەش دەبن بەسەر دەوڵەتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا وە خۆیان بە بەشێك لە(گەلی چینی) دادەنێن، هەروەها کۆمەڵە

(٦) ازهرالسماك: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧

ئەڵمانیەکان لە سەرەتای دووەم جەنگی جیهاندا سـۆزی خۆیـان نوانـد لەگـەڵ ئەڵمانـەکان بـۆ فراوانکردنی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ئەوروپادا هەروەك چۆن(گەلی کـورد)یـش لـە گـشت پارچـە داگیرکراوەکانیدا نمونەی بەرچاوی نەتەوایەتیەکە تا ئێستا بەردەوام تێدەکۆشێ تـا دانـی پیـادا بنرێ وەکو نەتەوەیەك کە مافی خۆی هەبێت لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا.

لە لایەکی ترەوە، هەندێ جار پێچەوانەی ئەم کارە روودەدات کاتێك، دەوڵەتێك کاردەکـات بـۆ رزگارکردنی بەشە داگیرکراوەکانی لە لایەن دراوسێکانیەوە، ئەمەش کارێکە پێویـست دەکـات بـە بەدواچوونی گونجاو لەم پێناوەدا وەکو داوای ئەڵمانەکان بە گێڕانەوەی(سودیت)، وڕاسـت بوونـەوەی سۆماڵ بۆ رزگار کردنی(ئۆغادین) و تێکۆشانی سوریا بۆ بەدەست هێنانەوەی چیاکانی(جەولان).

وە ئەگەر تێبینی نەخشەی جیهان بکرێ دەبینرێ کە جیهان لەماوەی سەدەی بیست دا بە زۆر لەم جۆرە کێشانەوە سەرقاڵ کراوە بە درێژایی گشت کیشوەرەکانی جیهان، بەڵام چارەسـەر بـۆ زۆر لەم کێشانە دۆزرایەوە، وە هەندێ کێشەی رەچەڵەکی تا ئێستاش هەر بەردەوامە وە لەوانەیـە لـە ماوەی دەیان ساڵی داهاتووش دا نمونەی لەم جۆرە هەر سـەرهەڵبدات تـا ببێتـە هەڵکـەوتووترین کێشە کە لە ئەنجامدا بەشێکی باش لە رووداوەکانی سەدەی بیست ویەك داگیر دەکات.

سەدەی پێشوو(سەدەی بیست) زۆر چارەسەری بۆ ئەم کێشە رەچەڵەکیانە بە خۆیـەوە بینـی لە دیارترینیان:[٧]

ڕاگواستنی بەزۆری کەمە نەتەوەکان بۆ ناوچەکانی تـر کـە دەبێتـە هـۆی ئاوێتـە بوونیـان تواندنەوەیان لە ناو نەتەوەیەك یان ئاینێك ی گەورە تر لە ژمارەو دەسەڵاتدا.

دانپێدانانی دروست و یاسایی شێوازی پێدانی جۆرێك لە مافە رەچەڵەکیەکان.

پێدانی مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس بەمافی جیابوونەوەشەوە،

وە بە دەگمەن دەوڵەتان هەڵدەستن بە پێدانی مافە دروست و رەواکانی کەمە نەتەوەکانیان بە تەواوی، هەر ئەم کارەشەکە کەمە نەتەوەکان ناچار دەکـات دروسـتی و رەوایـی داواکانیـان رابگەیەنن وە پەنا ببەن بۆ گشت رێگاکانی بەدەست هێنانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کـە دەوڵەتان جەنگ رابگەیەنن لەسەر ئەم کەمە نەتەوانە و هەستن بە ئەنجامدانی کاری نادروست و نایاسایی لە ناویاندا و بە کارهێنانی چەکە پەرەسەندووەکان و کۆچپێکردنی بە زۆریی و دانان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری.

---

(٧) عبدالرزاق عباس: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨



## ڕاگواستنی بە زۆریی کەمە نەتەوەکان

سەدەی بیستەم دەری خست کە زۆر لە کەمە نەتەوە رەچەڵەکیەکان لـە جیهـان دا کەوتنـە بەر شاڵاوەکانی دیاردەی کۆچپێکردن و ڕاگواستنی بەر فراوان، ئەمەش بـووە هـۆی دەرچـوونی ملیۆنەها پەنابـەر بـۆ دەرەوەی نیـشتمانەکانیان یـان بـۆ نـاو سـنووری ئـەو دەوڵەتانـەی کـە پەیوەندییان بە کۆچەکەوە هەیە دوور لە کەس وکارو ماڵەکانیان.

سەرژمێرییەکانی دەستەی باڵای نەتەوە یـەکگرتووەکان بـۆ کاروبـاری پەنابـەران ی سـاڵی ١٩٩٧ ئاماژە دەکات بەوەی کە زیاتر لە(٥٠) ملیۆن کەس هەن لـە جیهـان دا، دەکرێـت بـە شێوازێکی دروست دابنرێن بـە قوربانیـانی ڕاگواسـتنی بـەزۆریی وە(٢٠) ملیـۆن لەمانـە لـە ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیان دا ڕاگواستراوون[٨]

لـە مـاوەی ئـەم سـەدەیە(سـەدەی بیـست ویـەك) دا گرفتـی ڕاگواسـتنی بـەزۆریی بۆتـە دیاردەیەکی بەر فراوان و زۆر ئاڵۆز، هەروەکو شێوازە کۆنەکانی حەشارگەی پەنابەرەکان نیشانی دەدەن، هەرچەندە کە بەسەر هاتی ڕاگواستنی بەزۆریی کەمە نەتەوە رەچـەڵەکیەکان گرفتێکـی سـەردەمە دێرینەکانـە بـەڵام بـە رایـی نـوێ ی وەرگـرت لـەم دە سـاڵانەی دواییـدا ئایـا بـە شێوازی(دەرکردنی بە کۆمەڵ) یان(پاکتاوکردنی رەچەڵەکی) یـان(کۆچـپێکردنی بـەزۆری) یـان (ڕاگواستنی ناوخۆیی) بێت هەروەها(ئاڵ وگۆڕکردنی دانیشتوان)[٩]

هـەموو ئەمانـەش کـارێکن داوا لـە کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی دەکـەن بـە نوێخـوازی و فەراهەمبوونی شێوازی نوێ لە کاری مرۆیـی، ئـەمـەش پێویـستی بـە چارەسـەری بنـەڕەتی و دادپەروەرانە هەیە. گەلی کورد لە گشت پارچـەکانی نیـشتمانە داگیرکراوەکەیـدا ناڵاندویـەتی بەدەست گشت ئەم جۆرانەوە لە پاکتاوکردنی رەچەڵەکی و دەرکردنی بـە کۆمـەڵ و کۆچـە نـاو خۆییەکان و دەرەکیـەکان(بەزۆرینـەکان) وە تیایانـدا کۆچـی خۆویـستانەی ئارەزوومەندانـەش هەبووە، رەزاشای ئێران لە ساڵی (١٩٢٥-١٩٤١)دا پەنای برد بۆ کۆچپێکردنی زۆر لـە تـیرەو هۆزە کوردەکانی کوردستانی ئێران بۆ شارۆچکەکانی فارس و کرمـان دا[١٠] بـە هـەمان شـێوە

---

(٨) مفوضية الامم المتحدة لشؤن اللاجئين، حالة اللاجئين، فى العالم، ١٩٩٥، قاهيره، ١٩٩٦، ل ٢٧٧.

(٩) مفوضية الامم المتحده لشؤون اللاجئين، حالة اللاجئين فى العالم، ١٩٩٧، (النزوح قسرا)، قاهيره، ١٩٩٧ ل١١

(١٠) مهرداد ازادى، التجيداو لاسكان القسرى، وەرگێرانـی چـەلەنگ محمـد زەکـی پاشـا، گۆڤـاری مـەتین، ژمارە(٦١) ساڵی ١٩٩٧ دهۆك، ل ١١٠.



PDF 4 KURD

عەسمانیەکانیش ئەم کارەیان کردوە، زانیارییەکانی تایبەت بە فەرمانگەکانی(کۆچی گشتی) لە ئەستەنبول پەردە هەڵدەماڵن لەسەر هەستانی دەسەڵاتەکانی عوسمانی لەساڵی (١٩١٥)دا بە کۆچپێکردن و ڕاگواستنی(٧٠٠) هەزار لە دانیشتوانی کورد بۆ ڕۆژئاوای ئەنازۆڵ(تورکیا) وە هەندێ شاڵاوی هاوشێوە کرایە سەر کورد لە کوردستانی تورکیا لە ساڵانی(١٩٢٥-١٩٣٠)دا هەروەها (ستالین) لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا کاری ڕاگواستنی کوردی(قەفقاس)ی گرتە ئەستۆ بەرەو (ناوەڕاستەکانی ئاسیا) و (کازاغستان) و (سیبریا)،[11] سوریاش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست دا هەستا بە ڕاگواستنی سێ یەکی کورد لە شوێنە بنەڕەتیەکانی خۆیانەوە بەرەو شوێنەکانی نزیك شارەکانی(دیمەشق) و (حەماە).

وە لە عێراق حکومەتی ناوەندی هەستا بە ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ڕاگواستنی بەردەوام هەر لە سەرەتای دامەزراندنی فەرمانڕەوایی (پاشایەتی) یەوە لە ساڵی(١٩٢١)ەوە تا ئەمڕۆ، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی گوایا ئەم کارە سەرکەوتووانەترین چارەسەرە بۆ کێشەی کوردی لەم وڵاتەدا(عێراق)، لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیست دا فراوانترین شاڵاوەکانی پاکتاوکردنی ڕەچەڵەکی و ڕاگواستنی بەزۆریی و لە ناوبردنی بە کۆمەڵی دانیشتوان کراوەتە سەر کوردی کوردستانی عێراق وە لە ئەنجامی کاریگەریی ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی(١٩٧٥)دا نەواری سنووری(الشرایط الحدودی) نێوان(تورکیا-عێراق-ئێران) چۆڵ کرا(هەر لە سەرەتای سێگۆشە سنوورییەکەی نێوان عێراق و سوریا و تورکیا و بەرەوخوار تا دەگاتە سنووری (عێراق-تورکیا) و (عێراق-ئێران)ەوە تا لە کۆتاییدا دەگاتە سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو پارێزگای (واسیت) و (دیالە)وە بە قوڵاییەك کە لە هەندێ لاوە دەگەیشتە زیاتر لە (٣٠) کیلۆمەتر بە دیوی خاکی کوردستانی عێراق دا بە جۆرێك ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە نێو ئەم سنوورانەوە و لە سەرەوە باسکران بەتەواوی چۆڵکران لە گشت شارو شارۆچکەو دێ و دانیشتووانەکان و گشتیان ڕاگواستران بەرەو پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق یان بەرەو کۆمەڵگا بەزۆرە ملێکان بە درێژایی ڕێگا گستی یەکان یان بەرەو شارە سەرەکیەکان ئەمەش بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوونیان و ئاسانکاریی چاودێری کردنیان بوو تا بەباشی دەستیان بەسەردا بگیرێ[12] ئەمە و جگە لە شاڵاوی

(١١) ولیدحمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لەندەن، ١٩٩١ ل ٤٦٤.

(١٢) خلیل اسماعیل محمد، اقليم كردستان العراق، چاپی ٣، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩[illegible]، ل١١٢.



PDF 4 KURD

بەردەوامی لە ناوبردن کە مرۆڤی کورد بەرەنگاری دەبۆوە لە ماوەی جەنگی (عێراق - ئێران)ی ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٨)دا و ماوەکانی پاش جەنگیش بە شێوازێك زیاتر لە (٤٠٠٠) چوارهەزار دێ و شارۆچکە و کۆمەڵگای مرۆیی وێران کران و سوتێنران لەو ماوەیەدا[13] پاش ڕاپەرینی ئازاری ساڵی(١٩٩١) زیاتر لە(١/٥) ملیۆن کەس لە دانیشتووانی کوردستانی عێراق ئەو کات ناچارکران کۆچڕەو بکەن بەرەو تورکیا و ئێران هەر ئەم دیاردەیەش بووە هۆی هاندانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ کارکردن لە پێناو دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش بۆ دانیشتووانی کوردستانی عێراق بە مەبەستی پاراستنیان و هاوکاری کردنیان[14]

سەرەڕای سەرکەوتنی ویست و خواستی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و پێکهێنانی پەرلەمانی هەڵبژێردراو و حکومەتی نیشتمانی، گەلی کورد بە گەشبینی و چاوەڕوانیەوە دەڕواننە سەدەی داهاتوو بە وەی کە سەدەی کاریگەر بێت لە بەدەسهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیدا.

یەکێتی سۆڤیەتی جاران نمونەیەکی ترە لە چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمە نەتەوەکانی، لە سەدەی سەردەمی یەکیەتیەکەدا، یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژئاواوە دەگەیشتە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی وە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگەیشتە ئۆقیانووسی ئارام بەمەش ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی(١/٦)ی گشت ڕووبەری جیهان و دانیشتووانەکەشی دەگاتە(٢٩٥) ملیۆن کەس و دابەش دەبن بەسەر(١٥) کۆماردا لە نەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتوون، کە لە ڕاستیدا بریتین لەو کەمە نەتەوانەی لە سایەی مەزنترین نەتەوە لە قەوارەو دەسەڵاتدا دەژین کە ئەویش نەتەوەی(ڕوسی)یە[15]

دەکرێت کەمە نەتەوەکان لەم یەکێتی سۆڤێتەدا دابەش بکرێن بۆ دوو کۆمەڵەی سەرەکی کە ئەمانەن:

کۆمەڵەی مەغۆلیەکان: لە هەرە بەناوبانگەکانیان: قەرەغیر، تاجیکستان، دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کازاخستان و باکووری ڕۆ١ئاوای سیبریا.

(١٣) گۆڤاری (الثقافة الجديدة) حزبی شیوعی عێراقی دەری دەکات ژمارە(١٢)ی ساڵی ١٩٩١ دیمەشق، ل٣٥.

(١٤) مفوضية الامم المتحده لشؤون اللاجئين، حالة اللاجئين فى العالم، ساڵی، ١٩٩٧(النزوح قسرا) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١-١٣٥.

(١٥) بهاءالدين بدري حسين: التنوع القومي واثرهة فى تفتيت الاتحادالسوفيتي، گۆڤاری کۆمەڵەی جوگرافی ناسانی عێراقی ژمارە(٣٦)ی ساڵی ١٩٩٥، بەغداد، ل ٧٦.

کۆمەڵەی تورکەکان: دابەش دەبن بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گۆم(دەریاچە)ی قەزوێن دا، لە جۆرجیا، تورکمانستان، ئۆزباکستان، کازاخستان دا. لە تەك ئەم دوو کۆمەڵە سەرەکیە دا ئەم نەتەوانەش هەن: (کورد)، (بلوش)، (تەتەر)،.

ئەم نەتەوانە گشتیان زمانی تایبەتی خۆیان پێدراوە بۆ پارێزگاری کردنی پێناسەکانیان و بوونی نەتەوەییان لە ناوەندی ئەو یەکێتی یەدا کە تێدەکۆشا بۆ بەدەست هێنانی یەکێتی ڕۆشنبیریی و سیاسی لەسەر بنەمای دامەزراوە شارستانی و نەتەوایەتیەکانی دانیشتووانی کەمە نەتەوەکان.

یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا تێکۆشا بۆ بەکارهێنانی زۆر لە هۆکارەکان بە ئامانجی بەزاندنی باری ڕاستەقینەی نەتەوایەتی دانیشتووانەکەی بۆ بەرژەوەندی نەتەوە مەزنەکان لە نموونەیان[16]

١- نیشتەجێ کردنی ڕەگەزی روسی لە ناو کۆمارەکانی تردا و پێدانی ئەرك و فەرمان و دەستکەوتی تایبەت بە خۆیان بۆ هاندانیان لەسەر جێگیربوونیان لە شوێنە تازەکانیان دا.

٢- کۆچپێکردنی بەزۆرە ملێیە کەمە نەتەوەکان بۆ شوێنەکانی دوور لە نیشتمانەکانی خۆیان.

٣- ڕەچاوکردنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی ئایا لە ڕێگای ژن و ژن خوازییەوە بێت یان لە ڕێی ی کارکردنەوە بۆ یەکخستنی زمانەکان و ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ زمان و ڕۆشنبیریی نەتەوە دەسەڵاتدارەکەدا کە نەتەوەی روسە.

٤- گۆڕانکاریی لە دابەشکردنە کارگێڕییەکاندا لە بەرژەوەندیی سلاڤیەکان دا.

لە سەرەتای کۆتاییەکانی سەدەی بیست داوە لە ژێر سایەی دارمانی ڕژێمی شیوعیەت دا لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات دا نەتەوەکانی تر(نەتەوە ناروسیەکان) کەوتنە خۆیان بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بوونیان وە لە وانەیە: هۆکاری ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

بوونی بنەمای بەهێزی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناو ئەم جۆرە کۆمارانەدا ئایا لەڕووی زۆری دانیشتووانەوە بێ یان زمان یان ڕەچەڵەکی بەرەبابی یان خەسڵەتە شارستانیەتەکانی ترەوە.

بوونی جیاوازیی لە شارستانیەت و ئابووریدا لە ناو یەکیەتیەکەدا.

بەهێزبوونی بۆچوونەکانی(غورباشۆف) بەرەو ئەوروپا و بانگەوازکردنی بۆ بەستنی پەیوەندیی لە نێوان دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. ئەم کارەش وای لە کەمە

(١٦) هەمان سەرچاوە ل ٨٥-٨٦.



نەتەوە نائەوروپییەکان گەیاند کە یەکێتی سۆڤیەت لە بیری کردوون و بووە هاندەریان بۆ ڕاگەیاندنی سەربە خۆیی[17]

گەلی(چیچان) نمونەیەکی ترە ئەو ڕێبازەی کە روسیای جێگری یەکێتی سۆڤیەتی جاران چۆنیەتی دانانی چارەسەرییەکانی کێشە نەتەوەییەکانی تیادا دەبینێ، لەسەر چارەنووسی ئەم گەلە وانووسرا، کە کێشەکانی بگوازرێتەوە بۆ سەدەی داهاتوو لە بە زۆریی کێشە نەتەوەییەکان کە سەدەی بیست بێزار بوو لە دۆزینەوەی چارەسەرییە بنەڕەتی و دادپەروەرییەکان بۆیان بەو هیوایەی کە سەدەی بیست و یەك بتوانێت دەرچەیەك بدۆزێتەوە بۆ دەرباز بوون لەم کێشانەو چارەسەرکردنیان، ڕۆژگارەکانی سەدەی رابردوو(سەدەی بیست) بە سەرچوون و بوونە هۆی رزگار بوونی زۆربەی گەلان کە لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە مەزنە خاوەن ژمارە و دەسەڵاتەکاندا دەژیان، بە جۆرێك رووخانی (ئیمپراتوریەتی عوسمانی، نەمسا، مەجەر، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەتی جاران، یەکێتی یوگوسلافیای ئەم دواییە) هۆکار بوون لەسەر هەڵدان و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا و ویستی خۆیان سەپاند بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

زۆر لە گەلانی تر لە سەدەی نوێ(بیست ویەك)دا چاوەڕێی وەرچەرخانی فراوانتر دەکەن لەگەڵ بایەخدانی زیاتر بە کێشەکانیان بۆ نمونە:

- لە وڵاتی کەنەدا(فەرەنسیەکانی ناوچەی کیوبك) تێدە کۆشن بۆ سەربە خۆیی زیاتر.
- لە وڵاتی کشمیر دانیشتووانەکەی زیاتر دەچنە پێشەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی.
- هەروەها ناوچەی (باسك) لە ئیسپانیا، (تبت) لە چین، دانیشتووانی باشووری سودان، باشووری فیلیپین، فەلەستینیەکان لە خاکی داگیرکراو دا.
- گەلی کورد لە گشت پارچەکانی نیشتمانە داگیرکراوەکەیدا و بە هەمان شێوە چەندین گەلانی تر بە تەواوی باوەڕەوە بە ڕەوایی و دروستی کێشەکانیان تێدەکۆشن بۆ بە دەستهێنانی ئەو شتانەی کە لە سەدەی رابردوودا بە دەستیان نەهێناوە، ئەمانە وا چاوەڕوان دەکەن کە هاریکاریی نێودەوڵەتیانە و بایەخدانی کۆمەڵگای جیهانی بە کێشەکانیان دەبێتە دەروازەو مایەی بەهێز بوونی خەباتیان و توندوتۆڵ بوونیان و نزیك کردنەوەی ڕێبازی گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

(١٧) هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

# کێشەی کوردی لە نەخشەی سیاسی جیهان دا

هەندێ تێڕوانین دەورەی جیهانی ئەمڕۆ دەدەن، یەك لە تێروانینانە وا دەبینێ کـە نەخـشەی سیاسی جیهان بەرەو کۆمەڵە بوون و یەکگرتن مل دەنێ، ئایا لەسەر ئاستی (رۆشنبیریی) بێت یان (ئابووری) یان (بۆچوونە سیاسیەکان) ئەمەش لە ژێر سایەی بەرژەوەندییـە هاوبەشـەکان و یەك چارەنووسیدا لەبـەر ئـەوە ئـەم بۆچـوون و بیردۆزەیـە بانگەشـە دەکـات بـۆ بیرکردنـەوەی سەرتاسەریی و یەك رۆشـنبیریی و یـەك ئـابووریی، تێڕوانینەکـەی تـر وادەبینـێ لـە سـنوورە سیاسیەکانی دەوڵەتاندا شێوازێك لە بەها تایبەتەکانی ئەم سنوورانەدا هەیە کـە خەرمانەیـەك لە پێرۆزییان بەخشیوە بـەم سـنوورە سیاسـیانە و بـە جۆرێـك پارێزگـاریکردنی ئـەم سـنوورە سیاسیانەو بەرگریی لێکردنیان دەبێتە کارێکی پێویـست هـەروەها لـەم سـنوورە سیاسـیانەدا بنەمایـەك بـەدی دەکـرێ بـۆ بـوون و یـەکێتی ئـەم سـنوورە سیاسـیانە وە بـۆ ئـەم مەبەستەش،(النجار) ئاماژە دەکات بەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی بـەرەنگاری دوو شـێواز لـە رووبەڕووبوونەوە دەبێتەوە، یەکەمیان خۆی لە رژێمـی جیهـانی نـوێ دا دەبینێتـەوە کـە هـەل دەرەخسێنێ بۆ نەتەوە و گەلان تا سەربەستانە رژێمی گونجـاوی خۆیـان هەڵبـژێرن لـە سـایەی شەپۆلە دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ دا، دووەمیان رێ کردن بەرەو(جیهانگـەریی-العولمـە) و(نەتەوەگەریی-الامميە) لە هزرو رۆشنبیریی و ئابووریی و سیاسەت دا[1]

سەدەی پێشوو(سەدەی بیست) گۆڕانکاریی فراوانی بەخۆیەوە بینی لە نەخشە سیاسیەکەیدا بـە شـێوازی کـە ژمـارەی یەکـە سیاسـیەکان و کۆمـەڵگا ئابوورییـەکان (بەهـەرێمی و نێودەوڵەتیەکانەوە) تیایدا زیادی کرد جگە لە کۆمەڵە و پەیمانە سەربازییەکان، بەڵام (دەوڵەت) وەك یەکەیەکی تەوەریی جێگیر مایەوە بۆ گشت ئـەو کۆمـەڵگایانـە، تەنانـەت هـەر مـەترێك رووبەر لە سەر ئەم رووی زەمینە وەك ملکەچێك مایەوە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دا هـەروەك چۆن هەمموو(هـەر) مـرۆڤێکیش لـەم جیهانـە دا مایـەوە وەك کەسـێکی سـەربە دەوڵـەتێکی دیاریکراو و پابەند بە یاساکان و دەسـتوورەکانی ئـەو دەوڵەتـە و کاردەکـات لـە چوارچـێوەی

(١) شیرزاد النجار، الکرد والبحث عن الهوية، گۆڤاری گولان ی عەرەبی- ژمارە٤٧، ل ٢٠



رێکخراوەکاندا بە واتایەکی تر وای لێهات سـەربە دەوڵـەت بـوون(الانتمـاء الى دولـە) بووبـە یەکێك لە پێداویستیەکانی ژیان لە جیهانی ئێستاماندا[2]

بەم جۆرە تا دەهات ژمارەی دەوڵەتەکان زیاد دەبوون وە لەگەڵ خۆیاندا هـەڵگری ئامـانجی جیاجیا و بەرژەوەندی جیاواز و بڵند بوونەوەی تیشکۆی کێشەکان و ناوەندەکانی بەیەکـدا دان. بوون بە تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، بە دەگمەن دەوڵەتێك هەیە لەم جیهانە دا کە لـە کێشەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆدا. نەبێ لەگەڵ دراوسێکانیدا، لە جیاتی ئەوەی کە لە ئاست دراوسێیەتیدا بەڵگەو پاکانە هـەبێت بـۆ هاوکـاریی و رێککـەوتنی هاوبـەش، وە لـە مـاوەی سەرەتای دروست بوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان واتە لە ساڵی(١٩٤٥-١٩٥٠) کـۆی ئەو دەوڵەتانەی کە سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بوون لە رێـژەی (٣٥٪)ی ژمـارەی ئێـستایان تێنەدەپەڕی کە دەکاتە زیاتر لە(١٩٠) دەوڵەت[3]لە کاتێکدا رێژەی ئەو دەوڵەتانـەی زیـادکران بۆ لیستی دەوڵەتانی سەربەم رێکخراوە لە نێوان ساڵانی(١٩٥٠-١٩٦٠) نزیکـەی(١٧٪) بـوو وە لە ساڵەکانی شەستەکاندا(٢٨٪) بوو وەلە ساڵانی(١٩٧٠-١٩٨٠) گەیشتە نزیکەی(١٧٪) بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە.[4]

| دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵانی (١٩٤٥-١٩٩٠) دا | |
|---|---|
| ماوە | ٪ |
| ١٩٤٥-١٩٥٠ | ٣٥ |
| ١٩٥٠-١٩٦٠ | ١٦/٥ |
| ١٩٦٠-١٩٧٠ | ٢٨ |
| ١٩٧٠-١٩٨٠ | ١٦/٥ |
| ١٩٨٠ - ١٩٩٠ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ |

(٢) عبدالخالق عبدالله، العالم المعاصر والصراعات الدولية، سلسلة عالم المعرفة العدد١٣٣، کويت، ١٩٨٩، ل٣٠.

(3) x1-viii.p, 1993 Nation on the world Atlas.

(٤) اطلس الوطن العربي والعالم، چاپی ٣ بيروت، ١٩٨٦.



PDF 4 KURD

بێگومان زۆر بوونی ژمارەی دەوڵەتان لە دەر ئەنجامی بە یەکدادانی کێشە نێودەوڵەتییەکان و هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی جیهانی و دووەم جەنگی جیهانی یەوە بوو لە لایەك، وە لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی درین یان سەر لە نوێ کێشانەوەی نەخشەی سیاسی جیهانەوە بوو، جگە لە رۆڵ و کاریگەریی بزوتنەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکان کە نیوەی دووەمی سەدەی بیستی پرشنگدارتر و دیارتر کرد ئایا لە ئاسیاو ئەفریقادا بێت یان لە دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتینی دا، لە زۆربەی ئەم رووداوانە دا داواکاری ئەم دەوڵەتانە بریتی بوو لە دۆزینەوەی قەوارەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان.[٥]

لە لایەکی ترەوە رزگاربوونی زۆر لە گەلانی جیهان و تەنگ پێهەڵچنینی مانەوەی ئیمپریالیزم(کولونیال)ی جیهانی تیایاندا بووە هۆی پەیدا بوونی ناوەندە کانی گرژی و گێرەشێوێنی لە زیاتر لە چەند شوێنێك دا ئەمەش وای کرد کە ئەم گەلانە خۆیان لە بەردەم گرفتی جۆراوجۆردا ببیننەوە لەسەر ووشکانی یان لەسەر ئاو لەگەڵ دراوسێکانیان دا یان لەگەڵ وڵاتانی دەوروپشتیان دا لە نێوان وڵاتی هیندو چین دا، لە نێوان ئەسیوبیا و سۆماڵ دا، لە نێوان عێراق و ئێران دا، گشت ئەم کێشانە خۆیان دەنواند لە بوونی کەمە نەتەوەکان یان ئایینەکان دا لە ناو جەستەی ئەم دەوڵەتانەدا[٦] یان لە دروست بوونی دەوڵەتی نوێ لەسەر حسابی گەلانی تری دراوسێ، هەروەك دەبینرێ لە هەرێمی کوردستان دا وە لێرەوە دەردەکەوێ ئەو کێشە سنوورییانەی کە فراوانتر بوون لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی رابردوودا وەك یەکێك لە پاشماوەکانی خۆتێهەڵقورتاندنە بیانیەکان لە چارەنووسی ئەو دەوڵەتانەدا خۆی دەنواند و دەردەکەوت کە تا ئێستاش ئەم پاشماوانە هەڵگری رەگەزی لەو بابەتەن و بەردەوام ئەگەری تەقینەوەیان لێدەکرێ و بە دیارترین هۆکاری ناسەقامگیرییش دادەنرێن لە جیهان دا[٧].

هەڵبەت دابەشکردنی گەلی کورد بەسەر ئەو قەوارانەدا کە دەرکەوتن پاش یەکەم جەنگی جیهانی باشترین نمونەن بۆ ئەمە وە لە تەك دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عەسمانی و ئێرانیدا، لە دەرئەنجامەکانی جەنگی ناوبراو ئەوە بوو کوردستانی عوسمانیش

(٥) اسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية، چاپی ٣ و١٩٨٤، كويت، ل ١٠٣

(٦) نافع القصاب و اخرون: الجغرافيه السياسيه، مطابع جامعه الموصل، ل ١٠٤.

(٧) عبدالقادر محمد فهمي: النظام السياسي الدولى، دار الشؤن الثقافية فى بغداد، ١٩٩٥، ص٨٩.



دابەشکرا لە نێوان هەر یەکە لە تورکیا و عێراق و سوریادا بە شێوازێك گەلی کورد بووە نمونەیەکی باش لە کەمە نەتەوەکان لە ناو گەلانی ئەو دەوڵەتانەدا. ئەمەش ئەوە دەدات بە دەستەوە کە ئاراستەی کێشانی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەربڕینی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان(خۆییەکان) دەبەخشێ کە یەکانگیر دەبنەوە لەگەڵ ئامانجە سیاسیە دەرەکیەکان دا وەك لەوەی کە هاوهێزی یەك بێت لەگەڵ چوونە پێشەوەی گەلانی ئەو دەوڵەتانە دا.[٨]

## دەوڵەت و کەمە نەتەوەکان

جیهانی پێش سەدەیەك لە ئێستا دابەش بوو بوو بۆ کەمترین ژمارەی یەکەی سیاسی کە زۆرترین رووبەریان هەبووە رووبەری فراوانیش لە زەوی و ئاو لەیەکی جیادەکردنەوە کە بریتی بوون لە بیابانەکان و بانەکان و بەرزاییەکان و چیاکان یان رووبارەکان و پانتاییە ئاوییەکان، کە ئەمەش وای دەکرد کە گەلانی جیهان کەمتر بەریەکتریی بکەون و کاریگەرییان لە سەریەکتریش کەم ودوور بێت لە کاتی قەیرانەکانی نێوانیاندا وە لە پاش زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی جیهان و پەرەسەندنی داواکارییەکانی دانیشتووان و گەشەسەندنی زانست و کاریگەرییە تەکنیکیەکانی دانیشتوان کە بووە مایەی بەخشینی دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی زیاتری مرۆڤ لەسەر ژینگەی سروشت، وای لێهات کە پانتاییە فراوانەکانی نێوان ئەو یەکە سیاسیانە(دەوڵەتانە) بەر تەسك تر دەبوونەوە و سنوورەکانی ئەم دەوڵەتانە گۆڕان بۆ پەرژینی تەل یان پشتێنەیەکی سنووری یان هەر نیشانەیەکی تری دیاریکراو کە واتای سنوور بگەیەنێت، لەهەمان کات دا ئەم سنوورانە بایەخێکی بێ وێنەیان پێدرا کە گەیشتە رادەی پیرۆزی هەروەك باسکرا وە بەرگریی کردن لەم سنوورانە و پاراستنیان بوو بە ئەرکێك کە قوربانی دان لە پێناویدا کارێکی هەرزان و ئاسان بوو لەبەر ئەوەی ئەم سنوورانە بوونە بواری زاڵ بوونی دەوڵەت و گۆڕەپانی ئاوەدانکردنەوەو بزاوتنی دەوڵەت وەك ئەوەی کە دەوڵەت مافی خۆیەتی زەوی وناخی زەوی و ئاوەکانی و ئاسمانەکانی خۆی بەکار بهێنێ بۆ مەبەستەکانی خۆی وە پاشان ئەو سنوورانە تەنها وێنە کێشانی هێڵکاری نیە لەسەر نەخشەی سیاسی بەڵکو بڕگەی ستوونی راستەقینەن لە بۆشایی ئاسمانەوە درێژ بوونەتەوە بۆ ناو جەرگەی زەوی[٩]، لەسەر ئەم

(٨) هەمان سەرچاوە، ل ٣٨

(٩) عبدالرزاق عباس حسين: الجغرافية السياسية، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦، ل ١٠١.

بنەمایە دانیشتووان لە هەردوو دیوی سنوورەکەدا تەنها ئەوەنین کەسەر بەم فەرمانڕەوا بن یان ئەوەی تر بەڵکو ئەو دانیشتووانانە وایان لێهاتووە کەسەر بە دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی و سنوور بن وە لەگەڵ زۆر بوونی هۆشیاریی نەتەوەیی دا دەبوایە ئاگاداریی و چاودێری ئارەزووەکانی دانیشتوان و هەست و هۆشی نەتەوەییان بکرێ لە نەخشە کێشانی سنووردا، ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی ژمارەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان.[١٠]

بەڵام کێشان و دیاریکردنی سنوور لە سەر بنەمای نەتەوەیی کارێکی هەروا ئاسان نیە ئەمەش لەبەر بەیەکداچوونی تیرەوهۆزە و نەتەوەکانە لەگەڵ جووڵەی بەردەوامی دانیشتوان بە درێژایی مێژوو جگە لە جیاواز بوونی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندییان هەیە بە کرداری کێشان و دیاریکردنی سنوورەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە لە دەوڵەتان نەگیراوە لە تێکۆشانی پەرۆشانەدا بۆ والێکردنی سنوری(ڕەچەڵەك زانی-الاثنوغرافية) تا زیاتر پەسەند بێت لە رووی نەتەوایەتیەوە[١١]، بەڵکو ئەم جۆرە سنورانە لە تێڕوانینی جیۆپۆلیتیکی دا بە باشترین جۆری سنوور دادەنرێ کە لای دەوڵەتانیشی چاك و پەسەندە[١٢] وە هەندێ تێکۆشانی کرداری ئەنجامدرا پاش یەکەم جەنگی جیهانی بۆ تێئاخنینی زۆر لە هاوتا کردنەکانی سەر سنوورە سیاسی یەکان بە تایبەتی بۆ ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە وانە ئەو دەوڵەتانەی کە لە کۆنگرەی(فرسای)دا تێکۆشان بۆ دانان و دروست کردنی سنووری ڕەچەڵەکزانی نمونەیی لە ئەورووپادا کە بە تاڵ بوون لە ناواخنی نەتەوەییی(واتە نەتەوەی تریان لە گەڵدانە بوو) بەڵام بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ژمارەیەك لەم دەوڵەتانە هەر وەك خۆی مایەوە.[١٣]

زاراوەی(دەوڵەتی نەتەوەیی) بەو دەوڵەتە دەووترێ کە گشت یان زۆرینەی دانیشتووانەکەی سەربە یەك نەتەوە بن، وە دەوڵەتی لەم شێوەیە خاوەنی پلەیەکی باڵایە لە تێك ئاڵان و پێکەوەیی و چوون یەکی بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەوە کە پێك هاتوون لە ژمارەیەك لەگەل و نەتەوەی جیاجیا، بە زۆری کەمە نەتەوەکان لەم جۆرە دەوڵەتانەدا تێدەکۆشن بۆ داواکردنی

(١٠) محمد عبدالغني سعودي: الجغرافية والعلاقات السياسية الدولية، دار الرائد، کویت، ١٩٨٢، ل ١٥٣.

(١١) عبدالرزاق عباس حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(١٢) محمد عبدالغني سعودي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

(١٣) نافع القصاب وآخرون، سەرچاوەی پێشوو ل٢٠٤.



PDF 4 KURD

مافە نەتەوەییەکانیان بە ڕێگای هەل بەکارهێنان و ئاشتیانە، هەندێکیشیان بە ڕێگای سەربازی. لە ژێر ئەم ڕۆشناییەدا دەکرێ پێگەو ڕۆڵی کەمە نەتەوەکان دیاری بکرێ بە پێ ی ئەم دابەشکردنانەی خوارەوە بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان:[١٤]

جۆری ئاسایی: ئەم جۆرە لە کەمە نەتەوەکان ئارەزوو دەکەن بتوێنەوە لە ناو دەفری نەتەوە گەورەترەکان دا بە هۆی کاریگەریی هۆکاری مێژووییەوە، وە ئەم جۆرە کەمە نەتەوانە خاوەنی هیچ کام لەو خەسڵەتانە نین کە جیایان دەکاتەوە لە نەتەوە سەرەکیەکە ئایا لە رووی زمانەوە بێت یان ڕۆشنبیریی یان بەرژەوەندی هاوبەش.

جۆری پێکهاتوو: ئەم جۆرە لە کەمە نەتەوەکان ئەو خەسڵەتانەیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە نەتەوە سەرەکیەکان بە جۆرێ کە تواندنەوە نەبۆتە هۆی تەواوی یەکگرتن و تێك ئاڵانی نەتەوەیی.

جۆری ئاوێتە: ئەم جۆرە شیان پارێزگاری لە خۆی دەکات بە پاراستنی کەسایەتی نەتەوایەتی خۆی وە کاردەکات بۆ پەرەپێدانی نمونەش لەسەر ئەمە:

- چیکەکان و سلۆفاکەکان لەوڵاتی چیکۆسلوفاکیای پێشوودا.
- سرب و کروات و ئەلبان لە وڵاتی یۆگۆسلاڤیادا.
- تورك و یۆنانیەکان لە دوورگەی(قوبرس) دا.
- هەروەها کورد و عەرەب لە وڵاتی عێراقدا.

بەدرێژایی سەدەی پێشوو(سەدەی بیست) جیهان گەلێ چارەسەر کردنی بەخۆیەوەبینی بۆ کێشەی کەمە نەتەوەکان لە وانە:[١٥]

پێدانی مافی چارەی خۆ نووسین بە کاریگەریی هۆکارە ناو خۆییەکان و کارتێکەرە دەرەکیەکان.

بەدەست هێنانی بەشێك لە داوا نەتەوەییەکانیان کە وایان لێدەکات هێوریان بکاتەوە لە داوای جیا بوونەوە و پەسەند کردنی ئۆتۆنۆمی یان بەڕێوەبردنی ناو خۆیی یان ڕژێمی فیدراڵی.

پەیڕەو کردنی سیاسەتی لە ناو بردنی بە کۆمەڵ و تواندنەوەی کەمە نەتەوەکان و یەکخستنیان لەگەڵ نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەکەدا یان دووبارە دابەشکردنەوەیان بە زۆرە ملێیی بە ڕادەیەك کە هەندێ جار پێویست بکات بە خۆتێهەڵقورتاندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

(١٤) محمد عبدالغني سعودي، ل ٨٢.

(١٥) اسماعيل صبري مقلد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨ هەروەها عبدالرزاق عباس حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

بۆسەر کۆنەکردنی ئەم جۆرە کارانە و نواندنی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ بە مەبەستی پاراستنی کەمە نەتەوەکان هەروەك ڕوویدا لەسەر کورد لە عێراقدا پاش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی(١٩٩١)، هەروەها لە ئەلبانی کۆسۆڤۆ و تەیموری ڕۆژهەڵاتیش دا.

## کێشەی کوردی بەشێکە لە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە لە پێشەوە باسکرا دەکرێ جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

١- نەخشەی سیاسی جیهان ئەوەندە پیرۆزنییە بەڵکو شایانی کارێکی گۆڕانکارییە خۆییەکان(ناوخۆییەکان) و نێودەوڵەتیەکان(دەرەکیەکان) ە یان هەردووکی پێکەوە.

٢- لە سەدەی پێشوودا چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوون وە سەدەی ئێستاشمان(سەدەی بیست و یەك) دروست بوونی زیاتر لەم دەوڵەتانە بە خۆیەوە دەبینێ.

٣- کێشەی کوردی پێگەیەکی تۆکمە و پتەوی دەبێت لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست دا وە کێشەی کوردی لە هەمان کات دا کاریگەریی هەیە لەسەر ناوچەکەو وەکاریشی تێدەکرێ لە ناوچەکەدا وەناکرێ سەقامگیریی بۆ ناوچەکە تۆمار بکرێ بەبێ چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەی کوردی.

لەگەڵ تێکۆشانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامانجی گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیریی لە ناوچەکەدا ئەمە دەشکێتەوە بەسەر پەیوەندییە گرژو ئاڵۆزەکانی نێوان (عەرەب و جوولەکە)، (تورکەکان و یۆنانیەکان)، (تورکەکان و عەرەب)، (عەرەب و ئێرانیەکان)، یان تەنانەت بەسەر (عەرەبەکان خۆیان) دا، لەم ناوەدا کێشەی کوردیش دوورنابێت لە هەریەك لەم جۆرە کێشانەی ڕۆژهەڵاتی[16] ناوەڕاست کە زۆر هەستیارن.

گەلی کورد خۆڕاگری خۆی نیشان دا بە درێژایی سەدەی پێشوو بەرامبەر چەندین شێوازی زۆرداریی و چەوساندنەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو ساتانە دا خۆی گێل و بێدەنگ کرد بوو وە بە هەر شێوەیەکیش بێت بەردەوام بوو لەم بێدەنگیە دا. هەتا ڕاپەرینی بەهاری

(١٦) دلشاد بارزانی: لم یعد التعتیم علی القضیة الکردیة ممکنة بعد الیوم جریدة خبات ژمارە٧٤، ٥/٥/٢٠٠٠.
[illegible]ها مسرور بارزاني: هذا المؤتمر لیس لاجل التعریف بهویتنا، گۆڤاری گوڵانی عەرەبی ژمارە (٤٧) ل٢١.



PDF 4 KURD

ساڵی(١٩٩١) ئەو کات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەستی کرد بە پێویست بوونی دۆزینەوەی چارەسەر(ناوچەیەکی ئارام) بۆ ئەم گەلە ستەم دیدەیە و پاراستنی لەو ئەشکەنجەو چەوساندنەوەیە، وە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە(٦٨٨) یەکەم بڕیار بوو کە کێشەی کوردی لە کێشەیەکی عێراقیەوە گواستەوە بۆ کێشەیەکی نێودەوڵەتی[17] و نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان(ڕیتشارد دۆنی) لە کۆنگرەی زانکۆی ئەمریکی دا بە ڕووخۆشیەوە ئاماژەی بەم ڕاستی یە کردو ووتی:

(ئەوەی جێگای خۆشی یە لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ئەو کوردانەی لە سەردەمەکانی زوودا بە گۆشەگیرترین کەس دادەنران ئێستا دەتوانن کارلێکی مەزن بەدەست بهێنن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەم گیان وشارەزاییە جیهانیەوە)[18]

ئەو سەردەمە ڕۆی کە تیایدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە چاوێك دەیروانیە مەبدەئی(مافی بڕیاردانی چارەنووس) کە گوایا ئەم مەبدەئی مافە بۆ کورد تێپەڕاندنی هێڵە سوورەکانە واتە ئەو هێڵانەی کە ئاسایی دەوڵەتە زل هێزەکان دەیان کێشا یان دەوڵەتە هەرێمیە دراوسێکان، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پارچەپارچە کردنی دەوڵەتان و گۆڕینی سنوورەکان[19]یان دەگوترا تەنها چیاکان دۆستی کوردانن ئالێرەوە بەڕێز(نێچیرەوان بارزانی) جەختی کردوە لەسەر ئەوەی کات و سەردەم هێشتا لە بارو گونجاوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دادپەروەرانە بۆ کێشەی کوردی[20]

لە لایەکی ترەوە خاتوو(میتران) سەرنجی سەرکردایەتی کوردی ڕاکێشا بەرەو ئەوەی کە کێشەی کوردی یەکێکە لە بایەخدارترین کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کوردی کە ئەویش مەترسیەکانی(ئاسایشی ئاوە) لە ناوچەکەدا لە ماوەی ساڵەکانی داهاتوودا وە خاتوو (میتران) دەهێنێتەوە یادمان کە سەرچاوەکانی گرنگترین ڕووبار دەکەوێتە ناوچەی کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی داوای کرد تا ڕێوشوێنی پێویست دابنرێت بۆ ئەو سەرچاوە

(١٧) فوزی اتروشی: القرار(٦٨٨) احدث تفیرا... مجله گولان العربی، ژمارە(٤٧) ل ٧١.

(١٨) ریتشاردوني: الکرد العراقییون لاعبون متنفذون، بلا دولة، مجلة گولان العربي، ژمارە(٤٧).

(١٩) - کولستان کوربچی: وجهات نظر مستقبلیە، جریدة خەبات، ژمارە ٩٧٤ لە ٥/٥/٢٠٠٠ لە ڕووداوەکانی کۆنگرەی زانکۆی ئەمریکی.

(٢٠) نێچیرڤان بارزانی: جریدة خبات نفسها، لە ڕووداوەکانی کۆنگرەی زانکۆی ئەمریکی.

ئاوییانەی کە دەوڵەمەنـدن لـە ئـاودا وە کاریگـەرییان هەیـە لەسـەر پەیوەندییـەکانی نێـوان دەوڵەتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی ژیرانە و زیرەکانە لە بـەر ئـەوەی ئـەم ئاوانـە دەرژێنـە نـاو بوارەکانی چالاکیە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیانەوە[٢١]

وە ئەگەر تا ئێستا(نەوت) بووبێتە کۆسپی گەورە لە بەردەم یەکێتی گەلی کورد دا یـان لە گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییە رەواکاندا، دەکرێت(ئاو) هەمان رۆڵی هـەبێت لـە رێبـازو بۆچوونەکانی کێشەی کـوردی دا لـە دوارۆژدا، یـان لـە وانەیـە رۆڵـی چـاکی هـەبێت لـە گواستنەوەی کێشەی کوردیدا بەرەو پێگەکانی پێشەوە ئەگەر بـۆ(کوردسـتان) نووسـرا کـە دەبێت ناوچەیەکی دابڕاو بێ لە کێشە(تورکی- عەرەبی- ئێرانی) یە بەردەوامـەکان دا لـە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.

---

(٢١) دانیال میتران: رسالة موجهة الى مؤتمر الجامعـة الامریکیـة کـە لـە ١٧-١٨ ی نیـسانی سـاڵی ٢٠٠٠ بـ[illegible]ی بڕوانە گۆڤاری گوڵانی عەرەبی ژمارە (٤٧) ل٩.





PDF 4 KURD

# دەوڵەتی کوردی لە بۆچوون (تێروانین)ی جیۆپۆلیتیك دا

جیۆپۆلیتیك: زاراوەیەکی یونانی یە پێك دێت لە دوو بڕگە:

- Geo: واتە زەوی یا شوێن.
- Politic: سیاسەت

واتە جیۆپۆلیتیك واتای سیاسەتی زەوی دەگەیەنێت وە ئامانجی بەستنەوەیە لە نێوان هۆکارە جوگرافیەکانی یەکە سیاسیەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا. وە ڕەگ و ریشەی ئەم زاراوەیە بۆ مێژووی سەردەمە دێرینەکان دەگەڕێتەوە هەندێ لە ئاماژەکانی زانا یۆنانیەکان زەوی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەبەستنەوە بەیەکەوە یان شوێن و گەشەی شارستانی گەل و نەتەوەکان دەبەستنەوە بەیەکەوە.

(ئەرەستۆ) فەیلەسوف دەبینێ کە هەڵکەوتی وڵاتی یۆنان لە ناو هەرێمێکی مام ناوەند وای لێکروە کە سەروەرییەکی جیهانی هەبێت، وە(سترابۆ) گەشەی شارستانی ئەوروپا دەگێڕێتەوە بۆ پێگە جوگرافیەکەی دەگێڕێتەوە، (مۆنتسیکو)ش جەختی لە سەر ڕۆڵی خاك و ئاو هەوا لەسەر رەفتاری مرۆڤ و رژێمەکانی فەرمانڕەوایی کردوە وە لەمەدا (ئیبن خەلدون) پێش ئەو کەوتوە و رەفتاری کۆمەڵگاکانی بەستووە بە جیاوازی داب و نەریت و خوورەووشتیانەوە لەگەڵ ئاوو هەوادا.[1]

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیەکە نووسەرە ئەڵمانیەکان لە هەموو کەس زیاتر بایەخیان داوە بە (جیۆپۆلیتیك) وە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا وە گشت ئەو رێباز و ئاراستانەی کە خزمەتی گەورەی دەوڵەتی ئەڵمانیای تیادا بوو ئامادە و رێکخران، (راتزل) (١٨٤٧-١٩٠٤) بە دامەزرێنەری قوتابخانەی جیوپۆلیتیکی ئەڵمانی دادەنرێ لای وابوو کە دەوڵەت زیندەوەرێکی ئۆرگانی بە جووڵەیە هەرکات زانی فراوان بوون پێویستە فراوان دەبێت.

(١) ابن خلدون، المقدمة، داراحياء التراث العربي، بيروت، ل ١٧١.



PDF 4 KURD

هەروەها (کیلین)(١٨٦٤-١٩٢٢) وا دەبینێ کە فراوان بوونی دەوڵەت کارێکی پێویستە وە رووبەری بە جەستەی دەوڵەت شوبهاند و پایتەختیش بە دڵی دەوڵەت، وە بەندەر، بەسی یەکانی وە رووبارو رێگاو بانەکان بە خوێن بەرو خوێن هێنەرەکانی.[2]

لە بەر رۆشنایی ئەمەدا(جیوپۆلیتیك) وای لێهات کە بە تەواوی دوورکەوتەوە لەو(جوگرافیا سیاسی)یەی کە بایەخ دەدات بە توێژینەوەی دەوڵەت لە چوارچێوەی شوێنە(پێگە) جێگیرەکەیدا و لە سایەی بەهێز کەرە جوگرافییەکانیدا کە هەیەتی، هەروەها (جیۆپۆلیتیك) رووی کردوە توێژینەوەی ئەو شتانەی کە پێویستە دەوڵەت لە سەری بێت[3]، کە واتە (جیۆپۆلیتیك) وەکو قەوارەیەکی جێگیر ناڕوانێتە دەوڵەت بەڵکو وەکو قەوارەیەکی زیندووی بەبزاڤ تییێ دەڕوانێت هەر کاتێك کە بارودۆخە کە پێویستی بە پێداویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کرد.

جێبەجێکردنی زانستیانەی چەمکەکانی جیۆپۆلیتیك پێوێستی بە پشت بەستنەبەو(هێز)ەی کە بریتی یە لە توانا سروشتی و مرۆییەکان و باش بەکار هێنانیان لە ژێر سایەی گەشە سەندنە زانستی و تەکنیکیەکاندا، لەبەر ئەوە جیۆپۆلیتیك چەمکێکە پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی بنیادنانی هێزی بنەڕەتی دەوڵەت و شێوازی ئاراستە کردن و بەرهەمهێنانی ئەم هێزە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا[4] لەم چوارچێوەیەدا رۆڵی ئایدیۆلۆژیا دەردەکەوێت لە پەرەپێدانی هێزو ئاراستە کردنیشیدا، بەڵام هەندێك وا دەبینن کە(هێز) هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت، هەندێکی تر وادەبینن کە هێز هۆکارو ئامانجە بۆیە بەردەوام ئەم خاوەن بۆچوونانە هاندەدرێن بۆ زیادکردن و پەرەپێدانی ئەم هێزە بە مەبەستی بەرگری کردن و دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی بنەڕەتی.

## قوتابخانە جیۆپۆلیتیکەکان

توند کێبەرکێی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵات و ئەفریقیا و ئەو کێشانەی کە ئەم کێبەرکێیە دروستی کردن لە نێوان دەوڵەتە مەزنەکان دا بواری فراوانی بۆ بایەخدان بە جیۆپۆلیتیك و قوتابخانە جیۆپۆلیتیکیەکان، رەخساند نەك تەنها لە سەر ئاستی

(٢) امين محمود عبدالله، في اصول الجغرافية السياسية، قاهيره، ١٩٧٧، ل٣٠٤.

(٣) محمود الديب، الجغرافية السياسية، مكتبة الانجلو المصرية، قاهيره، ١٩٧٦، ل١٨.

(٤) جەزا توفيق طالب، الجيوپوليتيك و بناء القوة الذاتية، مجله گولان العربی، ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٧، ل٥٦-٥٧.

دامەزراوە ئەکادیمیەکان بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازیش. ئەمە هاندرا لەسەر پشت بەستن بە درێژەکێشان و فراوان بوون وەك بنەمایەك بۆ مانەوە و پێکەوەنانی هێزێکی بنەڕەتی بۆ پارێزگاریی کردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان ئەمەش وای لە کێبەرکێکە کرد لەسەر داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی پێگەی ستراتیجی بێت وەك هۆکارێك بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە بەربلاوەکانی دەوڵەتان.

هەندێ لە ئاراستەکان لە جیۆپۆلیتیك دا هەرزوو دەرکەوتن کە بانگەشەی فراوان بوون و درێژەکێشانی شوێنی، دەکات بەو بڕواو بۆچوونەی کە(زەوی-خاك) بنەمای هێزە وەبیردۆزەی(دڵی زەوی) ی ماکندەر(١٨٦١-١٩٠٧) ئەو بنەمایە بوو کە ئەم ئاراستانە تیایدا بەیەك گەیشتن، بە تایبەتی ئەڵمانیەکان کە بانگەشەی بە هێزکردنی پەیوەندییان دەکرد لەگەڵ هەریەك لە ژاپۆن و چین و هیند و یەکێتی سۆڤیەتی جاران دا بۆ دۆزینەوەی هێزێك کە بتوانرێ سیاسەتی جیهان پێ ئاراستە بکرێت.

خاوەنەکانی ئەم قوتابخانەیە لە جیهانی دێرین دا دوورگەیەکی یەك پارچەیان دۆزییەوە کە ٧/٨ ی کۆی گشتی دانیشتووانی جیهانی تیادا بوو و پێیان ووت(دوورگەی جیهان) وە(دڵ)ی ئەم دوورگەیەیان دانا بە کلیلی دەست بەسەراگرتنی جیهان وە(ماکندەر) گۆڕانکاریی بەسەر ئەم بیردۆزەیەدا هێنا لە دواییدا.(٥)

فرید ماهان(١٨٤٠-١٩١٤) رایەکی تری هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە هێزی دەریایی دەتوانێ بنەما بێت لە هێزدا هەروەها لە ئاراستە کردنی سیاسەتی جیهانیدا، وە رایەکێش لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیدا کە رۆژ لێی ئاوا نابێت نمونەیەکە لەم بابەتە وجەختی کردەوە لەسەر پێویست بوونی نزیك بوونەوەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا و ژاپۆن بۆ پێك هێنانی پشتێنەی ئاسایشی بۆ بەرەنگار بوونەوەی لە یەکتر نزیك بوونەوەی(چینی-ڕوسی)(٦)

بەڵام گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای سەربازیی وە بە تایبەتی لە هێزی هەوایی(ئاسمانی دا ئاراستەکانی پێشووی جیۆپۆلیتیکی لاواز کرد، (سەفەرسکی) هێزی هەوایی بە توخمێکی کۆتا هێنەر(حاسم) دانا لە کێشە نێودەوڵەتیەکان دا(٧)

---

(٥) محمد ازهرالسماك، الجغرافیه السیاسیه، مدیریه دارالنشر، زانکۆی موسڵ، ١٩٨٨،ل٣٨٧.

(٦) امین محمود عبدالله، فی اصول الجغرافیەالسیاسیه، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧.

(٧) محمد عبدالغني سعودي، الجغرافیة والعلاقات السیاسیة الدولیة، دارالرائد للطباعة، زانکۆی کویت، ١٩٨٢، ل ٣٢٨.



بەڵام تیپێکی تر رایان وابوو کە پێویستە هەرسێ هێزەکە (زەمینی، دەریایی، هەوایی) کۆ بکرێنەوە وەك ریبازێك بەرەو دەست گرتن بەسەر جیهان دا.

لەگەڵ دەرکەوتنی هێزی ئەتۆمی و جەنگی هەسارەکان دا و بڵاو بوونەوەی چەکی کۆکوژ، جیۆپۆلیتیکیەکان چاو پیاخشاندنەوەیان ئەنجام دا بەسەر گشت ئەو ئاراستانەدا، وە دەوڵەتە مەزنەکان هاندران بەرەو گۆڕانکاریی لە ستراتیژیەت(بنیادنانی هێز)دا توندوتۆڵ کردنی بۆ بانگەشەی(دامالینی چەك) و ئاگادار کردنەوە بۆ بەکارنەهێنانی چەکی: (ئەتۆمی و کیمیاوی و بایۆلۆژی)، بەواتایەکی تر پەنابردن بۆ چارەسەری کێشە جیهانیەکان بە رێگای ئاشتیانە دوور لە بەکار هێنانی هێز ئەمەش سەر لە نوێ جیۆپۆلیتیکی گێڕایەوە بۆ باوەشی جوگرافیای سیاسی.

لەسەر بنەمای ئەوانەی پێشەوە(هێز) هەتا کاتی کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی جیهانیش، توخمی کۆتا هێنەر بوو بۆ گشت کێشەکان کە دەوڵەتان بۆی تێدەکۆشان بۆ بەدەست هێنانی ئاسایش و سەقامگیریی وە لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنیکی بازاری سەربازیدا، دەوڵەتە مەزنەکان لە کێشە راستەوخۆکانیان دا دوور لە هێڵەکانی بەر یەککەوتنی گۆڕان بۆ ناوچەکانی تری جیا لەو ناوچانەی باسکران، بەڵام هەر چۆنێك بێت دوور نەبوون لە پشتگیریی کردن لەو کێشانەدا کە پێیان دەووترا(جەنگی سارد)، بەڵام ئەمە جێبەجێ نەدەبوو بەبێ پێشبڕکێی خۆ پڕ چەككردن و ئارەزووی گەیشتن بەدەسەڵات و دروست بوونی دوو جەمسەری رکابەری یەکتریی کە بریتی بوون لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی جیهانی ئاراستە دەکەن هەر یەکە بە پێی بۆچوونەکانی خۆیی و ئەو شتانەی کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەکات.

لە ئەنجامی بەردەوامی کێبەرکێ و سەرخستن لە دروستکردنی (هێز)دا زلهێزەکان ناچار بوون بانگەشەی وەستاندنی خۆ پڕ چەككردن بکەن و چەکە کۆکوژەکان لە ناو ببەن ئەمەش کۆتایی پێهات بەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنها بووە شۆڕەسواری ئاراستەکەری سیاسەتی جیهانی.

**جیۆپۆلیتیك و دروست بوونی دەوڵەت**

ئەوەی کە گرنگە لە دامەزراندنی دەوڵەت دا بوونی زەوی(خاك)ە کە دەوڵەت لەسەری دادەمەزرێ، ئنجا گەل کە پەیوەندیی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت لەگەڵ دان پیادانانی



PDF 4 KURD

نێودەوڵەتی کە بوون و بەردەوامی دەوڵەت مسۆگەر دەکات هەروەها دەبێ بنەمایەکی دیاریکراو هەبێت تا دەوڵەت لەسەری دابمەزرێت لەگەڵ هزرێکی روون وئاشکرا کە بوونی دەوڵەتەکە بسەلمێنێ وکار بکات بۆ پارێزگاریی کردنی و زاڵ بوون بەسەر کێشەکانیداو وا لە دەوڵەت بکات کە مۆرك و خەسڵەتی رەسەنی جیا لە دەوڵەتانی تری پێ ببەخشێت.

وە لە بەڵگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت: هۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتین وە بەبێ بەڵگەکانی دامەزراندنی، دەوڵەت، دەوڵەت لێك هەڵدەوەشێت و دەروخێت یان دەوڵەت ناچار دەبێت هێز بەکار بهێنێت تا خۆی بگرێ و بە چاکی دروست ببێت، هەڵبەت (یەکێتی یۆگۆسلافی) نموونەی ئەو دەوڵەتەیە کە دروست بوو لەسەر بنەمای چوونە پاڵ یەکی زۆر لە هۆزو نەتەوەکان بەبێ لێکدانەوەی هەست و نەست و بۆچوونەکانیان لەبەر ئەوەی بە خێرایی یەکەم هەلی خۆ رزگار کردنیان قۆستەوە لە پێش دا ئەمە روویدا لەگەڵ گەلانی ئیمپراتوریەتی عوسمانیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا وەپاش ئەوە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران دا.

بیرۆکەی دەوڵەت لە دەرەوە دێت، کۆمەڵێ نموونەی زۆر هەن لەم رووەوە بریتین لە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی سیاسی جیهان پاش هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و دروست بوونی دەوڵەتانی نوێ لە رێ ی پەیمان و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە کە لایان دابوو لە ئارەزووە دیاریکراوەکانی گەلان یان بیرۆکەی دەوڵەت لە ناوخۆوە دێت بە جۆرێ کە ئەم دەوڵەتە نوێ یە لەسەر بنەمای ناوکێکی ناوەندی دادەمەزرێ و ئنجا پلەبەپلە فراوان دەبێت وە توێژینەوە یەك کە هەریەکە لە(پۆندس و بۆڵ-Ponds and Boll) پێ ی هەستان ئاماژە دەکات بە(٢٥) دەوڵەتی ئەوروپی کە پلەبەپلە گەشەیان کرد گوایا لەسەر بنەمای(ئابووری-بازرگانی)[٨] دامەزرابوون، دەوڵەت هەن، بە دەوڵەتی دوورە پەرێز(گۆشەگیر) ناو دەبرێن بریتین لە یەکەی بچووك دەوڵەتانی گەورەتر لە خۆیان لێك جیادەکەنەوە[٩].

نمونەی وەکو ئەمە لە پاش روودانی یەکەم و دووەم جەنگی جیهانی دەرکەووتن بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو گرژیی و ئاڵۆزییەی کە دروست دەبن لە نێوان هەندێك دەوڵەتدا.

(٨) عبدالرزاق عباس حسين، الجغرافيه السياسيه، چاپخانەی اسعد، بەغداد، ١٩٧٧، ل٥٩.

(٩) محمد ازهرالسماك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.



**دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی**

عێراقی ئێستا بەهەر سێ ویلایەتەکانیەوە(بەسرە، بەغداد، موسڵ) ملکەچی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو تا ساڵی(١٩١٧) کاتێ هێزەکانی بەریتانی هاتنە ناو سنووری وڵاتەوە ونزیك بوونە وەلە شاری موسڵ، پێش بەستنی رێککەوتن لەسەر شەڕ راگرتنی(پێش وەختە) لە ساڵی(١٩١٨)دا لە نێوان هێزەکانی بەریتانی و عوسمانیەکان دا، وە ئینگلیزو فەرەنسیەکانیش پێشتر ناوچەی رۆژهەڵاتیان بەشکردبوو بەپێی رێککەوتنی(سایکس پیکۆ- ساڵی ١٩١٦)، ویلایەتی (بەسرە و بەغداد) بۆ ئینگلیز بوو، ویلایەتی (موسڵ) دانرا بۆ فەرەنسا.

وە لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتی عێراقی دامەزرا لە هەردوو ویلایەتی (بەغداد و بەسرە) وەك دەستپێکردنی دانانی یەکەم حکومەت لە وڵات دا کە حکومەتی(عەبدورەحمانی نەقیب بوو ساڵی-١٩٢٠)و کۆتایی هات بە راگەیاندنی(فەیسەڵ) بە پادشای عێراق ساڵی ١٩٢١، هەروەها ئینگلیز راستەوخۆ عێراقیان بەڕێوە دەبرد هەرلە داگیرکردنیانەوە تا کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی عێراقی بە هەردوو ویلایەتی (بەغداد و بەسرە) وە بە فەرمانڕەوایی یەك لە دوای یەکی(مۆد، ولیەم مارشال، کۆکس، ولسن) وەك نوێنەرانی بەریتانیا لە وڵات دا وە ویلایەتی(موسڵ) نەلکێنرا بە دەوڵەتی عێراقەوە تا کۆتایی ساڵی(١٩٢٥)[١٠]

پاش ئەوەی(ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان- **مجلس عصبەالامم**) بڕیاری لەسەردا وە لە سەر راسپاردەکانی لیژنەیەکی نێردراو لە لایەن ئەم ئەنجوومەنەوە بڕیار درا لەسەر چارەسەری کێشەکە و ویلایەتی موسڵ خرایە سەر دەوڵەتی عێراق. رووداوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا رۆڵی کاریگەرییان بینی لە خستنە پاڵی ویلایەتی موسڵ دا بۆسەر دەوڵەتی عێراق، لەو کاتەوە کە بەریتانیا وای لە فەرەنسا کرد تا واز لەم ویلایەتە بهێنێ هەروەك چۆن رەزامەندیی تورکەکانیشی وەرگرت بەرامبەر بە پێدانی بەشێك لە نەوتی عێراق و ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی بچووك لە سنوورەکاندا، لە لایەکی ترەوە بەریتانیەکان پشتیان بەست بە سووکایەتیکردن بە عێراقیەکان لە(کێشەی موسڵ)دا و هەڕەشەیان لێکردن بە رازی بوون بە پەیمانی ساڵی(١٩٢٦) بە بێ بەرامبەر ئەگەر نا ئەوا بەریتانیەکان هاوکاری عێراقیەکان ناکەن لە کێشەی موسڵ دا، هەردوو حیزبی کرێکاران و

(١٠) منتشا شفيلى، العراق فى سنوات الانتداب، وەرگێرانی: هاشم تکریتی، چاپخانەی زانکۆی بەغداد، ١٩٧٨، ل٤٣٢.

سەربەستان(العمال و الاحرار)ی بەریتانی دژی حكومەتی بەریتانی وەستان لە فراوانكردنی پابەندبونە كانیدا لە بەرامبەر بە عێراق لەبەر رۆشنایی پەیمانی ساڵی(١٩٢٦)دا وە هەرەشەیان لەو راسپاردەیە كرد كە تایبەت بوو بە لكاندنی ویلایەتی مووسڵ بە توركیاوە.[١١]

لە لای من چاكی و نەمریی بەریتانیەكان و تەنانەت بەرپرسە عێراقیەكانیش پیّ ی نەزانرا ئەو كاتە دەوڵەتی عێراق سنوورەكەی درێژدەبۆوە بۆ زیاتر لە سنوورەكانی هەردوو ویلایەتی بەغدادو بەسرە، و بەڵگەنادەم لەسەر ئەوە كە پەیمانی(سایكس پیكۆ) ی ئاماژەی پێكراوە، ناوەرۆكی هەبوو لەسەر ئەوەی كە ویلایەتی موسڵ دەبیّ بۆ فەرەنسا بێت بەڵام هەردوو ویلایەتی(بەغدادو بەسرە) بۆ ئینگلیز بێت، بەڵكو(تالیب ئەل نەقیب) كە یەكیّ بوو لە بەهێزترین پالێوراوەكانی سەرۆكایەتیكردنی دەوڵەتی عێراقی، ئارەزووی دەكرد ئیمارەتێكی عەرەبی لە عێراق دا بمەزرێنیّ كە ویلایەتی بەسرەو دەوروبەرەكەی بگرێتەوە.

وە ئینگلیزەكان كە عێراقیان داگیركرد بەشی باشووری وڵاتیان دانا تا سەربە بەرێوەبردنی هیندی لە(بۆمبی) بیّ[١٢] وە بەریتانیەكان ئەوكات وایان دانا بوو كە عێراق لە بنەرِەتدا پێك دێت لە: (عێراقی عەرەبی)و (عێراقی عەجەمی) وەلێژنەی نێردراو لە لایەن كۆمەڵی نەتەوەكانەوە بۆ چارەسەری كێشەی ویلایەتی موسڵ جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە عێراقی عەرەبی سنوورەكەی لای باكورەوە لە ناوچەی چیای حەمرین تێناپەرِیّ وە ئەتڵەسی مێژوویی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٩١٣ عێراقی دیاری كرد بە هەریەك لە ویلایەتی بەسرەو بەغداد[١٣]

لێژنەكە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوی بەدەست هێنا:[١٤]

عێراق سنوورەكەی لە هێڵی (تكریت) لەسەر رووباری (دیجلە) و(هیت) لەسەر رووباری (فورات) تێناپەرێت.

كشت نووسراوو سەرچاوە جوگرافیەكان، ئەوە دەرناخەن كە رۆژێك لە رۆژان ویلایەتی موسڵ بەشێك بوو بیّ لە وڵاتی عێراق.

---

(١١) احمد رفیق البرقاوی، العلاقات السیاسیه بین العراق وبریطانیا، دارالرشید للنشر، بەغداد، ١٩٨٠، ل١٠٥.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

(١٣) تقریر عصبة الامم لسنة ١٩٢٥(مسالة الحدود بین تركیا والعراق) چاپخانەی حكومەت، بەغداد، ل ٢٤.

(١٤) خلیل اسماعیل محمد، كردستان فی ضوء تقریر عصبة الامم لسنة ١٩٢٥، مجلة گوڵان العربی، هەولێر، ژمارە ١٨ی ساڵی١٩٩٨.



PDF 4 KURD

## جیۆپۆلیتیك و دەوڵەتی كوردی

لە وانەی پێشووەوە دەردەكەوێت كە:

ویلایەتی موسڵ یان (هەرێمی كوردستانی عێراق) كە لەم دواییەدا وەك زاراوەیەك لێی نراوە، دوای جیاكردنەوەی لە كوردستانی عوسمانی بەشێك نەبووە لە عێراق بە هیچ جۆرێك وە هەروەها(بەشێك)یش نییە لە دەوڵەتی توركی پاش واژۆكردنی دەوڵەتی توركی لەسەر رێككەوتنی ساڵی(١٩٢٦) داو واز هێنانی لەم ناوچەیە.

لكاندنی ئەم بەشەی كوردستان بە(عێراق)ەوە لەسەر بنەمای ئارەزووی دانیشتوان و خاوەن بەرژەوەندییە رەواكان نەبووە بەڵكو بە پێی هیوای بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا بووە، هەر ئەمەش بوو وای لە بەریتانیەكان كرد فشار بخەنە سەر فەرەنسا تا واز لەم ویلایەتە بهێنیّ لە بەرژەوەندی بەریتانیادا.

حكومەتی بەریتانی پێشان بەڵێنی بە كوردەكان دا بۆ پێدانی سەربەخۆیی یان تەنانەت دەوڵەتیشیان بۆ دابمەزرێنیّ بەڵام پەشیمان بۆوە لە پەیمانەكانی لە پێناو دابین كردنی بەرژەوەندییەكانی خۆی لە ناوچەكەدا.

لەبەر رۆشنایی توێژینەوە جیۆپۆلیتیكیەكان دا بۆ دروست بوونی دەوڵەت دەركەوتنی هەر یەكەیەكی سیاسی بە هۆكارو هێزو پاڵنەرە دەرەكیەكان و لەسەر حسابی بەرژەوەندییە رەواكانی دانیشتووانی ئەو یەكە سیاسیە بێت، ئەوا ئەم یەكە سیاسیە تەمەنی زۆر درێژ نابیّ وە بە نەمانی ئەو هۆكارەو هێزو پاڵنەرە دەرەكیانە نامێنیّ وە نموونەی زۆرمان لەم بابەتە هەیە: (یەكێتی یوگۆسلاڤی)، (یەكێتی سۆڤیەت)، (دەوڵەتی لوبنان) و تەنانەت (ئسرائیل)یش.

وە لێرەدا بابەتی لكاندنی كوردستانی عێراق جارێكی تر بە دەوڵەتی عێراقیەوە هیچ بیانوویەكی بۆ نەماوە بە نەمانی هۆكارە دەرەكیەكان كە هەبوون وە هەرێمی كوردستان لە بارودۆخی چارەسەركردندا مایەوە لە بەردەم دانیشتووانی هەرێمیشدا ئەوە دەچێنێت كە باس لە جیابوونەوە بكریّ لە شێوازی ئەو فەرمانرەواییەدا كە ئارەزووی دەكەن دوور لە پاڵەپەستۆو فشارە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان ئەم بەرپرسیارێتیەش دەكەوێتە سەرشانی بەرپرسانی پەیوەندیدار بە چارەنووسەوە لە هەرێم دا لە دابینكردنی هەل و مەرج و كەش و هەوا گونجاوەكان بۆ وەرگرتنی رای گشتی دانیشتوانی هەرێم تا رای خۆیان دەربرِن و برِیار بدەن لەسەر دیاریكردنی چارەنووسیان.

# پەیمانی سیڤەر ساباتی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کوردی

یەکەم جەنگی جیهانی بووە مایەی بە دەست بەدەرخستن چەند دەرئەنجامێك, لایەنێك لەو دەرئەنجامانە بریتی خۆی لە:

گۆڕانکاریی فراوان لە نەخشەی سیاسی جیهاندا, سەر لە نوێ دیاریکردنەوەی سنورەکانی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان لە نێوانیاندا دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنوورەکانی نێوان (عێراق و تورکیا) دیاری کران، سنوورەکانی نێوان (عێراق و ئێران) جێگیرکردنی پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی (١٩٢١) دا, دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، کوردستانی (عوسمانی) لە نێوان هەریەکە لە (تورکیا و سوریا و عێراقدا) دابەشبوو، بەم شێوەیە پەردە لەسەر یەکەم پەیمانی نێودەوڵەتی هەڵدرایەوە کە دانی بە مافی کورد دانا لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆدا لەسەر خاکەکەی ئەویش پەیمانی(سیڤەر) بوو.

پاش نەمانی تەمومژی یەکەم جەنگی جیهانی، گەلی کورد بڕوای هێنا بەوەی کە بە هەمان شێوەی گەلانی دراوسێیان مافیان هەیە لە دامەزراندنی قەوارەی سیاسیدا بە سوود وەرگرتن لە ئاراستەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و بانگەشە کردنەکانیان لە رزگارکردنی ئەو گەلانەدا کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوون، هەر ئەمەش بوو هانی هاوپەیمانانی دا بۆ چاوخشاندنەوە بە رێککەتننامەی(سایکس پیکۆ)ی ساڵی ١٩١٦ دا.

لە بەر رۆشنایی ئەمەدا نوێنەری باڵای بەریتانی لە عێراقدا پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی شێخ مەحمودی نەمر لە شاری سلێمانی راگەیاند و لە کۆتایی ساڵی (١٩١٨) دا, مێجەر (نوئێل)ی وەك راوێژکار بۆ شێخی نەمر دیاریکرا, بەڵام حکومەتی بەریتانی خۆی پابەندی پەسەندکردنی هیچ شێوە قەوارەیەکی سیاسی بۆ گەلی کورد نەکرد، ئەمەش وەك بڕوایەك بە پێویستی هەبوونی پەراوێزێك تا لەسەر بنەمای ئەم پەراوێزە حکومەتی بەریتانی بتوانێت کۆ نترۆلی رووداوەکاندا بە گوێرەی پێداویستیەکانی قۆناغەکەو بە دەستهێنانی ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە یەکەم هەنگاو لە زنجیرەی گۆڕینی هەڵوێستی بەریتانیدا، دیاریکردنی (مێجەرسۆن) بوو لە شوێنی(نوئیل) وەك فەرمانڕەوا لە سلێمانی و داماڵینی شێخی نەمر بووە



PDF 4 KURD

لە دەسەڵاتەکانی، بەمەش شێخ لە ساڵی (١٩١٩)دا شۆڕشی راگەیاند و بە دوور خستنەوەی شێخ بۆ وڵاتی(هیند) شۆڕشەکەشی کۆتایی پێهێنرا.

بایەخدانەکانی بەریتانیەکان لە دامەزراندنی (کوردستانی سەربەخۆ)دا و لە ژێر پاراستنی بەریتانیدا بۆ کارکردن لە پێناو لکاندنی (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی نوێی عێراقیەوە گۆڕا، ئەم کارە ستراتیژییە، نوێنەری باڵای بەریتانی ئەوکات مستەر(وڵسن) هەر لە ساڵی (١٩١٨)ەوە خستیە سەرشانی خۆی، بە تایبەتی پاش فراوان بوونی دۆزینەوەی نەوت لە ویلایەتی موسڵ دا، ئەمەش هانی بەریتانیەکانی دا. لە کۆنگرەی (سان ریمۆ)ی ساڵی (١٩٢٠)دا پەیمانی (سایکس پیکۆ) هەموار بکەن و داواش لە وڵاتی فەرەنسا بکەن تا موسڵ بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا، بەم شێوەیە بەریتانیا توانی بە یەك بەرد لە دوو چۆلەکە بدات، ئەمەش بە دڵخۆشکردنی واز بهێنێ لە ویلایەتی سەرکردایەتی کورد بەو بەڵێنانەی کە پێی دەدات لە دانانی قەوارەی کوردی وەك چارەسەرو تێکۆشان تا نەکەونە ناو باوەشی تورکەکانەوە لە لایەك، وە دابینکردنی ناوچە شاخاوییەکانی کورد بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بە ئامانجی باش دەست بە سەراگرتنی لە داهاتوودا و وازهێنان لە گشت بەڵێن و پابەندبوونەکانی لە لایەکی تر. پەیمانی (سیڤەر) کە لە (١٠/٨/١٩٢٠)دا جێبەجێ مۆرکرا لە دایکبووی ئەو گفتوگۆ درێژخایەنانەبوو کە لە کۆنگرەی (ئاشتی)دا لە شاری (پاریس) لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩١٩) ئەنجامدرا لەبەر رۆشنایی پەیمانی (سان ریمو) لە نیسانی ساڵی (١٩٢٠)دا، دەکرێ کە پەیمانی (سیڤەر) بە یەکەم (داننان) نێودەوڵەتی دابنرێ بۆ گەلی کورد لە دانانی قەوارەی سیاسی سەربەخۆدا لەسەر خاکەکەی کە بریتی یە لەم بەندانەی خوارەوە:

بەندی (٦٢) کە ئاماژە دەکات بە دانانی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردان کە لە رۆژهەڵاتی رووباری (فورات)ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ باشووری ئەرمینیا و باکووری سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و سوریادا تەماشای نەخشەی هاوپێچکراوەکانی ناو توێژینەوەکە بکە.

بەندی (٦٣) کە ناوە رۆکەکەی رەزامەندیی تورکیا نیشان دەدات لەسەر بەندی (٦٢)

بەندی (٦٤) تایبەتە بە پابەندکردنی حکومەتی تورکی بە دان پیانانی قەوارەی کوردی سەربەخۆدا ئەگەر دانیشتووانی ناوچەکە ئارەزووی ئەوەیان کرد، لەگەڵ رازی بوونی دەوڵەتانی هاوپەیمانان لەسەر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی کوردی ناوبراوە وە.

هەر چەندە کە پەیمانی (سیڤەر) دەوڵەتی کوردی بەڵێندراوی دیاریکرد بە پارچە خاکێکی بچووك کەمترە لە رووبەری نیوەی کوردستانی تورکیا بەڵام هاوپەیمانان لە مەدا هەستیان بە

مەترسی کرد بۆسەر بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا لەبەر ئەوەی هەر خێرا وازیان لێهێناو تێکۆشان بۆ هەموارکردنی بەندەکانی پەیمانی(سیڤەر) لە پەیمانی(سمیت)دا بە پەیمانی(لۆزان)ی ساڵی(١٩٢٣) بەڵام کۆنگرەی قاهیرە کە لە ئازاری ساڵی(١٩٢١)دا بەستراوە پەیمانی(سیڤەر) هێشتا ووشك نەبووبۆوە، چاوی پێداخشێنرایەوە هەر کاتێك هاوپەیمانان بڕیاری خۆیان دا لەسەر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە لەگەڵ کارکردن بۆ دیاریکردن(بچووککردنەوە)ی قەوارەی حکومەتی کوردی لە کاتێکدا کە کورد پێش یەکەم جەنگی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) لە کێشەدا بوو لەگەڵ (عوسمانییەکان) و (ئێرانیەکان) دا بە ئامانجی دان نان بە بوونی کورددا و بڕیاردان لەسەر ڕەوایی داواکانیان، پاش ڕوودانی جەنگ کەوتنە کێشەوە لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمیەکان و هاوپەیمانەکان دا پێکەوە، ئەمە سەرەڕای پێویستی کورد بە ستراتیژییەکی ڕوون و سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو.

**پەیمانی سیڤەر...... وانە و پەند.....**

زۆر کەس دەربارەی پەیمانی (سیڤەر) و بایەخە سیاسیەکەی لە ڕێڕەوی بزوتنەوەی کوردی دا نووسیویانە هەروەك(لازاییف) دەبارەی پەیمانی سیڤەر ووتی: ئەم پەیمانە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتیانەدان دەنێت بە بوونی کێشەی کوردیدا وەکو بابەتێکی جیاو سەر بەخۆ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەری جوگرافی قەوارەی کوردی لەو پەیمانەدا کەمتر بوو لە(١٧٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری کوردستان ئەم پەیمانە زۆر ناوچە دادەبڕێ لە ویلایەتەکانی باکووردا وەکو(ئەرزڕۆم-وان-بەتلیسی) هەروەها ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری فورات وەکو(ماردین، جەزیرە، ئۆرفە، عینتاب...) بەم شێوەیە پەیمانەکە خۆی لە بەش بەش کردنێکی تری خاك و گەلی و کوردستان دا دەنوێنێ.

لە دەرئەنجامەکانی ئەم پەیمانە سوود بینینە لە دەرخستنی ڕۆڵی ئەو گۆڕاوە سیاسیانە و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیانەی ئەو کات کە لە ناوەڕۆکە تایبەتەکانیان دا هیچی تیا نەبووە سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد.

دروستبوونی قەوارەی کوردی لەوڕۆژەدا لە بۆچوونی دەوڵەتانی دراوسێدا گوایا دەبووە مایەی پێکهێنانی کێشەی سیاسی و نەتەوەیی بۆیان، هەمان هەڵوێستیان هەبوو لە بەرامبەر بوونی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، هەروەك چۆن بەریتانیەکان و ئەمریکیەکان ستراتیژییان ئەوە بوو کە خۆیان تووشی پێکهێنانی قەوارەی کوردی نەکەن لەبەرئەوەی ئەم کارە تووشی بەرەنگار



بوونەوەیان دەکات لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دا وە بارودۆخی ئێستای ناوچەکەش بەشێوەیەکی زۆر باش خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات.

لە لایەکی ترەوە هەریەك لە تورکەکان و بەریتانیەکان گرەویان دەکرد لەسەر هەست و هۆشی نەتەوەیی کورد ئەمەش لەبەر بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بوو وە لەگەڵ پەرەسەندنی هێزی تورکی و پاش سەرهەڵدانی(کەمال ئەتاتورك)و داواکارییەکەی بۆ ویلایەتی موسڵ، بەریتانیا تێدەکۆشا بۆ هەڵئاوساندنی هەست وهۆشی نەتەوەیی کورد و بۆی دەردەبڕین کە قەوارەی سیاسیان بۆ دادەنێ بەڵام لە کاتێکدا دەیویست لە تورکەکان نزیك ببێتەوە ئامادە بوو خۆی لابدات لە گشت ئەو پرۆژانە کە بە دڵی تورکەکان نەبوو لە بەرامبەر مسۆگەریی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دا لە ناوچەکەدا بە هەمان شێوەی تورکەکان لە ماوەی جێگیرکردنی دەسەڵاتیان دا وایان دەردەبڕی کە وڵاتی تورکیا وڵاتی تورك و کوردانە بە هاوبەشی تەنانەت نەك ڕوویان تێنەکردن بەڵکو پشتیان تێکردن و بوونە دڵڕەقترین کەس بۆیان.

گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان و سروشتی پەیمانە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان، ڕەهەندەکانی خۆیان پێچەوانە کردوە لەسەر ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن لە پیادا چوونەوە بە پەیمانی(سیڤەرا)دا وە بە وازهێنانی بەریتانیا لە پابەند بوونەکانیان بەرامبەر بە گەلی کورد لە بەرامبەر ڕازی بوونی تورکەکاندا لەسەر وەستاندنی خۆ نزیککردنەوە لە سۆڤیەت کە پێکەوە هەردوو پەیمانی ساڵی (١٩٢٠)و(١٩٢١) یان گرێ دا وە بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی نوێ ی عێراقیەوە.

بەم شێوەیە ڕووداوەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دا هاوڕێ(دۆست) ی هەمیشەیی و دوژمنی هەمیشەیی نیە بەڵکو تەنها بەرژەوەندییە هەمیشەییەکان.

# جوگرافی ناسان و ئایندەی کێشەی کوردی لە عێراقدا

کێشەی کوردی ئەمڕۆ لە عێراقدا بە قۆناغێکی مێژوویی کاریگەردا تێدەپەڕێ بە درێژایی مێژوویی خەبات و تێکۆشانی، هەرلە پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقیەوە تا ڕۆژی رووخاندنی لە نیسانی ساڵی(٢٠٠٣)دا، بایەخی ئەم قۆناغە لە دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا سەر لە نوێ خۆی دەنوێنێ لەگەڵ کارکردن بۆ دانانی بنەما بەهێزکەرەکانی ئەم بنیادنانە، پاشان کێشەی کوردی لە یەکەمین نەخشە کێشانەکانی ئەم بنیادنانەوەی نوێی دەوڵەتی عێراقی دەبێ، بەم شێوەیە کێشەیە کوردی بریتی دەبێت لەو هەلە رەخساوەی کە دەبێتە پێشەنگ بۆ بەخشینی باوەڕێکی زیاتر بە چوونە پێشەوە رەواکانی گەلی کورد لە بنیادنانی قەوارەی نەتەوەیی خۆیدا پاش چەندین ساڵ لە ئازار و ئەشکەنجە و راونان و کوشتار کە مرۆڤ و زەوی پێکەوە توشی بوون وە ئەو تێکۆشانە بە جۆشانەی ئەنجامدران لە لایەن رێکخراوە عێراقیەکانی ئێستاوە بۆ کۆتایی هێنان بە رۆڵی گەلی کورد لە عێراقدا و تواندنەوەی لە دەفری (نەتەوەی عەرەب)دا.

جوگرافیناسان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا ئەرکیان لەسەر شانە وەکو گشت هێزە کاریگەرە رۆشنبیرەکان لە سیاسیەکان و ئەکادیمیەکان کە دەبێ رۆڵیان هەبێ لە کرداری بنیادنانەوەی عێراقی نوێ دا، هەڵبەت لە دیارترین ئەرك کە دەکەوێتە سەرشانی(جوگرافی ناسان) دڵنیا بوونە لە نەژاد و رەسەنایەتی گەلی کورد لەسەر خاکەکەی و نیشتمانەکەی هەروەك چۆن ئەرکی دۆزینەوەی ئەو رەگەزە جوگرافییانەیان دەکەوێتە سەرشان کە نیشتمانی کوردستانی پێ جیا دەکرێتەوە و خەسڵەتە سروشتی ومرۆییەکانی دیاریدەکات وە ئەگەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆنداو وەکو دەردەکەوێت تا ئێستاش ئاڵۆزیی بێت لە چارەسەرکردنی کێشە سەربازی و سیاسیەکانی نێوان سەرکردایەتیەکانی کوردو دەسەڵاتە فەرمانڕەواکانی پێشوودا، ئەوا(کەرکوك) گوهەری ئەو کێشانەو بنەما بنەڕەتیەکانیەتی، لێرەوە ئەرکی سەرشان و بەرپرسیارێتی جوگرافی ناسەکان بەرجەستە دەبێ لە بەدواداچوونی مێژوویدا بۆ دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووانی هەرێم، ئایا لە رووی



PDF 4 KURD

کێشی(دیمۆگرافی) دانیشتووانەوە بێت یان باری راستەقینەی پێکهاتەی نەتەوەییان، بەتایبەتی لەو شتانەدا کە پەیوەندیی بە (کەرکوك)ەوە هەیە، ناوچەکانی(کوردە فەیلی یەکان) دەمێنێت کە بەشێکی زۆر هەستیارترە لە پێگەی کێشەی سیاسی ئەمڕۆدا لە نێوان سەرکردایەتیەکانی کوردو لایەنە کاریگەرەکانی ناو بەڕێوەبردنی عێراقی نوێدا، ئاشکرایە پێگەی جوگرافی ناوچەکانی کوردە فەیلییەکان بایەخی ستراتیژی خۆیان هەیە نەك تەنها لەبەرئەوەی کە ناوچەکە بە درێژایی سنوورەکانی(عێراق-ئێران) درێژ بووتەوە بەڵکو ئەم سنوورانە زۆریش نزیك دەبنەوە لە پایتەختی عێراق(بەغداد) ەوە، کوردە فەیلیەکان شوورەی پێشەوەی بزوتنەوەی کوردی پێکدەهێنن، هەر ئەمەش وای لێکردوون پێش خەڵکانی تر خۆڕاگربن لە بەردەم شاڵاوەکانی راگواستن و کۆچپێکردن و بەعەرەبکردندا.

لەبەر رۆشنایی ئەمەدا هەرلە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە، حکومەتی عێراقیەکان تێکۆشاون بۆ دانان و دارشتنی یاسای رەگەزنامەی عێراقی بە ئامانجی بێبەش کردنی ئەم توێژە(کوردەفەیلی یەکان) لە مافی بە دەستهێنانی رەگەزنامەی عێراقی بە بیانووی ئەوەی کە(لە بنەڕەت دا ئێرانین) وە پاشان چەندین شاڵاوی وەدەرنان(تسفیر) کرانە سەر هەزاران خێزانی کوردی فەیلی بۆ دەرەوەی خاکی نیشتمانی عێراق.

وە رۆڵی جوگرافی ناسان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەوە دەڕازێتەوە کە راستییەکانی بە کورد بوونی ئەم ناوچانە دەربخەن، بەو بڕوایەی کە بەشێکە لە نیشتمانی کوردی بەخاك وبە گەلەکەیەوە، لەبەر ئەوە لە ژێر سایەی رژێمی فیدراڵی چەسپاوی هەرێمی کوردستان دا وە بە پشت بەستنی سەرکردایەتیەکانی کورد بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەم قۆناغە کاریگەرەی کە کێشەی کوردی پیایدا تێپەڕ دەبێت، کوردەکان پشتیوانیەك بۆ خۆیان پێکدەهێنن لە بەهێزکردنی رۆڵی خۆیاندا تا لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوەکاندا ببنە بڵندگۆی گۆڕینەوەی بیروڕاو پێناسەی خەڵکانی تری جیا لە کورد دەربارەی داوا رەواکانی گەلی کورد ئەمەش لە رێگای کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانەوە کە ئەو جۆرە ناوەندانە دەتوانن هەڵسن بە ئەنجامدانیان ناوە ناوە، و دەبنە مایەی لە دایك بوونی بەرژەوەندی هاوبەش و گەیشتن بە بیرو بۆچوون و تێگەیشتنی یەکگرتووانە لە بەرامبەر کێشە چارەنوس سازە عێراقی و میسری و کوردستانیەکاندا، لە بەردەم جوگرافی ناسانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی هەن دەبێت هەر بەشداری راستەوخۆی تیادا بکەن بە تایبەتی کە ژووان(کات-موعد)ی کۆتایی هێنانی کارە جوگرافیەکان بەڕێوەیە، ئایا بۆ سەرژمێریی کردنی دانیشتووان

بێت کە لە ڕێی ئەم سەرژمێرییەیی کردنەوە ناوچە(سنوور)ی جوگرافی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێ لەگەڵ کێشی دیموگرافی دانیشتووانی کورد، یان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بێت کە ئەم سەرژمێریی کردنە دەبێتە بنەما سەرەکیەکەی وە پاشان کارا کردنی ئەم(بەرپرسیارێتی یە) دەکەوێتە سەرشانی هەردوو لای هاوکێشەکە: زانکۆ کوردستانیەکان بە پسپۆڕو شارەزا تایبەتمەندەکانیەوە لەگەڵ سەرکردایەتیەکانی کورد کە خاوەنی ئەرکەن لەم قۆناغە کاریگەرو کۆتا هێنەرەدا، لە مێژووی کێشەی کوردی دا لە عێراق دا وە مێژوو ڕەحم بە کەسیان ناکات لەم بەرپرسیارێتی یەدا یان لە تێپەڕ بوونی هەر لایەك بەسەر لاکەی تردا.

گومانی تیادا نیە کە یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنی(بەڕێوەبردن)ی هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاوێکی پێویستە بۆ کارا کردنی قۆناغە کە لەبەر ئەوەی ئەم یەکگرتنەوەیە یەکێتی بەدەست دەهێنێت لە هۆکارەکان و ئامانجەکان دا لە بەردەم تەم و مژی سەرتاسەریی خەڵکانی تر لە چین و توێژو کۆمەڵگا کاریگەرەکانی ئەو شتانەی کە زۆر لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی دەریان خستووە لە پێویست بوونی یەکگرتنەوەی هەردوو بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانی عێراق بەڵام دەبینم کە ناچارم بانگهێشت بکەم بۆ تێپەڕاندنی درێژەی بابەتەکانی ناو کۆبوونەوەکانی لایەنەکانی نێوان هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جەخت کردنەوە لەسەر بەرژەوەندییە بنەڕەتیە هاوبەشەکان لەم قۆناغەدا پێش ئەوەی کات بەسەرماندا تێپەڕێت.

ئەمە هەلەو ڕەخساوە، من وانا بینم کە تێگەیشتووتر بم لە سەرکردایەتیە تێکۆشەرەکانی کورد، بەڵام تەنها لە ڕەهایی و گووڕوتینی هاوڵاتیەکەوە کە لە خۆیدا ئەوە دەخاتە بەردەم کە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ڕزگار بوونی عێراقدا دەبینێ و وەکات ژمێرەکانی کۆتا هێنەریش نزیك دەبنەوە لە کێشەی کوردی لە سایەی گۆڕانکارییە خێراکاندا بێ ئەوەی هەردوو لایەنی کوردی بگەنە خاڵی کۆتایی هێنان بە هەڵوێستەکە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردو پاشە ڕۆژی بنیادنانی نەتەوەیی دا بۆ کوردستانی عێراق

# بەرزاییەکانی حەمرین: توێژینەوەك لە جوگرافیای سنوورەکان

## پێشەکی:

زاراوەی (حـەمرین) ئـەمڕۆ دروشمێکـە دەدرێ بەسـەر زۆر لـە دامـەزراوە و نووسـینگە و قوتابخانە و پێگە سەربازیی و مەدەنیەکان دا ئەم کارە رەنگدانەوەیەکی گرنگی خۆی هەیـە لـە لای گەلی کورد وە(حەمرین) لە بنەڕەت دا نـاوی ئـەو بەرزاییانەیـە کـە بەشـێك لـە سـنوورە سروشتیەکانی ناوچە شاخاوییەکان پێـك دەهێنێـت هـەروەك چـۆن سـنووری زەوییـە(دەشـتە نیشتووەکانی عێراقیشە.

هەڵبەت گرنگی ئەم بەرزاییانە تەنها لەوە وە نایەت کە سـنووری جیاکەرەوەیـە لـە نێـوان هەردوو ناوچەی شاخاوی و دەشتی نیـشتوودا بـەڵکو لەوەشـدایە کـە بـە درێـژکراوی ناوچـەی باشووری وڵاتی کورد(کوردستان) دادەنرێ.

هێشتا بەرزاییەکانی حەمرین بەشێکی گـرنگ لـە سـنوورەکانی پارێزگـای کـەرکوك پێـك دەهێنێت، هەروەك چۆن بەشێك بوو لە سنوورەکانی نێوان هەردوو ویلایەتی بەغداد و موسـڵ. لەبەر ئەوە(بەرزاییـەکانی حـەمرین) بایـەخی تایبـەتی هەمیـشەیی خـۆی هەیـە لـە بابـەتی جوگرافیای سنوورەکاندا ئەمـەش نـاوەڕۆکی گفتوگـۆی توێژینەوەکەیـە. بـە ئامـانجی ئـەوەی کە(بەرزاییەکانی حەمرین) بە سنوورەی سروشتی و مێژوویی نێوان هەرێمی کوردستانی عێـراق و عێراقی عەرەبیدا.

## چەمکی سنوور:

سنوور بەوە دەناسرێ کە بریتییە لە بەربەست لـە نێـوان دوو شـتدا[1] یـان جیاکـەرەوە لـە نێوانیان دا تا تێکەڵ نەبن یان یەکێکیان لەوی تریان لا بدات[2].

(١) المنجد في اللغة والاعلام، منشورات دارالشرق، چاپی دووەم، بەیروت، ١٩٨٤ (کلمه حد)

(٢) الفیروز ابادی، القاموس المحیط، بەرگی٣ چاپی حسینی، قاهیرە، ١٣٤٤ کۆچی، ل ٢٨٦-٢٨٧



PDF 4 KURD

دەرگەوان یان پاسەوانی بەندیخانە ئەو کەسەیە کە سنوور دادەنێ و رێگا دەگرێ لە هاتنە ناوەوە و چوونە دەرەوەی خەڵکی[3] وە لـە قورئـانی پیـرۆز داهـاتووە و دەفـەرمووێ(و تلـك حدودالله فلا تقربوها)، وە هەریەك لـە (بـۆ جـز Boggs) و (ئـادەمی-Adami) سـنوور پێناسە دەکـەن بـەوەی کـە رووبەبـەری ناوچـەیەك جیادەکاتـەوە کـە دەوڵـەتێك دەتوانێـت مافەکانی خۆی لەسەر پیادە بکات، وە(برسکوت- Brescott) جەخت دەکاتـەوە لـە سـەر ئەوەی کە سنوور ئـەو هەرێمەیـە کـە دەوڵـەتێك داگـیری دەکـات وە دەسـەڵاتی خـۆی بـە شێوەیەکی یاسایی لـە سـەردەنوێنێ[4] بیرۆکـەی دانـانی سـنوور دەگەڕێتـەوە بـۆ مێـژوو و سەردەمێکی نزیك کە لە دوو سەدە تێناپەڕێ[5]، لـە پـێش ئـەم ماوەیـەدا دەوڵـەتان هـیچ پەیمانێکیان نەداوە لەسەر هێڵەکان وەك بنەمایەك بۆ جیا کردنەوەیان لە یەکتری، بەڵام ئـەو ناوچانەیان زانیوە کە پێیان ووتراوە دەروازەکان(التخوم). وە ئەم دەروازانەشـی جیـاوازن لـە رووبەرو درێژبوونەوەیان دا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر وە زۆر جار بە(چـیاکان) دیـاری کراون یان بە (بیابانەکان)یان بە (دارستانەکان) یان بە (پانتـایی یـە ئاوییـەکان)، هـەروەها (کەلێنەکان) کە دەرچەی سەرەکی بوون لە رێی دەروازەکانەوە بە کار هاتوون بۆ پەیوەندییـە بازرگـانی و بزوتنـەوە سـەربازییەکان. سـنوور لـەکاتی ئێـستادا دیاردەیـەکی دەسـتکردە، رێککـەوتن سـازدەکرێت بـۆ دیـاری کردنـی و جێگیرکردنـی لـە رێ ی پەیمانـەکان و رێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتە پەیوەندیدارەکانەوە، زۆر جار ئەم سنوورانە دیاری دەکرێن بە دیاردە سروشتی یەکانی وەك: بەرزاییەکان، رووبارەکـان، دەریاکـان وە جـاریش هەیـە رێـك ناکەوێت ئەم دیاردانە ببنە سنوور.[6]

ئەو سنوورانەی کە نەخشە سیاسی یەکانی جیهـانی نیـشانی دەدەن تـەنها هێڵـی وێنـە کێشراونین لەسەر کاغەز بەڵکو بریتین لە برگەی ستوونی چەقیو لەسەر زەوی، تا دەگەنە نـاو بۆشایی دەرەوە(ئاسمان) وە ئەم سنوورانە واتای یاسـایی و سـەربازی و سیاسـی و مێـژوویی

(٣) المنجد في اللغة والاعلام، سەرچاوەی پێشوو (کلمه حد).

(٤) نافع القصاب واخرون، الجغرافية السياسية، موسسة دار الكتب للطباعة والنشر، زانکۆی موسڵ، ل١٦٥.

(٥) محمد ازهر السماك: الجغرافية السياسية، الموصل، ١٩٨٨، ل٤٢٧.

(٦) نافع القصاب واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

خۆیان هەیە بۆیە بەرگریی لێکردنیان و پاراستنیان کارێکی پێویستە[7] و بایەخی ئەم سنوورانە زیاد دەکات ئەگەر بە شێوەیەکی فراوانتر بپارێزرێن لە لایەن دەستە و رێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانەوە.

کۆنگرەی(فرسای) دوای یەکەم جەنگی جیهانی تێکۆشا بۆ دانانی سنووری(رەچەڵەکزانی نموونەیی- اثنوغرافیة مثالیة) لە ئەورووپادا بەڵام هەر بە پەلە ئەم کارە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی نێوان دەوڵەتان دا بەر یەککەوتن لە سایەی بڵندبوونەوەی بانگەشە نەتەوەییەکان ومافی گەلاندا لە بڕیاردانی چارەنووسدا کە بووە هۆی لادان لە هەستی نەتەوایەتی ئەو گەلانە لە جۆری ئەو بەڕێوەبردن و دەسەڵاتەی کە هەڵی دەبژێرن لەبەر لەبەر چاوگرتنە ئابوورییەکان[8]وە لە دیارترین نموونەی لەم جۆرە(یەکێتی یۆگۆسلاڤیا) بوو کە درێژەی کێشا تا گەیشتە کەناری(ئەدریاتیکی) لەسەر حسابی هەست و نەست و ویست و خواستی گەلی ئەلبانی، هەروەها لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە کە بووە هۆی دابەشکردنی کوردستانی ناو جەرگەی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان هەر یەکە لە تورکیا و عێراق دا، وە(بەرزاییەکانی حەمرین) وەك سنوورێکی کارگێریی مایەوە لە پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراقی نوێ دا پاش یەکەم جەنگی جیهانی هەروەك چۆن سنووری ویلایەتی موسڵ بوو لە پێشان دا.

(٧) عبدالرزاق عباس: الجغرافیة السیاسیة، چاپخانەی اسعد، بەغداد، ١٩٧٧، ل١٠١.

(٨) نافع القصاب و هاوڕێکانی: سەر چاوەی پێشوو، ل١٧٦.



PDF 4 KURD

**بەرزاییەکانی حەمرین بەشێکن لە ناوچە شاخاوییەکان**

بە هەمان شێوازی جاران جوگرافی ناسەکان عێراقیان دا بەشکرد بۆ سێ ناوچەی سروشتی جیاجیا کە ئەمانەن:[9]

١- ناوچە شاخاوییەکان

٢- ناوچەی دەشتە نیشتووەکان

٣- بانی رۆژئاوایی

هەروەها (تەهای ئەل هاشمی) عێراق دابەش دەکات بۆ دوو بەشی سەرەکی کە ئەمانەن:

١- عێراقی سەروو

٢- عێراقی خواروو

هێڵێکی جیا کردەوە لە نێوانیان دا کە (دڵی عەباس) دەگەیەنێت بە (بەلەد) لە سەر رووباری دیجلە و (هیت) لەسەر رووباری فورات[10] و ئەل هاشمی وا دەبینێت کە کشانەوەی دەریا لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی جێهێشتنی زەوییە نیشتەنیەکان لە باکووری عێراق دا کە جیاوازە لەگەڵ زەوییەکانی باشوری عێراق داواتە زەوییەکانی خوار هێلی ناوبراو کە بریتین لە زەوییە دەلتاوییەکان دروست بوون لە ئەنجامی لیتەی رووبارەکان دا[11]

وە هەندێك ناوچە شاخاوییەکان دابەش دەکەن بۆ دوو بەشی سەرەکی کە بەشێکیان پێ ی دەووترێ شاخە بڵندەکان یان(ناوچە شاخاوییەکان) و بەشەکەی تر پێ ی دەووترێ(ناوچە نیمچە شاخاوییەکان) یان ناوچەی گردو تەپۆڵکەکان و زەوییە چەماوەکان یان(دامێنی چیاکان) یان ناوچەی(بان و گردۆڵکەکان)[12]، تەماشای نەخشەی ژمارە(٧) بکە.

(٩) گوردن هستد، الاسس الطبیعیة لجغرافیة العراق، بغداد، ١٩٤٨،ل٢٤

- جاسم محمد خلف: جغرافیة العراق، مطبعة المعرفة، قاهیرة ١٩٥٩، ل٣٨

- نافع القصاب: ملامح جغرافیة حول استیطان القبائل البدویة المتنقلة، مجلة الجمعیة الجغرافیة العراقیة، بەرگی٥ ساڵی١٩٦٩، ل٢٨١


- محمد حامدالطائي: تحدید اقسام سطح العراق، هەمان گۆڤار، ژمارە،ل٣٢

(١٠) طه الهاشمي، مفصل جغرافیة العراق، مطبعة دارالسلام، بەغداد،١٩٣٠، ل١٧٥.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

(١٢) شاکر خصباك، العراق الشمالی، مطبعة شفیق، بەغداد، ١٩٧٣، ل٣٣

## نەخشەی ژمارە(٧)




**هەرێمە سروشتییەکانی عێراق**

- هەروەها: ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق، بەرگی یەکەم، بەغداد، ل٨١.

- طه الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.



PDF 4 KURD

توێژەرەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین بەشێکی سەرەکین لەو سنورەی ناوچە شاخاوییەکان و بەرزاییەکان جیا دەکاتەوە لە ناوچەی دەشتە نیشتەنیەکان و دەکەونە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم توێژەرانە کۆك نین لە دیاریکردنی ئاراستەکان و درێژبوونەوەکانی ئەم زنجیرە بەرزاییانەی حەمرین هەنێکیان وادەبینن لە رۆژهەڵاتی(مەندەلی) یەوە نزیك سنووری (عێراق- ئێران) دەست پێدەکات بە ئاراستەی لای باکووری رۆژئاوا تا دەگاتە رووباری(دیجلە)لە لای(فەتحە)[١٣].

هەندێکی تریان وادەبینن ئەم بەرزاییانە درێژ دەبنەوە بۆ لاکەی تری رووباری دیجلە و لە ژێر ناوی(بەرزاییەکانی مەکحول)دا کە بریتین لە درێژ بوونەوەی بەرزاییەکانی(حەمرین)[١٤]وە تیپی سێهەم لە توێژەران ئەم بەرزاییانە بە درێژ بوونەوەیەکی بەردەوام دادەنێن کە لە شارۆچکەی(مەندەلی) یەوە دەست پێدەکات و لە باشووری رۆژهەڵاتی(اطلال الضر) لە نزیك قەلای(شەرگات) کۆتایی پێ دێت.[١٥]

وە تەهای هاشمی دەری دەخات کە لقی باکووری زنجیرەکە لە باکووری رۆژئاوای (مەندەلی) یەوە دەست پێدەکات و رووباری فورات دەبڕێت لە نێوان قزلرباط(السعدیە)و(دڵی عەباس)دا بە هاورێکی لەگەڵ شیوی(نفط درة)دا دەکشێ پاشان لە ئاوی(عقیم) تێپەڕ دەبێت لە لای (دمیرقپو)دا بە ئاراستەی باکووری رۆژئاوا بەرو(فتحە) وە لەوێ لە رووباری دیجلە تێپەڕ دەبێت وە دەگات بە شاخی(مەکحول) وە لە(ثرثار)دا کۆتایی دێت، تەها هاشمی دەڵێت ئەم بەشە لقی چیای(حەمرین)ی باکوور پێك دەهێنێت بەڵام لقی باشووری زنجیرەکە بە هاورێکی سنووری(عێراقی-ئێرانی) دەکشێ هەر لە باشووری(مەندەلی) یەوە دەست پێدەکات تا رۆژهەڵاتی(بدرە) کە هێڵی سنووری(عێراق- ئێران) پێك دەهێنێت لە هەندێ لە شوێنەکانیدا وە بەردەوام دەبێت لە درێژ بوونەوەیدا بەرەو باشووری رۆژهەڵات تا کۆتایی پێ بێت بە رووباری(الکرخە)[١٦]

بڕوانە نەخشەی ژمارە (٨).

(١٣) شاکر خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(١٤) جاسم محمد خلف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

(١٥) تقرير عصبة الامم، ساڵی ١٩٤٠، مطبعة حکومە، بەغداد، ١٩٢٤.

(١٦) طه الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

نەخشەی ژمارە (٨)




**بەرزاییەکانی حەمرین سەبارەت بە کوردستانی عێراق**



درێژی ئەم بەرزاییانە لە لای رۆژهەڵاتی رووباری دیجلەوە پتر لە(١٦٠ کم)ە، بەڵام لە لاکەی تری رووبارەکەوە پتر لە(٦٠ کم) نیە، وە تێکڕای بەرزاییەکەش دەگاتە نزیکەی(٢٠٠ م) بەڵام ئەم بەرزاییە زیاد دەکات بە ئاڕاستەی بەرەو باکووری رۆژئاوا بە جۆرێ دەگاتە پتر لە(٥٠٠م) لە نزیك ناوچەی(فتحە).

لە لایەکی ترەوە هەندێ بەرزایی تر دەردەکەون پاش ئەمە لە هەرە گرنگەکانیان: بەرزاییەکانی(گەیارە) کە بەردەوام دەبێت لە درێژبوونەوەیدا لە رۆژئاوای شاری(موسڵ)ەوە بە کەمێك ئنجا شاخی(تەلەعفەر) و شاخی(ئەشکەخت) و دواجار شاخی(شەنگار) کە بە بەرزترین شاخی ناوچەکە دادەنرێ و درێژ دەبێتەوە بۆ ناو وڵاتی سوریا بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢)

وە دکتۆر(الطائی) لە گرنگترین دەربەندە سەرەکیەکانی ناو بەرزاییەکانی حەمرین دیاری دەکات و هەردوو ناوچەی شاخەکان و دەشتی نیشتەنی دەبەستێت بەیەکەوە بە هۆی ئەم رێگایانەی خوارەوە.[١٧]

رێگای(بەعقوبە- میقدادیە-خانەقین) ئەمەش بە تێپەڕبوونی رێگاکە بە بەرزاییەکانی حەمرین دا لە(منصوریە الجبل) لە پێش دیالەوە.

رێگای(بەغداد- خالص- دوزخورماتو- کەرکوك) لە خاڵی تێپەڕبوونیدا بە بەرزاییەکانی حەمرین دا لە(ئینجانە) دا.

رێگای(بەغداد- سامەڕا- بێجی- موسڵ) پاش پەڕینەوەی لە(ناظم الثرثار).وە بەگشتی زنجیرەی بەرزاییەکانی حەمرین درێژ بوونەوەیەکی فراوان و هەڵکەوتوویان هەیە هەروەکو زەوی ناس(باسکۆ) دەبینێ لە چاو دەشتی نیشتوودا وە لەبەر ئەوەی پێکهاتەیەکی بەردەوامی پێکەوە بەستراوە، هێڵێکی چەماوی شەپۆل خواردووی یەکپارچە پێك دەهێنێ لە ئاسۆدا.[١٨]

هەر بۆیە گونجاوە ئەگەر توێژینەوەی عێراق بکرێ وەك چەمکێك و زاراوەیەك بۆ دۆزینەوەی پێگەی بەرزاییەکانی حەمرین لەم پێکهاتە یەکپارچەییەدا.

(١٧) محمد حامد الطائي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(١٨) تقرير عصبة الامم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.



PDF 4 KURD

## عێراق وەك چەمك و ناولێنان:

(عێـراق) زاراوەیـەكی دێرینـە وە بـڵاو بـووە پـێش بڵاوبوونـەوەی ئیـسلام تیایـدا[١٩] وە لە(فەرهەنگی دەریا، قاموس المحیط)دا هاتووە كە بنەڕەتی ناو لێنانەكە لە(كەناری ئاوی پڕ لـە دارخورما و درەخت)ەوە هاتووە[٢٠] وە لە(معجم البلدان) دا ناو نراوە بـە(عـراق) لەبـەر ئـەوەی زەوییەك بووە لە ناو دەریادا كە درەختی تیادا بووە(ابوعمروا) دەڵێ خەڵكی وڵاتی حیجاز هـەر شتێك لە دەریاوە نزیك بووبێ ناویان لێناوە(عـراق)[٢١]، جێگـای ئامـاژە پێكردنـە كـاتێ كـە عەرەب هاتنە عێراقەوە ناوی(السواد، ڕەشێتی) یـان نـا لـەو شـوێنە بـە پیتـەی كـە لیتـەی ڕووبارەكان پێكی هێنابوو پاشان ئەم ناوە وای لێهات لە وڵاتی(عێراق) نرا.[٢٢]

لە لایەكی ترەوە وشـەی (عێـراق) واهـاتووە كـە لـە بنەڕەتـدا وشـەیەكی فارسـییە و لـە وشەی(ایراە)ەوە هاتووە بە واتای كەناری ئـاو، یـان(ایـراف) بـەواتای كـەمی ئـاو و سـنووری ئاوەكان، هەندێكی تر وشەی عێراق دەگێرنەوە بۆ وشەی(ایراك) بە واتـای زەوی نـشێویان زەوی لای باشوور، ئنجا ئەم وشەیە گۆڕا بـۆ(عـراق) بـەواتای(وڵاتـی باشـوور).[٢٣] یـان دەڵـێن لـە وشەی(عرق)ەوە هاتووە كە واتای(شێ باران) دەبەخشێ ئەمەش زاراوەیەكی گونجاوە بۆ زەوییـە نشێوەكانی لیتاو(دەلتا)ی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات كە بە درێژایی چـەند وەرزێكـی سـاڵ كەوتوونەتە بەر هێرشی ئاو لە سەردەمی لافاوەكانی كاتی سوڵتانەكاندا[٢٤].

ئەم خاكە بە(عرق) ناونراوە لە بەرتەختی زەوییەكەی تا وای لێهاتووە هیچ چـیاو شـیوێكی تیـادا نـەماوە وەك بـەرزایی ونزمـایی.[٢٥] لـەو شـتانەی پێـشەوە ڕوون دەبێتـەوە كـە

(١٩) جاسم محمد خلف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٦.

(٢٠) الفیروز ابادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤

(٢١) لیسترنج: بلدان الخلافة الشرقیة: ترجمة بشیر فرنسیس وكوركیس عواد، مطبعة الرابطة، بەغداد١٩٥٤، ل ٤١.

(٢٢) طه الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٢.

(٢٣) لیسترنج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٢٤) ب. ژ. كوكسی، العراق في الوثائق البریطانیة، ترجمة فواد قزانچی، دارالمامون، بەغداد، ١٩٨٩، ل ١٩.

(٢٥) خلیل اسماعیل محمد، اقلیم كردستان العراق، مطبعة كریستال، هەولێر١٩٩٨، ل ١٥٢

* السن: شارێكە بە ماوەی یەك میل دەكەوێتە باشووری شوێنی بەیەك گەیشتنی زابی بچووك لەگەڵ ...اری دیجلە.



چەمكی(العراق) ئەو زەوییە تەختانە دەگرێتەوە كە هـیچ بـەرزایی و شـاخیان تیـادا نیـە، لـە لای(المسعودی): عێراق ئەو وڵاتەیە كە هـەردوو ڕووبـاری دیجلـەو فـورات تیـادا كۆدەبنـەوە و سنوورەكەی لە باكوورەوە زێ ی بچووك و ئەلسن و تكریت و هیتە.[٢٦]

وە(یاقوت الحمـوی) لەگـەڵ بۆچـوونی(المـسعودی) دایـە بـە وەی كـە(ئەلـسن) لـە سـنووری بەڕێوەبردنی عێراقدایە بەڵام(الاصطخری) وای دەبینێ كە لە سنووری بەڕێوەبردنی(جـەزیرە) دایـە هەروەها (ابوالفدا) دەیگێرێتەوە بۆ سنووری بەڕێوەبردنی موسڵ[٢٧]وە(لیـسترنج) جـەخت لەسـەر ئەوە دەكاتەوە كە عێراق لە سەردەمی عەباسیەكان دا لە باكورەوە دەست پێـدەكات بـە(ئـەنبار) لەسەر ڕووباری فورات بەرەو تكریت لەسەر ڕووباری دیجلە [٢٨]وە(الاصطخری) ئەمەی ڕوونكـردەوە لە نەخشەكەیدا و هەریەكە لە(المقدسی والقلقشندی)یش لە گەڵیدا بوون.[٢٩]

لە توێژینەوەكەی خوالێیخۆشبێت دكتۆر(فاضل حسین)دا جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە كـە (عێراق) بە چەمكی ئێستایەوە سنووری باكوورەكەی لە(تكریت) لەسەر ڕووباری دیجلەو (هیت) لەسەر ڕووباری فورات تێنەپەڕێوە[٣٠]وە تا هەڵگیرساندنی یەكەم جەنگی جیهـانیش هـەرێمێك بووە لەو ناوچەیەدا كە پێ ی ووتراوە(وڵاتی عەرەبی توركی، بلادالعرب التركیە)[٣١]

## ڕەهەندی كارگێریی بەرزاییەكانی حەمرین

ئاشكرایە كە عێراق لە ماوەی دەسەڵات عوسمانیدا دابەشكراوە بـۆ سـێ ویلایـەت كـە بریتی بوون لە: (بەسرە، بەغداد، شارەزوور) پێش ئەوەی كە موسڵ ببێت بـە ویلایـەتێكی عوسمانی سـەربەخۆ لـە ساڵی(١٨٧٩)[٣٢]دا كـە بریتـی بـوو لـەم شـارەدێیانە: (موسـڵ،

(٢٦) طه الهاشمي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٩.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٠.

(٢٨) تقریر عصبة الامم: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

(٢٩) توفیق الیوزیكي: الاوضاع الحضاریة للموصل، موسوعة الموصل الحضاریة، بـەرگی ٢، زانكـوی موسـڵ، ١٩٩٢، ل ٢٧٩.

(٣٠) فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(٣١) كوكس، العراق في الوثائق البریطانیة، سەرچاوەی پێشوو ل ١٩.

(٣٢) هاشم الملاح: تحریر الموصل و تمصیرها: موسوعة الموصل الحضاریة، زانكۆی موسڵ، بـەرگی/ ٢، موسـڵ، ١٩٩٢، ل ٢٩.

سلێمانی، شارەزوور)، ئەو هێڵەی لە(عانە) وە دەست پێدەکات لەسەر رووباری فورات تا دەگاتە شارۆچکەی (تکریت) لەسەر رووباری دیجلە بە سنووری نێوان هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغداد دانرا[٣٣] ویلایەتی موسڵ بریتی بوو لە شارستانەکانی:(سلێمانی، هەولێر، کەرکوك)ی پاش یەکەم جەنگی جیهانی و پارێزگاکانی:(نەینوا، دهۆك، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك)ی ئەمڕۆ[٣٤]

(عماد عبدالسلام) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەوە لەسەر عێراق، سەر بە عێراق نەبووە، بە واتایەکی تر لە دەرەوەی سنووری دێرینی هەرێمی عێراق دا بووە کە لە باکوورە لە(عانە)وە درێژ بۆتەوە تا(حلوان) وبە(تکریت)دا تێپەڕ دەبێت[٣٥]، گشت توێژینەوەکانی ویلایەتی موسڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرزاییەکانی حەمرین بەشێك بوون لە سنووری کارگێڕیی ئەم ویلایەتە.[٣٦]

لەسەر ئەم بنەمایە ئەو لێژنەیەی کە نێردرابوو بۆ توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بۆی دەرکەوت کە سنووری(عێراق) لە شاخی حەمرین زیاتر تێناپەڕێ یان لە لای (تکریت) لەسەر رووباری دیجلەو(هیت) لەسەر رووباری فورات[٣٧]، هەرچەندە کە لێژنەکە رازی نەبوو لە سەردەستدانی شاخی(حەمرین) یان شاخی (مەکحول) وەك هێڵی سنوور بەڵام جەختی کردەوە کە گشت ئەدەبیاتە جوگرافیەکان هەر لە گرتنی عێراقەوە لە لایەن عەرەبەوە تا لێکۆڵینەوەی لێژنە کە ساڵی(١٩٢٤) هیچ کام لەو زەوییانەی کە کێشەیان لەسەر بوو، وە لە باکووری چیاکانی حەمرین و مەکحول دان رۆژێك لە رۆژان بە بەشێك لە خاکی(عێراق)یان دانەناوون[٣٨]، بەڵکو ئەم زەوییانە لە پێچاوپێچەکانی چیاکانی تۆرۆس دەچن لە چاو ناوچەکانی دەوروپشتیاندا[٣٩]

(٣٣) جاسم محمد العدول: الموصل في العهد الحميدي، الموسوعة نفسها، بەرگی/٤، ل ٩٥.

(٣٤) فاضل حسين، المساومات الدولية حول ولاية الموصل: الموسوعة نفسها، بەرگی/٥ ل ٥٠.

(٣٥) عماد عبدالسلام، الموصل في العهد العثماني، مطبعة الاداب، النجف الاشرف، ١٩٨٥ ل ١٢٢-١٢٣.

(٣٦) علي شاكر علي: نظم الحكم والادارة والجيش، موسوعة الموصل الحضارية، بەرگی/٤، ل١٦٨.

(٣٧) خليل اسماعيل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١-١٥٢.

(٣٨) فاضل حسين: مشكلة الموصل: مطبعة اشبيلية، چاپی حەوتەم، بەغداد، ١٩٧٧، ل ٧٨.

(٣٩) تقرير عصبەالامم، ل ٢٤.



PDF 4 KURD

ئەوەی بەدوا دا چوونی هەبێت بۆ دابەشکردنە کارگێڕیەکانی عێراق دەبینێ کە جیاوازییەکی زۆر نیە لە نێوان ئەم دابەشکردنانەدا و دابەشکردنەکانی سەردەمی عوسمانیدا بەتایبەتی ئەو دابەشکردنانەی کە لە کۆتایی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی ئێستاماندا دەرکەوتوون ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دابەشکردنانە هەروا بە گۆترە و لە خۆوە نەبوون، بەڵکو جێبەجێ کراوون لەسەر بنەماو و پێوەرە جوگرافی و ئابووریی و مێژووییەکان[٤٠]، وە بەرزاییەکانی حەمرین لە هەموو دابەشکردنەکان دا سنوور بوون لە نێوان عێراقی عەرەبی و هەرێمی چیاکان دا یان لە نێوان عێراقی عەرەبی و هەریەکە لە ویلایەتی موسڵ یان شارەزووردا.

هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە کارگێڕییانە لە عێراقدا روویداوە بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە بەڵام بەرزاییەکانی حەمرین هەروەك سنووری لای باشووری پارێزگای کەرکوك ماونەتەوە.

### رەهەندی نەتەوەیی بەرزاییەکانی حەمرین:

لە پێش دا ئاماژەی پێکرا کە بەرزاییەکانی حەمرین سنووری کارگێڕی ویلایەتی موسڵ بوون پێش یەکەم جەنگی جیهانی وە بە درێژایی چەند سەدەیەك بە هەمان ئەو شێوەیەی کە سنووری شارستانی (کەرکوك) بووە لە یەکەم پێکهێنانی یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عێراقیدا، پاشان بەرزاییەکانی حەمرین بە سنوورێکی سروشتی دادەنرێ بۆ جیاکردنەوەی ناوچە شاخاوییەکان و نیمچە شاخاوییەکان لە ناوچەی دەشتە نیشتەنیەکانی عێراق.

لە لایەکی ترەوە بەرزاییەکانی حەمرین و درێژبوونەوەکانی لە لاکەی تری رووباری دیجلەوە سنوورێکی نەتەوەیی لای باشوور دەنوێنێ بۆ ئەو زەوییانەی کە(کورد) لەسەری دەژین هەروەك چۆن بەشێکی بنەڕەتیشە لە سنووری لای باشووری هەرێمی کوردستانی عێراق.[٤١]

وە(مینۆرسکی) ئاماژە دەکات بەوەی کە سنووری لای باشووری کوردستانی عێراق دەکەوێتە بەشی لای باکووری دەشتەکانی نێوان هەردوو رووبارەکە[٤٢]، وە(لیخۆتین)یش جەخت دەکاتەوە

(٤٠) وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الاقليمي، تحديد المناطق التخطيطية في العراق، دراسة رقم (١٥٥)، بەغداد، ١٩٨٤، ل ٣٧.

(٤١) جەزا توفيق، سكان اقليم كردستان العراق: دراسة فى الجغرافية السياسية/ رسالة ماجستر/ جامعة صلاح الدين - غير منشورة- اربيل، ١٩٩٥، ل ١٦.

(٤٢) مينورسكى (الاكراد): ترجمة معروف خەزنەدار، مطبعة النجوم، بەغداد، ١٩٨٦ ل ١٥.

لەسەر ئەوەی کە سنووری کوردستانی عێراق لە تەك دەشتە لیتاوییەکانی هەردوو رووباری دیجلەوفورات دایە[٤٣]، هەروەها(ئەدمۆنز)یش وادەبینێ کە سنووری لای باشووری کوردستان درێژ دەبێتەوە بەسەر زنجیرە چیای (حەمرین) دا هەتا(مەندەلی) لە رۆژهەلاتەوە،[٤٤] بە هەمان بۆچوون کۆمەلێ لە رۆژهەلات ناسان بۆ ئەمە دەچن لە نموونەیان: (هی، ملخن، باسیل نیکیتین)ە[٤٥] بە هەمان شێوە نووسەرە عەرەبەکانیش دەبینن کە سنووری لای باشووری کوردستانی عێراق لە شارۆچکەی(مەندەلی)یەوە دەست پێدەکات و بە چیاکانی(شەنگار) کۆتایی پێ دێت هەروەها بەرزاییەکانی (حەمرین) لە بۆچوونی(خصباك)دا بەشێکی بنەرەتی پێك دەهێنن لە سنووری لای باشووری کوردستانی عێراق بەم جۆرە ئەم سنوورە ئەم شارستانانە(پارێزگایانە) لە خۆی دەگرێ: (موسلێ، دهۆك، نەینەوا، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك) وە درێژ دەبێتەوە تا هەر یەکە لە ناوچەکانی: (خانەقین و مەندەلی) لە شارستانی دیالە بگرێتەوە[٤٦]وە خوالێیخۆشبێ(فاضل حسین) بە پشت بەستنی بە (لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق و تورکیا) ئاماژە بەوە دەکات کە عێراقی ئێستا پێك دێت لەم ناوچە جوگرافیانەی خوارەوە:

عێراقی عەرەبی

جەزیرە

کوردستان

هەروەها(فاضل حسین) درێژەی پێ دەدات کە سنووری عێراقی عەرەبی لەهێلی(هیت، تکریت)[٤٧] تێناپەرێ هەروەها لە راپۆرتی لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق دا هاتووە کە ئەگەر سنووری سیاسی ویلایەتی موسلێ ئایا ئەو بەشەی کە لای ئێران و تورکیاوەیە یان لە لای سوریاوە نەتوانرێ بکرێ یان ببێ بە سنووری جیا کەرەوەی نێوان نەتەوەکان[٤٨] ئەوا بەرزاییەکانی حەمرین باشتر دەگونجێ بکرێ یان ببێ بە سنوور لەم رووەوە.

(٤٣) دانسیخ: الرحالة الروسي في الشرق الاوسط: دارالرشید، بغداد، ١٩٨١ ل١٤٤.

(٤٤) ادمونز، کورد، ترك، عرب: ترجمة جرجيس فتح الله مطبعة التايمسي، بەغداد، ١٩٧١، ل ٧.

(٤٥) جەزا توفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٤٦) شاکر خصباك، الاكراد، مطبعة شفيق، بەغداد، ١٩٧٢، ل ٧

- هەروەها کتابە: الكرد والمسالة الكردية، مطبعة الموسسة العربية، بيروت، ١٩٨٩، طبعة/ ٢، ل ٥٠.

(٤٧) فاضل حسين، المصدرالسابق، ل ٧٨.

(٤٨) تقرير عصبة الامم، المصدر السابق، ل ١٠٩.



وە لەم بارەیەوە مێژوو نووس(الحسني) ئەوە دێنێتەوە یاد کە کوردەکان لەو شارو دێهاتانە دادەژین کە لە سنوورەکانی(عێراق-ئێران)ەوە دەست پێدەکەن لەسەر هێلێکی راست و لە چیای(حەمرین)ەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە چیای (شەنگار)[٤٩]، وە(فائق السامرائي)، نووسیویەتی سنووری لای باشووری کوردستان چیای (حەمرین)ە کە دەکەوێتە باشووری کەرکوکەوە بە دەیان میل[٥٠].

هەر لەسەر ئەم بنەمایە تورکیا داوای کرد کە (رووباری دیالە) و (زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین) و (مەکحول) و شیوی(سەرسار-ثرثار) و (چیای شەنگار) بە هێلی جیا کردنەوەی (ویلایەتی موسلێ) دابنرێ لە پارچەکانی تری عێراق[٥١] وە لە وەلامدانەوەیان دابوو یاداشتە بەریتانیەکە دەربارەی ویلایەتی موسلێ تورکەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە(بەرزاییەکانی حەمرین) هێلێکی نەپچڕاوەیە لە بەرزاییەکان لە ولاتێکدا کە لەو دیو بەرزاییەکانەوە زەوی تەختانیە، ئەم بەرزاییانە لەگەل ئەو شارۆچکانە دا پێکەوە بەستراوون کە زۆربەی دانیشتووانەکەیان کورد و تورکن و دانیشتوانی خوار ئەم بەرزاییانە بە زۆری عەرەبن[٥٢]، بەلام حکومەتی بەریتانی لەگەل هەولدانە پەککەوتووەکانیدا بۆ لکاندنی ویلایەتی موسلێ بە عێراقەوە ئەم بەرزاییانەی حەمرین ی بە زنجیرەیەك (گردی بێ بایەخ) وەسف کرد.[٥٣] لە لایەکی ترەوە توێژەرە کوردەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە زنجیرە بەرزاییەکانی(حەمرین-مەکحول) سنووری باشووری کوردستانی عێراقن[٥٤] کە دەست پێدەکات لە نزیك(مەندەلی)یەوە

(٤٩) عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، ل ٢١

* ویلایەتی موسلێ لە سنووری ناوچەی ژێر دەسەلاتی فەرەنسیدا بوو بە پێی پەیمانی (سایکس- پیکۆ)ی سالی(١٩١٦) بەلام بەریتانیا توانی فەرەنسیەکان رازی بکات بۆ واز لێهێنانی تا بچێتە ناو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەریتانیاوە.

(٥٠) جزا توفيق طالب: سكان اقليم كوردستان/ رساله ماجستر، جامعه صلاح الدين، اربيل، ل ١٩.

(٥١) تقرير عصبه الامم لحل مشكله ولايه الموصل، مطبعة حكومه، بغداد، ١٩٢٤، ل ١٠٩.

(٥٢) علي شاكر علي، المصدر السابق، ل ١٦٨.

(٥٣) فاضل حسين، مشكلة ولاية الموصل، ل ٧٥.

(٥٤) محمد امين زكي: خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، مطبعة صلاح الدين، بغداد، ١٩٦٠، ل ٢٥.

- هەروەها کریم زەند، میللەتی کورد، سلێمانی ١٩٧٠، ل ٣٣.

- خلیل اسماعیل: دابەشبوونی جوگرافیای نەتەوەی کورد لە عێراقدا، سیاسەتی دوەلی، ژ ٦، ١٩٩٣/ هەولێر.



PDF 4 KURD

لای سنووری(عێراق-ئێران)ەوە و روو دەکاتە ئاڕاستەی باشووری رۆژهەڵات تا دەگاتە (منصوریه الجبل) بە درێژایی بەرەی رۆژئاوا لە گۆمی(حەمرین)ەوە ئاڕاستەی باکووری رۆژئاوا وەر دەگرێت بەرەو(فتحه) لەسەر رووباری دیجلە لەوێدا بەرزاییەکانی(مەکحول)یش دەردەکەوە لەسەر لاکەی تر[55]، (عزیز الحاج)یش، ئاماژە بەوەدا کە سەرکردایەتیەکانی کورد هەمیشە لە داواکانیاندا جەخت دەکەنەوە لەسەر دیاریکردنی دەوڵەتی کوردی یان ناوچە مێژووییەکان لەبەر درێژ بوونەوەی ئەم ناوچانە بەرەو سنوورە سروشتیەکانی بەرامبەر بەرزاییەکانی(حەمرین- مکحول)[56]

- هەروەها، محمد مردوخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٩١، ل ١٥-٣٠.

- ئازاد نەقشەبەندی، دەربارەی دەست نیشان کردنی سنووری کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ١٠، هەولێر، ١٩٩٤، ل ٢٢.

(٥٥) جەزا توفیق، المصدر السابق، ل ٢٢.

(٥٦) عزیزالحاج، القضیة الکردیة في العشرینات، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥، ل ٢١٥.



**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

هەڵبەت لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوەن:

١- بەرزاییەکانی حەمرین درێژ دەبنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر لە وەی کە توێژەرەوەکان دەستیان کەوتووە، لەبەر ئەوەی بەرزاییەکانی(مەکحول)یش درێژە پێدەری سروشتی و جیۆلۆجیانەی(بەرزاییەکانی حەمرین)ن هەروەها ئەم بەرزاییانە درێژ دەبنەوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات بە هاوڕێکی لەگەڵ سنووری(عێراق- ئێران)دا لە نێوان (مەندەلی) و باشووری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی (بەدرە)دا لە پارێزگای (واسط).

٢- توێژەرەکانی بواری جوگرافیای سروشتی عێراق لەسەر ئەوە کۆکن کە بەرزاییەکانی حەمرین بە بەشێك لە ناوچە شاخاوییەکانی عێراق دادەنرێ وە خۆی وەك سنووری بەشی باشووری ناوچەکە دەنوێنێ بەم جۆرە ئەم بەرزاییانە جیا کەرەوەن لە نێوان ناوچە شاخاوییەکان و ناوچەی دەشتە نیشتەنیەکان دا.

٣- ئەو ناوچە شاخاوییەی کە بەرزاییەکانی حەمرین کۆتاییەکەی لای بەشی باشووری دیاری دەکەن رۆژێك لە رۆژان بەشێك نەبووە لە عێراق، لەبەر ئەوەی (عێراق) وەك زاراوەیەکی زمانەوانی یان لە دابەشکردنە کارگێڕییەکانی سەردەمە ئیسلامیەکاندا واتای زەوییە نزمەکان یان دەشتە تەختەکانی بەخشیوە.

٤- هەرچەندە تا کاتی یەکەم جەنگی جیهانی بەرزاییەکانی حەمرین بەشێکی بنەڕەتی بوون لە سنووری لای باشووری ویلایەتی موسڵ بە هەمان شێوە ئەم بەرزاییانە وەك سنوورێکی کارگێڕیی مانەوە بۆ هەریەکە لە شارستانی (کەرکوك) و چەند بەشێك لە شارستانی (موسڵ) پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی وە بەردەوام تا ئێستاش بەشێکن لە سنووری کارگێڕیی پارێزگای کەرکوك.

٥- زۆربەی توێژینەوە(بیانی و عەرەبی و کوردی)یەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە (بەرزاییەکانی حەمرین)بەشێکن لە سنووری لای باشووری هەرێمی کوردستانی عێراق.



PDF 4 KURD

# کێشەی کوردی و ئاسایشی ئاو لە عێراقدا

**پێشەکی:**

بێگومان ئاو رۆڵی بنەڕەتی لە دامەزراندنی ناوەندە سەرەتاییەکانی دانیشتوواندا، هەیە هەروەك ئەمە لە سەرهەڵدانی شارستانیەتە دێرینەکاندا بنەمایەك بووە جا چ لە دۆڵی هەردوو رووبارەکە(دیجلە و فورات)دا بوو بێت یان لە (دۆڵی نیل) و دۆڵی رووبارەکانی (چین) و (هیندستان) دا بوو بێت. لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانیەتە مرۆییەکان و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتووان لە جیهاندا، پێداویستیەکانی دانیشتووانیش بۆ دەرامەتە ئاوییەکان زیادی کرد، بە تایبەتی لە ناوچە ووشك و نیمچە ووشکەکاندا لە پێشەوەی هەموویاندا ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

بەمجۆرە داهاتە ئاوییەکان وایان لێهات شوێنێکی فراوانتر یان لە سنووری بایەخ پێدانەکانی گەلان و نەتەوەکان لەسەر ئاستی جیاجیا گرت لە وانە: (ئاستی ئابووری)، (ئاستی سیاسی)، (ئاستی کۆمەلایەتی)، ئەم زیاتر ئەم گرنگی پێدانە وەك تەوەرێکی بنەڕەتی بۆ پەیوەندییە نێودەولەتیەکان بە تایبەتی پاش ئەوەی یەکەم جەنگی جیهانی کاریگەرییەکانی خۆی دانا و ژمارەیەك ولات ئاوی رووبارەکانی سەر زەوییەکانیان دابەشکردنی.

ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە نموونەیەکی ململانێی ئاو دادەنرێت بە جۆرێك دەوڵەتانی ناوچەکە رێژەیەکی گەورە لە ووزە ماددیی و مرۆییەکانیان بۆ گەیشتن بە باشترین پێگە کە تیایدا ئاسایشی ئاوی خۆیان بەدەستبهێنن لەگەڵ دەولەتانی دراوسێدا کە هاوبەشن لە ئاوی رووبارەکانیاندا خەرج کرد.

لەگەڵ ئەوەدا کە پێش یەکەم جەنگی جیهانی لە ناوچەکەدا کێشەی ئاو نەبوو، بەلام دەرئەنجامەکانی جەنگ و بەرزبوونەوەی رەووشی گەشەی دانیشتووانی ناوچەکە لە پاڵ ئەوەی کە لە ماوەکانی دواتردا ئاستی بژێوی بەرز بۆوە و زۆربوونی پێداویستی دەوڵەتان بۆ ئاو و، هاندەربوون بۆ دانانی نەخشەو پرۆگرام بۆ گەیشتن بە (ئاسایشی ئاو) بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی زۆر لە تەنگژ قەیرانەکانی نێوان ئەو وتانەی کە لە هاوبەش لە حەوزە



PDF 4 KURD

ئاوییەکاندا هاوبەشن پەیدا ببێت، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە دراوسێیەتیەکان هەبوو، دەولەتانی ناوچەکەی خستە بەردەم مەترسی راستەقینە کە هێشتا بەردەوام هەڕەشە لە دوا رۆژی ناوچەکە دەکەن.

ئاشکرایە کە هەردوو رووباری (دیجلە و فورات) بە گرنگترین داهاتە ئاوییەکان لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەژمێردرێن دوای رووباری(نیل) کە بریتی یە لە دووەم درێژترین رووبار لە جیهاندا لە تەك ڕووبارەکانی: (لیتانی، عاسی، ئوردن) و چەند رووبار و لقێکی تری بایەخ کەمتر لە پێگەکانیان و داهاتە ئاوییەکانیاندا و، زیاتر لە دەولەتێك سوود دەبینن لەم داهاتە ئاوییانە و پشتی پێ دەبەستن.لە جیاتی ئەوەی ئەم رووبارە هاوبەشانەی نێوان دەوڵەتان ببنە هۆکاری یەکێتی و هاریکاریی هاوبەش لەنێوان ئەم دەولەتانەدا کەچی بوونەتە تیشکۆی گرژیی و ناوچەکانی ململانێی نێوان ئەم دەولەتانە بە تایبەتی لە کاتێکدا کە پێویستیەکانی دانیشتووان بۆ ئاوەکان لە زیاد بووندایە لەگەڵ زیادبوونی تێکۆشانەکانی دەولەتانی (سەرچاوە بنەڕەتیەکان) بۆ دەست بە سەراگرتنی پێگە جوگرافیەکانیان، بۆ بەرهەمهێنانی داهاتە ئاوییەکان و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نێودەولەتیەکانیان، بە جۆرێك ئەم قەیرانانەی ئاوەکان، هەروەك پێوەرێك بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دەولەتانە ماونەتەوە.

گرفتەکانی ئاوەکان تەنها لە یەك دەوڵەت لە دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا نەگیرسایەوە بەڵکو چەند گرفتێك لە زۆربەی رووبارە نێودەولەتیەکانی ناوچەکەدا داگیرساوەتەوە، رووباری (نیل) بە درێژایی کەنارەکانی زۆر قەیرانی هەڵگرتووە بە شێوازێ کە نۆ(٩) دەولەت پشت دەبەستێت بە داهاتی ئاوەکەی وە ئەمانەن: (کینیا، تەنزانیا، ئۆگەندە، زائیر، ئەسیوبیا، رواندی، بوراندی، جگە لە سۆدان ومیسر)، وە هەر دەوڵەتێك بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ بۆچوونی تایبەتی کە زۆر جار لەگەڵ دراوسێکانیان لێك دادەبڕێن ئەمەش رەنگدانەوەی سروشتی بەرهەمهێنانی ئاوەکانی رووباری(نیل)ە لەسەر حسابی خەڵکانی تر، (تشرشل) رووباری نیل ی بەو دارخورمایە چووان کە رەگەکانی خۆیان لە دەوڵتانی سەرچاوەکەیدا داکوتاوە و لق و پۆپەکانیشی لە ولاتی میسر و سۆدان دا، ئەگەر رەگەکانی بڕان ئەوا دارخورماکە لە ناو دەچێت لەمەدا مەبەستی ئاماژە کردنە بە پەیوەندی یەکانی نێوان دەولەتانی حەوزی رووباری(نیل).لە ناوچەکەدا ململانێی ئاوەکان هەریەکە لە رووبارەکانی (لیتانی و عاسی و ئوردون)یش دەگرێتەوە، وە

چاوتێبڕین و بەتەمابوونەکانی ئیسرائیل پێش هەستانی بوو بەدەست گرتن بەسەر هەردوو ناوچەی(الجليل الاعلى) و (باشووری لوبنان)دا، وە هەندێك جەنگی ساڵی ١٩٦٧ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەگێڕنەوەبۆ(ئاوەکان-المیاه)بە جۆرێ کە دەست گیرا بەسەر (بەرزاییەکانی جەولان و شیوی ئوردون) دا پاشان بەسەر باشووری لوبنان دا لە ساڵی ١٩٨٢دا، لە نامەکەی (حایم وازیمن)دا هاتووە کە بۆ(بلفۆڕ)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای ناردووە لە کاتی بەستنی (کۆنگرەی ئاشتی) دا لە (پاریس) کە تیایدا دەڵێ (هیچ توانایەك نابێ بۆ دامەزراندنی نیشتمانی نەتەوەیی جولەکە بەبێ سەرچاوەئاوییەکانی ئەردەن و لیتانی) و (هوراس مارکالین) لە کتێبەکەیدا (زایۆنیزم و سیاسەتی جیهانی- الصهيونيه والسياسه العالميه)دا نووسیویەتی و دەڵێ:

(چارەنووسی فەلەستین بە تەواوی بە دەست ئەو دەوڵەتەوەیە کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بەسەر ئاوەکانی لیتانی و یەرمووك و سەرچاوەکانی رووباری ئوردون دا) و (لیفی ئەشکول) رایگەیاند لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە کە(جوولەکە شەڕی ئاوەکان دەکەن لەگەڵ عەرەب دا، چارەنووسی ئیسرائیل لەسەر دەرئەنجامی ئەم شەڕە وەستاوە).

هەروەها(جەنگی ئاوەکان)ی هەردوو رووباری دیجلە و فورات بەهەمان شێوە هەڕەشە لە تەواوی ناوچەکە دەکات، پرۆفیسۆر(الیاس سلامە) لە زانکۆی ئوردون جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە(ئاوەکانن بڕیار دەدەن لەسەر چارەنووسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست).لەم ماوەیەی دواییە دا زۆر لە زاناو توێژەرەکان هاتنە پێشەوە بۆ دەستپێکردنی توێژینەوەی لەم جۆرەوە بە ناونیشانێك کە رەنگدانەوەی مەترسی (بابەتی ئاو) بوو لەسەر چارەنووسی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە، هەروەك چۆن بەستنی زۆر لە کۆنگرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدرا، جگە لە رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانانی بنەما و بنەڕەتەکانی بەرهەم هێنانی (ئاوە نێودەوڵەتیە هاوبەشەکان)دا لە راپۆرتێکی (وەکالەتی هەواڵگری ئەمریکی- وکالە المخابرات الامريكيه- CIA)دا.

هاتووە کە دەڵێ: دە(١٠) لە ناوچەکانی جیهان پاڵاوتەن بۆ روودانی جەنگ تیایاندا بە هۆی ئاوەکانەوە وەلە سەرووی هەموویانەوە دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستن.



**کێشەی ئاو لە عێراق دا:**

بە ئامانجی تیشك خستنە سەر راستەقینەی رەهەندە سیاسیەکانی کێشەی ئاسایشی ئاو لە عێراق دا وە بەتایبەتی لە سەرکێشەی کوردی، پێویستە یەکەم شت ئاماژە بکرێ بە (پێگەی جوگرافی) سەرچاوەکانی هەردوو رووباری دیجلە وفورات.

لە نەخشەی هاوپێچەکەدا بە روونی دەردەکەوێت کە هەردوو رووباری ناوبراو ئاو لە بەرزاییەکانی کوردستانی باکوورەوە(رۆژهەلاتی تورکیا)وە وەردەگرن وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- رووباری فورات: پێك دێت لە بە یەکگەیشتنی هەردوو لقی(فورات صو)و(موراد صو) کە لە خاکێکەوە هەڵدەقوڵێن بەرزاییەکەی نزیکەی(٢٢٥٠-٢٥٠٠) مەترە لە سەرئاستی رووی دەریاوە، درێژی ئەم رووبارە(فورات) هەر لە سەرچاوەکەیەوە تا رێژگەکەی کە دەرژێتە ناو(زێ ی گەورەی عەرەبەوە- شط العرب). (٢٣٣٠ کم)ە، رێژەی(١٩/٥٪)ی بە کوردستانی تورکیادا تێدەپەڕێ، (٢٩٪)ی بە سوریادا تێدەپەڕێ وە رێژەکەی ناو عێراقیش (٥١/٥٪)یە بەڵام داهاتی ئاویی بە(٣٠)ملیار مەتر سێ جا دەخەملێنرێ

٢- رووباری دیجلە: ئاوەکەی لە ناوچەیەك وەردەگرێ کە خاکەکەی زۆر سەخت و دژوارە و بەرزاییەکەی لە نێوان (٢٠٠٠-٤٠٠٠) مەتر دایە و پێکهاتووە لە دوو لقی جیا: (دیجلە صو)، (بۆتان صو)، واتە سەرچاوەکانی ئەم رووبارە زۆر بەرزترن لە سەرچاوەکانی رووباری فورات و رێژەی باران بارینش لە سەرچاوەی ئەم رووبارە نزیکەی(١٧١٨ کم)ە، رێژەی(١٧٪ ی) لە کوردستانی تورکیادایە و رێژەی (٣٪) ی لە سوریادا و (٨٠٪)یش لە عێراقدایە وە داهاتی ئاوییەکەی نزیکەی (٤٨ ملیار) مەتر سێ جایە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە داهاتی ئاویی (رووباری فورات) کەم دەکات هەر چەند دوو بکەوێتەوە لە سەرچاوەکانی و بێتە ناو خاکی (عێراق)ەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە داهاتی ئاویی (رووباری دیجلە) زیاد دەکات هەرلە هاتنە ناو خاکی عێراق تا دەگاتە باشووری پایتەخت(شاری بەغداد) لەم ماوەیەدا چەندین لقی فراوانی تێدەرژێ چ لە (کوردستانی تورکیا)وە بێ یان لە (کوردستانی ئێران)ەوەیان لە (کوردستانی عێراق)ەوە.

هەردوو رووباری (دیجلە) و (فورات) رووباری نێودەوڵەتی نەبوون پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، بەڵام پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، سەرچاوەکانی ئەم رووبارانە کەوتنە دەرەوەی سنووری خاکی عێراق، تەنها تورکیا مایەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی بڕی ئەو ئاوانە کە لە سەرچاوەکانیانەوە دەڕۆن بۆ ناو خاکی هەریەکە لە (سوریا) و (عێراق)، ئەمەش لەبەر ئەو پەیوەندییە مێژووییە خراپانەی کە لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا هەبوو لە لایەك وە لەبەر



PDF 4 KURD

بەرژەوەندیی هەر یەکە لە(سوریا، تورکیا، عێراق) لە لایەکی، تر هەر ئەمەش بووە هۆی گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو، وە کێشەی دابەشکردنی داهاتە ئاوییەکان لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا لە دیارترین هۆکارەکانی ئەم پەیوەندییە خراپانە بوو، بەڵکو زۆر لە کاتەکاندا(جارەکاندا) بۆچوونە سیاسییەکان و رەهەندە ئابوورییەکانی ئەم دەوڵەتانە نەخشەیان بۆ دەکێشرا، هەڵبەت لە دیارترین هۆکارەکانی هەڵئاوسانی قەیرانە ئاوییەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە ئەمانەن:

١- بەرزبوونەوە و کاریگەریی گەشەی دانیشتووان:

توێژینەوەکانی دانیشتوان ئاماژەیان بەوەی کە ڕێژەکانی گەشەی دانیشتوان ساڵانە لە(٣٪) تێپەڕی کردووە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نمونە عێراق لە ساڵی (١٩٤٧)دا دانیشتووانەکەی لە (٥) ملیۆن تێنەدەپەڕی، بەڵام لە کۆتایی سەدەی رابردوودا لە (٢٥) ملیۆن تێپەڕی کرد، لەگەڵ ئەم بەرزبوونەوە بەردەوامەی دانیشتوواندا پێداویستیەکانیشیان لە ئاوەکان زیاد دەکات.(ئاو)یش زیاد دەکات وە توێژینەوە دیمۆگرافیەکان(الدراسات الديموغرافيه) دڵنیامان دەکەنەوە لەوەی کە دانیشتوانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر(٢٠-٢٥)ساڵ بە بڕی (دوو هەند) زیاد دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی پێداویستییەکانی دانیشتوان بە ئاوەکان.

٢- بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارستانیەت:

کۆچکردن لە (دێ) وەبۆ (شارە سەرەکیەکان) لە ناوچەکەدا، لەساڵی(١٩٤٧)دا ڕێژەی دانیشتوانی شارەکانی عێراق کەمتر بوو لە (٢٥٪)ی کۆی گشتی دانیشتوان، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیست دا ئەم ڕێژەیە تێپەڕی کرد لە(٧٥٪) وە ئاشکرایە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلە و ئاستی شارستانیەتی کۆمەڵگاکاندا پێداویستییەکانی دانیشتوانەکانیشی بە داهاتە ئاوییەکان زیاد دەکات وە لەم بارەیەوە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکرای بەکارهێنانی تاکێکی دەشتەکی لە بیابانەکاندا بۆ ئاو لە(١) لیتر تێناپەڕێ، بەڵام تاکێك لە شاری(بەغداد)، (٢٠٠-٣٠٠) لیتر ئاو بەکار دەهێنێت ئەمەش کاریگەریی گۆڕانکاریی شارستانی دەسەلمێنێت لەسەر زیادبوونی پێداویستییەکانی دانیشتووان بە ئاوەکان.

٣- فراوان بەهۆی رووبەرە کشتوکاڵییەکان و سامانە ئاژەڵییەکان تا بگونجێن لەگەڵ پیشەسازیی و تەکنەلۆژیا ئایا لە (هۆکارەکانی گواستنەوە) یان (کارگەکان) یان (دامەزراوە پیشە سازییەکان) (یان ناوەندە گەشت و گوزارییەکان)دا بێت لە لایەکی تر بێگومان ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە لەزیادکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان بە داهاتە ئاوییەکان.



PDF 4 KURD

کاتێك پێداویستیەکانی عێراقیەکان زیادی کرد بە ئاوەکان (تورکیا) تێکۆشا وە بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست دا بۆ دانانی دەیان (کۆگەو بەنداو) لە ناوچەکانی سەرچاوە ئاوییەکانی هەردوو رووباری (دیجلە و فورات)دا لە کوردستانی باکووردا ئەمەش بە ئامانجی دەست بە سەراگرتنی داهاتە ئاوییەکان لە هەردوو رووباری ناوبراودا لەسەر حسابی بەرژەندییەکانی هەریەکە لە (سوریا و عێراق). وە پرۆژەی (گاپ) لە گرنگترین ئەو پرۆژانە بوو کە تا ئێستاش بۆتە سەرچاوەی کێشە جۆراوجۆرەکان لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا بە هۆی کەموکوڕی لە ئاوەڕۆکانی ئاوەکاندا کە دێن بەرەو هەردوو وڵاتی (عێراق وسوریا). وە ئەگەر سوریا رازی بێت بەو بڕە ئاوانەی کە بۆی دێت لە ئاوەکانی فوراتەوە ئەوا (عێراق) زیانی زیاتری بەردەکەوێت لەمەدا لەبەرئەوەی ئاوی ماوەی ناو (فورات)ی بەردەکەوێت پاش ئەوەی هەر یەکە لە(سوریا وتورکیا) بە ئارەزووی خۆیان ئاوەکان بەکار دەهێنن بۆ مەبەستەکانی خۆیان بە تایبەتی پاش ئەوەی کە سورییەکانیش هەستان بە دانانی چەندین کۆگەو بەنداوی ئاو لەسەر رووباری فورات لە بەرامبەر سیاسەتە دوژمنکارییەکانی تورکیادا لە لایەك، وەبۆ بەرەنگار بوونەوەی پێویست بوونەکانی ئاوەکان لە لایەکی تر، لەو بەنداوانەی کە سوریا دروستی کردوون، بەنداوی (طبقة).

کە دەتوانێ(١١/٩) ملیار م.٣ ئاو کۆ بکاتەوە لەساڵی ١٩٧٣ دا، لە ساڵی(١٩٨٨)دا فراوان کرابۆ (١٤) ملیار م.٣، پاشان بەنداوی(البعث) لە ساڵی ١٩٨٩ دا بە فراوانی(٩٠) ملیۆن م ٣، وە بەنداوی(تشرين) لە ساڵی(١٩٩٧)دا بە فراوانی(١/٩) ملیار م.٣، کە ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی زۆر لە قەیرانەکانی پەیوەندییە(عێراقی-سوری) یەکان دا لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی ئاوەکان لە رووباری فورات دا لە هەموویان گرنگتر قەیرانی ساڵی (١٩٧٤) بوو لە کاتی پڕکردنی بەنداوی(طبقة)ی سوری کە بووە مایەی هەڕەشەکردن لە ژیانی ملیۆنەها لە دانیشتوانی دەوروپشتی رووباری فورات لە عێراق دا تا کار گەیشتە رادەیەك (عێراق) هەڕەشەی جەنگ هەڵگیرساندنی لە (سوریا) کرد بەڵام هەندێ لە دەوڵەتانی عەرەبی و (یەکێتی سۆڤیەتی) پێشوو کەوتنە نێوانیان و نەیان هێشت، لەبەر ئەم هۆیانە رووباری فورات لە عێراق دا، وای لێهات لە زۆربەی مانگەکانی ساڵ دا ئاوێکی کەمی پیادا دەهات و سوودی زۆر کەم بۆوە، هەر بۆیە ئەمە بووە هاندەرێك بۆ حکومەتی عێراقی بۆ کردنەوەی کەناڵێك لە رووباری دیجلەوە بە ئاراستەی رووباری فورات لە رێی گۆمی (ثرثار)ەوە بەمەش رووباری دیجلە وەکو بنەمایەك مایەوە لە ئاسایشی ئاو لە عێراقدا.

ڕووباری دیجلە: لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا کە سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە دەکەونە ناو خاکی کوردستانی تورکیاوە، وە پاش بڕینی نزیکەی(٣٠٠) کم، دێنە ناو خاکی عێراقەوە، هەروەها پێش ئەوەی بێتە ناو خاکی کوردستانەوە بە ماوەی

(٥٠کم) بە سوریادا تێپەڕ دەبێت، چەند لقێك دەڕژێنە ناو ئەم ڕووبارە وە ئاوەکانیان لە (کوردستانی ئێران) و (کوردستانی تورکیا) و (کوردستانی عێراقەوە) وەردەگرن ئەم لقانەش بریتین لە: خاپور، زابی گەورە(سەروو)، زابی بچووك(خواروو)، سیروان.

ڕووباری دیجلە لەگەڵ هاتنە ناوەوەیدا بەرەو خاکی هەرێمی کوردستان ئاستی ئاوەکانی بەرز دەبێتەوە بە جۆرێك کە ئەو لقانەی ناویان هێنراوە ڕێژەی (٦٦٪)ی کۆی گشتی داهاتە ئاوییەکانی ئەم ڕووبارەن، واتە سەرچاوەی ئەو ئاوانەی کە بەرەو دەشتی نیشتەنی عێراق دەڕۆن دەکەونە ناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هەرلە هاتنە ناوەوەی ڕووبارەکە بۆ ناو هەرێم لە خاڵی(پێش خاپوور)ەوە تا دەگاتە خاڵی ڕژانی(ڕێژگەی) ڕووباری سیروان بۆ ناو ڕووباری دیجلە لە خوار شاری (بەغداد)ەوە، لێرەوە هێشتا خورپەی دڵی حکومەتە عێراقیەکان ترسانە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی بکات بەدەست بەسەرا گرتنی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕووباری دیجلە کە لە کاتی ئێستادا بە ڕووباری سەرەکی (ئاسایشی ئاو) دادەنرێت لە وڵاتدا، هەروەها هەر لێرەوە ئەم حکومەتە عێراقیانە تێکۆشان لەسەر درێژەپێدانی سەدەی رابردوو بۆ نەخشە کێشان لە پێناو بەر تەسك کردنەوەی هەبوونی کورد لە و تێکۆشانی بەردەوام بۆ سەرنەگرتنی بەدیهاتنی ئەو قەوارە سیاسیە بۆ کورد ناوچەکەدا بەهەر شێوەیەك بێت، وە لەو بەڵگانەش کە ئاماژە بەم نێتە دەکەن ئەمانەی خوارەوەن:

- پێکهێنانی چەندین بەنداو و کۆگەی ئاو لەسەر ڕووباری دیجلە و لقەکانی وەك: (بەنداوی دوکان، دەربەندیخان، موسڵ) پاشان (بەنداوی بەخمە) کە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بووە هۆی تەواو نەبوونی.

- ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ئاودێری لە ناوچەی: (جەزیرە) لە ڕۆژئاوای موسڵ،(حەویجە) ڕۆژئاوای کەرکوك.

ئامانجە سیاسیەکانی ئەم پرۆژانە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەنواند:

١- دابینکردنی ئاستێکی گونجاو بۆ ئاوەڕۆکانی ئاوەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە وفورات بەمەبەستی درێژەپێدانی ژیانی دانیشتووانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.



٢- ئاراستەکردنی ئەم پرۆژە ئاو دێرییە بایەخدارانە بەرەو خزمەتکردنی سیاسەتی(بەعەرەبکردن) لە ناوچەکەدا لە ڕێی چاندنی زەوییە کشتوکاڵیەکانەوە بە هۆزە عەرەبەکان لە لایەك، وە کۆچپێکردن و ڕاگواستنی هەزاران کەس لە دانیشتووانی ناوچەکە کە دێهاتەکانیان بوون بە ژێر ئاوی ئەو پرۆژانەوە لە لایەکی تر، سیاسەتی حکومەتە عێراقیەکان بەرامبەر بە کێشەی کورد لەم سنوورە دا نەوەستا بەڵکو ئەو دڵە خورپە و ترسە لە دروست بوونی قەوارەی کوردی لە هەرێم دا بەشێکی فراوانتری داگیرکرد لە سیاسەتی ئەم حکومەتانەدا لە بارەی ئاسایشی ئاوەوە، بەجۆرێك دەستیان کرد بە دروستکردنی بەنداو و کۆگەی ئاوی(حەمرین) لە بەنداو کۆگەی (دەربەندیخان)ی سەر زێ ی (سیروان)ەوە (لە شاری دیالەوە) بەرەو باشووری وڵات لە نزیك شارۆچکەی السعدیە(قزلرباط) وەك یەدەگێك بۆ پرۆژەی دەربەندیخان، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان کورد بیری کردەوە لە دەستگرتن بەسەریدا یان گیرو بەندکردنی ئاوەکانی. لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان وەك (بڕبڕەی پشتی بابەتی ئاسایشی ئاو) مایەوە لە عێراق دا لە تەك گرنگی (ئاسایشی نەتەوەیی) دا، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە ڕووباری (فورات) بەپشت بەستوویی مایەوە لەسەر ئاوەکانی ڕووباری (دیجلە) هەربۆیە هەستیارییەکان(حساسیات)ی حکومەتە عێراقیەکان زیادی کرد لە بەرامبەر هەر شێوازێك دا کە ڕێگە دەدات بە پێکهێنانی (قەوارەی نەتەوەیی) یان (پێگەی سیاسی هەڵکەوتوو) بۆ کورد لە ناوچەکەدا هەر ئەمەش وای لە حکومەتە عێراقیەکان کرد بۆ بەکارهێنانی گشت هۆکارەکان لە پێناو بەدینەهاتنی ئەم ئاواتانەی کورد دا لە وانە: بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ، قەلاچۆکردنی بە کۆمەڵی دانیشتووانی هەرێم، شاڵاوی کۆچپێکردن و ڕاگواستن و ناردنەوەی هەزاران کەس لە دانیشتووانی دێهات و شارۆچکە کورییەکان لەگەڵ ئەنفالکردنەکانی ناوچەکە کە تەواوی‌ناوەندە ئاوەدانەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەمجۆرە دڵنیاییەك لە لای زۆربەی ئەو چین و توێژانە پەیدا بوو کە پەیوەندیدارن بە کێشەی کوردییەوە سەبارەت بەوەی کە کێشەی کورد کێشەی سنوورنیە هەروەك دەردەکەوێت لەو دانووستاندنانەوە کە سازدرا لە نێوان لایەنە کوردییەکانی عێراق و حکومەتە ناوەندییەکاندا، بەڵکو لە ڕاستیدا کێشەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی هەیە بە هەبوونی کوردەوە لە ناوچەکەدا.

## کێشەی کوردی لە عێراق کێشەی سنورە یان هەبوون!!!

چەمکی سنوور: ئەو سنوورەی کە نەخشە جوگرافیە سیاسیەکان و دەیڕازێنێتەوە تەنها هێڵی خەیاڵی لەسەر کاغەز نین بەڵکو بریتین لە بڕگەی ئاسۆیی جیاکەرەوەی هەڵکەوتوو هەروەك چۆن بڕگەی ستوونین درێژ دەبنەوە لە نێوان بۆشایی ئاسمان و ناخی زەویدا، وە ئەم سنوورانە پیرۆزیی تایبەتی خۆیان هەیە لە لای دەوڵەتان بە جۆری کە سەروەری دەوڵەت لێیانەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێشدا کۆتایی دێت.

هەروەك پێویستە لەسەر هاوڵاتیان ڕێزی سنوور بگرن و پابەندبن بە ڕێکخستنەکانیان و یاساکانەوە، سنوور بە واتا یاساییەکەی واتە شوێنەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان سەروەرییەکانی دەوڵەتان و ڕژێمە یاساییەکانیان و بە واتا سەربازییەکەشی: بریتی یە لە بەرەی پێشەوە کە پێویستە لەسەر دەوڵەت بیپارێزێ و بەرگری لێ بکات لە لایەکی ترەوە سنوور بە هۆکاری جیاکردنەوە و بەربەستکردنی دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دادەنرێ لەسەر هەردوولای(هەردوو دیوی) سنوورەکە، ئەم هۆکارە دەبێتە مایەی هەڕەشەکردن لە ناوەندە کشتوکاڵی و بازرگانی و گەشتوگوزارییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە ناکۆکیان هەیە دەربارەی کێشان و دیاریکردنی سنوورەکان لە نێوانیان دا هەروەك  ئەوەی هەیە لە سنوورەکانی (عێراقی-ئێرانی) هەیە.

ئەرکەکانی سنوور دەوەستێتە سەر سروشتی ئەو پەیوەندیانەی کە هەن لە نێوان دەوڵەتە دراوسێکاندا کاتێ کە دەوڵەتان ئارەزووی سووککردنی(کەمکردنەوەی) ڕێگرییەکان دەکەن لەگەڵ پەرەپێدان و باشکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییانەدا سنوور کاردەکات بۆ بەهێز کردن و پێگەیاندنی ئەم پەیوەندییانە، قەیرانی پەیوەندییەکان (نەبوونی پەیوەندییەکان) دەبێتەهۆی جیاکردنەوە و دابڕینی ئەو دەوڵەتانەی کە هەندێك جار پاشەکشە دەکەن لە گشت لایەنە شارستانێتیەکان، وە سنوور دەبێتە دیوارێکی سەخت لە بەردەم پەیوەندیی خراپدا، زۆر لە توێژەران وادەبینن کە: بەهێزترین و چاکترین سنوور ئەو سنوورەیە کە دروست دەبێت لەسەر بنەمای دراوسێیەتی چاك و باوەڕ بوون بە یەکتریی، نەك ئەو سنوورەی کە دروست دەبێت لەبەر ئەوەی بایەخێکی بەرگریکردنی چاکی هەیە وەك: (چیاکان، بیابانەکان، ڕووبارەکان)، هەروەك راتزل دەڵێت.



جیاوازیی هەیە لە نێوان باری ئاسایش دا بەدرێژایی سنووری (عێراقی-ئێرانی) یان (پاکستانی-هیندی) هەرچەندە بەربەستی چیایی دوورو درێژ لە نێوانیاندایە، وە لە نێوان سنووری (ئەمریکی-کەنەدی) دا کە سنووری نێوانیان سنوورێکی هێمن و سەقامگیرە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ چیا و بەرزاییەکی سەخت لەسەر سنوورەکانیان نیە.

### جۆرەکانی سنوور:

سنوور هەیە لەسەر بنەمای دیاردە سروشتییەکانی وەك: (چیاکان، ڕووبارەکان، بیابانەکان، دەریاکان) دیاری دەکرێت یان (ڕەچەڵەکزانی) کە خۆی بنوێنێ لە زمان وئایین و نەتەوایەتیدا، سنوور نەخشە دەکێشرێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و پەیمان بەستن لەنێوان دەوڵەتانی پەیوەندیداردا، یان بە پێی مەبدەئی بڕیاردانی چارەنووس کە لەبەر رۆشنایی رای هاوڵاتیادا وەردەگیرێ لە دیاریکردنی ئەو دەوڵەتەدا کە دەیانەوێت بچنە پاڵی یان لێی جیا ببنەوە، ئەم ئاڕاستەیە بەرجەستە بوو پاش کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی، لە ئەنجامی لێك هەڵوەشانی (ئیمپراتوریەتی عوسمانی) و (ئیمپراتوریەتی نەمسا) و (مەجەر) زۆر لە دەوڵەتانی جیهان توانیان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن لە ژێر سایەی مەبدەئی بڕیاردانی چارەنووس دا کە هەردوو قوتابخانەی ڕێککەوتن (پەیمان بەستن) و (سنووری رەچەڵەکزانی) کۆدەکاتەوە بە تایبەتی پاش کۆنگرەی (فرسای) لەگەڵ ئەوەش دا هەندێ نەتەوە بەش بەش بوون و دابەشی سەر زیاتر لە دەوڵەتێك بوون وە بێ بەش کران لە چوونە پاڵ لە (نیشتمانی دایك)دا ئەمەش بە هۆی خۆتێهەڵقورتاندنی نەتەوەکان و میللەتان لە لایەك وە بەرژەوندی دەوڵەتە زلهێزەکان لە لایەکی تر. بێ گومان کێشانی سنوور لە نێوان دەوڵەتان دا لەسەر بنەمای ئارەزووەکانی گەلان، سنووری نموونەیی (مثالی) لێ دەکەوێتەوە بەڵام ئەم مافە بەدەست نەهات لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین دروشمی سیاسی بڵاو بۆوە پاش یەکەم جەنگی جیهانی، ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە کورسییان بەدەست هێنا لە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ژمارەی ئەو دەوڵەتانە تێنەپەرین کە ئەم دەستەیان پێك هێنا لە ساڵی (١٩٤٥) دا و دەکاتە تەنها ڕێژەی (٣٠٪) ی کۆی گشت دەوڵەتان لە کاتی ئێستادا وە زۆربەیان لە هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیادا بوون بڕوانە خشتەی ژمارە (١)



PDF 4 KURD

خشتەی ژمارە (١) یەك

دەوڵەتانی ئەندام لە دەستەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا

| كیشوەر | ٪ (ڕێژە) |
|---|---|
| ئەفریقیا | ٣٢ |
| ئاسیا | ٢٤ |
| ئەوروپا | ١٩ |
| ئەمریكای خواروو | ٩ |
| ئەمریكای سەروو | ١١/٦ |
| ئوسترالیاو دەوڵەتانی ئۆقیانوسی ئارام | ٤/٤ |
| **كۆی گشتی** | ١٠٠ |

**كێشەكانی سنوور:**

توێژەران ڕێك دەكەون لەسەر ئەوەی كە كێشەكانی سنوور لەجیهان دا لە ناوەڕۆك و جەوهەریدا كێشەی سروشتی نین بەڵكو دروستكراوی دەستی مرۆڤن وە ئەم كێشانە دەووروژێنرێن لە بەر هۆكاری (سیاسی) و (ئابووریی) و (دیموگرافی)، هەندێ جار كێشە سنوورییەكان لە نێوان هەندێ دەوڵەت دا بە شێوازێك كارلێك دەكەن دەگەنە پلەی هەڕەشە كردن بە جەنگ هەڵگیرساندن یان بەڕاستی دەبێتەهۆی جەنگ هەڵگیرساندنەكە، وە لە دەوڵەتانی تردا لە شێوازی ئەدەبیاتی سیاسی واتە (جەنگێكی ڕاگەیاندنی – حربا اعلامیا) تێناپەڕێ و زوو كۆتایی پێی دێت بە شێوەیەكی كاتی تا كاتێكی باشتر و گونجاوتری بۆ دەبینرێتەوە تا كێشەكە لە هەل و مەرجێكی پەسەندا سەرهەڵدەداتەوە.

هەڵبەت دەركەوتنی (كۆمەڵگا ئابوورییەكان) و (تۆپەڵ بوونە هەرێمیەكان) و (پەیمانە سەربازییەكان) بوونە هۆی گۆڕانكاریی لەو ڕۆڵەدا كە سنوور دەیبینێ، هەروەك چۆن گەشەسەندنەكانی تەكنەلۆژیا ڕۆڵیان بینیوە لە هۆكارەكانی گەیاندن دا و لە هێرش بردن و بەرگریكردندا هەروەها بایەخی تەكنەلۆژیا لە كەمكردنەوەی گرنگی و بایەخی سنوور وەكو ئەو ئاستەنگانەی كە بەزاندنیان كارێكی سەخت دەبێ لە وانە: (بازاڕی ئەوروپی هاوبەش، بازاڕی



عەرەبی هاوبەش، یەكێتی ئەوروپا، ئەنجومەنی هاریكاریی عەرەبی هاوبەش، پەیمانی ئەتلەسی)بە جۆری هەندێ هێشتا وادەبینن كە سنووری نیشتمانی لە كەلەپووری ڕابردووە وەیە، لەلایەكی ترەوە عێراق وەكو دەوڵەتێكی نوێ لە توێی دەرئەنجامەكانی یەكەم جەنگی جیهانیدا بە تایبەتی لە سایەی ئەو هەمە چەشنەییەی ڕەچەڵەكزانی كە كۆمەڵگای عێراقی هەیبووە، لەبەر ئەوە كرداری كێشانی سنووری عێراق لەگەڵ دراوسێكانیدا بایەخێكی تاك و دەگمەنی هەیە وە زۆر لەسەر دەوڵەتی عێراقی كەوتووە لەماوەی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمرۆ بە چێشتنی زۆر لە ئێش وئازار و ناسۆر بە شێوازێ كە هێشتاوە تا ئەمرۆ سنوورەكانی لەگەڵ گشت دەوڵەتانی دراوسێیدا ناسەقامگیرە بە دەوڵەتە عەرەبیەكانیشەوە.

عێراق (٣٤٦٢) كم سنووری سیاسی هەیە كە دابەش دەبێ بەسەر شەش دەوڵەتی دراوسێ دا وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەماشای خشتەی ژمارە (٢) بكە:

خشتەی ژمارە (٢)

سنووری عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دا

| دەوڵەت | درێژی سنوور /كم | ٪ |
|---|---|---|
| توركیا | ٣٧٧ | ١٠/٩ |
| ئێران | ١٣٠٠ | ٣٧/٦ |
| سوریا | ٦٠٠ | ١٧ /٣ |
| ئوردن | ١٧٨ | ٥ /١ |
| سعودیە | ٨١٢ | ٣٢ /٥ |
| كویت | ١٩٥ | ٥/٦ |
| كۆی گشتی | ٣٤٦٢ | ١٠٠ |

لە خشتەكەوە دەردەكەوێ كە سنووری (عێراق-ئێران) لە نێوان سنوورەكان دا درێژترین سنوورەكە نزیكەی بڕی (٣٨٪)وە سعودیە زیاتر لە (٢٣٪)یە، ەوە سوریا زیاتر لە (١٧٪) یە، لەگەڵ توركیادا (١١٪) یە، وە لەگەڵ كێشانی ئەو سنوورەدا گەلی گورد كەوتە بەر

پارچەپارچە بوونی خاکەکەیی و لێك هەڵوەشانی دانیشتووانەکەی لەسەر هەردوو لای سنوورەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بە شێوازێ کە نیشتمانی کوردی بەدرێژایی سنووری (تورکیا- عێراق) بە رێژەی (١٠٠٪) دابەشکرا، وەی رێژەی (٧٠٪) ی سنووری(عێراق- ئێران) دابەشکراوە نزیکەی (٣٠٪) ی سنووری (عێراق- سوریا) دابەشکرا ئەمە کارێکە رەنگدانەوەی بنەڕەتی کێشەی کوردە لە عێراق دا ئایا تەنها لە بەرامبەر گەلی کوردا بێت یان لە بەرامبەر خودی دەوڵەتی عێراقیدا بێت، ئەگەر گەلی کورد ئەم دابەشکردنەی بەسەردا سەپێنرابێ لە سایەی ڕووداوەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانیدا کە لە پێناوی بەرژەوەندی دەوڵەتە سەرکەوتووەکاندا بوو بێت. وە سنووری باشووری عێراق تا ئێستاش بەرەڵلایە و دیاریی نەکراوە بەڵکو بەر داخورانی بەردەوام دەکەوێت لە بەرژەوەندیی دانیشتوانی عەرەب دا ئەمەش لە ڕێی شاڵاوەکانی راگواستن و بەعەرەبکردنەوە کە تا ناوجەرگەی زەوییەکانی گەلی کورد درێژەی کێشا وە وای لێهات هەڕەشە بکات لە بوون و لە پێناسەی نەتەوەیی کورد.


لەخوێندنەوەی مێژووی سیاسی شاڵاوەکانی گۆڕینی نەتەوایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە تا ئەمڕۆ ئەم پرسیارە دەکرێ: (ئایا کێشەی کورد لە عێراق کێشەی سنوورە کە تا ئێستا بیروڕاکان جیاواز و گۆڕاوون لە کێشانی ئەم سنوورە دا لە نێوان گشت حکومەتە عێراقیە یەك لە دوای یەکەکان و سەرکردایەتی کوردی دا؟).

یان کێشەکە کێشەیەکی سیاسی یە و ئەم حکومەتانە نەخشەی بۆ دەکێشن بە ئامانجی کۆتایی پێهێنانی هەبوونی کورد وەکو گەلێك و نەتەوەیەك کە خاوەنی بنەما بەهێزەکانی خۆیی و مافی بڕیاردانە لەسەر چارەنووسی خۆی. وە ئاماژەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا هەر لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقیەوە لە ساڵی (١٩٢٥) دا رەنگدانەوەی هەندێ نەخشە کێشانە بۆ ئەو سیاسەتە واتە (سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزو نەتەوەی کورد) کە قۆناغ دوای قۆناغ جێبەجێکرا، هەر قۆناغێك پێداویستی و میکانیزمی تایبەتی خۆی هەبوو کە رێك دەکەوێت لەگەڵ بارە سیاسی و سەربازییەکانیدا لەکات و شوێن دا، کاتێك کە ناوچە شاخاوییە سەختەکان کەوتنە بەر شاڵاوەکانی راگواستن وڕاوەدوونانی دانیشتوانەکەی جێگرتنەوەی ئەم دانیشتووانە کوردانە بە (عەرەبی هاوردە) کارێکی زەق و سەخت دەوەستێت، بەڵام ناوچەکانی باشوور و رۆژئاوای



هەرێمی کوردستان شاڵاوی بە عەرەبکردنی فراوانی بە خۆیەوە بینی لە رێی سێ تەوەری سەرەکیەوە کە ئەمانەی خوارەوە بوون (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٩).

**نەخشەی ژمارە (٩)**




**ئاراستەکانی تەعریب لە کوردستانی عێراق**



PDF 4 KURD

تەوەری پارێزگای موسڵ (جەزیرە)

تەوەری پارێزگای کەرکوك

تەوەری رۆژهەڵاتی بەغداد (ناوچەکانی کوردە فەیلی یەکان)

شاڵاوەکانی راگواستن زیادی کرد لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا بە جۆری کە سنوورێکی دوورو درێژو فراوان پاکتاوکرا بە درێژایی ناوچەکە هەر لە (مەندەلی) تا (شەنگار) وبە پانتایی یەك کە لە هەندێ ناوچەدا لە (٣٠ کم) تێدەپەری لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق دا، لە سایەی رێککەوتننامە شومەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ و لەگەڵ گەرمەی جەنگی (عێراق- ئێران دا) لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) دا شاڵاوەکانی راگواستن فراوانتر دەبوو تا زۆربەی دێهات و ژمارەیەکی باشی لە شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە.

شاڵاوەکانی ئەنفال لە نێوان مانگەکانی (شوبات- ئەیلول) ی ساڵی (١٩٨٨) دا دەستی پێکرد بۆ پاکتاوکردنی ئەو (دێهات) و (ناوەند) و (کۆمەڵگایانەی دانیشتووان) کە مابوونەوە لە دەرەوەی شارە سەرەکیەکان دا، لە کاتێکدا کە کردارەکانی چاندنی ناوچە کوردییەکان بەردەوام بوو بە (عەرەبە هاوردەکان) لە پارێزگاکانی: (نەینەوا، سەلاحەدین، دیالە، کەرکوك) دا و نیشتەجێ کردنیان، بەڵکو ئەم چاندنە درێژەی کێشا تا سەر بەشە ئازادنەکراوەکانی سنوورەکانی هەر سێ پارێزگاکانی (دهۆك و هەولێر و سلێمانی).

وە ئەگەر رووداوەکانی مانگی (ئابی) ساڵی (١٩٩٠) و راپەرینی گەلی کوردی بەهاری ساڵی ١٩٩١ نەبوایە ئەوا عێراق گەورەترین بەشی لەو نەخشەیەی کە ئامانجی سەرەکی کۆتا هێنان بوو بە هەبوونی کورد وەکو گەل و نەتەوە جێبەجێ دەکرد، وە لێرەوە سوور بوو وە هێشتا سوورە لە سەر ئەوەی (کە عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی وە گەلانی عێراقیش بەعەرەب وکورد و تورکمانەوە بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب).

# ئاراستەكانی گەشەی دانیشتووان لە كوردستانی عێراق دا لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی پاكتاوی ڕەچەڵەكی (نەژاد)ی دا:

پێشەكی: لە پاشماوەكانی سەدەی ڕابردوو ڕێژە بەرزەكانی گەشەی دانیشتوانی جیهانە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی سەر ئاستی (ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسی) كە بە دوای ئەم زۆر بوونە دا ڕوویانداوە، هەڵبەت لە دیارترینیان زیادبوونی ناوەندەكانی گرژییە ئابووریی و سیاسییەكان بوو لە زیاتر لە یەك شوێن كە لە كاردانەوەی جیاجیادا خۆی دەنواند لە لایەن كۆمەڵە ڕەچەڵەكییەكان و تیرە و هۆزە ئایینەكانەوە لە زۆربەی وڵاتەكانی دنیادا بە دەوڵەتە پێشكەوتووەكانیشەوە ئەوەی كە تێبینی دەكرێ ڕێژەكانی زیادبوونی دانیشتوانی جیهان لە نێوان (١/٦-١/٨٪) دابووە. ساڵانە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، وە بە تێكڕای (٧٠)ملیۆن كەس لە ساڵێكدا كە لە دوا چارەكی سەدەی ڕابردوودا ئەم ڕێژەیە گەیشتە (٨٥) ملیۆن كەس لە ساڵێكدا ئەمەش واتە ڕەوشەكانی گەشەسەندنی دانیشتوانی جیهان هێشتا بەرزە، سەرەڕای گشت ئەو ئەركانەی كە ڕێكخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەكان كێشایان بۆ كەمكردنەوەی خێرایی ئەم ڕەوشانە، بەڵام هێشتا ئەم ڕێژەیە زیاتر بوو لە (٢٪) ساڵانە لە ناو دەوڵەتە تازە پێشكەوتووەكان دا كەچی كەمتر بوو لە (١٪) لە ناو دەوڵەتە پێشكەوتووەكان دا بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

خشتەی ژمارە (١)

ڕێژەكانی زیاد بوونی ساڵانەی دانیشتوانی جیهان[١]

| ساڵ | وڵاتە تازە پێشكەوتووەكان | وڵاتە پێشكەوتووەكان | جیهان |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٠-١٩٥٥ | ٢/٠ | ١/٣ | ١/٨ |
| ١٩٧٠-١٩٧٥ | ٢/٤ | ٠/٩ | ١/٩ |
| ١٩٩٠-١٩٩٥ | ٢/٠ | ٠/٦ | ١/٧ |
| ٢٠٠٠-٢٠٠٥ | ١/٨ | ٠/٥ | ١/٦ |

(١) طە الحدیثی، جغرافیة السكان، دارالكتب والطباعة والنشر، جامعة موصل، ١٩٨٨، ل ٣٤٤.



لە بەرامبەر ئەم جیاوازییە دا لە ڕێژەكانی گەشەی دانیشتووانی جیهان دا دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەكان بەشێكی گەورەی ئەم زیاد بوونەی دانیشتووانیان ڕاكێشاوە بۆ لای خۆیان ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی نوێنەرایەتی دانیشتووانی جیهان لە (٧٠٪) ەوە بۆ (٧٩٪) لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٠-٢٠٠٠)وە واچاوەڕوان دەكرێت ڕێژەیان بگاتە نزیكەی (٨٣٪) لە كۆی گشتی دانیشتووانی جیهان لە ساڵی (٢٠٢٥) دا[٢].

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگدانەوەی باری لێك جیاوازییە لە ڕەوشەكانی گەشەی دانیشتوانی جیهاندا، كاتێك ڕێژەی گەشەی دانیشتووان لە (تونس) گەیشتە (١/٧٢٪) ساڵانە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٥-٢٠٠٠) وە لە (١/٩٪) لە هەر یەكە لە (توركیا و لوبنان) دا وە لە مەش كەمتر لە ئیسرائیل دا، وە لە (عێراق) گەیشتە نزیكەی (٣٪) لە مەغریب (٢/٦٪) وە لە (ئێران و میسردا)[٣]لە (٢٪) تێپەڕی كرد لەگەڵ ئەو كەموكوڕییانەدا كە دەرئەنجامەكانی سەرژمێرییەكانی دانیشتوانی پێ وەسف دەكرێت لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا بە (عێراق)یشەوە لە ڕووی ووردبینی و تەواوییەوە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەم سەرژمێرییانە سوودمان پێدەگەیەنن لە بەراووردكردن و لێكدانەوەدا، ئاشكرایە عێراق هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە ساڵی (١٩٢١) هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەكانی دانیشتووان بە شێوەی (خولی بەردەوام) هەر (١٠) ساڵ جارێ بەڵام دەرئەنجامەكانی ئەم سەرژمێریكردنانە قەوارەی تەواو گەشەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی عێراقی نەنواندووە یان دابەشبوونە جوگرافی و خەسڵەتە دیموگرافیەكانیان، بە تایبەتی لە بارەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراقەوە، جگە لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧) لەبەرئەوەی لە بارو سەردەمێكدا ئەنجام درا كە هەرێم تیایدا ملكەچی باری نا ئاسایی چالاكی سەربازیی و گەمارۆی ئابووریی بوو بە درێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٩١).[٤]

هەڵبەت ئەو سەختی و دژوارییانەی دەوەستن لە بەردەم ئەم جۆرە توێژینەوانەدا بڵاوكردنەوەی دەرئەنجامەكانی سەرژمێرییەكانی دانیشتوانی عێراقە، لەسەر بنەمای

(٢) محمد ازهر السماك: الجغرافیة السیاسیة، اسس و تطبیقات، جامعة موصل ١٩٨٨.

(3) UNFPA و population wall chart و Newgork و U.S.A

(٤) خلیل اسماعیل محمد: التعددات السكانیة فی العراق ودورهافی احصاء سكان كردستان/ مجلة (سەرهەڵدان) ژمارە / ١٦، ١٩٩٦، ل ٣٦.



PDF 4 KURD

پارێزگاکان بە بێ یەکە کارگێڕییە بچووکەکانیان بەتایبەتی ئەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بە پێکهاتەی (نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوان)ی یەوە کە ئەمەش بەڵگەی رازی نەبوونی دەسەڵاتە عێراقیەکانە پێیان لە لایەك، وە سووربوونی دەسەڵاتە عێراقیەکانە لە سەر شاردنەوەی ئەم شتانە لە لایەکی ترەوە.

ئاشکرایە کە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لە کوردستانی عێراق دا کە بێ گومان رەنگدانەوەی سروشتی بارە (ئابووری — کۆمەڵایەتی) ەکەن و دانیشتوان تیایدا دەژین و لە هەمان کاتدا ئەو ئاڕاستە کراوە سیاسیانەن کە تایبەتن بە نوێنەرانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە هەرێم دا یان بە نەخشەکێشانەکانی حکومەتە ناوەندییەکان وەك گۆڕەپانێ بۆ کارلێکەکانی ئەو گۆڕاوانە، کێشی دیموگرافی دانیشتوانی هەرێم لە پێشاندا و هێشتاش بایەخێکی جیۆپۆلیتیکی تایبەتی خۆی هەبووەو هەیە لە بەر رەچاوکردنی وەك توخم (هێز) ێکی سیاسی وئابووری پێکەوە، قەوارەی دانیشتوان پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لە دیاریکردنی هێزی کار و پێکهاتەی ئابووریدا هەروەك چۆن پەیوەندی هەیە بە دیاریکردنی هێزی بەرگریی کەر و سەربازییەوە، دانیشتوان لە هەمان کات دا بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەریشن وەك چۆن بەرگریی کەرن لە نیشتمان، وە توێژینەوە دیمۆگرافیەکان ئاماژە دەکەن بە وەی کە (هەرێمی کوردستانی عێراق گەشەی خێرای بەخۆیەوە بینیووە لە قەوارەی دانیشتواندا بە جۆرێ رێژەکەی لە نێوان (٣-٤٪) دایە ساڵانە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧)[٥]دا ئەمەش رەنگدانەوەیە پێش هەموو شتێك بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی گونجاوی (پەیتی) دانیشتوان لە هەرێم دا، توێژینەوەکان ئاماژە دەکەن بەوەی کە (پەیتی- خصوبە)ی ئافرەت بۆ منداڵبوون لە هەرێم دا زۆر زیاترە لە ئافرەتانی عێراق بە گشتی[٦]، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکی هۆکارو و کارتێکەرە (کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان) دایە کە ئەرکی سەرشانی هاندانەبۆ زیادکردنی رێژەی منداڵبوون لە لایەن ئافرەتانەوە پشکنینە مەیدانیەکان لە (پارێزگاکانی باکووردا) دەریان خستووە کە رێژەی بە پیتی و منداڵبوون زۆر بەرز بۆتەوە لەم شوێنانەدا لە چاو ناوچەکانی تردا کە دەکەونە سنووری پارێزگاکانی (ناوەڕاست وباشوورە)وە[٧].

(٥) خلیل اسماعیل محمد: اقلیم کردستان العراق، چاپی سێهەم، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٤٧.

(٦) عبدالحمید سعید، خصوبة المراة العراقیة، رسالة ماجستیر، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ل ٣٤.

(٧) احمد نجم الدین، جغرافیة سکان العراق، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٢، ل ٦٩، هەروەها: فاضل الانصاری: مجلة السکان، مطبعة وزارة الثقافة، ١٩٨٠، ل ٨٩.



لێرەدا توێژینەوەکەی دکتۆر (شاکر خصباك) دێت بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی (جیاوازی نیە لەنێوان پەیتی زاووزێ ی شاراوە و پەنهان و پەیتی زاووزێ ی چالاك) *دا،

لە لای ئافرەتی کورد، لەبەر ئەوەی تێکڕای وەچە خستنەوە نزیك دەبێتەوە و لە دوورترین کۆتایی بایولۆژی،[٨] لەلایەکی ترەوە ئەوەی بەسەر کوردستانی عێراقدا هاتووە بە درێژایی سەدەی رابردوودا لە نەبوونی باری سەقامگیریی سیاسی و بزوتنەوە سەربازییەکان بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی ناوبراودا و دەرهاویشتەکانی لە شاڵاوەکانی راگواستن و راونان و کۆچپێکردنی هەزاران کەس لە دانیشتوانی هەرێم بۆ ناوچەکانی بەدەر لە نیشتمانیان و کۆمەڵگاکانی دوور لەماڵ وحاڵی خۆیان، جگە لە کارەکانی ئەنفالەکان و کوشتنە بە کۆمەڵەکانی هاوڵاتیان، ئەمانە هەموویان کاریگەریی خراپیان هەبوو لەسەر ئاڕاستەکانی رێژەی پەیتی (توانای منداڵبوون) و رەوشەکانی گەشەی دانیشتووان.

لە توێژینەوەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی دا دەرکەوت کە سەرەڕای بەرزبوونەوەی رێژەکانی رەگەزە مێیەکان لە (٤٦٪) ەوە بۆ (٤٩٪) لە کۆی گشتی دانیشتووانی پارێزگادا لە ماوەی ساڵانی (٩٧٧-٩٨٧)دا بەڵام رێژەکانی ئافرەتە شووکردووەکان دابەزی لە (٩٢٪)ەوە بۆ (٨٨٪) لە کۆی گشتی رەگەزەمێیەکان لەو ماوەیەدا.

وە دابەزینەکە گشت قۆناغەکانی تەمەنی گرتبۆوە، بەڵام زۆرترین دابەزین کۆمەڵەی گەنجانی گرتبۆوە لە نێوان تەمەنی (١٥-٣٠) ساڵان دا، تێبینی خشتەی ژمارە (٢) بکە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئاماژە دەکات بە دابەزینی رێژەکانی (شوو کردووەکان) لە چاو کۆی ئەوانەی کە لە تەمەنی (سك پڕیدان-الحمل) لە (٧٦٪) بۆ (٦١/٥٪) لە ماوەی ناوبراودا وە رێژەی دابەزین زۆر دیارە لە کۆمەڵەی گەنجان دا لە تەمەنی (١٥-٣٠) ساڵان.

*- مەبەست لە (پەیتی زاووزێ ی شاراوەو پەنهان): توانای تەواوەتی ئافرەتە لەسەر دانانی منداڵ لە ماوەی قۆناغەکانی منداڵبووندا بەڵام (پەیتی زاووزێ ی چالاك) واتە ئەوەی کە ئافرەت دەیبێت بە راستی.

بڕوانە: عاطف محمد خلیفة: التحلیل الدیموغرافی للانجاب والاحلال) معهد الدراسات والبحوث الاحصائیة، جامعة القاهرة، ١٩٧٣، ل١.

(٨) شاکر خصباك: الاکراد، مطبعة الشفیق، بغداد، ١٩٧٢، ل ٧٩-٨١.



PDF 4 KURD

## خشتەی ژمارە (٢)

ڕێژەی شووکردووەکان لە پارێزگای سلێمانی لە چاو کۆی گشتی ڕەگەزە مێیەکاندا لە (١٩٧٧-١٩٨٧)[٩]

| کۆمەڵەکان | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ڕێژەکانی گۆڕان |
|---|---|---|---|
| ١٥-٢٠ | ٣٧/٩ | ٢٢/٧ | ١٥/٢ |
| ٢٠-٢٥ | ٧٤/٦ | ٥٦/٠ | ١٨/٦ |
| ٢٥-٣٠ | ٨٩/٥ | ٧٨/٢ | ١١/٣ |
| ٣٠-٣٥ | ٩٢ /٧ | ٨٦/٠ | ٦/٧ |
| ٣٥-٤٠ | ٩٢/٢ | ٨٨ /٦ | ٣/٦ |
| ٤٥/٤٠ | ٨٩/٥ | ٨٦/٦ | ٢/٩ |
| ٤٥-٥٠ | ٨٥/٦ | ٨٤/١ | ١/٥ |
| ناوەند | ٩١/٥ | ٨٨/٢ | ٣/٣ |

بێگومان دەرچوونی بەردەوامی دانیشتوانی هەرێم بۆ دەرەوەی نیشتمان ئایا لەڕێ ی (کۆچکردنەوە) بێ یان (کۆچ پێکردن) بەتایبەتی گەنجان هەروەك دەرمان خست کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر تێکراکانی (تەمەنی ژن هێنان و شوکردن، سن الزواج) وە لە کەمکردنەوەی (ڕێژەی شوکردوان) لە دەرئەنجامیشدا بۆ سەر ڕێژەی منداڵبوون (الانجاب) و کەمکردنەوەی، خشتەی ژمارە (٣)

ئاماژە دەکات بەوەی کە پارێزگای سلێمانی کەوتە بەر دابەزینی ئاشکرا لە ڕێژەی (ڕەگەزی نێرەکان)دا.

کە لە (١١٩) بۆ (١٠٣)ەوە دابەزی بۆ هەر (١٠٠) ڕەگەزی مێ لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٧-١٩٨٧) دا وە زۆرترین دابەزین لە کۆمەڵەی گەنجان دا بوو لە تەمەنی (٢٠-٢٩) ساڵان، ئافرەتی بەسك و زا (خاوەن توانای زۆری زاووزێ) کە ژیانێکی هاوسەرایەتی خۆش

(٩) وزارة التخطيط: احصاء السكان لعام ١٩٧٧ ولعام١٩٨٧ پارێزگای سلێمانی.



بەسەربببات بۆ ماوەیەکی دووروو درێژو، زوو شو بکات هەلی منداڵبوونی زیاتری بۆ دەرەخسێت لە چاو ئەو ئافرەتانەدا کە درەنگ شوو دەکەن یان لە مێردەکانیان دوور دەکەونەوە بە هۆی گەشتکردن و کارکردن و جەنگ و بەدیل گیران و مردن و قەیران و کێشە خێزانیەکانەوە.[١١]

## خشتەی ژمارە (٣)

دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بە پێ ی جۆر و تەمەن[١٠]

| کۆمەڵەی تەمەنەکان | ڕێژەکانی جۆر(١٩٧٧) | ڕێژەکانی جۆر (١٩٨٧) |
|---|---|---|
| ١٥-١٩ | ٨٠/٨ | ١١٢/٧ |
| ٢٠-٢٤ | ١٧٠/١ | ٩٧/٥ |
| ٢٥-٢٩ | ١٤٤/٢ | ٦٢/٦ |
| ٣٠-٣٤ | ١٢٢/٢ | ٩٨/٣ |
| پارێزگاکە | ١١٨/٨ | ١٠٣/١ |

سەرباری ئەوانەی پێشەوە سیاسەتی دەوڵەت لە نەخشەکێشان دا بۆ گێڕانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی هەرێم لە ڕێی چاندنی ناوچە پەراوێز کراوەکانی باشووری هەرێمەوە بەهۆزو خێزانی عەرەب کە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتوون ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەکانی دانیشتوانی عەرەب لەسەر حسابی کورد، لەو زانیارییانەدا کە لە بەردەستدان لە دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی عێراق هەر چەندە کەموکوریشی تیادایە، ئاماژە دەکەن بە بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی دانیشتووانی عەرەب لە (٧١٪) ەوە لە ساڵی ١٩٤٧ دا بۆ زیاتر لە (٨٢٪) لە ساڵی (١٩٨٧) دا لە کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق، بەرامبەر بە دابەزینی ڕێژەی کورد لە (١٩٪) بۆ (١٦/٥) لە هەمان ماوەدا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەوشەکانی گەشەی دانیشتوانی عەرەب زۆر زیاتر بووە لە ڕەوشەکانی گەشەی دانیشتووانی کورد.

(١١) خليل اسماعيل محمد: ڕەوشەکانی پەیتی زاووزێ لە پارێزگای سلێمانیدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٧، ساڵی ١٩٩٩، سلێمانی ل ١٢٤.

(١٠) هەردوو سەر چاوەی پێشوو: پارێزگای سلێمانی.

**خشتەی ژمارە (٤)**

دابەشبوونی ڕێژەیی دانیشتووانی عەرەب و کورد لە عێراق دا (١٩٤٧-١٩٨٧)[١٢]

| ساڵ | عەرەب % | کورد % |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٧١/١ | ١٨/٧ |
| ١٩٥٧ | ٧٩/٢ | ١٦/٥ |
| ١٩٧٧ | ٨١/٨ | ١٦/١ |
| ١٩٨٧ | ٨٢/٣ | ١٦/٥ |

سەرەڕای گشت ئەو شتانەی کە بەسەر دانیشتووانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە هێشتا دانیشتووانی هەرێم پارێزگاری دەکات بە بنکەیەکی فراوان لە مرۆڤە تەمەن بچووکەکانەوەکە بریتین لە گەنجینەیەك لە گەشەی دانیشتووان لە پاشەڕۆژدا بە تایبەتی کە ڕێژەی ئەو ڕەگەزە مێیانەی دەچنە ناو ئەم گەنجینەیەوە زۆر زیاترن لە وانەی کە لێی دەردەچن، ئەمەش هەلی فراوانتر دەڕەخسێنێ بۆ منداڵبوون (بەرهەم هێنانی منداڵ) هەروەها باش بوونی ئاستی ئابووری هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا لەبەر ڕۆشنایی جێبەجێکردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە (٩٨٦) و جێگیربوونی باری سیاسی بوونە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی ژنهێنان و شووکردن و ژیانی هاوسەرایەتی و (هێنانەدی هەلی زۆرتر بۆ منداڵ بوون) واتە بەردەوامبوونی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان لە بەرز بوونەوەدا ئەمەش کۆمەڵێك هۆکارو نیشانەری کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات کە هانی زوو ژن هێنان و شووکردن و ژن زۆریی و ئارەزووی زۆرکردنی ژمارەی منداڵان دەدەن.

(١٢) الحكومة العراقية: احصاء السكان فى العراق لسنة ١٩٤٧، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٤

- حنا بطاطو، العراق من العهد العثمانى حتى قيام الجمهورية، ترجمة عفيف رزاز، بةيروت.

- المجموعة الاحصائية لتسجيل السكان لسنة ١٩٥٧،بغداد ١٩٦٢، العراق.

- فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتیەکانی تر، بەشی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٣.

- ...اء بدرى حسين، مخطط تقسيم العراق، الجمعية الجغرافية العراقية، العدد ٢٨، لسنة ١٩٩٥، ل ١٠٢.



**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- ئەو گۆڕاوە سیاسیانەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق بە خۆیەوە بینی ڕۆڵی خراپی هەبوو لە کۆسپ خستنە بەردەم ئاستەکانی گەشەی دانیشتوانی هەرێم بە تایبەتی لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا.

٢- توێژینەوە دیمۆگرافیەکان بە بەردی گۆشەی دەرخستنی زۆر لە لایەنە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکانی دانیشتوانی هەرێم دادەنرێ کە بە قۆناغی (گواستنەوە)دا تێدەپەڕێ و پێویستی بە پەرۆشیەکی زۆر هەیە لەسەر بەردەوامبوونی گەشەسەندنی دانیشتووان بە ڕێژەی بەرز لە سایەی چەشتنی زۆر لە شاڵاوەکانی (لەناو بردنی بە کۆمەڵ) و (ئەنفال کردن) بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی (التطهير العرقى) لە هەرێم دا لەبەر ئەوە زیادکردنی مناڵ بوون ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە پێکەوە زیاتر لەوەی کە بابەتێکی تاکە کەسی بێت.

٣- لەگەڵ ئەوەش دا کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتە بەر کۆمەڵێك کارتێکەری خراپ لە ڕەوشەکانی گەشەی دانیشتوان دا بەڵام هێشتا هەرێم پارێزگاری دەکات بە توانا (خۆیی) و (بابەتی)یەکانیەوە. لە زیادکردنی ڕێژەکانی (بەپیتی-خصوبە) کە بریتییە لە مانەی خوارەوە:

- بەردەوامی بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی لە دایك بوون.
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی شووکردوان و لە بەرامبەردا نزمبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق دان.
- باشبوونی ئاستی ئابووری دانیشتوان و ئارەزووکردنی بارودۆخە سیاسیەکان بەرەو سەقامگیریی کە هەلی باشتریان ڕەخساندووە بۆ منداڵبوون (بەرهەمهێنانی منداڵ).

**پێشنیازەکان:**

لە پێناو ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە بەشداری بکات لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی گونجاودا بۆ پارێزگاریکردنی ڕەوشەکانی گەشەی دانیشتوانی هەرێم پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکرێ:

١-بەدیهێنانی دەستەبەریی (یاسایی-کۆمەڵایەتی):

دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی داواکارییەکان و پێداویستییەکانی ئافرەتی کارکردوو لە گونجاندنی نێوان کارەکەی لە دەرەوەی ماڵ و منداڵبوونی و پەروەردەکردنی منداڵەکانی دا ئایا بە کەمکردنەوەی کات ژمێرەکانی کارکردن بێ بۆ ئافرەتی سك پڕ یان بەدابینکردنی هۆکارە پێویستەکان بۆ چاودێریکردنی منداڵان ئەرکی کەمکردنەوەی ساتەکانی کارکردن و دابینکردنی



PDF 4 KURD

هۆکارە پێویستەکانی چاودێریی کردنی منداڵانە بریتییە لە سووککردنی باری گرانی سەر شانی (ئافرەتی ناوماڵ و ئافرەتی کارمەند) لە فەرمانگە حکومیەکاندا پێکەوە.

٢-دروستکردن و دانانی دایەنگاو باخچەی ساوایان بە پێی گونجاوی قەوارەی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافییان و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆیان.

٣- ئاراستەکردنی هۆکارەکانی راگەیاندن لە هەرێم دا بۆ زیادکردنی بەشدارییان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی (کۆمەڵایەتی-نەتەوەیی) خێزان و رۆڵی خێزان لە دروستکردنی نەوەی دروست و پابەند، بەو برِوایەی کە ئەم نەوە دروست و پابەندە سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە.

٤- گرنگیدان بە توێژینەوەکانی تایبەت بە دانیشتوان و کارکردن بۆ دانانی ناوەندەکانی دیمۆگرافی و بەستنەوەیان بە زانکۆکانی هەرێمەوە بە ئامانجی فراوان کردنی توێژینەوە و خوێندنە تایبەتەکان کە ئەم ئاراستانە دەگرنەوە لەگەڵ دانانی نەخشە و بەرنامەی پەیوەندیدار بە پەیوەندیی پێویست بە سیاسەتی دانیشتووانەوە.

# شیكردنەوەی پێگەی شاڵاوەكانی ئەنفال لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا

**پێشەكی:**

عێراق هەر لە دەرچوونی بڕیاری كۆمەڵی نەتەوەكان (عصبەالامم) ەوە لە لكاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقی نوێ وە تێكۆشاوە بۆ نەخشەكێشان لە پێناوی گۆڕانەوەی پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانەكەیدا، ئەم تەوەرانەی خوارەوە وەرگیران وەك گۆڕەپان بۆ سیاسەتی عێراق لە بە عەرەبكردنی هەرێمی كوردستانی عێراقدا:

تەوەری جەزیرە.

تەوەری كەركوك.

تەوەری رۆژهەڵاتی بەغداد.

ڕەوشەكانی ئەو سیاسەتە(بەعەرەبكردن) لە رووی خێرایی و گرتنەوەی سەرتاسەرییەوە بڵند بۆوە لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا.

بە جۆرێ كە ئەو نەخشانە پەرەیان پێدرا بە پەیڕەوكردنی شێوازی زۆر كاریگەر و بازنە فراوان بە ئامانجی پاكتاوكردنی هەبوونی كوردو تواندنەوەی لە دەفری گەلی عەرەبی دا لە عێراق لە وانە:

- فراوانكردنی شاڵاوەكانی وێرانكردن و سوتاندنی دێهاتەكان و راگواستنی دانیشتوانەكانیان تا گشت پارچەكانی هەرێم بگرێتەوە.
- دانانی پشتێنەیەكی ئاسایشی كە تیایدا رێگەنەدەدرا بە دانیشتن، بە درێژایی سنووری (عێراقی-توركی) و (عێراقی –ئێرانی) و (عێراقی- سوری)
- ڕەوانەكردن و ناردنەوەی هەزاران لە كوردە فەیلییەكان لە عێراقەوە بەرەو دەرەوەی خاكی نیشتمان.
- بەكارهێنانی گشت جۆرەكانی چەك بە چەكی كۆكوژیشەوە لە دژی دانیشتووانە مەدەنیەكان.



- گۆڕانكاریی بەردەوام لە نەخشەی پێكهاتە كارگێڕییەكانی پارێزگاكانی هەرێمدا بەو شتانەی كە دەبنەهۆی پەلەكردن لە كارەكانی سیاسەتی بەعەرەبكردندا.

ئینجا شاڵاوەكانی ئەنفال دەستیپێكرد تا ببێتە كۆتاهێنەرێكی شومی (نەخشەكێشانە ترسناكە پڕ مەترسییەكە) بۆ پاكتاوكردنی گەلی كورد لە رێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

كەمكردنەوەی قەوارەی كورد لە هەرێمی كوردستانی عێراق تا كەمترین رێژە.

گەمارۆدانی ناوەندە سەرەكییەكانی هەرێم بە ناوچە (قەدەغەكراوەكان) لە باكوورو رۆژهەڵات دا بە (كۆمەڵگا عەرەبییەكان) لە باشوورو رۆژئاوای ولاتدا.

تواندنەوەی پاشماوەی دانیشتوانی هەرێم لە دەفری گەلی عەرەبیدا لە پێناو بەدەستهێنانی دروشمی عێراقی دێریندا كە دەڵێ (عێراق بەشێكە لە نیشتمانی عەرەبی، وە گەلی عێراقیش بەشێكە لە نەتەوەی عەرەب).

ئەم توێژینەوەیە تێدەكۆشێ بۆ بە دیارخستنی (نەخشەی پاكتاوكردنی گەلی كورد لە هەرێمی كوردستانی عێراق)دا لە رێی توێژینەوەی پێگە جوگرافیەكانی شاڵاوەكانی ئەنفالەوە بە لە بەر چاوگرتنەی كە ئەم توێژینەوەیە دوا وێستگەیە لەو نەخشەیەدا. لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەدا كە لێوەی دەرهاویشتە بوون.

## سەرەتای كۆتایی (بداية النهاية)

شاڵاوەكانی ئەنفال لە دایكبووی رۆژی خۆیان نەبوون واتە (دەم و دەست نەبوون) بەڵكو بەشێك بوو لە نەخشەیەك بۆ كۆتایی هێنان بەكورد وەكو گەلێك كە بوونی (خۆی)و (بەرەو پێشچوونەكانی خۆی) هەیە، وە قۆناغ دوای قۆناغ جێبەجێ كراو بە شێوازێك كە گونجاو بێت لەگەڵ هەر قۆناغێكدا، هەڵبەت رێكەوتنی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٧٥) دا لە گرنگترین ئەو هەلانە (فرسەتانە) بوو بۆ جێبەجێكردنی نەخشەی ناوبراو لەبەر ئەوە هەروو حكومەتی عێراقی تێكۆشا بۆ جێبەجێكردنی پێكهێنانی (پشتێنەیەكی ئاسایشی) بە درێژایی سنووری (عێراق) لەگەڵ (ئێران و توركیا و سوریادا) كە درێژ دەبێتەوە بۆ ناو خاكی هەرێمی كوردستان بە بڕی (٣٠كم) زیاتر لە هەندێك شوێن دا، تەواوی ئەم ناوچەیە چۆڵكرا لە دانیشتووان و راگواستران بۆ پارێزگاكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق.[1]

---

(١) كنعان مكيه، كيف تتصاعد القسوة، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە، ١، ٢٠٠١ سلێمانی، ل ١٤٨.



PDF 4 KURD

سەرەڕای نارەزاییە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا لەم ساڵانەی دواییدا[٢]

وە رۆژنامەی (الثورة) ی فەرمی لە عێراق دا ئاماژەی کرد بەوەی کە لە هاوینی ساڵی (١٩٧٨) دا (٥٠٠) دێ لە سنووری پارێزگای سلێمانی راگواستران لە ماوەی تەنها (٢) مانگ دا وە درێژەی پێدا کە ئەم جۆرە کارو کردارانە شۆڕشی دیموگرافی بوو بەرپاکرا،[٣]وە (عەلی حەسەن مەجید) بەرپرسی (ئەنفالەکان) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە (پاش تەواوکردنی شاڵاوەکانی راگواستن، هەڵدەستین بە هێرش کردنە سەریان لە هەموو لایەکەوە، وە دەست دەکەین بە لێدانیان لە ناو شوێنەکانیان دا و سەنگەرەکانیان دا بە پێی نەخشەیەکی سەربازی)،[٤]کە لە وانەیە مەبەست لەمە شاڵاوەکانی ئەنفال بووبێت.

وە لە دیارترین ئامانجەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال ئەمانەی خوارەوە بوون:

دانانی کۆتایی بۆ بزوتنەوەی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا.

بەرتەسککردەوەی هەبوونی کورد بۆ کەمترین رێژەی چاوەڕوان کراو.

تەواو جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی بە عەرەبکردنی هەرێم.

کارکردن بۆ تواندنەوەی پاشماوەی کورد لە دەفری (گەلی عەرەبی) دا لە عێراق.[٥]

لەوەی پێشەوە دەکرێ بووترێت شاڵاوەکانی ئەنفال بریتییە لە دەرئەنجامەکانی نەخشە کێشانێکی بە بەرنامەی پێشتر، کەچەند ساڵانێك پێش جێبەجێکردنی ئامادە کراوە[٦]

کردارەکانی راگواستن و کۆکردنەوەی دانیشتووانی هەرێم لە شارە (گەورەکان)و (کۆمەڵگا زۆرە ملیێ کان)دا و پاکتاوکردنی (هەزاران بەرزانی)و ناردنەوە و راوە دونانی بە کۆمەڵی

(٢) مصطفى الانصارى، عمليات التهجير في العراق، المركز الوثائقي لحقوق الانسان فى العراق، سنه ١٩٩١، لندن، ل ٩٤.

(٣) کنعان مکیه، کیف تتصاعد القسوه، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩و١٥٣.

(٤) دلاوەر عثمان: تۆماری دەنگ بۆ ئاخاوتنەکانی علی حسن مجيد، گۆڤاری ئەنفال، سەرچاوەی پێشوو. ل١٧.

(٥) عەباس هەمزە، جینوساید کارەساتی کورد، گۆڤاری یاسا ژمارە ٤، ١٩٩٤ هەولێر، ل ٢٣٦، هەروەها: باوکی ناز ئەنفال و کاریگەریی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی گەلی کورد، کوردستانی نوێ (رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی تاوانی ئەنفال)، ژمارە ٤٢١، ٢٥/ ٦/ ١٩٩٣.

(٦) یوسف معروف دزەیی، رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی تاوانی ئەنفال نامەی ماستەر لە کۆمەڵناسیدا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠ هەولێر، ل ٥٣.



(کوردە فەیلی یەکان) بە سەرەتایەك دادەنرێ بۆ ئەنفالەکان. یان ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرەیەك لەو تاوانانەی کە مەبەستیان بوونی گەلی کورد بوو هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیەوە تا ئەمڕۆ.[٧]وە لە نیسانی ساڵی (١٩٨٧) دوە(٤٠) چڵ هێرشی کیمیاوی تۆمار کرا لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا، ئەمەش بەڵگەیەکی تری سەرەتای شاڵاوەکانی ئەنفالە لە کاتێکدا وێرانکردن و لە ناوبردنی دێهاتەکان لە قۆناغی یەکەمدا زیاتر ناوچەکانی نزیك رێگا گشتیەکانی گرتەوە کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە، بەڵام شاڵاوەکانی ئەنفال زیاتر دانیشتوانی ئەو دێهاتانەی گرتەوە کە کەوتبوونە ناوچە شاخاوییەکانەوەیان ئەو شوێنانەوە کەبە سەختی مرۆڤ دەیان گاتیێ[٨] وە هەڵبەت ئەو سەدان ئەو هەزار کوژراو و زیاتر لەم ژمارەش برینـدار و بێ سەرو شوێنکراو و دیلانەی کە عێراق لە دەستیدان لە ماوەی ساڵانی جەنگەکەی لەگەڵ (ئێران) دا لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) دا بوونە هاندەر بۆ حکومەتی عێراقی بۆ ئەنجامدانی کاری لەم شێوەیە (کوشتارو بێ سەرو شوێن کردن) بەرامبەر بە گەلی کورد بە ئامانجی کار تێکردنی رێژەکانی گەشە (زۆر بوون) ی گەلی کورد بە تایبەتی کە ئافرەتی کورد بە خاوەن پەیتییەکی زاووزێی زۆر بەرز دەناسرێت.[٩]

## جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال

لە سایەی کارلێکەکانی جەنگی (عێراقی-ئێرانی) دا رژێمی عێراقی بڕیاری دا پەلە بکات لە جێبەجێکردنی نەخشەی کۆتایی هێنان بە کێشەی کوردی لە عێراقدا وە بۆ ئەم مەبەستە هیچ رێگایەکی نەدۆزییەوە جگە لە (پاکتاو کردنی هەبوونی کورد) نەبێت ئەمەش لە رێی بەرتەسککردنەوەی هەبوونی کورد و لاواز کردنی رۆڵی کورد و تواندنەوەی لە دەفری کۆمەڵگای عەرەبیدا لە عێراق لە دەرئەنجامدا نەخشەکە بریتی بوو لە دانانی (ناوچەی دابڕکەر) لە نێوان ئەو شوێنانەدا (لایانەدا)کە دەکەونە ژێر (دەسەڵاتی حکومەتی) ناوەندیی و نێوان ئەو شوێنانەدا کە (سەرکردایەتیە کوردییەکانی) تیادایە، بەتایبەتی لە بەهاری ساڵی (١٩٨٧) دا، وە نەخشەی بزوتنەوە سەربازییەکانی بۆ کێشرا و کاتی تەرخانکراوی بۆ دانرا.

(٧) هەمان سەرچاوە ل ٣٧ و ٢٠٩.

(٨) ميدل ايست ووج: التطهير العرقي في العراق (كردستان) ترجمة د. رزگار، مطبعة خەبات، دهۆك، ١٩٩٩، ل ٥٤.

(٩) شاكر خصباك، العراق الشمالي، بغداد، مطبعة شفيق، ١٩٧٣، ل ٢٥٠.



PDF 4 KURD

و حکومەت دەستی کرد بە دانانی زۆر لەو فـەرمان و بڕیارارانـەی کـە پەیوەندیـدارن بـەم نەخشەیەوە لە وانە:[۱۰]

۱- فەرمانە کۆمارییەکان کە پەیوەندییان هەیە بە نەخشەی پێکهاتـە کارگێڕییەکانـەوە لە ناوچەی چالاکیە سەربازییەکاندا.

۲- دەرکردنی بڕیار بـە راگواسـتنی دێهاتـەکان و کۆکردنـەوەی دانیـشتووانەکانیان لـە سەربازگە تایبەتەکاندا.

۳- دەرکردنی بڕیار لەسەر رێگرتن و نەهێشتنی کشتوکاڵ کردن و پەروەردەکردنی ئـاژەڵ لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا (المناطق المحرمـة)وە رێگە نەدان بە بوونی مرۆڤ لـەو شـوێنانەدا بـە هیچ جۆرێ.

٤- بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بۆ لە ناوبردنی دانیشتووان بەکۆمەڵ.

٥- بڕیاردان لەسەر دەسـت بـە سـەراگرتن و بـە تـالانبردنی کـەل وپـەل و سـامانەکانی دانیشتوانە راگواستراوەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە قۆناغەکانی یەکەمی شالاوەکانی ئەنفال سـەرەتا بە گەمارۆدانیٚ دەستییپێکرد کە چەند هەفتەیەکی خایاند پاشـان سـوپا رێگـای خـۆی کـردەوە بەرەو دێهاتەکانی هەرێم بە لابردنی گشت کۆسپەکان یەك لە دوای یەك بە زۆرتـرین خێرایـی و کەمترین زیان.[۱۱]

توێژەران وا راهاتبوون کە شالاوەکانی ئەنفال دابەش بکەن بۆ چەند قۆناغێـك کـە تـەوەری جیاجیای لە خـۆ گرتبـوو لـە لای بـاکوورەوە ناوچـەکانی بەرزاییـەکانی (قەنـدیل، شـەقلاوە، سەلاحەدین) ی گرتبۆوە تا دەگاتە لای باشوور بەرەو ناوچەکانی (کەلار، کفری، دوزخورماتوو) وە بە درێژایی (ناوچەی قەدەغە کراو) ی سەر سـنووری (عێـراق-ئێـران) لـە رۆژهەڵاتـەوە تـا دەگاتە ئەو رێگا گشتی یەی کە هەر یەکە لە شالاوەکانی (هەولێر، کـەرکوك، دوزخورمـاتوو) بە یەك دەگەیەنێت لـە رۆژئـاواوە بـەرەو (ناوچـەی بادینـان) کـە بـە زۆری ناوچـە شـاخاوییە سەختەکانی دەگرتەوە کە ناوچەیەکی گەمارۆ دراوبوو لە نێوان (رووباری دجلـە) لـە رۆژئـاواوە ونێوان سنووری (عێراق-ئێران) لە رۆژهەڵاتەوە وە سنووری (عێراق- تورکیـا) لـە بـاکوورەوە، تەماشای نەخشەی ژمارە (۱۰) بکە.


---

(۱۰) وزارة العدل، مجلة الوقائع العراقية، بغداد، العددان: ۳۱۵۹-۳۱٦۰، ۲۰/ ۷/ ۱۹۸۷، ۲۷/ ۷/ ۱۹۸۷.

(۱۱) میدل ایست ووچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.



**نەخشەی ژمارە (۱۰)**




**شوێنەکانی پرۆسەی ئەنفال**



PDF 4 KURD

جێبەجێکردنی نەخشەکە دەستیپێکرد بە دانانی هێڵی سوور لە نێوان ئەو ناوچانەدا کە دەکەوتنە ژێر (دەسەڵاتی رژێمەوە)، وە ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە ژێر (دەسەڵاتی شۆڕشی کوردەوە)، وەك سەرەتایەك بۆ هێرشبردن و وێرانکردنی گشت دێ کۆمەڵگا مرۆییەکان و کۆکردنەوەی دانیشتوانەکانیان لە جێگای تایبەتی نهێنی دا بە ئامانجی لە ناو بردنیان و پاکتاو کردنیان[12].

وە توێژەران جیاوازن لە دیاریکردنی (سەرەتا) و (کۆتا)ی شاڵاوەکانی ئەنفالەکان هەروەك چۆن جیاوازن لە دیاریکردنی (قۆناغەکانیدا) لەگەڵ ئەوەش دا کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم شاڵاوانە درێژەی کێشا لە نێوان هەردوو مانگی (شوبات-ئەیلول)ی ساڵی (١٩٨٨)، کە حکومەتی عێراقی پاش ئەوە لێبووردنی گشتی راگەیاند لە (١٩٨٨/٩/٦) دا، جێگای سەرنجە کە (٢٣ ی شوبات) لای زۆر کەس بە سەرەتای شاڵاوەکانی ئەنفال دادەنرێت، بەڵام سوپای عێراقی پێش ئەم رێکەوتە خۆی بۆ ئامادەکرد بە شێوەی ناردنی دەستەی پشکنەران بۆ ناوچەکان و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست، لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا کە نەخشەکێشان بۆ ئەم جۆرە شاڵاوانە دەستکرا بە جێبەجێکردنی هەر لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٨٨) ەوە وە شوێنەکە لە رووی جوگرافیەوە بەم تەوەرانەی خوارەوە دیاری کرا:

١-تەوەری باکووری رێگای گشتی کە پارێزگای (کەرکوك) دەبەستێت بەهەر یەکە لە (سلێمانی)و (چەمچەماڵ)ەوە.

٢- تەوەری باشووری رێگای ناوبراو کە بە رێگای گشتی نێوان (کەلار) و (کفری) کۆتایی دێت.

٣- تەوەری ناوچەی بادینان وە ماوەیەکی دیاریکراو تەرخان کرا کە (٥ ساڵ) بوو وە تەنها بۆ پاکتاوکردنی دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە شاڵاوەکانی ئەنفال دەیانگرێتەوە نەبوو بەڵکو بۆ بە دواداچوونی ئەوانەش بوو کە لە شاڵاوەکە رزگاریان دەبوو لە رێی سنووری تورکیاو ئێرانەوە[13]

دەکرێ هەشت (٨) قۆناغ دیاری بکرێ کە نەخشەی بۆ کێشرا لەو ماوە تەرخانکراوەدا لەسەر بنەمای (پێگە جوگرافیەکان) کە شاڵاوەکانی ئەنفال دەیگرتنەوە لەگەڵ خۆ ئامادەکردنەکان و خۆ پڕچەك کردنەسەربازییەکان لە لایەك وەئەو خەسڵەتانەی کە شاڵاوەکانی پێی دەناسرایەوە لە لایەکی تر.


---

(١٢) یوسف معروف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل، ٥٣-٥٤

(١٣) میدل ایست ووچ، ص ٥١٤.



**نەخشەی ژمارە (١١)**




**شاڵاوەکانی ئەنفالی یەکەم**



PDF 4 KURD

**ئەنفالی یەکەم:**

سوسەی پێش لەشکرەکانی عێراق (طلائع) و سەرکردایەتی جاشەکان (خۆ فروشەکان) پێکەوە دەستیان کرد بە هێرش بەرەو ناوچەکانی جێبەجێکردنی کارەکان شاڵاوەکان لە هەژدە لەسەر نۆزدەی شوباتی ساڵی (١٩٨٨)وە نەخشەی کارەکان تەوەری (گوێر، گۆیژە، ڕێگای سورداش، دەشتی مەرگە، کارێزە) ی گرتەوە سوپا ناوچەی ئەم جوڵانەوانەی دابڕی لە ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکانی هەرێم وە هێڵی بەرەی جوڵانەوەکان بەماوەی (٤٠ میل) درێژەی کێشا لە شارەدێی (بنگرد)ەوە لە لای ڕوژهەڵاتی دەریاچەی (دوکان)ەوە بە ئاڕاستەی پارێزگای (سلێمانی) و (ماوات) و (چوارتا)وە ڕۆژی (٢٣)ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ بە کاتی هێرشی گشتی بەربڵاوی سوپای عێراقی دادەنرێ لەسەر ناوچەی (دۆڵی) جافایەتی، دوکان، بنگرد، سلێمانی، وە تەوەرەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو تەماشای نەخشەی ژمارە (١١) بکە:

١- تەوەری(کارێزە-گاپیلۆن)وە لەویوە ئەم لقانەشی لێبۆوە:
- گەردی-شارە دێ.
- باڵخ-وولاخ لو- کۆجار.
-شاخی خەجە لەرزۆك.

٢- تەوەری (دۆڵە رووت، قزلەر)وە دوو لقی لێبۆوە:
-شاخی باخیان،لوتەی جابەر.
-شاخی پشتێ.

٣-تەوەری ڕێگای (سورداش،زێوێ).
٤- تەوەری ڕێگای (سورداش، کانی شۆك، قولەپشتێن، قولە سەوزە، کانی سپیلك، شەدەڵە).
٥-تەوەری ڕێگای (دوکان، قەمچۆغە، سەرمۆرد).
٦-تەوەری ڕێگای (دوکان، سورداشی کۆن، دابان، شەدەڵە).
٧-تەوەری ڕێگای (بنگرد، هەنجیرە، شار سستێن، هەوارە بەرزە).
٨- تەوەری (قەرە سەرد، قەلە پاشا، کلاوسپی).
٩- تەوەری (بنگرد، ناوژی، چنارە، سیروان، کانی بی).

شاڵاوەکانی ئەم ئەنفالی یەکەمە بووە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتووانەکان بە ئاڕاستەی (سنووری ئێرانی) دا لە ژێر باری شەپۆلەکانی سەرماو سۆڵەو بەفردا کە ئەمەش بووە هۆی



PDF 4 KURD

مردنی زۆر کەس لەم دانیشتووانانە بە تایبەتی منداڵان و تەمەن گەورەکان (پیرەکان) وە گشت ئەوانەش کە بە دیل گیران لە پیاوان و گەنجان پاکتاوکران و کۆتایی بە ژیانیان هێنرا[١٤].

**ئەنفالی دووەم:**

شاڵاوەکانی ئەنفالی دووەم درێژەی کێشا لەماوەی نێوان (١٩٨٨/٣/١٢) تا (١٩٨٨/٤/١) کە دۆڵی قەرەداغ و جافایەتی گۆڕەپانەکەی بوو، لە (بازیان) ەوە دەستی پێکرد تا قەرەداغ و دەربەندیخان وە شاڵاوەکە ئەم تەوەرانەی خوارەوەی لە خۆ گرتبوو بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٢).

١-تەوەری (دەربەندیخان، جرجە قەڵا، شاخە زەرد، هۆمەر مەلا، بەلەجار، تەکیە، سێوسێنان).
٢- تەوەری (کانی سارد، باوە خوشین، سێوسێنان).
٣- تەوەری (زەڕایین، دیسکەرە، بالول، کانی هەنجیرە، شاخی سێولە، سێوسێنان).
٤- تەوەری (سلێمانی، زڕگوێز، دارەڕەش، قەرەداغ).
٥- تەوەری (ئەڵڵایی) وە ئەم لقانەشی گرتەوە:
- ناڵی بڕاو، هەنجیرە، بالاجۆ، شێخ بەدەل، دەربەند سوتاو.
-هالەی سەرچاو، خێوەتە، دێلێژە.
-قوشقایە، کانی شایی، دەرمزیار، کاوانی و بارەیی.
٦-تەوەری دەربەندی بازیان ڕاست بە سەرشاخ دا تا سەر دەربەندی باسەرە.
٧-تەوەری (چەمچەماڵ، مەلا حسێن، دەربەند باسەرە و ژاڵە).
٨- تەوەری (سەنگاو، هەنارە، شاخی سەگرمە، جافەران، قەرەداغ).


لێرە دەردەکەوێ کە (دۆڵی قەرەداغ) گۆڕەپانی سەرەکی بووە بۆ ئەم شاڵاوی ئەنفالە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو هاوڵاتیانەی بە ئاڕاستەی باکوور بەرەو (پارێزگای سلێمانی) هەڵهاتن توانیان ڕزگاریان ببێ لە بەدیل گیران بەڵام ئەوانەی کە بەرەو ئاڕاستەی باشوور (بەرەو ناوچەی گەرمیان) ڕایان کردبوو بەدیل گیران و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە.[١٥]

---

(١٤) یوسف معروف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

## نەخشەی ژمارە (١٢)




شالاوەکانی ئەنفالی دووەم



**ئەنفالی سێهەم:**

ئەم شالاوەش ماوەی نێوان (٧-٢٠)ی نیسانی ساڵی (١٩٨٨)ی خایاند کە تیایدا ناوچەی گەرمیان کەوتە بەر فراوانترین و دڕندانەترین شالاوەکانی ئەنفال لە نێوان ڕێگای گشتی کە (کەرکوك و چەمچەماڵ و سلێمانی) دەبەستێت بەیەکەوە لە لای باکوورەوە، وە ڕێگای گشتی کە هەر یەکە لە (کفری وکەلار و بێباز) دەبەستێت پێکەوە لە لای باشوورەوە بڕوانە هەردوو نەخشەی (١٣ و ١٤).

دەکرێت دیارترین تەوەرەکانی ئەم شالاوە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکرێن:

١-تەوەری (کەرکوك-سەنگاو) باشووری گەرمیان تا ناوچەکانی (کفری و کەلار) لە لای باشوورەوە.

٢-تەوەری (قادر کەرەم) باکووری ناوچەی گەرمیان کە هەردوو عەشیرەتی (زەنگەنە و جەباری) دەگرتەوە هەر لە قادر کەرەم تا دوزخورماتوو،

هاوڵاتیان کۆکرانەوە لە ناوچەی جوڵانەوە سەربازییەکان دا لە خاڵی دیاریکراوی جیاجیادا لە هەرە گرنگەکان (لەیلان، علی ئاوا، قادر کەرەم، چەمچەماڵ) پاشان گواسترانەوە بۆ (بەندیخانە کاتیەکان) وە پیاوان لە ئافرەتان جیا کرانەوە وەك سەرەتایەك بۆ پاکتاو کردنیان.[١٦]

لە توێژینەوەیەکی تایبەت بە ئەنفالەکان دا، دەرکەوت کە (٥٠٠) دێ کەوتنە بەر شالاوی وێرانکردن و ڕاگواستن لەم قۆناغەدا کە نزیکەی (٣٠٠٠٠)سی هەزار کەس بوون لە دانیشتوان جگە لە چوار شارۆچکە کە (ناوەندی کارگێڕیی) بوون، ئەمەش لە بەرواری (١٤/ نیسان /١٩٨٨) دا[١٧]بوو وە زانیارییەکانی (C.O.A.V.R.) جەخت دەوکەنەوە لەسەر ئەوەی کە ژمارەی ئەو کەسانەی شالاوەکانی ئەنفالەکان گرتنیەوە لە ناوچەکانی (قادر کەرەم، سەنگاو، تیلاکۆ، بێباز) دا زیاتر لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کەس دەبوون لە دێهاتەکانی (گوڵە جۆ، حاجی حەمەجان، ملە سوورە) دا کۆکرانەوە و هیچ شتێکیان لێ نەدۆزرایەوە تەنها پارچەی جل و بەرگەکانیان نەبێت لەو شوێنانە دا کەتیایاندا کران بە ژێر خاکەوە بە تایبەتی لە ناوچەی (قۆرە توو-مەیدان)دا.[١٨]


---

(١٦) میدل ایست ووج، ل ٢١٦.

(١٧) یوسف معروف دزەیی، ل ١١٣.


(١٨) زیاد عبدالرحمن، تونی مەرگ، هێرشەکانی ئەنفال- شبکة الموت، حملات الانفال. ل ٨.

**نەخشەی ژمارە (١٣)**




**شاڵاوەکانی ئەنفالی سێیەم (گەرمیان)**

**نەخشەی ژمارە (١٤)**




**شاڵاوەکانی ئەنفالی چوارەم**



ئەنفالی چوارەم:

ئەم شاڵاوە ماوەی (٣-٨ی) مایسی ١٩٨٨ ی خایاند وە دۆڵی (زاب) ی خواروو شانۆکەی بوو، کارە سەربازییەکان ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە لە باکووری ئەو ڕێگا گشتییەوە کە هەردوو شاری (کەرکوك و سلێمانی) دەبەستێت بە یەکەوە، وەلە باشووری ڕێگای نێوان هەریەکە لە (کۆیە-دەربیاچەی دوکان)ەوە کە بریتین لە: (ناوچەکانی شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە، تەق تەق) تەماشای نەخشەی ژمارە (١٥) بکە.

وە نزیکەی (٢٣٢) دێ و کۆمەڵگای نیشتەجێ کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال کردنی چوارەم وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە (١)**


ئەو دێهاتانەی کە کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفالی چوارەم[19]

| ناوچە | ژمارەی دێ |
|---|---|
| ئاغجەلەر | ٧٥ |
| شوان | ٦١ |
| تەق تەق | ٧٢ |
| کۆیە | ٢٤ |
| کۆی گشتی | ٢٣٢ |

شاڵاوی ئەنفالی چوارەم بووە هۆی بێ سەرو شوێنکردنی هەزاران کەس لە دانیشتوانی (شانۆی ئەنفالی ناوبراو) پاش ئەوەی کۆکرانەوە لە بەندیخانە کاتیەکان دا کە بەندیخانەی (عەرموتە) بوو لە نزیك ناوچەی (کۆیە-تەکیە) لە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵەوە وە شارۆچکەی تەق تەق خۆی پێش ئەوەی هەموویان پاکتاو بکرێن (بە تەواوی لە ناو ببرێن).

(19) Shorsh,M,Rasol , satics of Atrocities in Iraq , Kurdistan U.S.A, 1990 P.

## نەخشەی ژمارە (١٥)





**شالاّوەکانی ئەنفالی چوارەم**



**ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم:**

ئەو ئەنفالە چەندین شالاّوی گرتەوە لە ماوەی هەردوو مانگی تەموز و ئابی ساڵی (١٩٨٨)، لەم ماوەیە دا شالاّوەکان زیاتر لە جارێك راگیران بە هۆی سروشتی زەوییە سەختەکان و بەرگریی توندەوە لەبەر ئەوە هەندێك دا بەشی دەکەن بۆ سێ شالاّوی جیا کە ژمارەی (٥ , ٦ , ٧) یان وەرگرت, تەوەرێکی فراوانی گرتەوە هەر لە بەرزاییەکانی (پیرمام)ەوە بە ئاراستەی [ شەقلاوە _ حەریر _ رەواندز ] تا دەگاتە زنجیرە بەرزاییەکانی (قەندیل) لە باکووری دەریاچەی (دوکان)ەوە تەماشای نەخشەی ژمارە (١٦) بکە.

## نەخشەی ژمارە (١٦)




**شالاوەکانی ئەنفال (٥، ٦، ٧)**

شالاوی ئەنفالی پێنجەم لە (٥/٢٣) تا(١٩٨٨/٦/٧)ی خایاند لەسەر تەوەرەی (بالیسان _ میران) و ناوچەکانی دەوروبەری کە دانیشتوانی ناوچەکەی ناچار کرد پەنابەرن بۆ سەر بەرزاییەکان کە نەیتوانی رزگاریان بکات لە بەدیل گیران , بەلام ئەنفالی شەشەم و حەوتەم درێژەی کێشا لە سەر تەوەرەی (شەقلاوە _ خۆشناو _ رەواندز) ئەمەش لە ماوەی نێوان هەدوو مانگی (تەموز و ئاب)دا ناوچەی [ سماقوڵی و دۆڵی ئالانە و بالیسان ] کەوتنە بەر شالاّوەکانی ئەم ئەنفالە، ناوچەکە بە تەواوی پاکتاوکرا هەر لە دەشتی (گەرمیان)ەوە تا زەوییە تەختەکانی لای رۆژئاوا بە ئاراستەی (پارێزگای هەولێر)، سوپای عێراقی هەستا بە کۆکردنەوەی دانیشتووانەکەی لە شوێن و رێی تایبەتدا پێش گواستنەوەیان بۆ سەربازگەی (تۆبزاوە) ی نزیك شاری (کەرکوك) کە بە هەزاران کەسی لە دانیشتووانی (گەرمیان، قادر کەرەم، لەیلان، قۆرەتو، چەمچەماڵ، علی ئاوا، تەق تەق) ی تیا بوو جگە لە کۆمەڵگای (تکریت) کە ناوەندێکی تر بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو دیلانەی کە لە (قەرەداغ ودۆڵی زابی خوارەوە) هێنرا بوون بۆی، وە هەموویان گواسترانەوە بۆ (نوگرەسەلمان)[٢٠]

### کۆتایی ئەنفالەکە:

دوا شالاّوی ئەنفالەکە چڕ کرایەوە لەسەر ناوچەی (بادینان) هەر چەندە کە شالاّوەکە دوو رۆژی خایاند (٢٥_ ١٩٨٨/٨/٢٦) بەلاّم هێرشەکە گشتی و سەرتاسەریی بوو بە تایبەتی پاش ئەوەی جەنگی (عێراق_ئێران)کۆتایی پیّ هات و سوپای عێراقی تەرخان کرا بۆ ئەم ناوچەیە یەکەم هێرش، هێرشی کیمیای بوو لە (١٩٨٨/٨/٢٤) دا لە ناوچەی (زیوەشکان) ی نزیك سنووری (عێراق- تورکیا)، هەروەها تەوەری (زاخۆ-شێخان) کەوتە بەر هێرشی توندو چڕ کە بووە مایەی وێرانکاریی زۆرو هەزاران کەس لەدانیشتوانی ناوچەکە ناچار کران بە هەڵهاتن بەرەو سنوورەکانی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا کە کوشتار کۆتایی پێهات بە تەواوی لە (١٩٨٨/٨/٢٦)دا بەلاّم کارەکانی چۆڵکردنی ناوچەکە بە درێژایی تەوەری (زاخۆ، ئامێدی، دهۆك) هەر بەردەوام بوو (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٨) هەتا راگەیاندنی لێبوردنی گشتی لە (١٩٨٨/٩/٦)دا، بەم جۆرە بە دیل گیراوەکان خرانە ناو قەلاّیەکی سەربازیی نزیك (شاری دهۆك)ەوە یەکەم جار، پاشان، ژنان و منداڵان جیا کرانەوە بۆ بەندیخانەی (السلامیە)ی نزیك

(٢٠) میدل ایست ووج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٣.



شاری موسڵ وە ژمارەی ئەو دێهاتانەی کە وێران کران بە نزیکەی (٤٠٠) دیّ دادەنران. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) دوو.

خشتەی ژمارە(٢) [٢١]

ئەو دێهاتانەی کە کەوتنە بەر شالاّوەکانی ئەنفال

| ناوچە | ژمارەی دیّ |
|---|---|
| شارۆچکەی شێخان | ١٩ |
| شارۆچکەی ئاکرێ | ٣٥ |
| شارۆچکەی زاخۆ | ١٠٠ |
| ناوەندی دهۆك | ٦٣ |
| شارۆچکەی ئامێدی | ٢٣٣ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ |

وە دوا قۆناغەکان و کۆتایی ئەنفالەکان ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەی هەبوو:

١- نەگرتنەوەی ژمارەیەك لە دێهاتەکان بە دوا شالاّوەکانی ئەنفالەکە.


٢- بایەخی جیۆپۆلیتیکی ناوچەی (بادینان) بە هۆی هاوسێیەتی لەگەڵ هەر یەکە لە (تورکیا و سوریا) دا کە ئەمەش وای کرد لە سوپای عێراقی زیاتر بە هەستیارییەوە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ هاوڵاّتیان دا.

(٢١) مارف عمر گول، جینوسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، بەرگی یەکەم، ١٩٩٧، ل ٥٠.



PDF 4 KURD

**نەخشەی ژمارە (١٧)**




**هەڵمەتی ئەنفالی بادینان**



**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١-توێژینەوەکە دەریخست کە شاڵاوەکانی ئەنفال بە هیچ جۆرێك جیا ناکرێتەوە لە گشت ئەو شاڵاوانەی تر کە کرایە سەر گەلی کورد لە ماوەی ساڵەکانی پێش ئەنفالەکە و پاش ئەنفالەکە لە وێرانکردن و سوتاندنی دێهات و کۆمەڵگا نیشتەجێکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق تا دەگاتە شاڵاوەکانی ناردنەوە و راگواستن و کوشتنی بە کۆمەڵی دانیشتووان، بەڵکو لە راستیدا شاڵاوەکانی ئەنفال ئەڵقەیەك بوون لەو زنجیرە ئەڵقانەی کە (شێواز و پێگە جوگرافیەکانی) جیاواز بوون بە پیێ ی بارودۆخی گۆڕانکارییە نوێیە نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناو خۆییەکان.

٢-پێش وەخت نەخشەکێشرا بوو بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ جێبەجێکردنیان وە سەرەتای بۆ دانرا لە زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە و گۆڕانکاریی زۆردا تا تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٨٧) بە جۆری حکومەتی عێراقی سوودی بینی لە دەرئەنجامەکانی سەرژمێریکردنی دانیشتووان لە دیاریکردنی نەخشەی جوڵانەوەکانی سوپا و ئەو دێهاتانەی کە بریاردرا هێرش بکرێتە سەریان.

٣- ئامانجی شاڵاوەکانی ئەنفال تەنها کۆتایی هێنان نەبوو بە بزوتنەوەی شۆڕشی کورد بەڵکو چۆڵکردنی دێی کوردستانی بوو لە دانیشتوانەکەی، هەروەها ئەم شاڵاوانە پەیوەندیان هەبوو بە کورد خۆیەوە و کارکردن بۆ تواندنەوەی کورد لە (دەفری گەلی عەرەبیدا) لە (عێراقدا) وە لێرەوە ووتەی سەرۆك (مسعود بارزانی) سەری هەڵدا کە دەڵێ (ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا کوردێك لە کوردستان دا نامێنێ).[٢٢]

٤- دوای راگەیاندنی لێبووردنە گشتییەکە دیلەکانی پاشماوەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە (نوگرە سەلمان و توێزاوە ودبس)دوەگێڕدرانە وەو دابەشکران بەسەر کۆمەڵگاکانی (عەربەت، سلێمانی، کەلار، شۆڕش)دا هەروەها راگواستراوەکانی ناوچەی دۆڵی (زابی خواروو)ش بە شێوەیەکی بنەڕەتی دابەشکران بەسەر هەردوو کۆمەڵگای (بنەسلاوە و دارەتوو) دا لە باشووری پارێزگای هەولێردا، وە دیلە بادینانیەکانیش برانە ناوچە (بەحرکە و جەزنیکان).

٥- نزیکەی رووبەری (٧٧٢٩ کم) چوارگۆشە لە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کە (١٠)یەکەی کارگێڕیی و(٦٧٧) دێی گرتەوە، وەلە توێژینەوەیەکی تردا (١٤٤٨) دێ[٢٣] دانیشتووانەکانیان راگواستران بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان و زۆربەیان لەناو

---

(٢٢) جوناثان، امة في شقاق، ترجمة فادي حمود، دار النهار، بيروت، ١٩٩٧، ل ٢٧٨.

(23) Shorsh, M.Rasol, op, Cit. p.

بران وپاکتاو کران، ئەگەر رووبەری ئەو زەوییانەی کە شاڵاوەکانی ئەنفالیان کرایە سەر دیارو ئاشکرا بێت بەبێ زیاد و کەم ئەوا ژمارەی لەناو و چەوان بەم شاڵاوانە بە تەواوی روون و ئاشکرانیە بەڵکو لە نێوان (٥٠٠٠٠-٢٠٠٠٠٠)کەسدایە[٢٤]

٦-شاڵاوەکانی ئەنفال دەرئەنجامی زۆر مەترسیداری بە جێ هێشت لەسەر دوا رۆژ و چارەنووسی پەیوەندییەکانی نێوان (گەلی کوردستان) و (سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد) لە لایەك وە لە نێوان (گەلی کوردستان) و(رژێمە دەسەڵاتدارەکان) لە عێراق لە لایەکی تر. بە شێوازێ کە برینی سەخت و قوڵی بە جێهێشت لە جەستەی گەلی کوردا جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەو پردانەی لەناو برد کە جێی بڕوابوون بۆ گەیشتن بە چارەسەری هاوبەش بۆ کێشەی کوردی لە عێراق دا.

(٢٤) یوسف معروف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣، هەروەها میدل ایست ووج، سەرچاوەی پێشوو/ ل١١و٢٤.



**پێشنیازەکان:**

توێژینەوەکە پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

١-گرنگیدانی بەردەوام بە توێژینەوە و شیکردنەوەی رەهەندە جۆراو جۆرەکان (الابعاد المختلفە)ی شاڵاوەکانی ئەنفال لە رێ ی دانانی (ناوەندی توێژینەوە و بەڵگەنامەکان) دەربارەی ئەو شالاوانە و چڕ کردنەوەی راگەیاندنی بەردەوام بۆیان.

٢-هاوکاریکردنی چاکی خێزان و بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە.

٣- دانانی ناوەند بۆ توێژینەوەی (ژینگەی) ئەو شوێنانەی کە کاریان تێکراوە بە هۆی دەرئەنجامەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە ئایا (گڵی خاکەکە) بێت یان (ئاوەکان) یان (زینەوەرەکان) لەگەڵ هۆکارەکانی لابردنی (پیس بوونی ژینگەیی) لە ناوچەکەدا

٤-لە رۆژی (١٤)ی نیسانی هەمووساڵێکدا وانەی یەکەم لە سەرجەم قۆناغەکانی ئامادەیی و پەیمانگاکانی و زانکۆکانی هەرێم دا تایبەت بکرێت بە کارەساتی ئەنفالەکان.



PDF 4 KURD

# بەكوردستانی بوونی كەركوك لە سایەی راستییە (مێژوویی، جوگرافی)یەكاندا

پاشماوەی هەڵكەنراوەكان لە كوردستانی عێراقدا دەریان خستووە كە مرۆڤ لە سەردەمە دێرینەكانەوە لەسەر ئەم خاكەدا ژیاوە و دێرینترین شارستانیەتی كشتوكاڵی تۆماركردووە و داناوە، لە زیاتر لە (٦٠٠٠) شەش هەزار ساڵ ساڵ پێش زایین دا، وە هەر لەم شارستانیەتەوە دێهاتەكان و كۆمەڵگاكان دا بڵاوبوونەتەوە بە ناو دەشتەكانی تر و قەدپاڵی چیاكاندا لە سایەی گونجاوی ئاو هەوا و بە پیتی زەوییەكان و زۆریی ئاوەكان، لەگەڵ فراوانبوونی وشكانیدا لە باشووردا شەپۆلەكانی كۆچكردن زیادی كردووە بۆی لە باكوورەوە، (تەها باقر) وا دەبینێت شارستانیەتی سۆمەرییەكان تەنها بەردەوامبوونی شارستانیەتی كشتوكاڵی یەكەمە (سەرەتاییە) لە كوردستانی عێراقەوە.[١]

توێژەرەكان ئاماژە دەكەن بەوەی (گۆتییەكان) كە بنەڕەتە یەكەمیەكانی گەلی كورد دەنوێنن بەشێكی فراوانیان لە خاكی كوردستانی عێراق دەبرد بەڕێوە، هەروەك چۆن ناوچەی كەركوك بەشێك بووە لە دەوڵەتەكەیان وە (ئارابخا) یان (كەركوكی ئێستا) پایتەختی ئەو دەوڵەتە بووە.[٢]

لەگەڵ ئەوەشدا كە (ئاشوورییەكان) بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوایی ناوچەكەیان كرد، بەڵام (میدییەكان) توانیان لە ساڵی (٦١٢.پ.ز.) رزگاری بكەن، ئەو كاتە عێراق دابەش بوو بوو لە نێوان (میدییەكان) و (كلدانیەكان)دا، كلدانیەكان دەستیان گرتبوو بەسەر بەشی باشووردا،[٣] پاشان ناوچەكە ملكەچی ژێر دەسەڵاتی (مەكدۆنیەكان و سەلجوقیەكان و ساسانیەكان) بوو تا

(١) طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، القسم الاول، بغداد، ١٩٥٥، ل ١٩٠-١٩٥.

(٢) محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد والكردستان، ترجمة محمد علي عوني، مطبعة صلاح الدين، بغداد، ١٩٦١، ل٦١.

(٣) طه الهاشمي، مفصل جغرافية العراق، مطبعة دارالسلام، بغداد، ١٩٣٠، ل ٢٦-٢٧.



ساڵی (٦٣٦ ز) لەو كاتەشەوە ناوچەكە كەوتە ژێردەستی ئەو ئیسلامانەوە كە لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتبوون.

عەرەب هەر لە (سەدەی یەكەمی زایین)ەوە لە باشووری عێراقدا نیشتەجێبوون و لە پێش ئەم مێژووە و لە بیابانەكانی جەزیرەی عەرەبیدا لەسەر كەنارەكانی باشووری عێراقدا بڵاوبووبوونەوە لەبەر ئەوە (جەرجی زێدان)[٤] وا دەبینێت كە زاراوەی (عەرەب) پێش ئیسلام تەنها بە دانیشتووانی جەزیرەی عەرەب دەووتران.

لەوەی سەرەوە دەردەكەوێ كە ناوچەی (كوردستانی عێراق) نیشتمانی مرۆڤی دێرین بووە، وە گەلی كورد جێنشینەكانی خۆی لەسەر دامەزراندووە لەگەڵ رێكخراوە (كارگێڕییەكانی) و (سیاسیەكانی)دا پێش ئەوەی كە (عەرەب) كۆچی بۆ بكات. وە كەركوك لە گرنگترین ناوەندەكانی نیشتەجێبوونیان بووە و بەڵكو كردوویانە بە پایتەختی خۆیان.

### عێراق لە رووی زمانەوانی و زاراوەییەوە:

توێژینەوە زمانەوانی و مێژووییەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە (عێراق) ئەو سنوورە جوگرافیەی ئێستای نەبووە، بەڵكو ئەم سنوورەی لەم دواییەدا پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و لكاندنی ویلایەتی (موسڵ) بەم دەوڵەتەوە لە ساڵی (١٩٢٥) دا بۆ دیاریكراوە، بەڵكو عێراق مەبەست لەو زەوییە تەختانە بوو كە درێژ دەبنەوە لەگەڵ درێژ بوونەوەی دەشتی نیشتەنی ناوەڕاست و باشووری وڵات دا، هەروەها كوردستانی عێراق بە ناوچەی (كەركوك)یشەوە رۆژێك لە رۆژان بەشێك نەبووە لە عێراق لە فەرهەنگی (تاج العروس) دا هاتووە لە بابەتی (عرق) دا دەڵێ هەر لەوەرگایەك نزیك دەریا بێت ئەوە (عراق)ە ,هەروەها (المارودی) وا دەبینێ كە لەبەر تەختی خاكەكەی ناونراوە (عراق) وە هیچ شاخ (بەرزایی) وشیو (نشێوی) یەكی تیادا نیە،[٥] وە لە فەرهەنگی (البلدان) داهاتووە و دەڵێ ئەم وڵاتە ناونرا بە (عراق) لەبەرئەوەی لە لای دەریاوەیە.

وە (ابو عمرو): ووتی خەڵكی حیجاز هەر شتێك لە دەریاوە نزیك بێ پێی دەڵێن (عراق)،[٦] لە فەرهەنگی (المحیط)دا هاتووە دەڵێ بنەڕەتی ناولێنانی (عراق) لە پێكەوە بەستران و

(٤) جرجي زيدان، تاريخ العرب قبل الاسلام، بيروت، ١٩٧٨، ل ٤١.

(٥) محمد جاسم الخلف، محاضرات في جغرافية العراق، مطبعة المعرفة، القاهرة ١٩٦٥، ل ٤٣٧.

(٦) ليسترنج بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة بشير فرنسيس وكوركيس عواد، مطبوعات المجمع العلمي العراقي، مطبعة الرابطة بغداد، ١٩٥٤، ل ٤١.



PDF 4 KURD

چڕبوونەوەی دارخورماو درەختەوە هاتووە (وە مەبەست لەو ناوچەیە یەکە لەباری درێژیدا هەر لە (عەبادان)ەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە (موسڵ)، وە لە باری پانیدا هەر لە (قادسیە)وە دەست پێدەکات تا دەگاتە (حەلوان)[٧]، بەڵام (مسعودی)ئاماژەی کردوە بەوەی کە سنووری (باکووری عێراق) لە لای (تکریت) لەسەر رووباری دیجلە ولای (أنبار)لەسەر رووباری فوڕات کۆتایی دێت.[٨] وە (لیسترنج)یش هەمان شت دووپات دەکاتەوە بە بێ جیاوازی،[٩]، هەروەك چۆن دکتۆر (فاضل حسین) یش دەڵێ (عێراق بە چەمکی ئێستایەوە سنوورە باکوورییەکەی لە (تکریت) لەسەر رووباری (دیجلە) و (هیت) لەسەر رووباری فورات تێنەپەڕیوە.[١٠]

لەسەر ئەم بنەمایە، بەرزاییەکانی (حەمرین) لە پێش دا و ئێستاش بریتی بووە و بریتیە لە سنوورێکی جیا لە نێوان دوو ناوچەی جیاوازدا لە رووی سروشتی و مرۆییەوە لەبەر ئەوە وەك (سنوورێکی سیاسی) وەرگیرا جارێك وە وەك (سنوورێکی کارگێڕیی)یش جارێکی تر لە نێوان ئەو ناوچانەدا کە دانیشتووانی عەرەبی زیاترە وە ئەو ناوچانەش کە دانیشتووانی کوردی زیاترە[١١]، زۆر لە نووسەرو لێکۆڵەرە(توێژەرە) عەرەب و رۆژهەڵاتناسەکان ئاماژەیان بەم شتانە کردووە لە وانە:[١٢]ئەدمۆنز، کابتن هی، مەلخن، باسیل نیکیتین، هەروەها لە عەرەبەکان: دکتۆر (شاکر خصباك) کە دەڵێ (بەرزاییەکانی حەمرین) بەشێکی بنەڕەتین لە سنوورەکانی کوردستانی عێراق، وە دکتۆر (فاضل حسین) تیادا بە پشت بەستن بە راپۆرتی لێژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ دەڵێ (ئەگەر سنووری سیاسی ویلایەتی موسڵ نەتواندرێت بکرێت بە سنووری جیا کەرەوەی نەتەوەکان ئەوا (بەرزاییەکانی حەمرین) زیاتر گونجاوون لەم رووەوە)[١٣]هەروەها مێژوونووس (عبدالرزاق الحسین) و مامۆستا (فایەق

(٧) الفیروز ابادي، المجلد الثالث، المطبعة الحسینیة القاهرة، ١٣٤٤ ه ل ٢٦٤.

(٨) الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٩.

(٩) تقریر لجنة عصبة الامم، مطبعة الحکومة، بغداد، ١٩٢٤، ل١١.

(١٠) فاضل حسین، مشکلة الموصل، مطبعة اشبیلیه، ١٩٧٧، ل ٧٨.

(١١) جزا توفیق طالب، سکان اقلیم کردستان، رسالة ماجستر- جامعة صلاح الدین، ل ١٦.

(١٢) خلیل اسماعیل محمد، مرتفعات حمرین دراسة فی جغرافیة الحدود، مجلة جامعة دهۆك، ژمارە ٣، چاپخانەی خەبات، ١٩٩٩، ل ٤٧٣.

(١٣) تقریر لجنة عصبة الامم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.



PDF 4 KURD

سامەڕائی) جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە (سنووری کوردستانی عێراق شاخی (حەمرین)ە کە دەکەوێتە باشووری (کەرکوك)ەوە بە دەیان میل)[١٤].

زۆربەی جوگرافیناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە عێراق لە رووی (سروشتی) یان (هەرێمی) یەوە دابەش بکرێت بە سێ بەشی سەرەکیەوە کە ئەمانەن[١٥]:

١- ناوچە شاخاوییەکان.

٢- دەشتی نیشتەنی.

٣-بانی رۆژئاوا.

بەرزاییەکانی حەمرین (لە گشت دابەشکردنەکان)دا بەشێکی بنەڕەتین لە سنووری نێوان هەردوو ناوچەی (شاخاوی) و (دەشتی نیشتەنی) دا هەروەك لە بۆچوونی (طە الهاشمی)دا سنوور بووە لە نێوان عێراقی باکوور و عێراقی باشوور دا[١٦].

ناوچەی شاخاوی تەنها بە بەرزیی و نشیوی و سەختی و دژواری خاکەکەی جیاناکرێتەوە لە ناوچەی دەشتی نیشتەنی بەڵکو بە ئاو و هەواکەشیدا کە ناوچە شاخاوییەکان لە هاویندا فێنك تر و لە زستان دا ساردەترن لە ناوچە دەشتە نیشتەنیەکان هەروەهاساڵانە بڕی (٢٥٠- زیاتر لە ١٠٠٠ ملم) بارانیان تیادادەبارێت بەڵام لە ناوچەی دەشتی نیشتەنی دا کەمتر لە (٢٥٠ملم) باران دەبارێت، بۆیە کشتوکاڵی دێمەکار (پشت بەستوو بەباران) زیاتر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە ناوچە شاخاوییەکان دا، هەروەها گژوگیاو دارستان و بەرزە درەختیشی زیاتر تێدایە، لە کاتێکدا زەوییەکانی باشووری بەرزاییەکانی حەمرین تەخت دەبنەوە و باران تیایاندا کەم دەکاتەوە بە جۆرێك لە کشتوکاڵکردندا پشتی پێ نابەسترێت و درەخت و دارستانیشیان کەمن[١٧].

لە لایەکی ترەوە پێکهاتەی جیولۆجی ناوچەکەش (ناوچەی باکووری بەرزاییەکانی حەمرین)بۆتە هۆی بەخشین ودەرکەوتنی (کانزاکان) و (کۆگە نەوتیەکان) لە زۆربەی

(١٤) جزا توفیق طالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(١٥) کوردن هستد، الاسس الطبیعیة لجغرافیة العراق، ترجمة جاسم محمدالخلف، بغداد، ١٩٨٤ ل ٢٤، هەروەها: جاسم محمدالخلف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.
هەروەها: محمد حامدالطائي، تحدید اقسام سطح العراق، مجلة الجمعیة الجغرافیة العراقیة عام ١٩٦٩، بغداد، ل٣٢.

(١٦) الهاشمي: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

(١٧) جاسم محمدالخلف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧-١٢٨.

شوێنەکاندا، بێگومان ئەم جیاوازییە لە خەسڵەتە سروشتییەکانی نێوان هەردوو ناوچەکەدا (شاخاوی) و (دەشتی نیشتەنی) دا بۆتە مایەی بوونی جیاوازی لە ڕێگاکانی (بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و جۆری بەروو بوومەکان و شێوازی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی)دا.[18]

ئەوەی جێگای هێنانەوەیادە ئەوەیە کە درێژ بوونەوەکانی دەشتە نیشتەنیەکانی لای باکوور، تا رادەیەکی زۆر لە درێژبوونەوەکانی سنوورەکانی لای باکووری عێراق کە ئاماژەی پێکراوە لەم توێژینەوەیەدا دەچن، دکتۆر (خلف) ئەوە دەهێنرێتەوە یاد کە سنووری (دەشتی نیشتەنی) لە لای شاری (سامەرا) لەسەر ڕووباری دیجلە و شاری (رومادی) لەسەر ڕووباری فورات کۆتایی دێت.[19]

وە خوالێی خۆش بێ (الهاشمی) وادەبینێ کە سنووری جیاکەرەوە لە نێوان هەردوو ناوچەی عێراقی سەروو و عێراقی خواروودا هێڵێکە درێژدەبێتەوە لە نێوان شاری (بەلەد) لەسەر ڕووباری دیجلە و شاری (هیت) لەسەر ڕووباری فورات[20] وە هەمان شت هاتووە لە توێژینەوەکەی دکتۆر (فاضل الانصاری)دا کە تیایدا کۆتاییەکانی دەشتی نیشتەنی دیاری کردووە بە هێڵێك درێژ دەبێتەوە لە نێوان (بەلەد ورومادی)[21]دا وە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشوودا دەکرێ بووترێ کە پارێزگا (شارستان) ی کەرکوك بە هیچ شێوەیەك سەر بە (عێراق) نەبووە بەڵکو سەربە ناوچەی باکووری بەرزاییەکانی (حەمرین) بووە، وە لێرەوە دابەشکردنە کارگێڕییەکان بە درێژایی مێژوو ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوچەی (کەرکوك)ی تیادا نەبووە، وەلە سەردەمی عەباسیەکان دا (عێراقی ئێستا) دابەش بوو بوو بۆ:[22]

هەرێمی (هەرێم)ی السواد: کە ناوچەی دەشتی نیشتەنی دەگرێتەوە.

هەرێمی (هەرێم)ی جەزیرە: بەناوچەی باکووری بانی ڕۆژئاوا و دەوروپشتەکەی دەووترێ لە ناوچەی نیمچە شاخاوییەکان.

هەرێمی (هەرێم)ی چیاکان: یان پێ ی دەووترا (عێراقی عەجەم، عێراقی غەیری عەرەب)وە ناوچەی (کەرکوك) لە سنووری هەرێمی ڕەشدانە بووە.

(١٨) شاكر خصباك، العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ل ٧ و٣٨.

(١٩) جاسم محمدالخلف، ل ٤١.

(٢٠) طه الهاشمي، ل ١٨.

(٢١) فاضل الانصاري، مشكلة السكان، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق ١٩٨٠، ل ٦-٧.

(٢٢) ليسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.



PDF 4 KURD

کاتێ کە عوسمانیەکان دەستیان گرت بەسەر (عێراق) دا، عێراق دابەشکرا بەسەر(١٧) حەقدە شارستان (لواو) دا، شارستانی کەرکوك و شارستانی سلێمانی سەربە ویلایەتی (شارەزوور) بوون تەماشای نەخشەی ژمارە(١٨) بکە، پاش ئەوەی مەدحەت پاشا حوکمی عێراقی گرتە دەست، دەسەڵاتی تەنها لەسەر هەردوو ویلایەتی بەغداد و بەسرە بوو وەلە ساڵی ١٨٧٩ دا (کەرکوك) بەشێك بوو لە (ویلایەتی موسڵ) هەروەك دەردەکەوێت لەم نەخشەیەی خوارەوەدا:[23]

پێکهاتە کارگێڕییەکانی ویلایەتی موسڵ

| شارستان | شارۆچکە |
|---|---|
| موسڵ | دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، شەنگار، ئاکرێ |
| شارەزوور | کەرکوك، هەولێر، رانیە، ڕەواندوز، کۆیە، کفری |
| سلێمانی | بازیان، هەڵەبجە، شارەزوور، مێرگە سوور |

ئاشکرایە کە (دەوڵەتی عێراقی) لە بنەڕەتدا پێکهێنرا لە هەردوو (ویلایەتی بەغداد و بەسرە) واتە ئەم دوو ویلایەتە پێکەوە دەوڵەتی عێراقیان دەنواند پێش ئەوەی کە بەریتانیەکان تێ بکۆشن بۆ لکاندنی (ویلایەتی موسڵ) بە عێراقەوە ئەمەش بووە هۆی توندبوونی قەیرانی نێوان (عوسمانیەکان) و (بەریتانیەکان) لە ئەنجامدا (کۆمەڵی نەتەوەکان) لێژنەیەکی نارد لە ساڵی (١٩٢٤) دا بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان وە لەو خاڵە گرنگانەی کە لێژنەکە بە دەستی هێنا ئەمانە بوون:[24]

١- سنووری عێراق لە (بەرزاییەکانی حەمرین) یان (تکریت) لەسەر ڕووباری دیجلە و (هیت) لەسەر ڕووباری فورات تێنایەڕێ.

٢- ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەر بوو واتە (ویلایەتی موسڵ) ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێك نەبوون لە (عێراق).

(٢٣) جاسم محمدالخلف، ل ٤٢٩.

(٢٤) وزارة التخطيط تحديد المناطق التخطيطية في العراق، دراسة رقم (١٥٥) بغداد، ١٩٨٤، ل ٢٦.

لەگەڵ ئەوەش دا بەرژەوەندەییەکانی دەوڵەتە مەزنەکان وەبە تایبەتی بەریتانیا رۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە لکاندنی (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی عێراقیەوە لە ساڵی (١٩٢٥)دا[٢٥] بەم جۆرە(کەرکوك) بووە یەکێ لە پێکهاتە کارگێڕییەکان لەم دەوڵەتەدا، وە ئەوەی تێبینی دەکرێ لەسەر ئەم نەخشە کارگێڕییەی عێراق ئەوەیە کە تارادەیەکی زۆر لەنەخشەکەی پێش یەکەم جەنگی جیهانی دەچێت لەو شتانەدا کە پێش جەنگەکە لە سەری بوو لە لایەك، وە نەخشەکە پابەند بوو بە زانیارییە (جوگرافی و ئابووریی و مێژوویی)ەکانەوە لە لایەکی ترەوە.[٢٦]

وە (بەرزاییەکانی حەمرین) وەك سنووری کارگێڕیی (ناوچەی باکوور) یان (عێراقی باکوور) مایەوە کە بریتی بوون لە شارستانەکان (پارێزگاکان) ی: موسڵ (دهۆك، نەینەوا) و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك وە ئەم ناوچەیە وەسف دەکرێت بە خەسڵەتە (سروشتی و ئابووریی و دیمۆگرافی)یەکانی کە جیایدەکەنەوە لە هەردوو ناوچەی ناوەڕاست و باشوور و دەیکات بە هەرێمێکی جوگرافی جیا[٢٧]

ئەم دابەشکردنانە لە (عێراق) دا بەردەوام بوو بە درێژایی نیوەی یەکەمی (سەدەی بیست)ی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بەڵام لە ساڵەکانی حەفتاکانی هەمان سەدەدا گۆڕانکاریی فراوان لە نەخشەی عێراقدا کرا بە ئامانجی پەلە کردن لە جێبەجێکردنی نەخشەکانی گۆڕانکاریی نەتەوەیی دانیشتواندا لە بەرژەوەندی عەرەب.

لە تەك شاڵاوەکانی کۆچپێکردن و راگواستن دا کە بە سەرشاری (کەرکوك)دا هاتووە حکومەتی عێراقی تێکۆشا بۆ چاندنی ئەم شارە بە (هۆزە عەرەبەکان) و پێشکەشکردنی گشت پێداویستی یەکان بۆ جێگیرکردنیان وەك: (دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی و دروستکردنی دێهات و کۆمەڵگای نیشتەجێکردن و جێبەجێکردنی پرۆژە ئاودێرییەکان و هەڵکەندنی بیرەکان و دابین کردنی پێداویستی یەکانی ئاسایش و پاراستنیان) کاتێ کە حکومەتی عێراقی تێر بوو لە گشت ئەم شێوازە و هۆکارانە بۆ سەرخستنی رەگەزی عەرەب لە پارێزگای کەرکوك دا پەنای برد بۆ دڕاندن و پارچە پارچەکردنی نەخشەی کارگێڕی پارێزگای (کەرکوك) لە ڕێ ی دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکانی کە زۆربەی

(٢٥) تقرير عصبة الامم، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٦) وزارة التخطيط، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢ و ٢٧.


(٢٧) شاكر خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.



PDF 4 KURD

دانیشتووانەکانیان کورد بوون بەسەر پارێزگاکانی دەوروپشت دا لە لایەك، وە لکاندنی ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان عەرەب بوون بە پارێزگای کەرکوکەوە لە لایەکی تر[٢٨] تەماشای نەخشەی ژمارە (١٨) بکە.

**نەخشەی ژمارە (١٨)**




**ليوا (پارێزگا)ی کەرکوك پاش دابەشکردن**

(٢٨) خليل اسماعيل محمد، البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٧، ل ١١.

لە نموونەی ئەم قسانەی سەرەوە ئەمانەی خوارەوەن:

١- گرنگیدانی تایبەت بە شارۆچکەی (حەویجە) وە چاندنی بە جێنشینی عەرەب هەرلە ساڵەکانی سی یەکانەوە لە سەدەی بیست دا، هەروەها حکومەتی عێراقی شارە دییێ (زاب)یشی خستە سەر ئەم شارۆچکەیە پاش ئەوەی لای برد لەسەر پارێزگای (نەینەوا).

٢- پارچە پارچەکردنی شارۆچکەی (کفری) بە پێکهێنانی شارۆچکەی (کەلار) لەم شارەدێیانە: (تیلەکۆ، باوەنور، ناوەندی شارۆچکەی کەلار) کە خرایە سەر پارێزگای (سلێمانی) وە ئەم یەکە کارگێڕییانەش (قەرەتەپە، کۆکس، شێروانە، جەبارە) کە سەر بە شارۆچکەی (کفری) بوون خرانە سەر پارێزگای (دیالە).

٣- لکاندنی شارۆچکەی (دوزخورماتوو) بە هەردوو شارەدێ ی (ئامرلی، سلێمان بەگ)ەوەو ناوەندی شارۆچکەکە بە پارێزگای (سەلاحەدین)ەوە کە لەساڵ(١٩٧٦) دا نوێ کرایەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی (پارێزگای کەرکوك) کەمی کردەوە لە ماوەی ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی بیست دا لە (٢٣) یەکە بۆ (١١) یەکە، بەمەش پارێزگای کەرکوك نیوەی رووبەرەکەی مایەوە.

لە بەراووردکردنی دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی ساڵی (١٩٥٧) و (١٩٧٧) ی تایبەت بە دابەشبوونی نەتەوەیی دانیشتوان تێبینی بەرز بوونەوەی رێژەی دانیشتوانی عەرەب دەکرێت لە (٢٨/٢٪) بۆ (٤٤/٤٪)لەسەر حسابی دانیشتوانی ئەو کوردانەی کە رێژەیان کەم بۆوە لە (٤٨/٣٪) بۆ (٣٧/٦٪) لە هەمان ماوەدا، ئەگەر بەردەوامبوونی شاڵاوەکانی پاکتاوکردنی دانیشتوانی کوردمان لە پارێزگای کەرکوك دا لەبەر چاوگرت لە ساڵانی دوای بەرواری سەر ژمێریکردنەکان وە بە تایبەتی لە ماوەی ساڵەکانی جەنگی (عێراق-ئێران) دا و تا ئەمڕۆ، و بەردەوام بوونی چاندنی پارێزگای کەرکوك بە هۆزە عەرەبەکان، ئەوا هەندێك مەترسی کە ئەم جۆرە شاڵاوانە بەرگەیان گرتن تەنها لە پێناو بوونی کورددا نەبوو لە پارێزگای (کەرکوك)دا بەڵکو لەبەر دوارۆژی کێشەی کوردیشدا بوو لە عێراقدا هەروەها.

# پشتێنەکانی بە عەرەبکردن بە دەوری (کەرکوک)دا هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی شارەکە

شاری (کەرکوک) پێش ئەوەی بخرێتە سەر ویلایەتی موسڵ ساڵی (١٨٧٩ز) ناوەند (مرکز) بوو بۆ ویلایەتی شارەزوور، لە کۆندا و ئێستاش بەردەوام دەروازەی سەرەکی بووە و دەروازەی سەرەکییە لە نێوان ناوچەی چیاکان و دەشتەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دا لە لایەك، وە لە نێوان ناوچەی چیاکان و بیابانەکانی رۆژئاوادا لە لایەکی تر، وەلە سایەی پێکهاتە کارگێڕییە نوێکانی دەوڵەتی عێراقیدا کەرکوك بوو بە ناوەند (مرکز) بۆ شارستان (لواء) پاشانیش بوو بە (پارێزگای کەرکوك) تا ئەمڕۆ هەر پارێزگایە.

شاری (کەرکوك)و دەوربەری بایەخی ستراتیژیی خۆیان هەیە، نا بە هۆی پێگە جوگرافیە ناوبراوەکەیەوە بە تەنها، بەڵکو بە هۆی ئەوەشەوە کە کێلگەی نەوتی زۆر بە بایەخیان تێدایە، سەرەڕای پێکهاتەی رەچەڵەکزانیشی کەرکوك نیشتمانە بۆ نەتەوەکانی: کورد، تورکمان، عەرەب هەروەك چۆن شوێنی بە یەك گەیاندنی ئایینەکان و تیرە و هۆزە جۆراوجۆرەکانیشە، لەسەر ئەم بنەمایە کەرکوك بەناوچەکانی دەوروپشتیەوە، رووبەرێکی فراوانی لە بیرو هۆش و بایەخی بەرپرسە عێراقیەکان داگیرو سەرقاڵ کرد و پێکهاتەی رەچەڵەکزانی ناوچەکە ئەو خورپەیە بوو خەوی لەو دەسەڵاتدارانە هەراسان کرد کە چاویان کەوت بە بەرز بوونەوەی رێژەی دانیشتووانی کورد و بەو مەترسییەیان دانا کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات و دەسەڵاتیان کەمدەکاتەوە ئەمەش بووە هاندەریان بۆ (دانانی پرۆگرام و نەخشەکان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکوك) لە بەرژەوەندی عەرەبی کەمە نەتەوە کە بە (سیاسەتی بەعەرەبکردن) ناسرا، وە ئەم سیاسەتەش بریتی بوو لە:[1]

١- گەمارۆدانی شاری کەرکوك لە گشت لایەکەوە بە (پشتێنە) لە جێنشینە عەرەبەکان.

(١) خلیل اسماعیل محمد، کرکوك دراسات في تکوین القومی للسکان، اربیل مطبعة دارا، ٢٠٠٣، ل ٤٢.



٢- ڕاگواستنی دانیشتووانە کوردەکان بۆ دوور لە خاکی خۆیان وماڵیان و جێگرتنەوەیان بە خەڵکی عەرەب.

٣- سەر لە نوێ پێکهێنانەوەی پێکهاتەی کارگێڕییەکان لە پارێزگاکەدا، کە دەبێتە هۆی پەلە کردن لە کارەکانی بەعەرەبکردندا.

٤- جێبەجێکردنی یاسای (راستکردنەوەی باری نەتەوەیی) بۆ باری نەتەوەی عەرەب.

ئەم توێژینەوەیە تەوەرێکی تایبەت بە (پشتێنەکانی بەعەرەبکردن) ی لە خۆ گرتووە لەگەڵ رۆڵی ئەم پشتیانەدا لە نەخشە و پلان دانانەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنی (کەرکوك)دا و مەترسی ئەم پشتێنانە لەسەر دوارۆژی پەیوەندییە (عەرەبیە-کوردییە) کان.

## (پشتێنە عەرەبیەکان- الاحزمه العربیه)

مەبەست لە (پشتێنە عەرەبیەکان) لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێ جێنیشینی عەرەبیەکە دانراوون لە دەوروپشتی شاری کەرکوك وەك یەکێ لە نیشاندەرەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنی شارەکە، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە دیاردەی پشتێنە عەرەبیەکان تەنها لە کوردستانی عێراقدا نەبووە بەڵکو لە ساڵەکانی شەستەکانی سەدەی بیست دا هەمان پشتێنەی عەرەبی لە (سوریا) ش دەرکەوت ئەمەش لە رێی چاندنی هێڵی سەر سنوورەکەی لەگەڵ (تورکیا)دا بە جێنشینە عەرەبیەکان لەسەر حسابی دانیشتووانە رەسەنەکەی کە کورد بوون بە مەبەستی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەکە، لە بەڵگەنامەی فەرمی ساڵی (١٩٦٣)دا هاتووە کە پێویستە کار بکرێت بۆ راگواستنی دانیشتوانە کوردەکە بۆ ناوەوەی وڵات، وە گۆڕینی ناوچە سنوورییەکانی باکووری (ناوچەی جەزیرە) بۆ ناوچەیەکی سەربازیی و نیشتە جێکردنی دانیشتووانی عەرەب تیایدا و لابردنی کوردەکان و دامەزراندنی کێڵگەی بە کۆمەڵ بۆ جوتیارە عەرەبەکان و پێدانی چەك پێیان بە هەمان چەشنی کۆمەڵگاکانی جولەکان بە تەواوی[2]، بەڵگەنامەی ناوبراو کە وەزیری پێشووی سوریا (محمد طلب هلال) پێشکەشی کرد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت دەسەڵاتی سوری هۆزی (شەممەر) نیشتەجێ بکات لە ناوچەی پشتێنەی سنورریی نێوان (سوریا و تورکیا) دا چونکە ئەندامانی ئەم هۆزە (سەد لە سەد جیگای بڕواو متمانەن) هەر کاتێك کە دانیشتوانە کوردەکەی بە تەواوی راگواستران لەم ناوچانەدا[3].

(٢) صلاح بدرالدین: الحرکة القومیة الکردیة فی سوریا، رابطة کاوه، اربیل، ٢٠٠٣، ل ٦٥.

(٣) محمد طالب هلال، دراسة عن محافظة الجزیرة، رابطة کاوة، اربیل، ٢٠٠١، ل ٧٠.

**پشتێنه عەرەبییەکان لە کوردستانی عێراق دا**

توێژینەوەکانی تایبەت بە سیاسەتی بەعەرەبکردنی) کوردستانی عێراق ئاماژە دەکەن بەوەی کە نەخشەی سیاسەتەکە سێ تەوەری سەرەکی بەعەرەبکردنی هەرێمی گرتە خۆ پاش پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتەوە کە ئەمانە بوون:[٤]

١- تەوەری بەعەرەبکردنی پارێزگای موسڵ.

٢- تەوەری بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك.

٣- تەوەری بەعەرەبکردنی هەردوو پارێزگای دیالە وواست.

دیاردەی دانانی پشتێنە عەرەبییەکان لە دیارترین دیاردەکانی ئەم سیاسەتی بەعەرەبکردنە بوو، لە پارێزگای موسڵ لای رۆژئاواکەی کە ناسراوە بە ناوچەی (جەزیرە) چێنرا بە سەدان دێهات و کۆمەڵگای نیشتەجێکراو کە ئەمەش بووە هۆی فراوانتربوونی پێکهاتە کارگێڕییەکانی پارێزگاکە وە هەر یەکە لە شارۆچکەکانی (حەزەر، شەرگات، حەمدانیە) نوێکرانەوە لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست دا.[٥]

زۆر لەو بەڵگەنامە نهێنیانەی حکومەتی عێراقی کە بەردەست کەوتن ئاماژە دەکەن بە دروستکردنی چەندین (پشتێنەی ئاسایشی) بە دەوری شاری موسڵ دا کە برتیی بوون لە جێنشینە عەرەبییەکان بە ئاراستەی تەوەری (شێخان-موسڵ) تەماشای هەردوو بەڵگەنامەی (١ و٢) بکە.

لە ئەنجامی رێککەوتنی جەزائیری ساڵی **١٩٧٥** ی نێوان هەر یەکە لە (ئێران و عێراق)، عێراق تێکۆشا بۆ جێبەجێکردنی برگەی تایبەت بە دامالینی هێڵی سنووریی نێوان دەوڵەتەکەیی و نێوان دەوڵەتی ئێران لە هەر (کۆمەڵگایەکی مرۆیی) بۆ ماوەی زیاتر لە (٤٠کم) لە قوڵایی خاکی کوردستاندا لە هەندێ جێگادا بە مەبەستی دانانی پشتێنەی ئاسایشی بە درێژایی سنووری (عێراقی-ئێرانی) هەرلە سێ گۆشە سنوورییەکەی نێوان (عێراق-ئێران-تورکیا)ەوە تا دەگاتە باشووری شاری خانەقین بەڵگەنامەی نهێنی ژمارە (**٣٧٠**) ناوەڕۆکەکەی ئاماژە دەکات بە نوسراوی سەرکردایەتی فەیلەقی چواری ژمارە (**٥٧١٦** لە **١٩٨٢/٨/٢١**) دا لەسەر (قەدەغەکردنی هەبوونی خەڵك لەسەر هێڵی سنووریی وە

(٤) خلیل اسماعیل محمد وآخرون: سیاسة التعریب فی اقلیم کردستان العراق، مطبعة اراس، لربیل ٢٠٠٤، ل٥.

(٥) عدنان اسماعیل الیاسین: التغیر الزراعي في محافظة نینوی، مطبعة بغداد، ١٩٨٤، ل ٤٠٦-٤١١.



PDF 4 KURD

هەرکەس لە نزیك هێڵی سنووریی دا بێت بە زەبری هێز دەردەکرێ) بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە پەیوەندیداران کرد لە هێزە چەکدارەکان بۆ جێبەجێکردنی گشت کارێکی پێویست لەم رووەوە بڕوانە بەڵگە نامەی ژمارە (**٣**) سێ.

بەم شێوەیە چارەنووسی دەیان هەزار کەس لە دانیشتووانی دێهاتەکانی سەر سنوور لە ناو پشتێنەی ئاسایشی دا راگواستن بوو بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێ کان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق یان بۆ کەنار رێگا گشتی یەکانی ناو هەرێمی کوردستانی عێراق تا بە ئاسانی چاودێریی بکرێن و دەستیان بەسەر دا بگیرێت.[٦]

**پشتێنه عەرەبییەکان لە پاریزگای کەرکوك دا:**

هەر لە سەردەمێکی زووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە دەسەڵاتە فەرمانڕەواکانی ئەم دەوڵەتە تێکۆشاون بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانیان لە دووبارە پێکهێنانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك دا لە بەرژەوەندی (کەمە نەتەوەی عەرەبی- الاقلیە العربیە) دا، پرۆژەی (حەویجە)ی نیشتەجێکراو. سەرەتای دانانی پشتێنەی ئاسایشی بوو لە هۆزە عەرەبە کۆچەرییەکان بە دەوری پارێزگای کەرکوك دا تا دەگاتە شاری کەرکوك و خۆیی و ناوچە ستراتیژییەکانی دەوروپشتی کەرکوك، پرۆژەی (حەویجە)، بە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەژمێردرێن کە بەشدارییان کرد لە چاندنی ناوچەکانی رۆژئاوا بە دێهاتی عەرەبی، هەروەها پرۆژەی ئاودێریی (سەدام) کە تەواو بوو لە رێی نیشتەجێکردنی هەزاران کەس لە رۆڵەکانی تیرە و هۆزە عەرەبەکان لە لای باشووری رۆژئاوای کەرکوکەوە،[٧] وە لە ناودارترین تیرە و هۆزی عەرەب کە نیشتەجێ کران لەم پشتێنەیەی لای رۆژئاواو باشووری رۆژئاوای کەرکوکەوە ئەمانە بوون: (عبید-جبور-ابوحمدان).

لە لایەکی ترەوە هەڵقوڵانی نەوتێکی زۆر لە پارێزگای کەرکوك دا هەر لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە بووە پاڵنەر بۆ دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان تا هانی زیاتری خێزان و بنەماڵە عەرەبەکان بدەن بۆ هاتنیان بەرەو شاری کەرکوك و دەوروپشتی. و بەکارهێنانیان وەکو کرێکار و فەرمانبەر لە کۆمپانیاکانی

(٦) خلیل اسماعیل محمد: مؤثرات سیاسة التعریب فی اقلیم کردستان العراق، الطبعة الثانیة، مطبعة زانکو، اربیل ٢٠٠٢، ل ٢٥.

(٧) نوری طالباني: منطقة کرکوك ومحاولات تغیر واقعها القومي، لندن ١٩٩٥، ل ٤٠، هەروەها خلیل اسماعیل محمد: کرکوك دراسات فی التکوین القومي للسکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

نەوت دا لە جیاتی کوردەکان[8]ئەم کۆمپانیانەی نەوت ئاگاداری دەسەڵاتی عێراقییـان کـردەوە لـە دەرئەنجامە دیمۆگرافیەکانی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك کە لە بەرژەوەندی کورددا دەڕوات بەڕێوە، وە ئەم کارەیان بە مەترسیەك دانا کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵات دەکات.[9]

لەگەڵ پەرەسـەندنی چـەکەکانی دەسـت سـەرکردایەتی کـورد لـە عێـراق داو فراوانبـوونی سنووری چالاکیەکانیان، مەترسـیەکانی دەسـەڵاتی عێـراقیش زیـادی کـرد لـە مـەڕ پـرۆژە و دامەزراوە نەوتیەکاندا، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە (پـشتێنەی ئاسایـشی احزمـە الامنیـە) دابنرێ لە دەوروپشتی شاری کەرکوك وەك دانانی سەدان دێهات و کۆمـەڵگای نیـشتەجێکراوی عەرەبی و داکوتاندنی دەیان پێگەو بنکەی سەربازیی بۆ پاراستنیان [10] لە سـاڵی (١٩٦٣) دا زۆر لە دێهاتەکانی نزیك شاری کەرکوك راگواستران و بەعەرەب جێگایان گیرایەوە لـە نموونـەی ئەم دێهاتانە (سون طولی، باوەلی، شەیخاعەلی، وەلی پاشا، قزلقایە، چیمەنی بچووك، چیمەنی گەورە، چەوڵ بۆر، هەنجیرە، توتان، توشقایە، شۆراو، باجوان)[11] دەکرێ ئەمە بە یەکەم هەنگاو دابنرێ بۆ دانانی (پشتێنە عەرەبیەکان) لـە دەوروپـشتی کـەرکوك کـە لـە دوایـدا بەباشـی و بەشـێوەیەکی فـەرمی و راشـکاوانە گرنگـی پێـدرا و ئاشـکرا کـرا لـە رێ ی بەڵگەنامـە فەرمیەکانەوە کە دەستی بەسەردا گیرا هەروەك لەمەودوا دەبینین.

وە لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە کۆبۆوە لـە بەردەسـتمان دا دەکـرێ سـێ پـشتێنەی عەرەبی دیاری بکرێ کە کارکرا بۆ دانانیان لە دەوروپشتی کەرکوك بە ئامانجی گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی دانیشتووانەکەی کە ئەمانەن: بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٩):

**١- پشتێنەی عەرەبی دەرەکی (دەرەوە):**

لـە پێـشەوە ئامـاژە کـرا بـە رۆڵـی پـرۆژە ئاودێرییـەکان لـە پارێزگـای کـەرکوك دا لـە نیشتەجێکردنی تیرە و هۆزە عەرەبە کۆچەرییەکان لە بەشەکانی رۆژئاوا و باشووری رۆژئـاوادا.

(٨) مکتب الدراسات والبحوث المرکزی للحزب الدیمقراطی الکردستانی، نفط کردستان العراق، الطبعة الثانیة، ١٩٩٨، دراسة رقم (٣٢)، ل٣.

(٩) لطیف فاتح فرج: کورد وکەرکوك، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٧، سلێمانی، ل٨١-٨٣.

(١٠) انڤرچیا، راگواستنی ناوچە سنووریەکان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٤)، هەولێر، ل ٢٠-٢١

(١١) خلیل اسماعیل محمد: کرکوك دراسات في التکوین القومي للسکان ل ٧٢.



PDF 4 KURD

بە تایبەتی هەردوو پرۆژەی (حەویجە) و (ئاودێریی سەدام)، ئەم کارەش بـووە هـۆی دەورەدانـی پارێزگاکە بە سەدان نیشتەجێکراوی عەرەبی لە شارەدێکانی: (حەویجە، ئـەل عەباسـی، ریـاز، داقـوق، سـلێمان بـەگ، قەرەتەپـە) وەك سـەرەتایەك بـۆ گـەمارۆدانی شـاری کـەرکوك و دەوروپشتەکەی بە دێهات و ئاوەدانی عەرەبی، ئەم پشتێنەیە بە کۆنترین کارو کرداردا دەنرێت لە زنجیرەی کارەکانی بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك دا، دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان لە دانانیـدا رێ و شوێنی هاندان و سەرنجڕاکێشانی جۆراوجۆریان گرتەبەر بۆ عەرەبە نیشتەجێ کراوەکان: لە وانە دابەشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی و دروستکردنی دێهـات و هەڵکەنـدنی بـیری ئـاو و جۆگەکانی ئاودێریی بۆیان جگە لە دامەزراندنیان لە ئەرکە حکومیە جیاجیاکان دا.

لەبەر رۆشنایی ئەم سیاسەتی بەعەرەبکردنەدا رێژەی دانیشتووانی عەرەب زیـادی کـرد لـە ناوچەی پشتێنەی ناوبراو دا لەسەر حسابی کورد وە ئـەم خـشتەیەی خـوارەوە ئامـاژە دەکـات بەوەی کە رێژەی دانیشتوانی عەرەب لە شارەدێی (حەویجە) بەرز بۆوە لە (٧٣٪) بۆ (٩٢٪) لە کۆی گشتی دانیشتوانەکەی لە نێوان ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٧) هەروەك چۆن رێژەیان بەرز بـۆوە لە هەردوو شارەدێی (داقوق) و (قەرەتەپە) تەماشای خشتەی ژمارە (١) بکە:


**خشتەی ژمارە(١)**

رێژەی دانیشتوانی عەرەب لە ناوچەی پشتێنەی دەرەکی دا[12]

| یەکەی کارگێڕی | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| شارەدێی حەویجە | ٧٢/٨ ٪ | ٩١/٧ ٪ |
| شارەدێی داقوق | ٣٨/١ ٪ | ٥١/٧ ٪ |
| شارە دێی قەرەتەپە | ٦٨/٨ ٪ | ٨٢/٨ ٪ |
| کۆی گشتی پارێزگاکە | ٣٩ ٪ | ٤٤/٤ ٪ |

(١٢) شاکر خصباك: العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣ ل ١٣٥، هەروەها فەیسەڵ دەباغ: کورد و کەمە نەتەوەکانی تر لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەشـی دووەم، چـاپخانەی رۆشـنبیریی، هـەولێر، ١٩٩٩، ل٤٠-٤١.

**نەخشەی ژمارە(١٩)**




**پشتێنەی (عەرەبی) لە دەوروبەری شاری کەرکوك**



**٢- پشتێنەی عەرەبی ناوەند:**

ئەم پشتێنەیە ئەو ناوچانە دەنوێنێ کە دەوروپشتی شاری (کەرکوك) یان داوە و بـریتین لـە شـارەدێکانی (دبـس، ئـاڵتون کـۆپری، شـوان، قەرەحەسـەن، تازەخورمـاتو)، لـە خەسڵەتەکانی ئەم پشتێنەیە ئەوەیە بە ئاشکرا هاتووە لـە زۆربـەی بەڵگەنامـە و نوسـراوە فەرمیەکان و ووتار و گفتوگۆکانی بەرپرسە باڵاکانی سەرکردایەتیە حکومیەکان دا لە وانـە نوسراوی لیژنەی باڵای نیشتەجێکردن و پەرەپێدان لە پاریزگـای تـەئمیم ی ژمـارە (٢) لـە ١٩٩٤/٩/٧ کە بابەتەکەی بریتی بوو لە (پشتێنەی ئاسایشی بەدەوری شـاری کـەرکوك) و تیایدا هاتووە:

- لیژنەی ناوبراو بە پێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی ژمارە (٧٢١) لە (٨/٢/ ١٩٩٤) پێکهێنراوە.
- ناوچەی پشتێنەکە ئەو یەکە کارگێرییانە دەگرێتەوە کە دەوری شاری کەرکوکیان داوە و بریتین لە: (ئاڵتون کۆپری، قەرە هەنجیر، شوان، قەرەحەسەن، تازە خورماتو).
- بەڵگەنامەکە گشت ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە سەربەم شـارەدێیە ناوبراوانـەن بـە زەوی دەوڵەتی دانا بە مەبەستی دابەشکردنیان بەسەر تیرەو هۆزە عەرەبەکان دا لە قۆناغەکانی داهاتوودا تەماشای بەڵگەنامەکانی (٤، ٥، ٦)ی هاو پێچ بکە.

بـەڵام نوسـراوی پاریزگـای تـەئمیم ی ژمـارە (٣٤٨) لـە ٢٠/ ٣/ ٢٠٠٠ دا کەرتـە کشتوکاڵیەکانی ناو پشتێنەی ئاسایشی شاری کەرکوکی دیاری کرد وە داوای دابەشکردنی ئـەو بەشانەی کرد کە دابەش نەکراون بەسـەر تـیرەو هـۆزە عەرەبـەکان دا تەماشـای بەڵگەنامـەی ژمارە(٧) بکە.

لەبەر رۆشنایی ئەمەدا هۆزی (ابو فرج) داوای پێکهێنانی کۆمەڵگایـەکی نیـشتەجێکردنی کرد بۆیان لە شـارەدێ ی (ئـاڵتون کـۆپری) وەك جێبـەجێکردنی ئاڕاسـتە کراوەکـانی (سـەدام حوسێن) لە زیاتر چڕکردنەوەی دانیشتووانی عەرەب لـە ناوچـەکە داو دابینکردنـی (پـشتێنەی ناوبراو) بۆ شاری کەرکوك تەماشای بەڵگەنامەی ژمارە (٨) بکە.

بەڵام ئەو عەرەبە نیشتەجێکراوانەی کە نـاتوانرێ پـشتیان پـێ ببەسـترێ وە بـەڵێنیان لەگەڵدا بەستراوە بۆ زامنکردنی باری ئاسایش لە ناوچەی پشتێنەکەدا، نوسراوی پاریزگـای تەئمیم ی ژمارە (٨٢١) لە ٢٠٠١/٥/٨ دا پێشنیازی کرد لەسەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنەکانیان و گۆڕینیان بە تیرەو هۆزی عەرەبی تر کـە وەفـای



PDF 4 KURD

چاکیان هەبێت بۆ حزب و شۆڕش، بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (٩). وە بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)، ٢٠٠٧ لە ٥/٨/ ١٩٩٨ بارودۆخەکەی توندتر کرد بەوەی کە نابێ بە هیچ جۆرێك کاربە هاوڵاتیانی کورد بکرێ لە لای ئەم تیرەو هۆزە عەرەبانە لە ناوچەی پشتێنەی ئاسایشی دا وە لە بەڵگەنامەیەکی تردا نوسراوی قائمقامیەتی شارۆچکەی (ناوەندی کەرکوك) لە (١٥/٦/١٩٩٦) دا ئاماژەی کرد بە پێدانی چەك و تەقەمەنی بەو عەرەبانەی لە سنووری پشتێنەی ناوبراودا نیشتەجێ کراون بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەرتێکچوونێکی ئاسایش کە لە وانەیە رووبدات بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١١) هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە (٩ / ١٤٧١) لە (٢٤/١٠/١٩٨٥) دا داوای لە سەرکردایەتی عێراقی کرد کە هەرکەس هەڵگرتنی چەك و مسۆگەریی پاراستنی ئاسایشی لە دژی تێکدەران رەتکردەوە ئەوا وەك تێکدەر بدرێتە قەڵەم و رەفتاری لەگەڵدا بکرێت و لێکۆڵینەوە دەربارەیان بکرێت بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە(١٢).

لە تەك کارەکانی نیشتەجێکردنی ڕۆڵەکانی تیرەو هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەی (پشتێنەی ناوەند)دا، شاڵاوەکانی راگواستنی خێزان و بنەماڵە کوردەکان لە دێهاتە رووخاوەکانیانەوە بە پێ ی پەتی دەستی پێکرد لە ناوچەی پشتێنەکەوە بەرەو دەرەوەی کەرکوك.[13]

خشتەی ژمارە (٢) ئاماژە دەکات بەوەی ژمارەی ئەو دێهاتانەی کە دانیشتوانەکانیان راگواستران زیاتر لە (٢١٨) دێ و شارۆچکە بوون جگە لە ژمارەیەك لە ناوەندی شارەدێکان لەناو پشتێنەی ناوبراو دا لەماوەی ساڵەکانی (١٩٦٢-١٩٨٨) بەم جۆرە ژمارەی خێزانە راگواستراوەکان کە بەڕاستی تۆمارکرا بوون زیاتر لە (١١٦٩٤) خێزان بوون کە بریتی بوون لە نزیکەی (٦١٣٩٤) کەس وە بەم شێوەیەی خوارەوە:[14]

(١٣) خلیل اسماعیل محمد وآخرون: سیاسة التعریب فی اقلیم کردستان العراق، المصدر السابق، ل ١٢٠.

(١٤) نوری طالبانی، المصدر السابق، ل ٦٨-٧١.



PDF 4 KURD

**خشتەی ژمارە (٢)**

ئەو دێهاتانەی کە وێرانکران لەگەڵ ژمارەی خێزانە راگواستراوەکان لە ناوچەی پشتێنەی ناوەند دا[15]

| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دێهاتەکان | ژمارەی خێزانەکان |
|---|---|---|
| شارەدێی ئاڵتون کۆپری | ٣١ | ٢١٨٢ |
| شارەدێی شوان | ٧٠ | ٢٦٥٠ |
| شارەدێی قەرە هەنجیر | ٤١ | ٢٣١٠ |
| شارەدێی دبس | ٣١ | ٢١٢٣ |
| شارەدێی قەرەحەسەن | ٤٥ | ٢٤٢٩ |
| کۆی گشتی | ٢١٨ | ١١٦٩٤ |

١- شارەدێی ئاڵتون کۆپری: بەشی باکووری ئەو پشتێنە عەرەبییە داگیر دەکات کە دەوری شاری کەرکوك داوە، دەسەڵاتی فەرماندار هەر زوو هەستابە راگواستنی دانیشتووانی دێهاتەکان لە سنووری ئەم شارەدێ دا بۆ کۆمەڵگا زورە ملێکانی سنوری پارێزگای هەولێر، پاشان نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیاندا، جگە لە دروستکردنی چەندین بنکە و پێگەی سەربازیی بۆ سوپای عێراقی بە درێژایی رێگای نێوان شاری کەرکوك و شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری. لەگەڵ چەندین کۆمەڵگای نیشتەجێبوون بۆ سەرانی ئەو سوپایە لە نموونەی ئەو سەربازگایانە:

(دارەمان، سنە قزلی، ئاڵتون کۆپری، قەڵای گەورەی پتەو، سەدان خانووی حکومی بۆ کارمەندانی هێزی ئاسمانی لە نزیك دارەمان و سەربازگەی گتگە و تۆرزەیی).[16]

٢-شارەدێی شوان: بریتی یە لە ناوچەی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی ناوچەی پشتێنەی ناوەند، هەر لە ساڵی (١٩٦٣) دەوەحکومەتی عێراقی تێکۆشا بۆ داڕووتاندنی ئەم شارەدێ یە لە دێهاتەکانی کە بریتی بوون لە زیاتر لە (٧٠) دێ بە ناوەندی شارەدێ کەشەوە (مرکز الناحیە) کە بە (رێدار)ناودەبرا وە دانیشتووانی ئەم دێهاتانەش راگواستران بۆ پارێزگای هەولێر

(15) S.M.Rasol.Destruction of –Nation.By H. Zahawi and L. Rashid , U.S.A 1990 , PP 111 – 134

(١٦) ازاد شیخانی: المسار و المحاور الجغرافیە لتعریب کرکوك، (صحیفە خبات)، اربیل، ٢٠/٩/٢٠٠٢.

بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان کە ئامادە کرابوون بۆ ئەم مەبەستە وە بەم جۆرە ناوچەی شارەدێی شوان بووە ناوچەیەکی سەربازیی قەدەغەکراو.

١- شارەدێی قەرەهەنجیر: هەروەها ناویش دەبرێ بە (ربیع) و دەکەوێتە بەشی رۆژهەلاتی پشتێنەی ناوەندی دەوری شاری کەرکوکەوە، ژمارەی دێهاتەکانی ئەم شارەدێ یە کە وێرانکران و راگواستران (٤١) دێ بوو کە نزیکەی (٢٣١٠) خێزانی کشتیار بوون لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا.

٢- شارەدێی قەرەحەسەن: بریتییە لە بەشی رۆژهەلاتی پشتێنەی ناوەند، گشت دێهاتەکانی ئەم شارەدێیە و ناوەندەکەشی (لەیلان) وێران کران لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٦-١٩٨٨) دا و دانیشتوانەکەشی راگواستران بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی نزیك (چەمچەماڵ).

٣- شارەدێی دبس: بەشی باکووری رۆژئاوای پشتێنەکە داگیردەکات و تەواوی (٣١) دێی سنورەکەی وێرانکران و ناوچەکە کرا بە ناوچەیەکی سەربازیی قەدەغەکراو جگە لە دانانی (ناوەند) بۆ نیشتەجێکردنی کارمەندانی هێزی چەکدار و ئاسایش و پۆلیس، هەروەها کۆمەڵگای نیشتەجێکردن بۆ (کرێکاری پاڵاوتگەکانی نەوت و دەرهێنانی گۆگرد)، کە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوورەوە (پارێزگا عەرەبیەکانەوە) هێنرا بوون.

**٤- پشتێنەی عەرەبی ناوەخۆ:**

ئەم پشتێنەیە دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی شاری کەرکوکەوە وە بە مەترسیدارترین جۆری پشتێنە دادەنرێت لەسەر دوارۆژی پەیوەندییەکانی نێوان رۆڵەکانی ئەم شارە، ئەم پشتێنەیە بە قۆناغی سێهەم دادەنرێت لە کارەکانی گەمارۆدانی شاری کەرکوك بە کۆمەڵگا عەرەبیەکان بە ئامانجی توند کردنی هۆکارەکانی دەست بەسەراگرتنی تەواوی شارەکە، ئەم پشتێنەیە سێ تەوەری لە خۆ گرت کە ئەمانەن:

- تەوەری باکووری رۆژئاوایی:

دەست پێدەکات لە رۆژئاوای شاری (کەرکوك)ەوە بە ئاراستەی شارۆچکەی (دوبز)، دەیان کۆمەڵگای عەرەبی دروستکران بە درێژایی رێگای گشتی نێوان (کەرکوك-دوبز) بە تایبەتی بۆ خێزانەکانی ئەفسەرەکانی هێزە چەکدارەکان و ئاسایش و پۆلیس و فەرمانبەرەکانی تری حکومەت لە خەڵکی عەرەب رەگەز لە نموونەیان گەڕەکەکانی:(قدس، مەیسەلون، تەئمیم،



PDF 4 KURD

مثنی، (٣٠) تەمموز، رافیدەین، حوتەین، ماڵە ئەفسەرەکان و جێگری ئەفسەرەکان و ماڵەکانی کرێکارانی گۆگرد.

- ئەم تەوەرە بە ئاڕاستەی هەردوو شاری (بەغداد) و (تکریت) و بە درێژایی ئەو رێگایە کە (کەرکوك) بەم دوو شارەوە دەبەستێ وە لە دیارترین کۆمەڵگا عەرەبیەکانی ئەم تەوەرە ئەمانەن: (البعث، الاشتراکیە، غرناطة، الواسطی، السکك، حي الخضراء)

- تەوەری باشووری رۆژهەلاتی:

ئەم تەوەرە بە ئاڕاستەی شارۆچکەی (لەیلان)ە، لەسەر ئەم تەوەرەیە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵگای عەرەبی پێکهێنرا لەهەرە گرنگەکانیان (الوحدة، الحریة، الحجاج، العروبة، قتیبة، دور ضباط الصف، دورالامن، حی الشرطة).

بێگومان ئەم پشتێنانە لە کۆمەڵگای جێنیشینە عەرەکاندا کە حکومەتە

سەرکوتکەرە عێراقیەکان چاندنیان، بارێکی ناسروشتی دروست کرد لە پەیوەندییەکانی نێوان (رۆڵەکانی کورد و عەرەب) دا بە گشتی و رۆڵەکانی (شاری کەرکوك) دا بە تایبەتی وە تا ئێستاش شوێنەوارەکەی لەبەر چاوە لە زۆر شوێن و جێگادا وە مەبەستیش لەم کارە شێواندنی پێناسەی نەتەوەیی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بووە کە بە عەرەب کراوون بە تایبەتی لە سنووری شاری کەرکوك دا ئەمەش لە رێی بوونی عەرەبە نیشتەجێکراوەکانەوە لە ناو پشتێنەکاندا کە (بابەتی توێژینەوە)کەیە و تا ئێستاش باشترین شوێن و پێگەیان داگیرکردووە لەگەڵ چاکترین زەوی کشتوکاڵیدا لەسەر حسابی دانیشتووانە رەسەنە راگواستراوەکەی کە(کوردن) و زۆربەیان دەیان ساڵە لە ئاوارەیی و نامۆییدا دوور لە شوێنەواری رەسەنی باب و باپیرانیان دەژین.

ئەم پشتێنە عەرەبیانە (دیاردەی (رەگەز پەرستی) نیشان دەدەن کە تا) ئێستاش سەرچاوەی داڕمان و تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان رۆڵە عەرەب و کوردەکان بوون و دەبن ئەگەر حکومەتی نوێ ی عێراقی سنوورێکی بۆ دانەنێت بە تایبەتی لە رێ ی جێبەجێکردنی خێرای بڕگەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

ئەگەر نا ئەوا هەندێ لەو مەترسیانەی کە دێن ودەچن لە ناو رۆڵەکانی شاری کەرکوك دا سەبارەت بە دیاردەو شێوازە ماوەکانی بەعەرەبکردن لە ناکاودا ببنە (بۆمبی کاتی) و لە هەر چرکەیەك دا بتەقنەوە، دەتەقنەوە، وە هەڕەشە و مەترسیەکانی ئەم تەقیەوەیە تەنها لە سنووری شاری کەرکوکدا نابێت بەڵکو دەپەڕنەوە بۆ سەر چارەنووسی گشت عێراق.

**دەرئەنجامەکان:**

.دەکرێ لەم توێژینەوەیەدا ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەرهاویشتە بکرێ:

١- شاری کەرکوك بە بایەخی ستراتیژی خۆی دەناسرێتەوە کە بریتیە لە پێگە جوگرافییەکەی وەکو دەروازەی هەرێمی کوردستان بەرەو پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق وە بە بایەخی ئابووریی و رەچەڵەکزانیشییەوە، هەر بۆیە دەسەڵاتە عێراقیەکان لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە تێکۆشاون بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەم شارە بە تەواوی لە رێی جێبەجێکردنی نەخشە شومەکانی بەعەرەبکردنەوە.

٢- حکومەتە عێراقیەکان شێوازی جۆراوجۆریان گرتەبەر لە جێبەجێکردنی نەخشەکانی بەعەرەبکردن دا لە هەرە گرنگەکانیان چاندنی ناوچەکانی دەوروپشتی کەرکوك بە دێهات و کۆمەڵگای عەرەبی ئەمەش لە رێ ی گەمارۆدانیەوە بە (پشتێنە ئاسایشیەکان- الاحزمە الامنیە).

٣- کارەکانی گەمارۆدانی شاری کەرکوك بە کۆمەڵگا نیشتەجێکراوە عەربەکان لە سێ پشتێنە پێکهاتبوون کە ئەمانەن:

- پشتێنەی دەرەکی (دەرەوە):

ئەم پشتێنەیە دەوری پارێزگای کەرکوك دەدات لە لاکانی رۆژئاواو باشووری رۆژئاواوە هەر لە شارەدێ ی (حەویجە) وە تا دەگاتە شارەدێی (قەرەتەپە)، پرۆژە ئاودێرییەکانی ساڵەکانی سیەکانی سەدەی پێشوو(سەدەی بیست) گەورەترین رۆڵیان بینی لە نیشتەجێکردنی هەزاران کەس لە تیرەو هۆزە عەرەبەکان لە سنووری ئەم پشتێنەیەدا.

- پشتێنەی ناوەند:

ئەو یەکە کارگێڕییانە دەگرێتەوە کە دەوری شاری کەرکوکیان داوە کە ئەم شارەدێیانەن: (ئاڵتون کۆپری، دوبز، تازەخورماتوو، قەرەحەسەن، قەرەهەنجیر، شوان) دانیشتووانی ئەم شوێنانە هەرلە ساڵەکانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەوە راگواستران بۆ شوێنی ترو هۆزە عەرەبەکان لە شوێنیان نیشتەجێ کران.

- پشتێنەی ناوەخۆ (ناوەوە):

ئەم پشتێنەیە پێکهاتووە لە ژمارەیەك لە کۆمەڵگای نوێ دروستکران لە ساڵەکانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بۆ ئەو عەرەبە هاوردانەی نیشتەجێکران بە شێوەی پشتێنەیەك کە دەوری کەرکوکی داوە لە گشت لایەکەوە سیاسەتی گەمارۆدانی



شاری کەرکوك بە دێهات و کۆمەڵگا عەرەبییەکان کە لە دەرەوەی پارێزگا کەوە هاتبوون لەسەر حسابی راگواستنی دانیشتووانە کوردەکەی هەروەك زانیاریی و روونکردنەوەی باوەڕ پێکراوو بە بەڵگە دەربڕا دەربارەی لەم توێژینەوەیەدا کە گەواهن (شواهد)ن لەسەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمەیەك لە دوای یەکەکانی پێشووی عێراق وە (بەرگرتنی رۆژ بە بێژنگ) سوود نابەخشێت لە بەرامبەر دیمەنەکانی رۆژانەی (دیاردەکانی بەعەرەبکردن) دا کە هەیە لە هەموو شوێنەکانی شاری کەرکوك و دەوروپشتەکەیدا هەربۆیە پێویستە سنوورێك و رادەیەك بۆ ئەم جۆرە دیاردانە دابنرێ ئەگەر مەبەست دووبارە نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی شاری کەرکوك و بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیریی بێت بۆ عێراق.

# کەرکوك و راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی

ئەو رێوشوێنانەی کە دەسەتدارە پێشووەکانی عێراق گرتیانە بەر بۆ گۆڕینی رووخساری رەسەنی نەتەوایەتی شاری کەرکوك، جۆراوجۆر بوو، بەهەمان شێوە ئامڕازەکانی ترساندن و تۆقاندن بۆ ئەوانەی لە شارەکە دامابوون لە دانیشتووانە خۆڕاگرەکەی هەمە چەشنە بوو، ئەمەش بە ئامانجی پاکتاوکردنی گشت هاولاتیە ناعەرەبەکان و تواندنەوەی ئەوانەی مابوونەوە لە بۆتەی گەلی عەرەبیدا، ئەو گەلەی کە هیچ تاوانێکی لە ئەستۆدا نەبوو لە بەرامبەر گشت ئەو رێوشوێن و شێوازە بەر بەرییانەیەدا.

لەگەڵ ئەو شکستەدا کە یاوەری ئەو شالاوانە بوو وە پەککەوتنی شێوازەکانی ترساندن و هاندان تا رادەی (مەرگی هێواش و لەسەرخۆ) دەسەلاتە عێراقیەکان پەردەیان لەسەر دوانهێنی خۆیان هەڵماڵی بە راگەیاندنیان بۆ (یاسای راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی) کە پێکهاتووە لە پێشکەشکردنی بەرژەنامە (استمارە)بۆ هاولاتی ناعەرەب (المواطن غيرالعربی)وە تیایدا داوای ئەوە بکات بە هەڵە سەر بە نەتەوەکەی ئێستایەتی و ئارەزووی ئەوە دەکات باری نەتەوایەتیەکەی راست بکاتەوە یان بکرێتەوە بۆ (باری نەتەوایەتی عەرەبی).

گومانی تیادانیە لەم جۆرە بڕیارانە کە (سەرۆکایەتی کۆمار) یان (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) دەری دەکات یان لەسەر بنەمای (ئاڕاستە کردنە ناوەندییەکان) دەردەچن بە زنجیرەیەکی دوورو درێژ دادەنرێن بە درێژایی سەدەی رابردوو (سەدەی بیست) کە دەرژێنە ناو تەوژمی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی و بەتایبەتیش (دیموگرافی نەتەوەیی) دانیشتوانی (سنووری پارێزگای کەرکوك) بە گشتی و (ناوشاری کەرکوك) بە تایبەتی لە سایەی ترسی هەمیشەیی و لەرزی بەردەوام لەو سەنگە دیمۆگرافیەی (کە خەڵکی ناعەرەب) پێکی دەهێنن لەم پارێزگایەدا.

لێرە وە ئەو شتە سەری هەڵدا کە پێی ووترا (یاسای راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی) لە زنجیرەی ئەو رێوشوێنانەدا، بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ی ژمارە (١٩٩) لە (٢٠٠١/٩/٦) دا هۆکارەکان و پاکانەکانی یاساکە روون دەکاتەوە گوایا (لادانە لەبارە میراتگیرییەکان) ی ناو تۆمارەکانی دەسەلاتی عوسمانی بۆ عێراق و پێدانی ماف بە



عێراقیەکان لە هەڵبژاردنی باری نەتەوەییاندا، ئەمەش واتە عێراقیە ناعەرەبەکان پێش دەرچوونی ئەم یاسایە (یاسای راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی) ناچارکراون تا بە هەڵە باری نەتەوایەتی خۆیان تۆمار بکەن، بە تایبەتی کە (خەڵکی عەرەب) لە بۆچوونی دەسەلاتدارانی سەردەمی عەسمانیدا (ئەوکەسانە بوون کە لە نیشتمانی عەرەبیدا ژیاوون و بە زمانی عەرەبی دواون و نەتەوەی عەرەبیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە).

بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١)، بەلام یاساکە هاولاتیانی عەرەب ناگرێتەوە لەم مافەدا بەڵکو سزای هەر (عەرەبێك)یش دەدات کە هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی (باری نەتەوایەتی عەرەبی خۆی) بە بەند کردن بۆ ماوەی (ساڵێك و زیاتر) بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (٨٥٠) لە ١٩٨٨/١١/٢٧ بەلام دەبێت گشت (هاولاتیە ناعەرەبەکان) پابەند بن پێوەی، وە (رۆژگار)پێش مرۆڤی عێراقی چەوساوە گشت نهێنیەکانی ئامانجە گلاوەکان دەخاتە روو لە پشت گشت ئەو رێوشوێنانەوە کە دژی سادەترین مەبدەئەکان (بنچینەکان)ی راگەیاندنی نێودەوڵەتین بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە تەواوی دەرئەنجامەکانی ئەو هەموو شالاوە دڕندانەیە دەشارێتەوە کە بریتی بوو لە (یاسای راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی یان راستکردنەوەی رق لێبوونەوەی چوونە ناو حزبی بەعس و ئاخاوتن بە زمانی عەرەبی و پۆشینی جلوبەرگی عەرەبی و ناونانی منداڵەکان بە ناوە عەرەبیەکان، هەروەها ناو لێنانی شوێن و دامەزراوە و گۆڕەپان و قوتابخانەکان بەناوە عەرەبیەکان) پاش ئەوەی دەسەلاتداران لەم پێناوەدا چەندین ملیار دیناریيان بەفیڕۆدا لە بڕی بژێویی گەلانی عێراق.

وە گەلانی عێراق وەکو خۆیان ملیۆنەها شەهیدیان پێشکەشکرد لەسەر بەردی خۆراگریی و بەرخودان، ئایا ئیتر لە عێراقی ئەمڕۆدا پێویست ناکات ئەم شتانە بخرێنە سەر کەژاوەی پەرۆشی و بەڕاستی وەرنەگیرێن!!؟

لە سایەی مافە زەوتکراوەکان و دادپەروەرییە بەڵێن پێدراوەکاندا وە لەو کاتەدا کەناوەڕۆکی ئەو نوسراوە فەرمیانەی تیادا بلاودەکەینەوە و ئاماژە دەکەن بە ئاشکرایی(راشکاویی) بە سیاسەتی رژێمی لە ناوبەر دەربارەی گۆڕینی زۆرە ملێی (باری راستەقینەی نەتەوەیی) لە کەرکوك دا ئەوا ئامانجمان راکێشانی سەرنجی گشت لایەکە بۆ دوور کەوتنەوە لەم (سیاسەتە نەزۆکە) کە خزمەتی یەکێتی نیشتمانی ناکات و دەبێتە هۆی (خراپکردنی برایەتی کورد و عەرەب) لە ولاتەکەماندا کە ولاتی فرە نەتەوەیی و گەشەی شارستانیەتە.

**له نموونەی نووسراوە فەرمیەکان:**

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوخۆ

کاروبارە ئاسایشی یەکان

ژمارە ٢٨٣٩ بەروار ٢٠٠٠/٢/١٥

بۆ پارێزگای تەئمیم- نوسینگەی تایبەت

بابەت-ئاراستەکردنی ژمارە (٢٤)

پێویستە کە سەرجەم کارمەندانی فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکانی دەوڵەت لە سنووری کارگێڕیی خۆیان دا پابەند بن بە یاسای راست کردنەوەی باری نەتەوایەتی بە پێی راستگیرانە تایبەتەکان وە دەبێت ئەم کارە جێبەجێ بکرێت لە ماوەی (٣٠)ڕۆژدا هەرلە (٢٠٠٠/٣/١)ەوە ئەگەرنا ئەوا گشت رێوشوێنە تایبەتەکان دەگیرێتەبەر دەربارەیان، ئێوەش تەواوی دەسەڵاتتان هەیە و لە دەرئەنجامەکانیش ئاگادارمان بکەنەوە.

واژۆکەر

فەریقی روکن

سعدون علوان المصلح

وەزیری وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروبارە ئاسایشی یەکان



کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوخۆ

پارێزگای تەئمیم

نوسینگەی تایبەت

ژمارە: ٩٢١/٧/٨ بەروار ٢٠٠٠/١/١٨

بۆ: کاروبارە ناوخۆییەکان / دیوان

بابەت: داوای سیایی (طلب قائمە)

نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ-کاروبارە ئاسایشی یەکان ی ژمارە:

٥٦٣ لە ١٠/ ١/ ٢٠٠٠ دا.

پێویستە سیاییەك بە ناوی (٣٠٠) سێ سەد خێزانی کورد و تورکمان بنێردرێ کە دانیشتوی سنووری ناوەندی پارێزگابن تا رابگوازرێن لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٠)دا هۆکارەکان روونکراونەتەوە بە پێی ئاراستەکردنە ناوەندییەکان وە ئەم چین و توێژانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەکەم: ئەو هاوڵاتیە کوردو تورکمانانەی کە خۆیان لادا لە راستکردنەوەی باری نەتەوەییان (واتە گۆڕینی باری نەتەوەییان لە کوردو تورکمانەوە بۆ عەرەب) و زیاتر پێداگرتن لەسەر ئەوانەی کە موڵکی تایبەتیان هەیە وەك ماڵ و خانووبەرە.

دووەم: ئەو هاوڵاتیانەی کە خزمی پلە یەك و پلە دوویان هەیە لە ریزەکانی بزوتنەوە تێکدەرە دژەکاندا (کوردی و تورکمانی) لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا.

جگە لە وانەی کە وەکو (کەسی تایبەت) لە لایەن دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگریی و سیخوڕییەوە ئاراستە کراون و نێردراون بۆ ناو ریزەکانی بزووتنەوە تێکدەرەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و کاری تایبەت.

سێهەم: ئەو هاوڵاتیانەی کە خزمی پلە یەکیان هەیە و ئەم خزمانەیان بە رێگای نافەرمی عێراقیان بە جێهێشتووە پاش رووداوەکانی ساڵی (١٩٩١).

لیوا روکن

نوفل اسماعیل خضر

پارێزگای تەئمیم

سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی پارێزگا

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوخۆ

پارێزگای تەئمیم

خامەی نهێنی

ژمارە ٦/ ٦/ ١٥٥٨ بەروار ٢٩/ ٢/ ٢٠٠٠

بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور

سەرۆکایەتی تەندروستی تەئمیم

بابەت / راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی

وەك جێبەجێکردنی ئاراستە کردنە ناوەندییەکانی دەرچوو لە وەزارەتی ناوخۆ، ژمارە (٢٨٣٩) لە (١٥/ ٢/ ٢٠٠٠) کە ئاگاداری ئێمەی پێکراوەتەوە بە نوسراوی نووسینگەی تایبەت ژمارە (٨/ ٤/ ٢٤٣٨) لە (٢٢/٢/٢٠٠٠) پێویستە ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێ لە ماوەی دیاریکراوی (١/٣/٢٠٠٠) تا (١/٤/٢٠٠٠)

ئاگادارکردنەوەی سەرجەم کارمەندانی فەرمانگاکانتان لە رۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی کوردو تورکمان بە راستکردنەوەی باری نەتەوەییان بە پێی راستگیرییە تایبەتەکان و ئاماژە پێکردنی لە تۆمارەکانی باری شارستانیدا و ناردنی وێنەیەك لە نوسراوەکە بۆ خامەی نهێنی لە پارێزگا.

وەرگرتنی رێوشوێنی توند (سزای سەخت) بەرامبەر بەو کەسانەی خۆیان لادەدەن لە راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی واتە گۆڕینی باری نەتەوەیی لە کوردو تورکمانەوە بۆ عەرەب پاش (١/٤/٢٠٠٠) و کێشانەوەی بلیتی خۆراك لێیان و ئاگادار کردنەوەیان لەمە بە شێوەیەکی فەرمی لە رێی ئەنجامدانی کۆڕی فراوانەوە لەم بارەیەوە، دواشت گواستنەوەیان بۆ شوێنە دوورەکان و دابەزاندنی پلەو پایەی کارگێڕییان و وەستاندنی سەرمووچە (علاوە) و بەرز کردنەوە (ترفیع) ی مووچەی ساڵانەو بەخشیش و دەرماڵەکانی پیشەیی و مەترسی و دەرکردنیان لە خانووە حکومیەکان لە ماوەی (٣٠) رۆژدا.

بڕیاری راستکردنەوەکە کلدانەکان و دیانەکان و ئەرمەنەکان و بوزییەکان ناگرێتەوە.

ئاگادارمان بکەنەوە لە رێی ناردنی راپۆرتی هەفتانەوە

حکمت طاهر خالد

نوسینگەی خامەی نهێنی



کۆماری عێراق

وەزارەتی ناخۆ

پارێزگای تەئمیم

نوسینگەی تایبەت

ژمارە ٠٠٨٧/١٨/٧

بەروار ١٩٩٩/٩/١٧

بۆ کاروبارە ناوخۆییەکان /تەئمیم

بابەت / رەزامەندی

نوسراوی ژمارە (١٠٤١٩/٤/١١) لە (١٩٩٩/٨/٢١) کە هاتووە بە نوسراوی پشتگیریی نیشتەجێکردن و باری نەتەوایەتی بۆ ساڵی (١٩٧٧)، دەرچوو لە بەڕێوەبەرایەتی سەرژمێریی کردنی تەئمیم بۆ هاوڵاتی (حیدر علی قاسم) لەسەر رۆشنایی ئاراستەکردنە ناوەندییەکان.

(٢٠٠٢/٧/٧) دەرچوو لە وەزارەتی ناوخۆ — کاروبارە ئاسایشییەکان رازین لەسەر پێدانی دەستکەوتە تایبەتەکان بەم هاوڵاتی یە لەگەڵ بوون بە خاوەنی خانووبەرەکان لە سنووری پارێزگای تەئمیم تا ئەمە ببێ بە هاندەر بۆ راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی و گۆڕینی باری راستەقینەی نەتەوایەتی شارەکە، بۆکاری پێویست.

لیوا روکن

نوفل اسماعیل خضر

پارێزگای تەئمیم

کۆماری عێراق
پارێزگای تەئمیم
نوسینگەی تایبەت
ژمارە (١/٦/ ٧١٠٩) بەروار (١/٧/٢٠٠٠)
بۆ وەزارەتی ناوخۆ- کاروباری پارێزگا
بابەت / دەرئەنجامەکانی راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی

لەخوارەوە هەڵوێستی مانگانەی / حوزەیران دەربارەی راستکردنەوەی باری نەتەوایەتی رۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی (کوردو تورکمان) لە پارێزگای تەئمیم دا بفەرموون بۆ زانین و چاوپیاخشاندن لەگەڵ رێزدا.

١- ژمارەی گشتی سەرۆك خێزانە کوردەکان کە پێشکەشیان کردوە بۆ راستکردنەوەی باری نەتەوایەتیان لە (١/٦/٢٠٠٠) تا (٣١/٦/ ٢٠٠٠) گەیشتە (٢٣٤٣) کەس

٢- ژمارەی گشتی سەرۆك خێزانە کوردەکان کە پێشکەشیان کردوە بۆ راستکردنەوەی باری نەتەوایەتیان لە (١/١/٢٠٠٠) تا (٢١/٦/٢٠٠٠) گەیشتە (١١٧٧٥) کەس.

٣- ژمارەی گشتی سەرۆك خێزانە تورکمانەکان کە پێشکەشیان کردوە بۆ راستکردنەوەی باری نەتەوایەتیان لە (١/٦/٢٠٠٠) تا (٣١/٦/٢٠٠٠) گەیشتە (١٨٩٩) کەس.

٤- ژمارەی گشتی سەرۆك خێزانە تورکمانەکان کە پێشکەشیان کردوە بۆ راستکردنەوەی باری نەتەوایەتیان لە (١/١/٢٠٠٠) تا (٢١/٦/٢٠٠٠) گەیشتە (٩٠٦٤) کەس.

٥- تا ئێستا کرداری راستکردنەوە بەردەوامە

فەریق روکن
صباح نوری علوان
پارێزگای تەئمیم





PDF 4 KURD

# کۆچپێکراوە کوردەکان لە نێوان ئەشکەنجەی راونان و چاوەڕوانی چارەسەرییەکاندا

**پێشەکی:**

لە سایەی رزگارکردنی عێراق دا لە نیسانی ساڵی (٢٠٠٣)دا، هەرێمی کوردستان بەشی زۆر گرنگ و خۆشەویستی لە خاکەکەی گێڕایەوە لە گەڵ سەدان دێ و شارۆچکە و شاردا کە وێران و خاپوور و ژێردەستەکرابوون تەنانەت تا پاش راپەرینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)یش لە ژێر چەپۆکی شاڵاوەکانی کۆچپێکردن و راگواستندا، خاکی هەرێمی کوردستان ئەشکەنجەی زۆرتری چەشت لە کارەکانی (پاکتاوکردنی رەچەڵەکی و لەناوبردنی بە کۆمەڵ) بە ئامانجی بەرتەسککردنەوەی هەبوونی کورد و سەرخستنی رەگەزی عەرەب لە هەرێم دا، ناوچەکە بریتی یە لە هێڵێکی درێژەوە بوو هەر لە شارۆچکەی شەنگار لە پارێزگای (نەینەوا) وە تا شارۆچکەی (بەدرە) پارێزگای واست.

پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە (سێ ساڵ) بەسەر رزگارکردنی ناوچەی نێوان شەنگار و (بەدرە)دا ناوچەکە هێشتا دەناڵێنێ بەدەست دەرئەنجامەکان و کێشەو هەراکانی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی رژێمی پێشووەوە و هێشتا راگواستراوەکان لە دانیشتووانی ناوچەکە ئاوات دەخوازن بە گەڕانەوەیان بۆ شوێنی راستەقینەی خۆیان و هاوبەشیکردنیان لە دووبارە بنیادنانەوە و گەشەپێدانی ناوچەکەدا.

ئەم توێژینەوەیە بە تێکۆشانێك دادەنرێ بۆ تیشك خستنەسەر (نیشاندەرەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن) کە رژێمی عێراقی پێشوو جێبەجێیکرد لە هەرێم دا قۆناغ بە قۆناغ وە تیایدا جەخت کرایە وەلەسەر دەرئەنجامەکانی سیاسەت و رەگەزپەرستی شاڵاوەکانی کۆچپێکردنی دانیستوانە کوردەکان بە تایبەتی لەو پشتێنەیەدا کە رزگارکرا بە سوود وەرگرتنمان لەو شتانەی کەوتە دەستمان لە (زانیارییەکان و بەڵگەنامەکان و بڵاوکراوەکان) کە لەم توێژینەوەیەدا بەڵگەو سەلمێنراوی چاکن و گومان قبوڵ ناکەن لە ئامانجە راستەقینەکانی سیاسەتی بەعەرەب کردندا کە دەتوانرێ لە رێیانەوە کاربکرێ بۆ گەڕانەوەی کۆچپێکراوەکان بۆ

PDF 4 KURD



نیشتمانەکەی خۆیان و عەرەبە هاوردەکانیش بۆ پارێزگاکانی خۆیان و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوەکان کە زیانیان لێکەوتووە لە ئەنجامی چەوساندنەوە و راونان و بێبەش کردنیان لە خاکی زێدەکانیان.

لە شیکردنەوەی بەڵگەنامەی لەمجۆرەدا دەرکەوت کە دەسەڵاتە عێراقیەکان دەستیان گرتووە بەسەر سامان و زەوی وزارە کشتوکاڵیەکانی کۆچپێکراو و راگواستراوەکان لە دانیشتوانی پشتێنەی ناوبراو، و دابەشیان کردووە بەسەر عەرەبە هاتووەکاندا.

کەچی ئەو بەڵگەنامە و بڕیارانە واژۆکراون لە لایەن باڵاترین سەرکردایەتیەکانی حزبی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەوە و بڕیاردەدەن لەسەر راگواستنی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ (پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق) و کۆکردنەوەیان لە شوێنە دیاریکراوەکانی نزیك شارە سەرەکیەکان یان بە درێژایی رێگا گشتیەکان، هەمان ئەو بەڵگەنامە و بڕیارانە هانی عەرەبەکانی ئەم پارێزگایانەی ناوەڕاست و باشووری عێراقی دا تا نیشتەجێ بن لەم پشتێنە ناوبراوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

توێژینەوەکە تێکۆشاوە بۆ بە دیارخستنی مەترسیەکانی ئەم سیاسەتە و ریگاکانی گەمارۆدانی و چارەسەرکردنی کێشە و هەراکانی و خۆ لادان لە دەرئەنجامەکانی پێش ئەوەی ببێتە (ناوەندی گرژیی و ناهەمواریی) سەر لە نوێ، لەبەر ئەوەی کەسانی بێ ویژدان و بێ هەست و هۆشی نەتەوایەتی وەك هەلێك دەیقۆزنەوە بۆ گێڕانەوەی رەوڕەوەی مێژوو بەرەودواوە.

## کۆچکردن و کۆچپێکردن:

هەندێ جیاوازیی گەورە هەن لەنێوان هەردوو چەمکی (کۆچکردن) و (کۆچپێکردن) دا هەروەك ئەم جیاوازییانە دەبینین لە نێوان (رۆیشتن) و (راگواستن) دا وە (گەشت کردن) و (نارنەوە) دا لەهەر سێ بارەکاندا چەمکە یەکەمەکان: کۆچکردن، رۆیشتن، گەشتکردن بریتین لە جووڵەی تاکەکان یان کۆمەڵەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە خواست و ئارەزووی خۆیان، ئەمانە خۆیان ئەو شوێنانە دیاری دەکەن کە ئارەزووی دەکەن لەگەڵ کاتەکانی جووڵەکانیان وە ئەو هۆکارانەی کە خۆیانی پێ دەگوازنەوە (جووڵەی پێدەکەن) بەڵام چەمکە دووەمەکان (کۆچپێکردن، راگواستن، گەشت پێکردن (ناردنەوە) بە جووڵەی زۆرەملێ دادەنرێن واتە زۆرلێکردن بۆ جووڵاندنی دانیشتوان کە دەسەڵاتە دەوڵەتگێڕەکان پێی هەڵدەستن بە بێ ئارەزوو ویست و خواستی دانیشتوان وە بە بێ زانینی شوێنەکان و کاتە دیاریکراوەکانیان.

وە (شالاوەکانی کۆچپێکردن) کە ئێمە مەبەستمانە ئەوانەن کە حکومەتە عێراقیەکان هەستان بە جێبەجێکردنیان بە درێژایی سەدەی پێشوو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە ئامانجی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانەکەی لە (بەرژەوەندی عەرەبی کەمە نەتەوە).

ئەم دیاردەی کۆچپێکردنە هاوکات بوو لەگەڵ کارەکانی هێنانی هۆزە عەرەبەکان و نیشتەجێکردنیان لە بەشە فراوانەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی لەو پشتێنەیەدا کە رزگارکرا لەگەڵ رزگارکردنی عێراق دا) پاش ئەوەی کە ئەم پشتێنەیە چاندنی سەدان دێهات و کۆمەڵگای عەرەبی بە خۆیەوە بینی کە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقیەوە هاتبوون) وە ناوچەکانی تری هەرێم بە هەمان شێواز نالآندیان بەدەست شالآوی فراوانی کۆچپێکردن و راگواستنی بەردەوامە وە بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، دەکرێ بووترێ کە ناوچە سەختەکان و دێهاتە دوورەکانی سەرسنوور، لەبەر سەختی دابینکردنی پاراستنی عەرەبە هاتووەکان تیایاندا، دانیشتووانە کوردەکەی راگواستران بە مەبەستی بەرتەسک کردنەوەی بوونی کوردەکان تیایاندا وەکو (پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك) و (بەشە سەختەکانی هەردوو پارێزگای کەرکوك و دیالە)، وە هۆزە عەرەبە هاتووەکان نیشتەجێ کران لە بەشەکانی تری هەرێمدا بە تایبەتی لە پشتێنەی ناوبراودا لەبەر ئەوەی دەکرێت لەم شوێنانە دا پاراستن و پێداویسیەکانی سەقامگیریی بۆیان دابین بکرێت، تا ئاراستە بکرێن بەرەو خزمەتکردنی ئامانجە رەگەزپەرستیەکانی دەسەڵاتداران.

هەڵبەت لە دیارترین نیشاندەرەکانی ئەم سیاسەتە چۆڵکردنی پشتێنەی سنووریی بوو بە درێژایی سنووری (عێراق-ئێران، عێراق-تورکیا، عێراق- سوریا) لەهەر بوونێکی ژیان و راگواستنی دانیشتووانەکەی بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لەگەڵ بەدەرکەوتنی بڕیاری ژمارە (١٣٩١)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵی (١٩٨١)دا دەربارەی پێکهێنانی لێژنە تایبەتەکان بە راگواستنی کوردەکان لە شوێنە بنەڕەتیەکانی خۆیانەوە بەرەو پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و کۆکردنەوەیان لەو شوێنانەدا: وەك پارێزگاکانی: (ئەنبار، زیقار، قادسیە، (سەماوە(مثنی))، هەروەك چۆن ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو فراوانترین شالآوەکانی کۆچپێکردنی بە خۆیەوە بینی لەناوچەی پشتێنەی نێوان شارۆچکەی (شەنگار) لە پارێزگای نەینەوا و شارۆچکەی (بەدرە) لە پارێزگای (واسێ) تەك (پاڵ) کارەکانی نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان دا.



**نیشاندەرەکان (ئاماژە پێکەرەکان)ی شالآوەکانی کۆچپێکردن:**

ئامانجەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن هەرلە لکاندنی ویلایەتی (موسڵ)بە دەوڵەتی عێراقیەوە لە ساڵی **١٩٢٥** دا ئاشکرا بوو گەشەی کرد لە رێی سەرجەم کارەکانی نیشتەجێکردنی عەرەبەوە لە پارێزگاکانی (موسڵ، کەرکوك، دیالە، واسێ) و شالآوەکانی کۆچپێکردن و ناردنی دانیشتووانە کوردەکان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق پاشان ئەم شالآوانە فراوانتر بوو تا گەیشتە رادەی پاکتاوکردنی رەچەڵەکزانی و لەناو بردنی سەرتاسەریی تا دەگاتە لە ناو بردنی یەکجارەکی گەلی کورد لە عێراق دا و تواندنەوەی پاشماوەی نەتەوەی کورد لە دەفری گەلی عەرەبیدا وەك جێبەجێکردنێك بۆ ئەوشتانەی کە لە دەستوورە کاتیەکانی عێراقدا هاتبوو وە دەڵێ (گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و خاکی عێراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی)

دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتووانی عێراق ئەم راستیانەی دەرخست، لە پارێزگای موسڵ (نەینەوا ودهۆك) رێژەی کورد دابەزی بەرەو (١٢/٤٪) لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٧٧) دا وە لە پارێزگای کەرکوك بە رێژەی (١٥/٤٪) دابەزیی وەلە پارێزگای دیالە (١٥/٨٪) دابەزیی بەڵام رێژەی دانیشتووانی عەرەب بەرز بۆوە لەم پارێزگایانەدا لە هەمان ماوەدا بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

**خشتەی ژمارە(١)**

دانیشتووانی پارێزگاکانی (موسڵ، کەرکوك، دیالە) بەپێی نەتەوەکان (١٩٤٧-١٩٧٧)

| پارێزگا | ١٩٤٧ | ١٩٧٧ | رێژەی گۆڕان |
|---|---|---|---|
| موسڵ | ٣٥/٤ | ١٣ | ١٢/٤ |
| کەرکوك | ٥٣/٠ | ٣٧/٦ | ١٥/٤ |
| دیالە | ٢٦/٦ | ١٠/٨ | ١٥/٨ |

بێ گومان بەردەوام بوونی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەم ساڵانەی دوایدا و لەژێر بەرزبوونەوەی رەوشەکانی کۆچپێکردنی هاوڵاتیە کوردەکان و نیشتەجێکردنی عەرەبی هاووردەدا بووە مایەی بەردەوامی دابەزینی رێژەی دانیشتووانی کوردەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا لە بەرژەوەندی عەرەب.

وەلە پێناو دانانی چارەسەرییەکان و کۆتایی هێنان بە کێشە و هەراکانی ئەم سیاسەتە پاش رزگارکردنی عێراق و لەبەر رۆشنایی گشت ئەو بەڵگەنامەو بریارانەی کـە دەسـتمان کـەوتن و رەنگدانەوەی رەهەندە مەترسیدارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنن، نموونەمان لە هـەر یەکـە لـە پارێزگاکانی (نەینەوا، کەرکوك، دیالە) وەر گرت بۆ ئەم توێژینەوەیە:

**پارێزگای نەینەوا:**

ئەم پارێزگایە بەشێك لە شارستان (لواو) ی موسڵ دەنوێنێ و یەکێك بوو لە گـرنگترین ئـەو ویلایەتەتانەی کە دەوڵەتی عێراقی لێ پێکهێنرا و کـورد زۆرتـرین دانیـشتووانی سـەرجەم یەکـە کارگێڕییەکانی پێکدەهێنا تەنها ناوەندی شارستان (مرکـز لـواو) نـەبێت، لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەسەڵاتە عێراقیەکان گشت تواناکانیان خستە گـەڕ بـۆ سـەر لـەنوێ پێکهێنانـەوەی پێکهاتـەی دانیشتوانی (موسڵ) لە بەرژەوەندی عەرەبی کەمە نەتەوە (الاقلیە العربیـە) بۆیـە تێکۆشـان بـۆ هاندانی تیرەو هۆزە عەرەبەکان بۆنیشتەجێبوون لە سـنووری ئـەم پارێزگایـەدا ئەمـەش لـە رێـی دابەشکردنی زەوییەوە بە سەریان دا و هەڵکەنـدنی بـیری ئـاوو دروسـتکردنی دێهـات بۆیـان بـە تایبەتی لە ناوچەی (جەزیرە)ی رۆژئاوای موسڵ بەمەش یەکە کارگێڕییـەکان فـراوانتر بـوون لـەم سنووره داو شارۆچکەی نوێ دروستبوون لەوانە: (حضر، البعاج، الشرقاط، الحمدانیـە) کە بـەزۆری دانیشتووانەکانیان عەرەبی هاوردەی تیرەو هۆزە عەرەبەکان بوون کە نیشتەجێکران لـەم شـوێنانە دا، لەهەمان کاتدا ئەو شارۆچکانەش کە زۆرینەی دانیـشتوانەکەی کـورد بـوون جیاکرانـەوە لـە شارستان (لواء)ی موسڵ و پارێزگای (دهـۆك)ی لێ پێکهێنـرا، وە لـە سـاڵەکانی ئـەم دواییـەدا سیاسەتی بەعەرەبکردن قۆناغی مەترسیداری گرتەبەر کە بریتی بوون لە:

یەکەم: دەستگرتن بەسەر زەوییە کـشتوکاڵیەکانی هاوڵاتیـانی کـوردە راگواسـتراوەکان داو دابەشکردنیان بەسەر رۆڵەکانی تیرەو هۆزە عەرەبەکان دا، وە ئەم تەوەرانەی خوارەوە بایەخێکی ئێجگار زۆریان پێدرا لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەدا:

تەوەری (موسڵ-مەخمور)

تەوەری (موسڵ-شێخان)

تەوەری (موسڵ-فایدە)

نوسراوی پارێزگای نەینەوای ژمارە(٢٨٦٨) لـە (١٩٩٤/٥/٧) تایبـەت کـرا بـۆ تـەوەری (موسـڵ-شـێخان) لەبـەر رەچـاوکردنی بـە یـەکێك لـە تـەوەرە بنەڕەتیـەکان کـە سیاسـەتی



بەعەرەبکردن دەیگرێتەوە وە ئەم نوسراوە جەختی کردەوە لەسەر (پێویست بوونی چڕ کردنەوەی بوونی عەرەب لەم تەوەرەدا) وە لەبـەر رۆشـنایی ئەمـەدا بریـاردرا لەسـەر پێکهێنـانی چـەند لێژنەیەك بۆ دیاریکردنی ئەو تیرەو هۆزە عەرەبانەی کە گونجـاون (بەباشـی دەسـت دەدەن) بـۆ نیشتەجێکردنیان لەم تەوەرەدا بەڵام نوسراوی سەرۆکایەتی لێژنەی باکوور و بەواژوی (طه یاسین رەمەزان) ی ژمارە (٢٠ / ٢٥٠) لە (١٩٩٥/١٢/١٤) پێکهاتبوو لە پێویست بـوونی کـارکردن بۆ بەعەرەبکردنی تەوەری هەردوو پارێزگای (نەینەوا) و (تەئمیم) و جگە لە تەوەری (دیبەگە-مـەخمور)، هـەروەها نوسـراوی پارێزگـای ژمـارە (٨٣٣٥) لـە (١٩٩٤/١٠/١٥)دا شـێوازی دابەشکردنی زەوییە کشتەکاڵیەکانی ئاشکرا کـرد بەسـەر تیرەوهـۆزە عەرەبـەکان دا و لەگـەڵ ناوەکانی ئەم تیرەوهۆزانەدا.

نوسراوی پارێزگای ژمارە (٩٩٢٣) لە (١٩٩٤/١١/٧)دا ئاگاداریدا بـە (پێویـست بـوونی پەلە کردن لە دیاریکردنی ناوی تیرەو هـۆزە عەرەبـەکانی تـر و ئاگـاداری هاوڵاتیـان عـەرەبی کردەوە بۆئەم مەبەستە) وە لە نوسراوی پارێزگای نەینەوای ژمارە (٤٩١) لـە (٢٠٠٠/٣/٢٣) دا جەخت کراوەتەوە لەسەر پێویست بوونی چڕکردنەوەی بەعەرەبکردنی تـەوەرە بنەڕەتیـەکانی پارێزگا کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- تەوەری (ناوەندی شارۆچکە (مرکزقضاء)ی مەخمور، شارەدێی قەراج، دیبەگە، گوێر).

٢- تەوەری (ناوەندی شارۆچکەی شێخان و شارەدێی العدنانیە)

٣- تەوەری شارەدێی (فایدە).

لە لایەکی ترەوە نێردراوەکـانی پارێزگـای نەینـەوا بـۆ فەرمانگـە کـشتوکاڵیەکان جـەخت دەکاتەوە لەسەر کارەکـانی دەسـتگرتن بەسـەر زەوی و زارەکـانی کـوردە کۆچـپێکراوەکان دا، نوسـراوی فەرمانگـەی کـشتوکاڵی نەینـەوای ژمـارە ١٧/ ١١٢٢/١٦ لـە ٢٦/ ١٩٩٥/١ دا پێکهاتووە لە:

١- بەموڵککردنی گشت زەوییەکانی شارۆچکەی (شێخان) بۆ دانیشتوانی خێزانە عەرەبە هاوردەکان ئەمـەش بـە پێـی بڕیـاری ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ژمـارە (٣٥٨)لـە (١٩٧٨/٣/١٦) دا.

٢- کوژاندنەوەی مافەکانی کارکردن بە زەوییەکانی ئەو هاوڵاتیانەی کە دەست گیرا بـوو بەسەر زەوییەکانیان دا وە لەبەر رۆشنایی ئاراستە کردنەکانی لێژنەی باکووردا بە پێی نوسراوی لێژنـەی ژمـارە (١٤٤٩)لـە ٩/٧/ ١٩٩٧ دا پارێزگـای نەینـەوا داوای لـە فەرمانگـە

کشتوکاڵییەکانی کرد کە پێویستە سیاسییەکان (قوائم) ی ناوەکانی ئەو جووتیارە عەرەبانە بدەن بە پارێزگا کە بەڵێنیان لەگەڵدا بەستراوە لە تەوەرە بەعەرەبکراوە ناوبراوەکاندا بە مەرجی بەڵێندانیان بە نیشتەجێ بوونیان لەم شوێنانەداو گواستنەوەی گشت تۆمارەکانیان کە تایبەتە بەباری شارستانی و پێناسەکانیانەوە.

دووەم: شاڵاوەکانی کۆچپێکردن: تەوەرەکانی بەعەرەب کردن لە پارێزگای نەینەوادا فراوانترین شاڵاوەکانی کۆچپێکردنی بە خۆیەوە بینی لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا، وە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٨) دا ژمارەی ئەو دێهات و شارۆچکانەی کەوتنە بەر هێرشی سووتاندن و وێران کردن و راگواستنی دانیشتوانەکانیان لە (٣٤١) تێپەڕی شاڵاوەکە زیاتر ئەو یەکە کارگێڕییانەی گرتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کورد بوون وە بەشی شارۆچکەی (شەنگار) (٤٣٪) و شارۆچکەی شێخان (٣١٪) بوو بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

**خشتەی ژمارە (٢)**

ئەو دێهاتانەی کە دانیشتوانەکانیان راگواستران لە پارێزگای نەینەوا

| شارۆچکە | ژمارەی دێهاتەکان | ٪ |
|---|---|---|
| شەنگار | ١٤٦ | ٤٣ |
| شێخان | ١٠٦ | ٣١ |
| تەلەعفەر | ٣٩ | ١١ |
| ئاکرێ | ٣٥ | ١٠ |
| تەل کەیف | ١٥ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣٤١ | ١٠٠ |

لە لایەکی ترەوە وە بە پێ ی زانیارییەکانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری ژمارە (ق ٩٦١١) لە (١٩٩٠/٤/٣) دا پارێزگای نەینەوا بە نوسراوی ژمارە (١٧٤١) لە (١٩٩٠/٤/١٠) فەرمانێکی دەرکرد بە پێکهێنانی لێژنەکان (بۆ رووخاندنی گشت خانووەکانی کوردە (شەبەك)ە راگواستراوەکان و پاکتاوکردنی گشت موڵك و سامانەکانیان و گواستنەوەی تۆمارەکانی دانیشتوان (نفوس) بۆ دەرەوەی پارێزگا)، هەروەك نوسراوێکی تری پارێزگای ژمارە (١٣٧٠) لە



(١٩٩٩/٧/٣) دا کە بەرز کراوەتەوە بۆ قائمقامیەتی شارۆچکەی (شەنگار) بۆ کارکردن لەسەر (راگواستنی خێزانە کوردەکان بۆ پارێزگاکانی نەینەوا، تەئمیم، دیالە) و رێگە نەدان بە نیشتەجێ بوونی هاوڵاتی کورد لە سنووری قائمقامیەتی شارۆچکەی شەنگاردا، وە کۆنوسی لێژنەی ئاسایشی شارۆچکەی شەنگار لە (٢٠٠١/١٠/٢٢)دا دەریخست کە (گشت ئەندامانی تیرەی یەزیدیەکان لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە شوێنی نیشتەجێ بوونیان دیاریکراوە لەکۆمەڵگا تایبەتەکان دا نوسراوە کە باسی کردوە، هەروەها نوسراوی (رەگەزنامەی پارێزگای نەینەوا)ی ژمارە (١٢٢) لە (١٩٧٦/١٠/١٣) دا ئاماژەی کردوە بە راگواستنی کوردەکان لە شارەدێ ی (زومار) لە شارۆچکەی (تەلەعفەر) لەگەڵ گواستنەوەی تۆمارەکانی (دانیشتووان-نفوس) یان بۆ موسڵ.

**پارێزگای کەرکوك:**

شارستان (پارێزگا) ی کەرکوك یەکێکە لە گرنگترین ئەو شوێنانەی کە دەوڵەتی عێراقی لێ پێکهێنرا وە لەبەر بایەخ (ستراتیژیەت) ی شارەکە لە رووی ئابووری و رەچەڵەکزانیەوە دەسەڵاتی فەرماندار هەرزوو تێکۆشاوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن لەم شارەدا ئەمەش لە رێ ی:

- نیشتەجێ کردنی تیرەو هۆزە عەرەبەکان لە لای رۆژئاواو باشووری رۆژئاواوە.
- کۆچپێکردنی دانیشتوانە کوردو تورکمانە کە بۆ دەرەوەی پارێزگاکە.
- بەش بەش کردنی یەکە کارگێڕییەکان.

لەم پارێزگایەدا بەهەمان شێوەی پارێزگای نەینەوا سیاسەتی بەعەرەبکردن دوو رێڕەوی هاورێکی وەرگرت، یەکێکیان بریتی بوو لە نیشتەجێکردنی تیرەو هۆزە عەرەبەکان لە پارێزگاکەدا بە تایبەتی لە لاکانی رۆژئاواوە پاش جێبەجێکردنی پرۆژەی (حەویجە)ی نیشتەجێ کاری و پرۆژەی (ئاودێریی کەرکوك) ئەم کارە بووە هۆی زیادکردنی قەوارەی دانیشتووانی ناوچەکە و شارەدێی (حەویجە)، گۆڕا بۆ شارۆچکە و ئەم شارەدێیانەی لە خۆگرت: (حەویجە، العباسی، ریاض) پاشان شارەدێی (زاب)یش خرایە سەری لە شارۆچکەی (شرقاط)ەوە لە پارێزگای نەینەواوە، بەڵام رێڕەوی دووەم بریتی بوو لە شاڵاوەکانی کۆچپێکردن و راگواستنی دانیشتووانە کوردەکان بۆ دەرەوەی سنووری پارێزگاکە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٨٨) دا زیاتر لە (٧٧٩) دێ و شارۆچکە لە پارێزگای کەرکوك کەوتنە بەر لێشاوی سووتاندن و وێران کردن و راگواستن کە دانیشتووانەکەی نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) کەس دەبوون، تەماشای خشتەی ژمارە (٣) بکە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

دێهاتە ڕاگواستراوەکان لە پارێزگای کەرکوك (١٩٦٣-١٩٨٨)

| شارۆچکە | ژمارەی دێهاتەکان | % |
|---|---|---|
| کەرکوك | ٢١٨ | ٢٨/٠ |
| چەمچەماڵ | ١٦٤ | ٢١/١ |
| کفری | ٨١ | ١٠/٤ |
| کەلار | ١٨١ | ٢٣/٢ |
| طوز خورماتو | ١٣٥ | ١٧/٣ |
| کۆی گشتی | ٧٧٩ | ١٠٠ |

ڕاگواستراوەکان دابەشکران بەسەر پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دا، لەگەڵ دەرچوونی ئاڕاستە کردنەکان بە گەڕانەوەی ئەوانە بۆ پارێزگاکانی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی بروسکەی وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (١٦٢) لە (١٩٧٧/٤/١١)دا بەڵام ڕاگواستراوەکانی پارێزگای کەرکوك ڕێگە نەدرا بە گەڕانەوەیان بۆ پارێزگاکانی خۆیان هەروەك چۆن ڕاگواستراوەکانی هەردوو پارێزگای (نەینەوا و دیالە)ش ڕێگە بە گەڕانەوەیان نەدرا بەڵکو ڕێگەیان پێدرا بە هەڵبژاردن لە نێوان مانەوە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووردا یان خۆ گواستنەوە بۆ پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

لەم ساڵانەی دواییدا شاڵاوەکانی ڕاگواستنی هاوڵاتیانی کورد فراوانتر بوو لە دێهات و شارەکانی سەربە پارێزگای کەرکوك، دەسەڵاتەکان دەستیان کرد بە هاندانی عەرەبەکان بۆ نیشتەجێ بوون لە شوێنی ئەم کوردە ڕاگواستراوانە لە شاری کەرکوك، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی هەردوو بڕیاری ژمارە (٩٧٢) و (٣١)ی دەرکرد لە ساڵی (١٩٧٥)دا کە بڕیار دەدات لەسەر بە موڵك کردنی زۆر لە شوێنەکانی شارەکە لەسەر عەرەبە هاتووەکان.

فەرمانگەی دەست بەسەراگرتنی خانووبەرە و زەوییە کشتوکاڵیەکان وای لێهات فراوانتر بوو تا گشت یەکە کارگێڕییەکان بگرێتەوە لە دەوروپشتی کەرکوك بە ئامانجی دانانی (پشتێنەی ئاسایشی) بۆی کە پێکهاتبوون لەم شارۆچکانە: (ئاڵتون کۆپری، دبس، شوان، قەرەهەنجیر، قەرەحەسەن، تازەخورماتوو) وە لە سایەی ئاڕاستە کردنەکانی سەرکردایەتی باڵای ڕژێمی



عێراقیدا جەخت لەسەر ئەم (پشتێنەیە) کرایەوە بە نوسراوی پارێزگای تەئمیم ی ژمارە (٣٤٨) لە (٢٠٠٠/٢/٢٠) دا لە ڕێ ی بانگەشەیەکەوە بۆ بە موڵك کردنی (بە خاوەن بوونی) زەوییەکانی ئەو ناوچەیەی کە (پشتێنەی ئاسایشی یەکە) دەیگرێتەوە پاشان دابەشکردنیان بەسەر عەرەبە هاوردەکان دا.

نوسراوی کشتوکاڵی پارێزگای کەرکوك ی ژمارە (٢٢٤١) لە (١٩٩٨/٣/٢٤) و نوسراوی ژمارە (١١٩) لە (١٩٩٨/٤/١) پێکهاتبوون لە دابەشکردنی زەوییەکانی شارەدێی (دبس) بەسەر تیرەو هۆزەکانی (شەممەر) دا، هەروەك بە پێی نوسراوی لێژنەی باڵای نیشتەجێ کردن لە پارێزگای کەرکوك ی ژمارە (٢) لە (١٩٩٤/٩/٧) و بە پێ ی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ی ژمارە (٧٢١) لە (١٩٩٤/٨/٢) و پاش گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆك تیرەو هۆزە عەرەبەکان دا بڕیار درا لەسەر:

١- ڕەچاوکردنی گشت زەوییەکانی سەربە ناوچەی (پشتێنەی ئاسایشی) دەوروپشتی کەرکوك بە زەوی دەوڵەت.

٢- دانانی نەخشە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای نیشتەجێکردنی تیرەو هۆزە عەرەبەکان لەو ناوچەیەدا.

وە لەبەر ڕۆشنایی نوسراوی کشتوکاڵی (التامیم) ی ژمارە (٧٢٧٠) لە (١٩٩٨/٧/٢) تیرەی (العزە) هەڵبژێردرا بۆ نیشتەجێ بوون لە شارەدێ ی ئاڵتون کۆپری هەروەها ئەم تیرەو هۆزانەی خوارەوە نیشتەجێ کران بە پێ ی نوسراوی کشتوکاڵی ژمارە (٦٦) لە (١٩٩٨/٢/١١) و نوسراوی (٢٢٤٤) لە (١٩٩٨/٣/١٤) و نوسراوی (٤٥٩) لە (١٩٩٨/١٢/٨)دا.

- تیرەکانی (بنی تمیم) ی هاتوو لە پارێزگای (قادسیە) وە.
- تیرەکانی (دلیم) ی هاتوو لە پارێزگای (ئەنبار) ەوە.
- تیرەکانی (بدیر) ی هاتوو لە پارێزگای (قادسیە)وە.
- تیرەکانی (لهیب) ی هاتوو لە پارێزگای (نەینەوا) وە.
- تیرەکانی: (البومعلە، السادە، البوحمدان، الجبور) ی هاتووە لە پارێزگای (سەلاحەدین)ەوە بۆ نیشتەجێ بوونیان لە ناوچەی (پشتێنەی ئاسایشی)دا وەکو لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا لەگەڵ گواستنەوەی تۆمارەکانی دانیشتووان (نفوس) و بلیتی خۆراك و جێگیر بوونیان لە ناوچەکەدا.



PDF 4 KURD

بەڵام شارەدێ ی (داقوق) زەوییەکانی خرانە سەر موڵکەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و چاکسازیی کشتوکاڵی بە پێ ی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (٨٢٤) لە (١٩٧٦/٧/٢٨)دا.

وەك ئامادەکردن بۆ دابەشکردنی بەسەر تیرەو هۆزە عەرەبە هاتووەکان دا وە چەندین کۆمەڵگایان بۆ دروستکرا لە شارەدێ ی لەیلان لە وانە:

(المثنی، الرشید، عمر بن عبدالعزیز) لەگەڵ پێدانی چەك هەروەك لە نوسراوی قائمقامیەتی شارۆچکەی کەرکوك داهاتبوولە (١٩٩٩/٦/١٥)دا بەڵام کۆمەڵگای (العز) تایبەت کرا بوو بۆ نیشتەجێ کردنی تیرەکانی (الحدیدین، اللهیب، العزە، البوفضل، السبعاوین) بە نوسراوی قائمقامیەتی کەرکوك لە (١٩٩٩/٣/١٨)وە نوسراوی پارێزگای تەئمیم ژمارە ی(٥٩٣٦/١٧) لە (١٩٩٧/١١/٤) وە لە ژێر ئاراستە کردنەکانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری دا ئەمانەی خستە روو:

هەڵوەشاندنەوەی گشت بەڵێنە کشتوکاڵیەکانی پێشوو لە شارەدێ ی (ئاڵتون کۆپری) بە بێ قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان وە رەچاو کردنیان وەکو سامانی دەوڵەت.

دابەشکردنیان بەسەر جووتیارە عەرەبەکان دا لە رۆڵەکانی تیرەی (الزوبعی)

لەبەر رۆشنایی ئەوەی پێشوودا دەکرێ قوڵی و سەختی ئازار و ئەشکەنجەکانی هاوڵاتیە کۆچپێکردووەکانی شاری کەرکوك و مەترسی ئەم سیاسەتە بخرێتە بەرچاوو نەك تەنها لەسەر ئاستی کەرکوك وەکو پارێزگایەك بەڵکو لەسەر ئاستی ئاسایش و سەقامگیریی هەموو عێراق بەگشتی.

## پارێزگای دیالە:

پارێزگای دیالە لەبەر:

- پێگە جوگرافیەکەی کە دراوسێی سنوورەکانی (عێراق- ئێران)ـە لە لایەك
- هەمە چەشنەیی نەتەوەکانی دانیشتووانەکەی لە لایەکی تر،گرنگی و بایەخی تایبەتی جیای هەبووە لە نەخشە و پرۆگرامەکانی بەرپرسە عێراقیەکان دا لەبەر ئەوە هەر زوو رژێمی عێراقی لە نۆبەرەی یاسا دانانەکانیدا یاسای (رەگەزنامەی عێراقی) دانا.

کە بە پێ ی ئەم یاسایە هاوڵاتیە عێراقیەکان پۆلێن کران بۆ جۆری بنەڕەتیان ئایا (عوسمانین) یان (ئێرانین)، پۆلی یەکەم (عوسمانیەکان) توانیان رەگەزنامە بەشێوەیەکی سروشتی



PDF 4 KURD

وەربگرن و لە پۆلی دووەم (ئێرانیەکان) جیا کرانەوە، ئەم کارەی کە دەسەڵاتە بەرپرسەکان پێی هەستان هۆو بەڵگە بوون بۆ شاڵاوەکانی ناردنەوەی بەردەوامی کوردە فەیلیەکانی (پارێزگای دیالە)، بە درێژایی سەدەی رابردوو(سەدەی بیست) ئەم شاڵاوانە بەردەوام بوون بەڵام لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکان دا ئەم شاڵاوانە لە لوتکە دابوون، وە دەست گیرا بەسەر سامان و موڵکی نێرراوەکادا و دابەشیان کردن بەسەر تیرە و بنەماڵە عەرەبەکاندا وە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (١٤٦٩) لە (١٩٨١/١١/٣) پێکهاتبوو لە پێکهێنانی لێژنەکانی فرۆشتنی خانوو و ماڵی راگواستراوەکان لە (شارۆچکەی خانەقین)، هەروەها نوسراوی قائمقامیەتی شارۆچکەی ژمارە (س /٤٢/٣) لە (١٩٩٩/١/١٧) دەری خست کە خێزانە کوردەکان رادەگوازرین و ماڵ و سامانەکانیشیان دابەش دەکرێت بەسەر عەرەبەهاوردەکان دا، هەروەك نوسراوی پارێزگای دیالەی ژمارە (٨) لە (١٩٩٨/١/٧) بۆ سەرکردایەتیەکانی حزبی سەرکردە لە پارێزگاکە ئاماژە دەکات بە (رێگەگرتن لە کوردە راگواستراوەکان بە گەڕانەوەیان بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان) وە پابەندکردنی مختارەکان و رێکخراوە حزبیەکان و دەزگا کارگێڕیی و ئاسایشی یەکان بە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم کارە، هەروەك چۆن راگەیاندنی قائمقامیەتی شارۆچکەی خانەقینی ژمارە (٢٤٤) لە (١٩٩٦/٦/٢٠) پێکهاتبوو لە فرۆشتنی خانوو و پارچە زەوییە کشتوکاڵیەکانی کوردە راگوازراوەکانی هەر یەکە لە شارۆچکەکانی خانەقین و کفری.

وە نوسراوی شارەوانی شارۆچکەی خانەقینی ژمارە (١٧٧) لە (١٩٩٩/٢/٢٨) ئاماژەی کرد بە پێویست بوونی چۆڵکردنی ئەم گەڕەکانەی خوارەوە لە خانەقین:

(١٧ی تموز- عبداللەبگ-ئەرکوازی-کارێز) کە ناوچەی کوردنشینی بنەڕەتین بەبیانووی سەرلە نوێ داڕشتنەوەی بنەڕەتی شارەکە وە لەم رووە وە ئاراستە کردنەکانی (تەها یاسین رەمەزان)جێگری سەرۆك کۆماری پێشوو لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ شارەکە دێت کە (جەختی کردەوە لەسەر پێویست بوونی کەم کردنەوەی رێژەی کوردەکان لە خانەقین بۆ ٢٠٪) ئەمە لە نوسراوی قائمقامیەتی شارۆچکەی خانەقین داهات بۆ سەرکردایەتی حزب لە شارۆچکەکە بە ژمارەی (٢٥/ ٣٦٣) لە (٢٤/ ٣/ ١٩٩٩).

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

دەکرێ ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەرهاویشتەی ئەم توێژینەوە بن:

١- دەسەڵاتە عێراقیەکان هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتەوە لە ساڵی (١٩٢٥) دا نەخشەیان داناوە بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانەکەی بەسەر خستنی رەگەزی عەرەبی لە ناوچە کوردیەکانی عێراق دا.

٢- سیاسەتی بەعەرەبکردن سێ تەوەری سەرەکی گرتەخۆ کە ئەمانەن: (موسڵ، کەرکوك، دیالە)، (ناوچەی کوردە فەیلییەکان لە رۆژهەڵاتی بەغداد)

٣- دەسەڵاتە عێراقیەکان هۆکارو رێوشوێنی هەمە چەشنەیان پەیرەو کرد لە گەیشتن بە ئامانجە کانیاندا لە وانە:

- کارەکانی نیشتەجێکردنی تیرەو هۆزە عەرەبەکان.
- کارەکانی کۆچپێکردن و ناردنەوەی دانیشتووانی کورد.
- بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ و لە ناوبردنی بە کۆمەڵی دانیشتوان.
- گۆڕانکاری لە شێوازی (دیمەن)ی شارە سەرەکیەکان لە هەرێم دا بە ئامانجی سەر خستنی رەگەزی عەرەب تیایاندا وەکو شارەکانی:(کەرکوك، خانەقین، شەنگار).

٤- رزگار کردنی پشتێنەی درێژەوە بوو لە شارۆچکەی (شەنگار) لە پارێزگای نەینەواوە تا شارۆچکەی (بەدرە) لە پارێزگای (واسێ) لە سایەی رزگارکردنی عێراق دا زۆر لە گرفتەکانی دەرهاویشتە کرد کە پێویستە ئەم گرفتانە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت و کاربکرێت بۆ دانانی چارە سەرییەکان بۆیان.

٥- دەرئەنجامەکانی نەخشە کێشانەکانی گێڕانەوەی پشتێنەی ناوبراو باش و سەرکەوتووانە بوون وەدەکرا سەرکەوتنی مەزنتر بەدەست بێت ئەگەر ئەو نەخشە کێشانانە زیاتر بێ کەم و کوڕی و یەکگرتووانە بوایە لە مانگەکانی یەکەمی رزگارکردنی عێراق دا زۆر لە کوردە راگواستراوەکان توانیان بگەڕێنەوە بۆسەر خاك و ماڵی خۆیان بەڵام زۆریش ماون بەردەوام هیوا دەخوازن بە گەڕانەوە و سۆز هەڵدەرێژن بۆ کەس و کارو نیشتمان.

٦- لەم قۆناغەدا مەترسی مانەوەی بەشەکانی تر لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بێزاریی ئاشکرا دەبێت لە پێشوازیکردنی رۆڵەکانیاندا لە لایەك وە لە لایەکی تر پێویستە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کرداری بۆ گەڕانەوەیان.



٧- لەو شتانەی کە بەرپرسان لە هەرێم دا دەناڵێنن بە دەستیەوە سەختی گەیشتنە بە چارەسەری کارێکی خێرا بۆ گەڕانەوەی کۆچپێکراوەکان و راگواستراوەکان هەروەها لە ناردنەوەی عەرەب هاوردەکان بۆ ئەو پارێزگایانەی کە لێوەی هاتوون، هەڵبەت ئەو برە زۆرەی راپۆرت و بەڵگەنامە و زانیارییانەی کەوتە بەردەست بەرپرسانی هەرێم و پەیوەندییان هەیە بە سیاسەتی بە عەرەبکردنەوە لە هەرێم دا، پێگەو هەڵوێستی ئێمە بەهێزو تۆکمە دەکات بۆ دەرخستنی ئەو راستیانەی کە زۆربەیان نادیار و نەزانراو بوون، وە بۆ گەیشتن بە چارەسەرییەکان پێویست بە دانانی مەڵبەندەکان دەکات بۆ کۆکردنەوەی ئەم راپۆرت و بەڵگەنامە و زانیاریانە و توێژینەوەیان و شیکردنەوەیان و پێشکەشکردنیان بۆ پەیوەندیداران بەو زمانەی کە لێی تێدەگەن، دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە سوود لە پسپۆڕە ئەکادیمی و زانستی یەکانی زانکۆکانی هەرێم وەربگیرێ بە تایبەتی لە بواری یاساو سیاسەت و مێژوودا.

٨- ئەم جۆرە توێژینەوەانە کاردەکەن بۆ رازیکردنی بەرپرسان لە عێراق دا بۆ سڕینەوە و لابردنی گشت ئەو بڕیارو زانیارییانەی کە سەرکردایەتی پێشووی عێراق دەری کردوون ئایا ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە بەدەست بەسەراگرتنی زەوی و زارەکانی کۆچپێکراوەکان و راگواستراوەکان یان بە نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوەردەکانەوەکە هاتوون بۆ پارێزگاکانی هەرێم بەلە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەم بڕیارانە گشتیان نادروست و نایاسایین.

٩- پشت بەستن بە فشاری جەماوەریی لەم قۆناغەدا وەکو هۆکارێك بۆ بڕیار وەرگرتن بە گەڕانەوەی راگواستراوەکان بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان و گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانیش لە هەمان کات دا بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان ئەمەش لە رێ ی رێکخستنی رێپێوان و خۆپێشاندانی ئاشتیانەوە و مانگرتنەکانەوە، بە تایبەتی لەو بۆنە ویادکردنەوانەدا کە پەیوەندییان هەیە بە سیاسەتی بەعەرەبکردنەوە.

١٠- هاندانی کۆچپێکردوەکان و راگواستراوەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ دێهاتەکان و شارۆچکەکان و شارەکانیان و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆیان لە پێکهێنانەوەی ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونیاندا لە دێهات و شارەکانیاندا یان لە ناوچەکانی دەوروپشتی شوێنەکانی خۆیان دا هەرکات توانیان بگەڕێنەوە بۆی، ئەمەش کارێکە پێویستی بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەت هەیە بەهەمان شێوەی ئەو لیژنانەی کە دەسەڵاتە عێراقیەکان پێکیان هێنا بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان پێش رزگارکردنی عێراق.

## گەڕانەوەی جووتیارەکان بۆسەر زەوییەکانیان کاردانەوەی کاریگەرە لەسەر شاڵاوەکانی کۆچپێکردن

گەلی کورد لە عێراق و لەسەر گشت خاکە داگیرکراوەکەی ئازار و ئەشکەنجەی زۆری چێشتووە لە دیاردەکانی کۆچپێکردنی بەردەوام دوور لە خاك و نیشتمان وە دانیشتووانی ناوچەی دێهاتەکان بەشی زۆری ئەم ئازار و ئەشکەنجەیەیان بەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی دێهاتی کوردستانی بریتی بوو لە سەبەتەیەك خۆراکی راستەقینە بۆ دانیشتووان و ناخی ستراتیژی بزوتنەوەی شۆڕشی کوردی، جگە لەوەی کە دانیشتووانی دێهاتەکان سووتەمەنی هەمیشەیی بوون بۆ مانەوە و جۆش دانی شۆڕشەکە.

دەکرێ بووترێ لە دیارترین ئامانجەکانی شاڵاوەکانی کۆچپێکردن بەر تەسککردنەوەی بوونی کوردە و کۆ کردنەوەیەتی لە چەند جێگەیەکی تایبەت و دیاریکراودا، لەبەر ئەوەی ئەم کارە چاودێریی کردنیان و دەست بەسەراگرتنیان ئاسان دەکات وەك سەرەتایەك بۆ خنکاندنی شۆڕشی کوردی و ویست و خواستەکانی گەلی کورد لە سەربەستی و ئابڕوو و بڕیاردانی چارەنووس دا.

هەرچەندە کە شاڵاوەکانی کۆچپێکردن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان لە ساڵەکانی پێش یەکەم جەنگی جیهانیدا. ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی گولی کورد چێشتی لە وێرانکردنی دێهاتەکان و سووتاندنی کێڵگەو دارستانەکان و تەقاندنەوەی بیرو کانیاوەکان کە ئەمڕۆ پێی دەووترێت (سیاسەتی زەوی سووتاو) ئەوا ئەوەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا بەسەر گەلی کورددا هات دلڕەقانە تر و فراوانتر بوون لەم شاڵاوانە، هەزاران دێ و کۆمەڵگای مرۆیی سووێندران و وێرانکران لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا وە سەدان هەزار کەسیش لە دانیشتووانەکەی راونران و راگواستران بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق یان نیشتەجێکران لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کە دروستکران لە کەناری رێگا گشتی یەکان دا یان نزیك شارە سەرەکیەکان بۆ ئاسانی چاودێریی کردنیان و قایمکاری زاڵ بوون بە سەریان دا، ناوچەی دێهاتەکان زۆرترین هێرشی ئەم شاڵاوانەیان بەردەرکەوت واتە (راوە دوونانی بەکۆمەڵ) یان (پاکتاو کردنی نەژادی) یان (دووبارەدابەشکردنەوەی جوگرافی) یان (گۆڕینەوەی



دانیشتووان بە خێزان و بنەماڵەی تیرەو هۆزە عەرەبەکان)، ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کە بەڕێز (مەسعود بارزانی) بەیانی خۆی رابگەیەنێ بەوەی کە (بەردەوام بوونی ئەم جۆرە بارودۆخانە لەوانەیە ببێتە هۆی لەناو بردنی کورد لە کوردستان دا)

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە شاڵاوەکانی کۆچپێکردنی دانیستووانی دێهات و ئاوەدانیەکان چڕ کرا بوونەوە لە:

١- ئەو دێهاتانەدا کە بایەخی ئابوورییان هەبوو وە بەتایبەتی دێهاتە کشتوکاڵی و نەوتیەکان.

٢- ئەو دێهاتانەی کە خاوەن پێگەی ستراتیژیی بوون و بایەخی سەربازیی و رەچەڵەکزانی بێ وێنەیان هەبوو.

٣- ناوچە سنوورییەکان دا بە درێژایی سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریادا.

ڕەهەندەکانی شاڵاوەکانی کۆچپێکردن بریتی بوون لە:

ڕەهەندی دیموگرافی (البعد الديموغرافي):

ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی رێژەی دانیشتوانی کورد لە عێراقدا بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان دا بە تایبەتی وە هۆکارەکانیش بۆ ئەم مەبەستە ئەمانە بوون:

- دووبارە دابەشکردنەوەی دانیشتوان
- پەرتەوازەکردنی خێزانە کوردەکان و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنەکانیان.

لەبەر ئەوەی رێژەی دانیشتووانی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە (٦٧٪) دابەزی بۆ (٢٨٪) لە کۆی گشتی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) دا.

**ڕەهەندی ئابووری:**

مەبەست لە کارکردنە لەسەر راگواستنی جووتیارەکان لە خاکەکانیانەوە و داڕوتاندنی ناوچەکە لە هێزی کارە کشتوکاڵیەکان و تەقاندنەوە و وشککردنی بیر و کانیاوەکان بە مەبەستی لاواز کردنی ژێرخانی ئابووری هەرێم و ژێر دەستەکردنی، ئەمەش دانیشتووانی ناوچەکەی ناچار کرد کە پەنابەرن بۆ کارکردن لە کەرتە خزمەتگوزارییە سادەکان دا کە بە چالاکیە نابنەڕەتیەکان دادەنرێن و بەشداری ناکەن لە پەرەپێدانی ئابووری هەرێمەکەدا.

**ڕەهەندی نەتەوەیی:**

ئەم بوارەش تێدەکۆشێت بۆ هاندانی دانیشتوانی عەرەب بۆ جێگرتنەوەی کوردە راگواستراوەکان و لە ئەنجامدا سەر لە نوێ پێکهێنانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێم لە بەرژەوەندی عەرەب، بە تایبەتی لەو پارێزگایانەدا کە فرە نەژادی تێدایە وەکو:(کەرکوك، دیالە، نەینەوا، سەلاحەدین).

**ڕەهەندی سیاسی:**

بریتییە لە تێکۆشانی دەوڵەت بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و ڕۆڵی خۆی لە هەرێم دا، بە تایبەتی لە ناوچەی دێهاتەکاندا کە تا رادەیەك دوور مابوونەوە لە دەسەڵاتی دەوڵەت ئەمە و جگە لە دۆزینەوەی (بۆشاییەکی دانیشتووانی) کەدەبێتە مایەی (پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیەکانی) نێوان دانیشتوانی هەرێم.

وە زانیارییەکانی دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتووان لە عێراق دا ئاماژە دەکەن بەو راستیانەی سەرەوە، بەڵام کاتێك ڕێژەی زیادبوون دوو هەند دەبوو لە نێوان دانیشتوانی ناوەندە شارستانیەکانی هەرێمی کوردستاندا قەوارەی دانیشتووانی دێهاتەکان بەرەو دابەزین دەچوو، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٥٨) دا، ڕێژەی دانیشتووانی شارستانی لە پارێزگای هەولێر بەرز بۆوە بە ڕێژەی (٢٤٪) ساڵانە، ڕێژەی دانیشتوان لە دێهاتەکان دا (٠,٤٪) دادەبەزی وە ماوەی ساڵەکانی حەفتاکان زۆرترین جیاوازی هەبوو لە ڕێژەی زیاد بووندا بە جۆرێ کە زیاتر لە (١٣٪) بوو ساڵانە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٧)دا وە نزیکەی (١١٪) بوو لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) دا، بەڵام ئەم ڕێژەیە دادەبەزی لە نێوان دانیشتوانی ناوەندەکانی دێهاتەکاندا بڕوانەی خشتەی ژمارە (١) وە بەمەش ڕێژەی دانیشتووانی دێهاتەکان لە هەرێمی کوردستان لە (٦٦٪) دابەزی بۆ (٢٨٪) لەو ماوەیەدا، وە دابەزینەکە بە زۆری لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٧-١٩٨٧) بوو بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)

**خشتەی ژمارە (١)**

ڕێژەکانی زیادبوونی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بە پێ ی دێ و شارستان (٪)

| ساڵ | دێ | شارستان |
|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٧٠ | ٢ | ٨/١ |
| ١٩٧٠-١٩٧٧ | ٠/١ | ١٣/٢ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٣,١ | ١٠/٧ |



**خشتەی ژمارە (٢)**

دانیشتووانی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان (١٩٥٧-١٩٨٧)دا

| ساڵ | دانیشتووانی دێهاتەکان |
|---|---|
| ١٩٥٧ | ٦٦/٥ |
| ١٩٦٥ | ٥٦/٨ |
| ١٩٧٧ | ٤٥/٩ |
| ١٩٨٧ | ٢٨/٤ |

لە دیاردەی (کۆچی دێهاتەکان و شاڵاوەکانی کۆچپێکردنی دانیشتووان)ەوە دەرئەنجامی (دیموگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی) لە دایك بوو، جگە لە دەرئەنجامە سیاسی و نەتەوەییەکان، کاتێ ناوەندەکانی دێهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕەگەزە چالاك و کاریگەرەکانی لەدەست دەدا، لەگەڵ هێزو توانا کشتوکاڵیەکانی ئەوا ناوەندە شارستانیەکان واتە(شارە گەورەکان) دەستیان دەکرد بە ئازارو ئەشکەنجە نۆشینی زیاتر لەدەست فشاری مرۆیی (زۆری دانیشتووان) لە سەریان ئەمەش کارێکە دەبێتە هۆی خنکاندنی گشت تواناکان بۆ پێشکەش کردنی کارە خزمەتگوزارییەکان بۆ سەرجەم دانیشتووان بە تایبەتی لە شارەکانی:(هەولێر، سلێمانی، دهۆك) دا لە لایەکی ترەوە ئەم کۆبوونەوە زۆرەی ژمارەی دانیشتووان لەم شارانەدا دەبنە هۆی راستەوخۆی بێکاری تەواو و فراوان بوونی کەرتی خزمەتگوزاری لەسەر حسابی کەرتە ئابوورییەکانی تر بەبێ ئەوەی کە ئەم فراوان بوونە لە چالاکیە بنەڕتیەکاندا رووبدات جگە لەوە لەم دیاردەیەوە (کۆچی دێهات نشینەکان بۆ شار) کۆمەڵگای دێهاتی دروست بوون لە دەوروپشتی شارە سەرەکیەکان و شوێنە دێرینەکانیدا، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی دوو شێواز لە بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکان، یەکێکیان بانگەشە دەکات بۆ نوێ بوونەوە و نوێ خوازی لە بنیادنان و نۆژەنکردنەوە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا، ئەوەی تر بانگەشە دەکات بۆ پارێزگارییکردنی شتە دێرینەکان، هەروەك بووە هۆی دەرکەوتنی (پشتێنە دێهاتییەکان) بە دەوروپشتی شارەکان دا یان دروستبوونی مۆڵگەی دێهاتی لەناو جەرگەی شارەکان خۆی دا کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا کاریگەریی خراپی دانیشتووانی دێهاتەکان دەردەخات لەسەر دیمەن و ڕوخسار (مۆرفولۆجیە) ی شارەکان و شێوازی ژیانی



PDF 4 KURD

دانیشتووانەکەی لە جیاتی ئەوەی کە شار بتوانێت دیاردە ناشارستانیەکانیان بتوێنێتەوە و بیانگۆڕێت بۆ دیاردەی شارستانی سەبارەت بەو دانیشتووانەی کە لە دێهاتەکانەوە روو دەکەنە شارەکان بە هۆی فشاری زۆری تەوژمەکانی کۆچکردن و بەردەوامبوونی ئەم کۆچکردنە لە دێهاتەکانەوە بۆ شارەکان.

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

مەترسی بزاڤی (کۆچکردن) و (کۆچپێکردن) ی دانیشتوان بۆ ناوەندە شارستانیەکان (شارە گەورەکان) تەنها لە سنوورە دیموگرافی و ئابووریی و کۆمەلآیەتیەکەیدا ناوەستێ هەروەك دەرمان خست بەڵکو لە دیارترین ئامانجەکانی بریتییە لە گەمارۆدانی گەلی کورد و زاڵ بوون بەسەریدا و خنکاندنی بزووتنە رزگاریخوازەکەیی و لە کۆتایشدا کۆتایی هێنان بە گشت هیوا و خەونەکانی لە سەربەستی و شکۆمەندیی (ئابڕوو) و بڕیاردانی چارەنووس دا.

لێرەوە کاردانەوە (وەلآم) ی راستەقینە بۆ گشت ئەو شالآوانە و دەرئەنجامە لە دایکبووەکانی بریتی یە لە بنیادنانەوەی دێهاتی کوردستانی لەسەر بنەما زانستییەکان و لە ژێر توێژینەوەی دوورو درێژدا بۆ گشت گۆڕاوە کۆمەلآیەتی وە ئابووریی و سروشتییەکان و لەبەر رۆشنایی ئەم قسانەدا.

پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکەین:

١- پێکهێنانی دەستەی سەرپەرشتیار کە ئەرکی رێکخستن بگرێتە ئەستۆ لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی کاری سەرلە نوێ بنیادنانەوەی دێ دا.

٢- کارکردن بۆ پشکنینی سەرانسەری دێی کوردستانی لە رووی خاك و لەڕووی مرۆییەوە و دابینکردنی زانیاریی و سەرژمێررییە تایبەتەکانی ئەم بوارە.

٣- تێکۆشانی حکومەتی نیشتمانی بۆ فراوان کردنی پرۆژەکانی کە پەیوەندییان هەیە بە پەرەپێدانی دێهاتەکانەوە، و لە پێشەوەی کارەکانی پرۆژەکاندا دابنرێ بە تایبەتی لە بواری: بیناسازی، فێرکردن و پەروەردە، تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی تری ژێرخانی ئابووری.

٤- هاندانی هەردوو کەرتی (تایبەت) و (تێکەلاو) لە دامەزراندنی ئەو پرۆژانەدا کە پەیوەندییان بە خالّی (٣)ەوە هەیە.

٥- دەستکەوت (ئیمتیاز) بدرێت بەو کەسانەی دەگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکان لەو جۆرە دەستکەوتانەی کە هانیان دەدات لە کارکردن و بەرهەم هێنان دا هەرلە خاك و ئاو و....گشت پێداویستی یەکانی تر و ئامێرەکان و تۆوەکان.



٦- هەماهەنگی کردنی هاولآتیانی گەڕاوە بۆ دێهاتەکان لەناو خۆیاندا بۆ سەرخستنیان لە کاری بنیادنانەوە و پەرەپێدان دا.

٧- بایەخدان بە چڕ کردنەوەی راگەیاندن لەم کارەدا بۆ هاندانی جووتیارەکان لە گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوییەکان و ئاوەدانکردنەوەیان بەو بڕوایەی کە ئەم گەڕانەوەیە بۆسەر زەوییەکانیان ئەرکێکی نەتەوەیی پیرۆزە.

٨- (سوود بینینی)یان سوودمەند بوون لە بڕیاری (٩٨٦) لە بەرژەوەندی جووتیارەکان دا وە بە تایبەتی لە کارەکانی سەرلە نوێ ئاوەدانکرنەوەی دێهاتی کوردستانی و هاریکاریی کردن لەگەڵ رێکخراوە بیانیەکان دا لەم رووەوە.

٩- بایەخدان بە گەشەسەندن و پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی و دامەزراندنی (نەخۆشخانەی ئاژەڵان، الموسسات البيطرية) لەشوێنە پێویستەکان دا.

پاشان وەستاندنی کۆچکردن بۆ شارەکان و گەڕانەوەی جوتیارەکان بۆسەر خاك و کێڵگەکانیان دوو هۆکاری کاریگەرن لەسەر شالآوەکانی کۆچپێکردن و راگواستن کە گەلەکەمان لە کوردستان کەوتە بەر هێرشەکەی بە درێژایی دەیان ساڵەی رابردوو.

هەروەها وەستاندنی کۆچکردن و گەڕانەوەی جووتیارەکان دوو هۆکاری گرنگن لە بەدەستهێنانی (ئاسایشی خۆراکی کوردستانیدا) کە ئەم ئاسایشی خۆراکەش بە تاکە بنەمای دەگمەن دادەنرێت بۆ گەیشتن بە (ئاسایشی نەتەوەیی).

# وەستاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردن بەرپرسیارێتیەکی مێژووییە

پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق بایەخی خۆی هەیە لە پێکهاتەی (نەژادزانی- اپنوغرافی)دا، هەندێ کۆمەڵەی (نەژادی و ئاینی و زمانەوانی) بۆی هاتوون و لە بەپیتی خاکەکەیی و فێنکی ئاوو هەواکەیی و زۆری ئاوەکانیدا هەلی نیشتەجێبوون و سەقامگیریی و کشتوکاڵ کردنی تیادا بینراوەتەوە، هەروەك چۆن گۆڕەپان بووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی (عەرەبی و فارسی و مەغۆلی،) ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر خەسڵەتەکانی دانیشتووانە جۆراوجۆرەکەی وە بە تایبەتی پێکهاتەی زمانەوانی و نەتەوەیی و ئاینی.

ئەگەر شەپۆلە مرۆییە دێرینەکانی سەردەمەکانی پێشوو بە شێوەیەکی سروشتی هاتبن بۆ هەرێمی کوردستان و بەبێ بەرنامە و نەخشەی (پێش وەخت) و ئامانجی دیاریکراو، ئەوا سەرەتاکانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیست) هەرێمی کوردستان کۆچی شەپۆلەکانی تیرەو هۆزە عەرەبەکانی بە خۆیەوە بینی کە لە کوردستاندا بە پێ ی بەرنامە و نەخشەی جێگیر نیشتەجێ کران وە ئەم کۆچ کردنە زیادی کرد لە نیوەی دووەمی هەمان سەدەدا[١] و دەستووری کاتی عێراق ئەمەی بە روونی و ئاشکرایی وەرگێڕاوە و ناوەڕۆکی دا ناوە لەسەر ئەوەی کە (عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی، وەگەڵی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)[٢] هەروەك کە لە پرۆژەی پەیمانی کاری نیشتمانی ساڵی (١٩٧١)دا هاتووە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە (خۆ خەریککردن بە مافە نەتەوەییەکانەوە لە لایەن جەماوەری کوردییەوە پێکدێت لە چوارچێوەی سرووشتی خۆی دا واتە لە چوارچێوەی یەکێتی سیاسی نیشتمانی و یەکێتی خاك و رژێمی سیاسی لە کۆماری عێراقدا هەروەها ئەمە پێکدێت لەسەر بنەمای دان نان و باوەڕهێنانی ئەم جەماوەرە بەوەدا کە عێراق بەشێکە جیابوونەوە لە نیشتمانی عەرەبی پەسەند ناکات).

وەك جێبەجێکردنێ بۆ ئەوەی کە لە کۆنگرەی (١٣)ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ساڵی (١٩٧٩) دا هاتووە بڕیاردرا کە کوردستانی عێراق بە (خاکێکی عەرەبی) دابنرێ وە لە

(١) خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق، مطبعة كريستال، اربيل، ١٩٩٨، ل ٨٩.

(٢) سلسلة دراسات سياسية، عدد خاص المسالة الكورديه، دار القدس، بيروت.



بڕیارەکە داهاتووە (ئەم نەتەوانەی کە زمان و خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە جیایە لە زمان و خەسڵەتەکانی نەتەوەی عەرەب و لە نیشتمانی عەرەبیدا دەژین لە دێر زەمانەوە وەکو نەتەوەی کورد، ئەم نەتەوەی کوردە بەستراوە بە نەتەوەی عەرەبەوە بەرەگی درێژو و قوڵ، ئەو خاکەی کە نەتەوەی کورد لەسەری دەژی بەشێك بووە لە خاکی دەوڵەتی عەرەبی کە پێش هەزاران ساڵ دامەزراوە، وە لەسەر ئەم بنەمایە پێناسەی عەرەبی بۆ خاك لە رێگای مەینەتی یان کۆلۆنیال یان داگیر کردنەوە نەهاتووە بەڵکو لە دەرئەنجامی واقیعیکی مێژووییەوە هاتووە).

بەم شێوەیە کۆنگرەی سیانزەی حزبی بەعس نکۆڵی دەکات لە مافی گەلی کورد و لە خاکەکەیی و لە نیشتمانەکەی، سەروەریی عەرەبی بە بەعەرەبکردنی نیشتمانی کورد و خاکی مێژوویی (کوردستان) بە ساختە کردن (تزویر) ی مێژوو جوگرافیا، سەرەتایەك و خۆڕێکخستن بوو بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان بەهێزی چەك، بەرەچاوکردنی ئەوەی بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی.

وە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدان بۆ دەرخستنی ساختەو بە درۆ خستنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونانە لە ئارادایە وەکو:

ڕەگەکانی بەعەرەب کردن لە کوردستان دا:

هیچ شتێك نیە کە ئاماژە بکات بە بوونی (عەرەب) لە عێراق تا هەزارەی یەکەمی پێش زایین، کۆنترین ئاماژە بە وشەی (عەرەب) یان وشەی لەمجۆرە لە کتێبە ئاشوورییەکاندا هاتووە لە هەردوو سەدەی هەشتەم و نۆیەمی پێش زایین دا.[٣]

وەلە ماوەی (٢٢٤-٦٣٧) ی زایینی دا (لەخمیەکان-اللخميون) کە لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتبوون لەسەر رۆخەکانی رووباری فورات لای سنووری رۆژئاوای عێراقەوە نیشتەجێ بوون و (حیرە) یان کرد بە پایتەختی خۆیان، هەروەك ئیمارەتی (حضر) سەری هەڵدا لەسەدەی سێهەمی زایین دا لەسەر هەردوو لای رووباری دیجلە و فورات لە نێوان شاخی شەنگار لە لای باکوورەوە وە رۆخەکانی (مدائن) لە لای باشورەوە.[٤]

وە لە مێژووی (البطري) دا هاتووە کە پادشای یەمەن (تبع) نەتەوەیەکی لە (حیرە) بە جێ هێشت لە (الازد، لخم، جذام، عامله، قضاعة)، لە کاتێکدا هۆزەکانی (طی، کلب، ایاد)و ئەوانی تر روویان کردە ناوچەی (ئەنبار)[٥] بەم جۆرە دوورگەی عەرەبی بەردەوام بوو لە ناردنی

(٣) طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الجزء الاول، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٣، ل ٦٦.

(٤) احمد سوسه، تاريخ حضارة وادي الرافدين، ج ٢٢، دارالحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٣، ل١٨٦.

(٥) عباس الفزاوي، عشائر العراق، ج ١، مطبعة بغداد، ١٩٧٣، ل ٦٧.

شەپۆلی یەك لە دوای یەكی تیرەو هۆزە عەرەبەكان بۆ عێراق لە وانە: هۆزی (ایاد) لە نزیك كوفە دابەزین پاشان بڵاوبوونەوە بەدەورووپشتی خۆیان دا هەندێكیان لە (تكریت) نیشتەجێ بوون هەندەكەی تریان لە (جەزیرە و موسڵ) نیشتەجێ بوون هەروەها هۆزی (ربیعە) لە دەشتی عێراق دا دابەزین لە شارەدێی (الابلە) تا (هیت).[6]

وە پەرەسەندنی عەرەبی لە سایەی هێرشەكانی ئیسلام دا لەسەدەی حەوتەمی زاینی دا مەزنترین رووداو بوو لە پێكهێنانی رەگەز پەرستیدا بۆ دانیشتوانی عێراق وە لە شارەكانی (بەسرەو بەغداد و موسڵ) دا جێگیر بوون و شاری تری نوێیان دروستكرد تا خەڵكی تر بۆ خۆیان رابكێشن.[7]

لە لایەكی تر ئەو تیرەو هۆزە عەرەبانەی كە لە رۆژئاوای رووباری فورات دا نیشتەجێ بوون و بەشداریی هاتنە ناوەوەی ئیسلامیەكانیان كرد و لە رووباری فورات پەڕینەوە بەرەو رۆژهەڵات رۆیشتن بە جۆرێ لای چەپی رووباری دیجلە بوو بە سنووری جیا كەرەوە لە نێوان ئەم تیرەو هۆزانەدا[8]

(هەمەدانی) دەگێڕێتەوە و دەڵێت یەكەم كەس كە گەیشتە موسڵ و عەرەبی تیادا نیشتەجێ كرد (هرثمة البارقی) بوو وە رۆڵەكانی ئەو هۆزە عەرەبانە شی خستە پاڵیان كە بەشدارییان كرد لە چوونە ناو (موسڵ)ەوە كە ئەمانە بوون: (ایاد، تغلب) پاشان تیرەو هۆزەی تری بۆهات لە شارەكانی (بەسرە و كوفە)وە لە سەردەمی راشدی دا وە ژیانی خەڵكی تیادا بەردەوام بوو لە سەردەمەكانی ئەمەوی و عەباسی دا[9] هەروەك (البلاذری) یەكەم ئاماژە دەكات بە نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەكانی ناوچەی (شەنگار) دا پاش هاتنە ناوەوەی ئیسلام بۆ عێراق[10]، وە تەوژمی بەعەرەبكردن بە بەهێزیی بەردەوام بوو بە درێژایی سەردەمی عەباسی، (یاقوت الحموی) دەخاتەوە یادمان كە (زۆربەی خەڵكی هەولێر لە كوردەكان بەعەرەبكران) و (هامر) لە مێژووی (جیهان نما) ی توركیەوە بۆمان دەگوازێتەوە و دەڵێت:

(٦) جرجی زیدان، العرب قبل الاسلام، بیروت، ١٩٧٨، ل ٢٣٥.

(٧) خلیل اسماعیل محمد، المصدر السابق، ل ٨١.

(٨) عبدالرزاق الحسني، العراق قدیما وحدیثا، مطبعة العرفان، بیروت، ١٩٥٥، ل ٣٢.

(٩) هاشم الملاح، معالم الثقافیة العربیة الاسلامیة، موسوعة الموصل الحضاریة، م ٢، الموصل، ل ٣٤٩.

(١٠) خلیل اسماعیل محمد، المصدر السابق، ل ٨٢.



PDF 4 KURD

(خەڵكی موسڵ كورد بوون وە بە زمانی كوردی دەدوان بەڵام لە سەرووی ئەوەشەوە هەرسێ زمانی (عەرەبی و توركی و فارسی)یشیان دەزانی.[11]

هەروەها دكتۆر (احمد صالح العلی) جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كە بەردەوامی هەڵقوڵانی تیرەو هۆزە عەرەبەكان بۆ عێراق كاری گەورەی كردە سەر قەوارە و گەشەی دانیشتووانەكەی لەگەڵ خەسڵەتە دیموگرافیە (نەتەوەیی و زمانەوانی و ئاینیە) كان دەرئەنجامەكەشی بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوانی عەرەب بوو لە عێراق دا.[12]

## نیشتەجێی عەرەبی لە سەردەمی نوێ دا:

سەدەی نۆزدە زۆر لەو پەرەسەندنانەی بە خۆیەوە بینی كە پەیوەندییان هەبوو بە پێگەو مۆڵبوون و دابەشبوون و بڵاو بوونەوەی هۆزەكانەوە، ئەمەش لە دەرئەنجامدا بووە هۆی راست بوونەوەی نەخشەی تیرەو هۆزەكانی عێراق، وە لە ناوەڕاستەكانی سەدەی ناوبراودا چەندین كۆچی فراوانی تیرەو هۆزەكان روویدا لە ناوچەی جەزیرەی رۆژئاوای فورات دا وە ماوەیەكی زۆری خایاند.[13]

وە لە پێشەوەی هەموویان دا كۆچی هۆزەكانی (شەممەر). لە ساڵی (١٦٤٠) دا كۆمەڵی فراوان فراوانیان كۆڕەویان كرد بەرەو عێراق، هۆزەكانی (دلیم) خێوەتەكانیان لە نێوان (عانە) و (فەلوجە) دا و هۆزەكانی (زبید)لەسەر رووباری دیجلە و دەوروبەری شاری (حلە) دا هەڵیاندا، هۆزەكانی (زوبع)یش بە درێژایی كەناری چەپی رووباری فورات لای باكووری (بەغداد) هەڵیان داو هۆزەكانی (جبور)یش بە درێژایی رووباری دیجلە، هۆزەكانی (البوحامد) لای چیای شەنگار هەڵیاندا، بەڵام (الحدیدیون) و (طی) و (العبید) لە ناوچەی (حەویجە) دا هاتووچۆیان دەكرد وەلە كۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەدا هۆزەكانی (عنزە) توانیان پاڵ بنێن بە هۆزی (شەممەر)ەوە لە بیابانی سوریاوە بۆ ناو قوڵایی زەوییە عێراقیەكان، بەم جۆرە

(١١) محمد امین زكي، خلاصة تاریخ الكورد وكوردستان، ترجمة محمد علي عوني، مطبعة صلاح الدین، بغداد، ١٩٦١، ل ٢٥.

(١٢) صالح احمد العلي، معالم العراق العمرانیة، دارالشؤن الثقافیة، بغداد، ل٣١٠، هەروەها عبد محمد سوادی، الاحوال الاجتماعیة و الاقتصادیة فی بلاد الجزیرة الفرائیة، بغداد، ل ٦٤.

(١٣) لونكریك، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث، ترجمة خیاط، گ ٦، ١٩٨٥، ل ١٠٣.

هۆزەكانی (بنی لام) كە لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتبوون شوێنەكانی نیشتەجێ بوونی خۆیان بینیەوە لە لای چەپی رووباری دیجلەوە لە نێوان كوت وعەمارە و حوێزەدا.[١٤]

وە والی مەدحەت پاشا (١٨٦٩-١٨٧٢) ئەركی زۆری كێشا لە پێناو نیشتەجێكردنی تیرەو هۆزە گەڕیدەكان ئەویش بە مەبەستی ئاسانی دەستگرتن بە سەریان دا بەم شێوەیە توانرا هۆزەكانی شەممەر(طوقة، دلیم، كعب) نیشتەجێ بكرێن لەو زەوییانە دا كە ئێستا لە سەری دەژین وەهەمان شت روویدا لە شارستانەكان (پارێزگاكان)ی:(حلە، دیالە، بەغداد) دا.[١٥]

## نیشتەجێی عەرەبی لە سەردەمی پادشایەتیدا:

سیاسەتی دەوڵەتی عێراقی هەرلە دامەزراندنییەوە لە ساڵی (١٩٢١) دا رووی كردە سەر لە نوێ پێكهێنانەوەی پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان لە بەرژەوەندیی كۆمەڵەی عەرەبی دەسەلآتداردا، و پەنای برد بۆ نیشتەجێكردنی هۆزە دەشتەكیە گەڕیدەكان بە تایبەتی هۆزی (شەممەر) بە پێ ی بەرنامەیەكی دارێژراو كە بریتی بوون لە پرۆژەكانی نیشتەجێكردن لە وانە: (اللطیفیة، الدجیله، المسیب، الحویجه) و پرۆژەی جەزیرە (شەنگار) وە هەردوو پرۆژەی (جەزیرە) و (حەویجە) وەردەگرین وەك نموونەی ئەم بابەتە:[١٦]

### پرۆژەی جەزیرە:

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، (جەزیرە) ناوچەی كێشەی نێوان تیرەو هۆزە عەرەبە دەشتەكیەكان بووە بەجۆرێ هۆزی (شەممەر) بە هۆی زۆری ژمارەی ئەندامان و كەل و پەل و پێداویستی یەكانیەوە توانیویەتی بەسەر ناوچە كەدا زاڵ بێت وە شوێن نیشتەجێی نوێی زۆر سەریان هەڵدا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٥٠-١٩١٨) وە لە نێوان هەردوو یەكەم، دووەم جەنگی جیهاندا لە باكووری جەزیرەدا وە بە تایبەتی لە دەوروپشتی هەردوو ناوچەی (تەلەعفەر و شەنگار) وە لەم هۆزانەش: (طی، دلیم، عبید، جبور، حدیدین).[١٧]

(١٤) المصدر نفسه، ل ٤٠ و ٤٣.

(١٥) عبدالخالق عبدي، اقتصادیات الارض والاصلاح الزراعي، مطبعة الاعظمي، بغداد، ١٩٧٧، ل ٢٣٢.

(١٦) محمد سلمان حسن، دراسات في الاقتصاد العراقي، دارالطلیعة، بیروت، ١٩٦٦، ل ٢٨.

(١٧) نافع القصاب، ملامح جغرافیة حول الاستیطان القبائل البدویة المتنقلة، مجلة الجمیعة الجغرافیة العراقیة، ع(٥)، ١٩٦٥، مطبعة اسعد، بغداد، ل ١٨



وە پاش ساڵی (١٩٥١) قۆناغی نیشتەجێكردنی نوێ دەستی پێكرد كە جیا دەكرێتەوە بە تێكۆشانی حكومەتی عێراقی بۆ نیشتەجێكردنی هۆزەكانی شەممەر و ئەوانی تر لەو هۆزە شوانانەی كە گەڕیدە بوون لە ناوچەی جەزیرە بە پێ ی بەرنامەیەكی دارێژراو[١٨] ئەمەش لە باكوور و باشووری ئەو ناوچەیەی كە هۆزەكانی (شەممەر ودلیم) تیایدا جێگیر بوو بوون لە ماوەی پێشوودا بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەك پێكهێنرا بە ناوی (لێژنەی نیشتەجێكردنی هۆزە گەڕیدەكان) كە ئەركی جێبەجێكردنی ئەم جۆرە دارشتنانەی گرتە ئەستۆ وە لێژنەكە هەستا بە هەڵكەندنی چەندین بیری ئاوو دابەشكردنی زەوی و زاری كشتوكاڵی بە رووبەری (١٥٠) دۆنم بۆ هەر خێزانێك وە بە پێی ئەو سەرژمێرریە فەرمیانەی كە جێبەجێكران ژمارەی ئەو دێهاتانەی كە دروستكراون لە ماوەی ساڵانی (١٩٥١-١٩٦٥)دا لە نێوان (شەنگار -حضر) دا گەیشتە (٤٠٠) دێ كە نزیكەی (٤٧٢٠١) كەس تیایاندا دەژیا، هەروەها (١٥٢) دێ لە ناوچەی نێوان باكوور و باكووری رۆژهەلاتی چیای (شەنگار) دا دروستكران كە دەگەڕێنەوە بۆ شارۆچكەی (تەلەعفەر) جگە لە (١٧٤) دێی سەر بە شارۆچكەی (شەنگار) بە ژمارەی دانیشتووانی (٥٩٦٧٦) كەس هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:

**نیشتەجێ عەرەبەكان لە ناوچەی جەزیرەدا**[١٩]

| ناوەندی كارگێڕیی | ژمارەی نیشتەجێكان |
|---|---|
| شارۆچكەی تەلەعفەر | ١٥٢ |
| شارۆچكەی شەنگار | ١٧٤ |
| شارۆچكەی حضر | ٤٠٠ |
| كۆی گشتی | ٧٢٦ |

لە ناو پرۆژەی جەزیرەی نیشتەجێیدا (١٧) دێی نموونەیی دروستكرا لەگەڵ جێبەجێكردنی دانانی دێی (ربیعە) كەلە دواییدا گۆڕا بۆ ناوەندی شارەدێ (مركز ناحیە)ی ربیعە لە ساڵی (١٩٦٠)[٢٠]دا و سەرپەرشتیاریی (٦٧) نیشتەجێ ی دەوروپشتی خۆی دەكرد.

(١٨) المصدر نفسه، ل ٢٠.

(١٩) خلیل اسماعیل محمد، المصدر السابق، ل ٨٣.

(٢٠) نافع القصاب، المصدر السابق، ل ٢٦ و٣٦.

**پرۆژەی حەویجە:**

حکومەتی عێراقی لە ناوە راستەکانی سی یەکانـدا هـەنگاوێکی گەوهـەری گرتەبـەر لـە کارەکانی نیشتەجێ کردن دا کە بریتی بوو لە نیشتەجێکردنی (٢٠٠٠٠)کەس لە دانیشتووانی دەشتەکیە گەڕیدەکان لە دەشتی (حەویجـە)دا لـە پارێزگـای کـەرکوك بـە تایبـەتی هۆزەکـانی (عبید) هەروەك چۆن حکومەت هەلی رەخساند بۆ هۆزەکانی (اللهیب-الکرویە) بۆ جێگیر بوون لە دەشتەکانی (قەرەتەپە)دا وە هۆزەکـانی (طـی-جبـور) لـە دەشـتی (قـەراج) لـە سـنووری پارێزگای هەولێردا[٢١].

ژمارەی دانیشتووانی هۆزی (عبید) لە دەشتی (حەویجە)دا بە پـێ ی سـەرژمێرریی سـاڵی (١٩٥٧) گەیشتە نزیکەی (١١٠٠٠) کـەس وە هـۆزی (جبـور) گەیـشتە (١٢٥٩٥)کـەس وە هۆزی (البوحمدان) گەیشتە (٢١٤٠)کەس[٢٢]، وە لە سـاڵی(١٩٤٢) دا یەکەیـەکی کـارگێڕیی پێکهێنرا بە ناوی (شارەدێ ی حەویجـە) کـە گـۆڕا بـۆ شارۆچـکەی لـە سـاڵی (١٩٦٢)دا، وە دانیـشتووانی ئـەم شارۆچـکەیە (حەویجـە) لـە سـاڵی (١٩٨٧) دا گەیـشتە زیـاتر لـە (٨٦١٤٩٩)کەس.[٢٣]

**ناردنەوەی کوردە فەیلی یەکان:**

ناوچەی کوردە فەیلی یەکان کـە دەکەوێتـە نێـوان تـەوەری (خانـەقین- جەلـەولا) لـە لای باکوورەوە، وە پارێزگای (میسان) لەلای باشوورەوە بە ناوچەیەکی خـاوەن بایـەخی سـتراتیژیی دادەنرێ کە بریتی یە لە:[٢٤]

١- بایەخی پێگەی جوگرافی دراوسێ بۆ سنووری (عێراق-ئێران).

٢- بایەخی دەوڵەمەندی بە نەوت لە هەردوو ناوچەی (سورخ و نەفت خانە)دا.

٣- سروشتی شاخاوی ناوچەی رۆژهەڵات کە ئێران لێیەوە دەڕوانێت بەسـەر ئـەو دەشـتە تەختەدا کە دەکەوێتە دامێنی چیاکانەوە بە ئاڕاستەی پایتەختی عێراقی (بەغداد).

---

(٢١) خليل اسماعيل محمد: الحويجة مخططات التقريب، مجلة گـولان العربـي، العـدد ٣٩ لـسنه ١٩٩٩، مؤسـسة گولان، اربيل ل ٤٨.

(٢٢) نوري الطالباني: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها، لندن ١٩٩٥، ل ٤٣.

(٢٣) وزارة التخطيط، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة (التاميم) جدول (٢٢).

(٢٤) خليل اسماعيل محمد منطقة التخصر الحدودية بين العراق وايران مطبعة كريستال، اربيل، ١٩٩٨.



PDF 4 KURD

٤- نزیکی سنووری (عێراق-ئێران) لە (بەغداد)ەوە بە جۆرێ کە تەنها (١٥٠کـم) دوورە لە بەغدادەوە وە هەر لێرەشەوە رێگایەکی سەرەکی بەغداد دەبەستێت بە (تاران)ەوە.

لەبەر ئەم بایەخانە گرنگی پێدانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان چڕ بۆوە لەسەر پاکتـاو کردنی خەڵکەکەی ئەم ناوچەیە کە (کـوردە فـەیلی یـەکان)ن و زاڵ بـوون بەسـەریان دا وە لـە سەردەمی حکومەتی (رەشید عالی گەیلانی) دا لە سـاڵەکانی چـلەکان دا هـەزاران کـەس لـە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە نێردرانەوە بۆ ئەو بەری سنوورەکان ئەمەش هاوکات بوو لەگـەڵ بـەرز بوونەوەی (قەیرانی ئاو) کە هەرەشەی لە ئابووریی ناوچەکە کـرد لەوکاتـەدا، وە لـە ئـەنجامی کەمتەر خەمی حکومەتە عێراقیەکان دا لە چارەسەری گرفتـی ئـەم قـەیرانی ئـاوەدا هـەزاران خێزانی تری ئەم ناوچەیە ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان.[٢٥]

وە لە ساڵەکانی حـەفتاکان و هەشـتاکان دا شـاڵاوەکانی ناردنـەوە بـەرز بـۆوە وە هێـشتا ناوچەکە دەکەوێتە بەر شاڵاوی لەم جۆرە و جێگە کانیـشیان بـە بنەماڵـە و هـۆزە عەرەبـەکان دەگیرێتەوە بە جۆرێ کـە کـورد ئێـستا رێژەیـەکی زۆر کـەم پێـك دەهێنـێ لـە کـۆی گـشتی دانیشتووانی ناوچەکە.

---

(٢٥) خالص الاشعب، مشكلة الميـاة فـی منـدلي، مجلة الجمعيـة الجغرافيـة العراقيـة العـدد الخـامس، ١٩٦٩، مطبعة اسعد، بغداد، ل ٢٦٧.

**دەرئەنجامەکان:**

لەبەر رۆشنایی ئەو شتانەدا کە پێشکەش کران دەکرێت لە رێی ئەم توێژینەوەیەوە بگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- دەرکەوتنی سێ تەوەری سەرەکی بۆ شاڵاوەکانی بەعەرەب کردن لەماوەی سەدەی بیست دا کە ئەمانەن:

- تەوەری (ئەل جەزیرە).
- تەوەری (کەرکوك).
- تەوەری (ناوچەکانی کوردە فەیلی یەکان).

٢- شاڵاوەکانی بەعەرەب کردن، دانانی پشتێنە ئاسایشییە (دەرەکی) و (ناوەخۆ) یی لە گەڵدا بوو، لەبەر رۆشنایی رێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی عێراقی پەنای برد بۆ داڕووتاندنی ناوچە سنوورییەکان لە کوردستانی عێراقی دا لە دانیشتوان ئایا لە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ (ئێران) یان (تورکیا) یان (سوریا) دا بووبێ وە بە قووڵایی (پانتایی) زیاتر لە (٣٠)کم لە هەندێ شوێن دا،هەروەها حکومەتی عێراقی هەستا بە دانانی (پشتێنەی ئاسایشی ناوەخۆیی) بە دەوری ژمارەیەك لە شارە کوردییە سەرەکیەکان دا، لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی دەرچوو لە پارێزگای (تەئمیم)ەوە، داوای چاندنی ناوچەکانی دەوروپشتی شاری کەرکوك دەکات بە تیرەو هۆزی عەرەبی چەکدار هەرلە شارەدێی (شوان)ەوە بە درێژایی شارەدێکانی:

(ئاڵتون کۆپری، تازە) تا دەگاتە شارەدێ ی (قەرەحەسەن) لە کۆتاییدا لە توێ ی نەخشەیەکدا ئەو بەڵگەنامە نهێنی یە ناوی لێنا (پشتێنەی ئاسایشی).[٢٦]

٣- لەگەڵ بەردەوامی کارەکانی (کۆچپێکردن) دا بۆ فراوانکردنی (پشتێنە ئاسایشی یەکان)بە ناوەخۆیی و دەرەکیەوە و فراوانکردنی (شاڵاوەکانی بەعەرەبکردن) لە هەمان کات دا بە ئاڕاستەی باکوورو رۆژهەڵات بە ئاڕاستەی شارە کوردییە سەرەکیەکان حکومەتە بە عێراقیەیەك لە دوای یەکەکان خەونیان دەبینی بە بەدیهێنانی (دروشمەکەیان)ەوە کە بریتی بوو لە:

(٢٦) خليل اسماعيل محمد، الحزام الامني من فلسطين الى كوردستان، جريدة برايتي العدد (٢٧٢٤) في ٢٩/١١/ ١٩٩٨، اربيل.



(عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی و گەلی عێراقیش بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی)

شاڵاوەکانی کۆچپێکردن هەر بەردەوام دەبێت پاش راپەرینی ساڵی (١٩٩١)یش کارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن هەر درێژە دەکێشێت تا بگاتە پارێزگاکانی (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) و درێژ ببێتەوە بۆ ناوچەکانی:

(فایدە، مەخمور، کەندیناوە، قەراج، گوێر، ئاڵتون کۆپری) بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراقی سیاسەتی پێشووی بگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە رێوڕەسمی (کێشەی کوردی) زۆر پێشکەوت لەم دەیان ساڵەی ئەم دواییەدا بەتایبەتی پاش رێککەوتنی ئازاری ساڵی(١٩٧٠) و پاش راپەرینی ساڵی (١٩٩١) و گواستنەوەی کێشەکە بۆ بەردەم فەرمانگەی رێکخراوە جیهانیەکان تا وای لێهات خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەردەوام بوونی شاڵاوەکانی بەعەرەبکردن و کۆچپێکردنی دانیشتووانە کوردەکان بۆ دوور لە خاك و ماڵی خۆیان مەترسیدارترین کێشەیە دانیشتووانی کورد رووبەڕووی دەبێتەوە بێ ئەوەی بڕی تەواو بایەخی پێ بدرێت تا هاوتای مەترسیەکانی کێشەکە و دەرهاویشتە چارەنووس سازییەکانی بێتەوە، هەڵبەت بەستنی کۆنگرەی (١٢) پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر هەلێکی زێڕین بوو بۆ زیاتر توێژینەوە و شیکردنەوەی کێشە کە بە ئامانجی گەیشتن بە هەڵوێستی بەهێزو کاریگەر کە بگونجێت لەگەڵ بایەخەکان و رەهەندە سیاسی و نەتەوەییەکانی کێشەکە دا جگە لەو مەترسیە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە کێشەکە دەری دەهاوێژێت.

ئێمە ئەمڕۆ دەڕوانینە کۆنگرەی دوانزە وەك دروازەیەك کە لێیەوە بڕوانینە جیهان لە هەزارەی سێیەمدا، بە باوەڕێکی بەرزتر و ورەیەکی پتەوە وە لە وەستاندنی شاڵاوەکانی بەعەرەبکردن و کارە بەردەوامەکانی کۆچپێکردن هەروەها لە دۆزینەوەی شێوازی گونجاو بۆ گێڕانەوەی کۆچپێکراوەکان بۆسەر خاك و ماڵی خۆیان و کارکردن بۆ دانانی ناوەندەکانی توێژینەوەو دامەزراوە بەڵگەنامەییەکان کە ئەرکی توێژینەوەو شیکردنەوەو پاراستنی گشت ئەو شتانە ئەگرێتە ئەستۆ کە پەیوەندییان هەیە بەو دیاردانەوە تا مێژوو لێپرسینەوەمان لەگەڵدا نەکات گوایا ئێمە خاکی خۆمان لە بیر چووە و رۆژێك لە رۆژان وازمان لە گەلەکەمان هێناوە.

# کێشەی و هەراکان (تداعیات)ی سیاسەتی گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی لە نێوان لێژنە نێودەوڵەتیەکان و بەرپرسانی کورددا

لە دەستپێشخەرییەك دا کە یەکەم بوو لە شێوازدا بۆ بەرپرسێکی نێودەوڵەتی بە یەکگەیشتنێك هاتەدی لەگەڵ خەڵکانێکی ئەکادیمیدا لە ناو جەرگەی ماڵەکەیاندا وەك هاوبەشی کردنێکی ئەم بەرپرسە لە خەم و خەفەتی گەلی کوردا و کێشە چارەنووس سازەکانیدا، پێش ماوەیەك بەڕێز (ئەلکتۆن-Electon) سەرۆکی لێژنەی گەڕان بە دوای راستی یەکان دا لە عێراق وە ژمارەیەك لە وانەبێژانی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەی بە یەکگەیشتنە کە بوون و دیارترین بابەت کە بەرپرسە نێودەوڵەتیە کە خستیە بەردەم ئەمە بوو:

چاکترین رێگاکان چین (کامانەن) بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناوچە بەعەرەب کراوەکان کە رزگارکران لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی پێشوو لە نیسانی ساڵی (٢٠٠٣) دا؟ کە درێژ بوونەتەوە هەر لە شارۆچکەی (شەنگار) ەوە لە پارێزگای نەینەوا تا دەگاتە شارۆچکەی (بەدرە) لە پارێزگای (واسیت)وە مەبەست لە گرفتی عەرەبە هاوردەکان و کوردە راگواستراوەکان بوو.

وە لەو کارانەی زیاتر بەرپرسە بیانیەکەی سەرقاڵ دەکرد چۆنێتی لێکۆڵینەوە بوو لە گێڕانەوەی بەشە فراوانەکانی ئەو ناوچە رزگار کراوانە بۆسەر هەرێمی کوردستانی عێراق وە ئەو بنەمایانە چین کە دەکرێ لەبەر چاو بگیرێن لەم پێناوەدا؟

پێویست بوو کە توێژینەوەکان و زانیارییە بە بەڵگەکان و روونکردنەوەکان و ئەو نەخشانەی کە پەیوەندییان هەیە بە شاڵاوەکانی ئەو گۆڕینە دیموگرافیەی بەسەر هەرێمی کوردستانی عێراقدا هاتووە بخەینە ناودەستی بەڕێز "ئەلکتۆن" و لێژنە بڕیار دەرەکەیەوە و زۆر لە وانەی کە پەیوەندیدارن بە (کێشەی عێراقیەوە) بە گشتی وە بە (کێشەی کوردییەوە) بە تایبەتی، گۆڕانە دیمۆگرافیەکان بەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق دا هاتووە هەرلە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە تا رزگارکردنی عێراق بە شاڵاوەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵ و ئەنفالەکانیشەوە و ساختەکردن لە دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتووان دا و دەست بەسەرا گرتنی هەمیشەیی (بەردەوام) بەسەر زەوییە کشتەکاڵی و



نیشتەجێیەکانی هاوڵاتیان دا و دابەشکردنیان بەسەر تیرەو هۆزە عەرەبەکان و گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە پێکهاتەی کارگێڕییەکان دا.

ئێمەی کورد لە نێوان خۆماندا و بە زمانی خۆمان دەربارەی کێشە چارەنووس سازییەکانمان دەدواین وە زۆر بە کەمی خەڵکەکانی تر هاوبەشی خەم و خەفەتەکانی ئێمەیان دەکرد، بە دڵنیاییەوە ئەو رۆژەهات خەڵکانی تر تیایدا ناچار بوون بە دواماندا بگەڕێن و لە کێشەکانمان بپرسن بە تایبەتی کە جیهان و گەلی عێراقی لە راگەیاندنێکی درۆ و هەڵبەستراوو شێواو دا ژیان بە درێژایی دەیان ساڵەی پێشوو.لێرەوە بەرپرسانی کورد هەستیان کرد بە سەختی جێبەجێکردنی نامەکەیان لە ماوەی پاش رزگار کردنی عێراق سەرەڕای ئەو هەموو بارستانە (اکداس)لە (بڕوانامە و دۆسیە)کە کەوتە بەردەستیان و پەیوەندییان هەیە بە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادییەوە لە کوردستانی عێراق دا، لە سایەی بڵند بوونەوەی (دەنگی پێنووس) بەسەر نرکەو ناڵەی چەك و (زمانی گفتوگۆ) بەسەر زیڕەی گوللە دا لە لایەکی ترەوە (هاوپەیمانەکان) کاتێ کە دەهاتنە کوردستانەوە سەدان دێ و کۆمەڵگای عەرەبی بەڵگەی خاوەنێتی ماڵ و زەوییەکانیان دەخستە بەردەمیان لەگەڵ مافی لە پێشتریی لە مانەوەیاندا لەسەر زەوییەکانیان هەروەك چۆن قەواڵەکان (سندات) یان هەبوو یۆ بە خاوەن بوونی شوێنە بازرگانیەکان و خانووبەرەکان و گەڕەکەکان، برا تورکمانەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایا زەوییەکانیان درێژ دەبنەوە تا زیاتر لە نیوەی هەرێمی کوردستان دەگرنەوە، لە وانەیە بەشێکیش لە دەشتی (السواد) بگرێتەوە لە ناوەڕاستی عێراق دا.

باشتر وایە لێرەدا جەخت بکرێتەوە لەسەر:

قەواڵەکان (سندات) ی موڵك و خانووبەرەکان و بەڵێنەکانی زەوییە کشتوکاڵیەکان کە هەزاران کەس لە عەرەبە هاوردەکان بە دەستیان هێنا کە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتبوون لە وانەیە بە نرخی زۆر سادەو کەم دەستیان کەوتبێ و بە پێی رێوشوێنە نایاساییەکان، ئەم کارە تەنها شێوازێکە لە شێوازەکانی (سیاسەتی پاکتاو کردنی نەژادی) کە جێبەجێ کرا لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا، رژێمی عێراقی پێشوو مەرجی دانا لەسەر بەخاوەن بوونی ئەو زەوی و زارو یەکەی نیشتەجێ بوونانە کە دەبێتە تۆمارەکانی (نفوس) و لیستەکانی ماددە خۆراکیەکان و شوێنی نیشتەجێ ی هەمیشەیی بگوازرێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە بۆی دەچن واتە ناوچە نوێکان (ناوچە کوردییەکان) بەم شێوەیە ئەم جۆرە زەوییانە لە بنەڕەت دا دەگەڕێنەوە بۆ کوردە راگواستراوەکان، و



PDF 4 KURD

گواستنەوەی بە خاوەنبوونیان بۆسەر عەرەبەکان بە شێوازێك بووە لایداوە لە بنچینەو بنەما یاساییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرەکان.

تۆمارەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی عێراق وە بە تایبەتی لە شوێنەکانی بەریەك کەوتندا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا بە بوونی ساختەکاریی شێواوی تیایاندا جیا دەکرێنەوە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتە عێراقیەکان لە کارەکانی ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییانەدا تێکۆشان بۆ سەرخستنی عەرەب لەسەر حسابی دانیشتووانە کوردە کە بە تایبەتی لە پارێزگاکانی: (کەرکوك، موسڵ، سەلاحەدین، دیالە)دا لەبەر ئەوە دەرئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرییانە دوور لە راستی (واقیعی) دیمۆگرافی دانیشتوانەکەوە هاتوون، بەڵام ئەم بەرەنگار بوونەوانە ئێمەی کورد بەرگەی بەرپرسیارێتی بەزاندنیان دەگرین لە رێی هەستانمان بە گەڕان بە دوای راستییەکاندا پێش خەڵکانی تر وە ئامادەکردنی گشت ئەو شتانەی کە دەکرێ بیان گەینێ لە بەڵگەنامە و بڕوانامە و زانیارییەکان کە تایبەتن بە گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تا توێژینەوە و شیکردنەوە ئەنجام بدرێت لە بارەیانەوە.





PDF 4 KURD

## دەرئەنجامەکانی بەعەرەبکردن پاش رزگارکردنی عێراق بەرەو کوێ....!؟

بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بەردی بناغەیە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتانی جیهاندا (دەوڵەتە پێشکەوتووە شارستانیەکان) وەلە پێشەوەی هەموویان دا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) تەنانەت بنچینەکانی مافەکانی مرۆڤ کە (دەستوورە ئایینییەکانی ئاسمان) پێش نەتەوە یەکگرتووەکان رایان گەیاندووە وەك برەودارترین تفاق ماوەتەوە لە جیهانی گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا.

وە لەم روانگەیەوە هێزەکانی هاوپەیمانان هاتنە ناو عێراقەوە بۆ رزگارکردنی دانیشتوانەکەی لە دێوەزمەی ترسناك کە وەك مۆتەکە مایەوە لەسەر سنگیان گشت ئەو سالأنەی کە رابوورد لە پێناو گێرانەوەی ئازادی بۆ رۆڵە چەوساوە و زۆر لێکراوەکانی.

ئەو کارەساتەی کە بەسەر دانیشتووانی کورددا هات لە کوردستانی عێراق دا شێوازێکە بۆ ئەو کارە ساتەش کە بەسەر گشت گەلانی عێراقدا هات ئایا لەرێی ئەنفال کردن و لەناو بردنی بە کۆمەڵەوە بێت یان لە سووتاندن و وێرانکردنی دێهاتەکان و کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە بێت یان لە شالأوەکانی کۆچپێکردن و راگواستنەوە بێت بە درێژایی دەیان ساڵەی رابردوو، زۆر جار ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کەلە ژێر دەسەلأتی رژێمی عێراقدا بوون زۆرترین ئازارو ئەشکەنجەیان دەچێشت لەدەست ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە بەجۆرێ کە شێوازی (پاکتاوی نەژادی دانیشتووانی)وەرگرت.

دەکرێ بووترێ کە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە بریتی بوو لە دیارترین ئەو ئامانجانەی کە رژێمی عێراقی لە ناوبەر نەخشەی بۆ دەکێشا وە گشت تواناکانی بەکارهێنا بۆ بەدیهێنانی، هەزاران بەڵگەنامە و راپۆرت و پشتگیرنامە کەوتە دەستی هاولأتیان لەم بارەیەوە لە ئەنجامی راپەرینی ساڵی (١٩٩١) دا و پاشان لە سەردەمی رزگارکردنی عێراق دا، کە بەسەر کۆنەکردنی ئاشکراو روونی رژێمی عێراقی دادەنرێن لەبەر لادانی لە بنچینەکانی مافەکانی مرۆڤ کە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان پێی دەوڵەمەنددەبن.



PDF 4 KURD

ئەو سیاسەتی بەعەرەبکردنە هەردوو (زەوی) و (مرۆڤ)ی پێکەوە گرتەوە، لەسەر ئاستی زەوی: دەستگیرا بەسەر رووبەری فراوان لە خاکی کوردستان (بەکشتوکاڵی و ناکشتوکاڵیەوە) جگە لە خانووبەرەو شوێنەکانی نیشتەجێ بونی هاولأتیە کوردەکان بە بەزاندنی گشت یاساو فەرمانەکان کە پەیوەندییان هەیە بە تۆماری (خانووبەرەکان) و گواستنەوەی (بەخاوەن بوون-ملکیە)ەوە لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی [ژمارە (٩٠١) لە ١٩٧٧/٨/١٠] دا پارێزگای (تەئمیم) رێگەی دا بە فرۆشتن و دابەشکردنی خانووبەرەو زەوی و زارەکان (جیا لە فەرمانەکان و یاساکانی تۆماری خانووبەرە) تەماشای بڕوانامەی ژمارە (١) بکە بڕیارێك لە هەمان شێوە لە پێشیدا دەرچوو بە ژمارەی (٩٤٩) لە ١٩٧٦/٨/٢٣ وە بڕیارێکی تر بە ژمارەی (٨٢٤) لە (١٩٧٦/٧/٢٨) دا بەڵگەش بۆ ئەم بڕیارانە هەردوو بڕوانامەی ژمارە (٢) و (٣)ن، هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارێکی تری دەرکرد دەربارەی پارێزگای (نەینەوا) بە ژمارەی (٥٠) لە (١٩٨٩/١/٢٨) تیایدا رێگە لە دادگاکان گیرا بۆ تەماشاکردنی ئەو داوایانەی کە باس لە گواستنەوەی بە خاوەن بوون (ملکیە) دەکات کە پارێزگار پێی هەستا بڕوانە بڕوانامەی ژمارە (٤).

پاش کارەکان (کردارەکان)ی دەست بەسەراگرتنی دەوڵەت بەسەر ئەم جۆرە زەوییانەدا و شوێنە نیشتەجێکانی هاولأتیانی کورد، دەکرێ دابەش بکرێن بەسەر عەرەبە هاوردەکان دا بە پێ ی راستگێڕیی و بنەماکان، سوودمەندەکان پابەند دەکرێن بە نیشتەجێ بوون و سەقامگیر بوونیان لەم زەوییانەدا و گواستنەوەی دانیشتوانیان (نفوسهم) بۆ ئەو پارێزگایانەی کە بۆی هاتوون.

بەلأم بەعەرەبکردنی مرۆڤ بریتی بوو لە پابەندکردنی سەرجەم کارمەندانی کوردو تورکمان و کلدان و ئاشوور بە ئاخاوتن بە زمانی عەرەبی وە خوێندن بە زمانی عەرەبی و نووسین بە زمانی عەرەبی وە راستکردنەوەی باری نەتەوایەتیان بۆ (عەرەبی) لە پێناو بە دیهێنانی ئەمانەدا دەیان بڕیار دەرکرا کە هاولأتیان وا لێدەکات ئارەزووی جێبەجێکردنی ئەو رێوشوێنانە بکەن لە لایەك، وە بڕیاری تر هەبوون کە هەڕەشەیان لێدەکردن بە وەرگرتنی رێوشوێنی توندو ئازار بەخش لە کاتی نیشاندانی رێگرییاندا لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە دا لە لایەکی تر. لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی ژمارە (٢١٧) لە (٢٠٠٠/١/١٨) ریگە دەگیرێ لەو هاولأتیانەی کە (عەرەب نین) خەریکی (هێنانی کەل و پەل، فرۆشتن، کڕین، بەکرێدان و بە کرێگرتن، کاروباری بازرگانی، بیناکاری، گەنجینەکان، بەشداریی کردن لە زیاد کردنەکان و کەمکردنەوەکان)ن لەگەڵ

گشت کەرتە دارایی و ئابوورییە عێراقی و بیانیەکاندا بڕوانە بڕوانامەی ژمارە (٥)، وە بڕوانامەی ژمارە (٦) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو کارانەی سەرەوە تەنها بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبە وە لە هەرە چاکەکانیان!!!

بەڵام بڕوانامەی ژمارەی (٧)لە ژێر ئاڕاستە کردنەکانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریدا تەواوی قوتابیانی لەگشت قۆناغەکانی خوێندن دا پابەند کرد بە خوێندن تەنها بە (زمانی عەرەبی) وە ڕێگە بە هیچ زمانێکی تر نادرێت بۆ ئەم مەبەستە، ئەم پابەندکردنە تەنانەت (کاتەکانی پشوش) دەگرێتەوە واتە ئاخاوتنی نێوان قوتابیان خۆیان یان قوتابیان و مامۆستایان دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت. هەڵبەت یاسای ڕاستکردنەوەی باری نەتەوایەتی بۆ عەرەبی (قانون تصحيح القوميه الى العربيه) توندترین دەربەدەرکردنە لە سیاسەتی ڕژێمی عێراقی پێشوودا، لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (١٩٩) لە (٢٠٠١/٩/٦) دا ماف درا بە گشت عێراقیەك بۆ گۆڕینی باری نەتەوایەتی بۆ عەرەبی لە بەرامبەردا بڕیاری ژمارە (٨٥٠) لە (١٩٨٨/١١/٢٧) ڕێگەی لەم مافەگرت بۆ هاوڵاتی عەرەب واتە عەرەب نابێ باری نەتەوەیی خۆی لە (عەرەب) ەوە بگۆڕێ بۆ کورد، تورکمان،...تاد.

بەڵکو هەر عەرەبێك ئەمە بکات ئەوا سزای بەندکردن دەدرێت بەسەریدا کە کەمتر نیە لە ساڵێك. تەماشای هەردوو بڕوانامەی (٨ و٩) بکە وە واوەیلا بۆ گشت ئەوانەی کە عەرەب نین و ئەو زانیارییانەی سەرەوە جێبەجێ ناکەن ئەوا زۆر لێکۆڵینەوەو ڕێوشوێنی توندوتیژ لە بەردەمیاندا دەبێت لە وانە وەك ئەو شتانەی کە لە نوسراوی پارێزگای (التاميم)ی ژمارە (١٥٥٨/٦/٦) لە (٢٠٠٠/٢/٢٩) دا هاتووە وەك ئەمانەی خوارەوە:

١-کێشانەوەی بلیتی خۆراك لێیان
٢- گواستنەوەیان بۆ شوێنە زۆر دوورەکان
٣- دابەزاندنی پلە وپایە کارگێڕییەکانیان
٤- وەستاندنی سەر مووچە و بەرزبوونەوەی مووچەو دەرماڵەکان و بەخشیشەکان
٥- دەرکردنیان لە خانووە حکومیەکان.تەماشای بڕوانامەی ژمارە (١٠) بکە

بەبێ ئازار و ڕەنج و دەردەسەریی چاودێرە نێودەوڵەتیەکان و ئەوانەش کە بایەخ دەدەن بەدەردی گرانی ئەم گەلە (گەلی کورد) دەتوانن لە ڕێی ئەو ژمارە زۆرەی بڕوانامانەوە باری ڕاستەقینەی ئەو سیاسەتی بەعەرەبکردنە بزانن کە ڕوویدا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە نوسراوی لێژنەی کاروبارەکانی باکوور بە واژۆی سەرۆکەکەی (تەها یاسین ڕەمەزان) ی ژمارە



(٤٤١) لە (١٩٩٥/٢/٢١)دا دیاریکردنێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە دەربارەی ڕێڕەوەکانی ئەو سیاسەتە کە بریتین لە:

١- زانیارییەکانی (سەرۆك سەدام حوسێن) لە تەواوکردنی دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵیەکان بەسەر هاوڵاتیە عەرەبەکاندا لە هەردوو پارێزگای (تەمیم و نەینەوا) و تەوەری (مەخمور-دیبەگە)دا.

٢- گواستنەوەی تۆماری دانیشتووان (نفوس) و بلیتی خۆراکی بەڵێندەرانی زەوییە کشتوکاڵیەکان بۆ ئەو شارانەی کە نێردراون بۆیان.

٣- ڕێگەدان بە هەردوو پارێزگاری (تەمیم و نەینەوا) بۆ بە دوادا چوونی ئەو کارانە بڕوانە بڕوانامەی ژمارە (١١) وە بە پێ ی ئاڕاستە کردنەکانی لێژنەی کاروبارەکانی باکوور، بە نوسراوی لێژنە ژمارە (٥٧٠) لە (١٩٩٤/٤/٢٧) کە دەڵێ تەوەری (موسڵ- شێخان) بە یەکێك لە تەوەرە بنەڕەتیەکان دادەنرێت کە دەبێت (بەعەرەبکردن) بیگرێتەوە و بە شێوەیەکی هەمیشەیی عەرەبی زۆری تیادا بێت. لەبەر ئەوە پارێزگای نەینەوا بڕیاری دا بە پێکهێنانی لێژنەیەك کە پێك بێت لە بالاترین سەرکردایەتیەکانی پارێزگا بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە (٢٨٦٨) لە (١٩٩٤/٥/٧) بۆ بڕیاردان لەسەر ئاسایش لە تەوەری ناوبراودا و دیاریکردنی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە لەوێدا نیشتەجێ دەکرێن لەسەر حسابی خاوەنەڕاستەقینەکانی زەوییەکان، بڕوانە بڕوانامەی ژمارە (١٢) وە کاتێ کە یەکێك لە هاوڵاتیان بیویستایە داوا لە دادگاکان بکات بۆ گێڕانەوەی زەوییەکەی بە ڕێگا یاساییەکان دوای بەدەست هێنانی بڕیاری دادگا بۆ ئەم مەبەستە بەڕاستی هەروەك (بڕوانامەی ژمارە (١٣) ئاماژەی پێدەکات) بەڵام نوسراوی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری ژمارە (١٠٦٢٨) لە (١٩٩٤/١٠/٥) بڕیاری دادگای ڕەت دەکردەوە، وە مافەکانی ئەم هاوڵاتیە دەکوژێنرایەوە (واتە مافی هەڵسوکەوت کردن لەسەر زەوییەکەیی و بەکارهێنانی)

هەزاران بەڵگەنامە و پشتگیرنامە کە نەخشە کێشانەکانی دەسەڵاتی عێراقی بڕیاری لەسەر داوە (تنوکێکە لە دەریایەك) بە ئامانجی بەر تەسککردنەوەی هەبوونی کورد و تواندنەوەیان لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا، خۆزگە ئەوانەی کە ئەمڕۆ عێراق دەبەن بەڕێوە لە ئێش و ئازاری ئەم گەلە و ئاوات و خواستەکانیان تێدەگەیشتن لە گەڕانەوەدا بۆسەر زەوییەکانیان و ماڵەکانیان وە برا، عەرەبە هاتووەکانیش کە دەسەڵاتە لە ناو بەرەکانی عێراق هێنایانن لە نەخشە کێشانە ڕەگەز پەرستیەکانیاندا تا ببنە هۆکاری زۆرداریی و چەوساندنەوە و ڕانەگرتنی هەست و هۆشی و بێبەشکردنی گەلی کورد لە مافە ڕەواکانی خۆی.

# له پێناو سەقامگیریی و بنیادنانی عێراقی یەکگرتوودا

مێژووی هاو چەرخی عێراق بڵندبوونەوەی بەردەوام بە خۆیەوە دەبینێ لە چوارپایەی بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردی دا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە مەبەستی دارشتن و بەرجەستە کردنی مافە نەتەوەییە یاسایی و رەواکان، وە بە هێندی مەزنی ئەو قوربانیانەی کە گەلی کورد پێشکەشی کردوەو پێشکەشی دەکات لەگەڵ خۆراگریی و بەرخودانییدا لە بەردەم شەپۆلەکانی دلرەقی و کوشتن و لەناو بردندا مافە نەتەوەییەکانی بە پێی پێویست بوون پەرە دەسێنێت، هەروەك چۆن خورپەکانی دڵ و مەترسیەکانی لە چارەسەرییە ناوەندییەکان دا (الحلول الوسطية) یان لە هەر رێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکان دا زیاد دەکات، سەدان هەزار شەهید و چەندین ساڵ راونان و بێ بەشکردن کە ئەم گەلە تیایدا ژیا بە درێژایی سەدەی رابردوو لە بەرچاو ناگیرێ.

هەڵبەت خوێندنەوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو دزێوی و ناشیرینی ئەو هۆکارانە دەردەخات کە رژێمی عێراقی لەناوبەر، بەکاری هێنا لە تەسککردنەوەی دیمۆگرافی گەلی کوردا و رەت کردنەوەو سرینەوەی هەبوونی کورد وەکو گەلێك کە قەوارەو مێژوو و شارستانیەتی خۆی هەیە هۆکارەکانیش بریتی بوون لە: سیاسەتی کۆچپێکردن و ناردنەوەو شاڵاوەکانی ئەنفال و لە ناوبردنی بە کۆمەڵ و بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ جگە لە چاندنی سەدان جێنشینی عەرەبی لە قوڵایی زەوییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا گەواهن (شواهد) لەسەر زمانی گفتوگۆ (حوار) لە نێوان دەسەڵاتی عێراقی و گەلی کوردا. خۆراگریی کورد بەردەوام بووە بە نواندن و بۆ هاتنی سۆزو جۆشی جەماوەر و بەردەوام بوونی بەخشینەکانیان بۆ درێژە پێدانی ئەم خۆراگرییە بوو لەگەڵ دیاری و بەخشیش بۆ جەماوەری تێکۆشەر.

بەڵام هێزە شەرخوازو ستەمگیرەکان نێتی دڵیان راست وپاك نەبوو بەهەمان شێوەی راستی و دڵپاکی ئێمە لەبەر ئەوە هەر خێرا ئەم هێزانە پاشگەزبوونەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی رەگەز پەرستانەیان بە شێوەیەکی زۆر دزێوانە تر و فراوانتر لە جاران بەڵام رەتکردنەوەی جەماوەریی بەردەوام بوو دژی ئەو سیاسەتە هەروەك چۆن خۆراگریی بەردەوام بوو، کۆچی ملیۆنی ساڵی (١٩٩١) وەرگێرانێکی تر بوو دژی ئەو سیاسەتە لەگەڵ نیشانە بۆ بەردەوام بوونی بەخشینەکان.



PDF 4 KURD

بەم جۆرە کوردستانی عێراق وەك نموونەیەکی بەرێوەبردنی کوردی لە ناوچەکەدا دەرکەوت، لە بەرامبەر خۆکێشانەوەی بەرێوەبردنەکانی رژێمی عێراقدا، گەلی کورد توانی هەڵبژاردن بکات پاش ساڵێك و پەرلەمان و حکومەتی نیشتمانی دابمەزرێنێ و رێزو باوەری رای گشتی جیهانی بەدەست بهێنێت کە تا ئێشتاش ئەم دەست هێنانە بۆتە پەرژینی بەهێزی پاراستنی دەستکەوت و داوا رەواکانی گەلی کورد. ئەمرۆ پاش نەمانی دەسەڵاتی ستەمگیر، عێراق رزگاری بوو لە نیسانی ساڵی (٢٠٠٣) دا وە گەلی کورد بریاری دا دەست درێژ بکات بۆ گەلی عەرەبی برای لە عێراقدا تا پێکەوە کار بکەن لەسەر سەرلە نوێ بنیادنانەوەی گشت ئەو شتانەی کە رژێمی لەناو بەر رووخانی و لە ناوی برد، وە کورد و عەرەب پێکەوە داوە دەزووی هیوا بچنن لە پەرەپێدان و ئارامیدا لە رێی بڵاوکردنەوەی دیموکراتیەتەوە لەسەر کەمکردنەوەی رژێم بۆ دامەزراوە شارستانیەکان لە سایەی رژێمی فیدراڵیدا.

ئایا ئەم بانگەشەیە بۆ یەکێتی عێراق و پارێزگاریکردن لە قەوارەکەی و تێکۆشان بۆ نۆژەن کردنەوەو پەرەپێدانی نیە؟

ئایا ئەم بانگەشەیە وەلانانی گەلی کورد ناگەیەنێت لە گشت شاڵاوەکانی پاکتاوی نەژادی و لەناو بردنی بەکۆمەڵ و ساڵانی زۆر لە راونان و چەوساندنەوەو بێ بەشکردن و کردنەوەی لاپەرەیەکی نوێ بۆ بنیادنانی عێراقی یەکگرتوو.

ئایا بزاڤ و حیزبە عەرەبیەکان لێیان دەوەشێتەوە بە جیاوازیی شەبەنگەکانیان و رەنگەکانیانەوە هەلی رەتکردنەوەی گەلی کورد بەدەست بهێنن و کورد دوور لە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغداد بمێنێتەوە. باشتر وایە تێکۆشان بکرێت پردە (رۆشنبیریی و سیاسی و ئابووریی)ەکان رابکێشرێ لە نێوان هەردوو گەلی عەرەبی وکوردی لە عێراق دا لە جیاتی بەردەوام بوونی دوورکەوتنەوەو دابران لە یەکتری کە ئەمەش پاشماوەی هەمان خۆ کێشانەوەی بەرێوەبەرایەتیە مەدەنی و سەربازییەکان بوو لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەر لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە.ئەمە بانگەشەیەکە بۆ با بەرپرسەکانمان لە عێراق بۆ کۆتایی هێنان بە ترسی و خورپەکانی دڵی کورد بە درێژایی مێژوویەکی رەشی سەرکوتکردنەکانی حکومەتەکانی پێشوو لە عێراق و پەند وەرگرتن لە رابردوو بەو لێکدانەوەیەی کە رێبازی سەقامگیریی و بنیادنان لەم وڵاتەدا لە دابینکردن و پاراستن مافەکانی گەلی کورددایە لە بریاردانی مافی چارەی خۆ نووسین دا بە دەستی خۆی، ئەمە بریاری لەسەر درا هەر لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە کاتێك پەرلەمانی کوردستانی عێراق رژێمی فیدراڵی راگەیاند بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە باشترینیانەبۆ گەرانەوەی ئاشتی بۆ ناوچەکە هەروەك پێویستە کە:

١- کار بکرێت لەسەر دانانی میکانیزمێك بۆ گەڕانەوەی کۆچپێکردوەکان و نێردراوەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان ئەمەش بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەروەك دەکرێ کە میکانیزمێکی هاوشێوە دابنرێ بۆ گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەو پارێزگایانەی کە لێوەی هاتوون یان بۆ هەر جێگایەکی تری دەرەوەی هەرێم کە دەوڵەت بۆیان دروست دەکات.

٢- دووبارە پێکهێنانەوەی پێکهاتە کارگێڕییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەو شێوازانەی کە هەیانبووە لە سەردەمی پێش دەسەلآت گرتنە دەستی حزبی بەعس لە عێراقدا.

لە لایەکی تر گرنگ ئەوەیە حکومەتی هەرێم دانانی نەخشەو پرۆگرامی زانستی بخاتە ئەستۆی خۆی بۆ ماوەی پێش ئەنجامدانی سەرژمێری لە عێراق دا بە جۆرێ کە بکرێ لێژنە تایبەتمەندەکان پێك بهێنرێ بۆ هێنانەوەو چاودێریکردنی کۆچپێکردووەکان و نێردراوەکان و گێڕانەوەیان بۆ ناوچە بنەڕەتیەکانی خۆیان و ئامادەکردنی گشت پێداویستی یەکان بۆیان تا کاتی کۆتایی هاتنی کاری نیشتەجێکردنیان بە شێوەی کۆتایی.

بارودۆخی ئێستای عێراقی خۆشەویستمان پێویست دەکات بە وە لانانی دیاردەکانی کێشە بچووکەکان و کارکردنی هاوبەش بە ستراتیژیەتێکی یەکگرتووانە تا کاتی سەرژمێری دانیشتووان، ئەو کات لەسەر گشت لایەك پێویست دەکات کار بکات بۆ سەرخستنی کاری سەرژمێرییەکە لە ژێر چاودێریی دەستەی نێودەوڵەتیدا.

**لەبەر ئەم رۆشناییە دا پێویستە کە:**

١-لێژنەی ئامادەکاریی پێکبهێنرێ بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان پێش ساڵێك بەلای کەمەوە لە بەرواری سەرژمێرییەکەوە.

٢- ئەم لێژنەی سەرژمێریکردنە پێك بێت لە تایبەتمەندیی پسپۆڕی وا کە پەیوەندییان هەبێت بەبابەتی سەرژمێرییەکەوەو پابەندیی بێ لایەنی بن لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکاندا.

٣- پێکهێنانی دەستەی باڵا بۆبە دوادا چوونی کارەکە لە حزبە سەرەکیەکان لە عێراقدا جگە لە دەستەی تر لە گشت پارێزگایەك ئەرکی تۆمارکردنی لادانەکان و چوونە پێشەوە بێت بەبێ پەرەسەندنی ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان هەیە بە پەکخستنی کاری سەرژمێرییەکەوە.

٤-دەستەی نێودەوڵەتی چاودێر بۆ کارەکانی سەرژمێریکردن بەڵێن بدات بە دابڕینی گشت ئەو ڕووداوانەی کە دەکەونەوە لەم سەرژمێریی کردنەدا.

٥- حزبەکان و کۆمەڵگا پەیوەندیدارەکان بە کاری سەرژمێرییەکەوە پابەند بن بە دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکەوە.

PDF 4 KURD

## له پێناو سەقامگیریی عێراق و سەر له نویٚ بنیادنانەوەی دا

زیاتر له حەوت ساڵ تێپەڕیوه بەسەر رزگاری عێراق دا و گەلی کورد چاوەڕیٚ ی دەرئەنجامی رووداوەکانه به هێمنی یەوه، ئەم گەله به درێژایی سەدەی رابردوو لەسەر هیوا ژیاوه، ئەو هیوایەی هەمیشه ئەو (قەندیل)ه بووه که رێگای خۆی پیٚ رۆشنکردۆتەوه بەرەو ژیانێکی پڕله سەروەریی وه زۆر جار ئەم هیوایه نەهاتۆته دی و کورد خۆی له ناوەندی دالآنی تەسك و تاریك دا بینیوەتەوه که هیچ رووناکیەکی هیوا بەخشی تیادا نەبووه، بەڵام خێراو گورج و گۆڵانه توانیویەتی خۆی دەرباز بکات وەك پاڵەوانێکی تێکسمڕاوی بەهێز که زەوی له ژێر پیٚ ی دا دەلەرزی و هەست به رێووشوێنەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجه نەتەوەییه یاسایی و رەواکانی.

ئەگەر هەندیٚ شت هەبن که پاکانه بۆ هەڵوێسته نابەر پرسیارێتیەکانی دەسەڵاتی عێراقی بکات هەر له دامەزراندنیەوەتا نەمانی (رووخانی) له نیسانی ساڵی (٢٠٠٣)دا ئەوا هیچ پاکانەیەك نیه بۆ بۆچوونه ناهوشیارییەکانی هەندیٚ له هێزەکانی بەرهەڵستکاران (که پێشوەخت له سەردەمی رژێمی بەعس دا ئۆپۆزسیۆن بوون) و له کاتی ئێستادا دەسەڵاتداران به تایبەتی ئەوانەیان که نزیکن لەو شێوازی دەسەڵاتەی که له ناوچه کوردییەکەی عێراقدایه.

پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتەوه له ساڵی (١٩٢٥) دا خاڵی وەرچەرخان بوو له پەشیمانبوونەوەی هاوپەیمانان له بەڵێنەکانیان که بڕیاریان له سەردا بوو له کۆنگرەی (سیڤەر) ی ساڵی (١٩٢٠) تایبەت به مافی کورد له بڕیاردانی چارەنووسی خۆیداو دانانی قەوارەی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆیاندا، هەروەك مافی دا به چوونه پاڵی بەشێك که بریتی بوو له (ویلایه موسڵ) بۆسەر ئەم قەواره سەربەخۆیه.

وه گەلی کورد تێکۆشا بۆ راگەیاندنی ناڕازی بوونی به لکاندنیەوه گولی کورد به دەوڵەتی عێراقی نویٚ وه، ئەم ناڕازی بوونەش بریتی بوو له بەردەوامبوونی شۆڕشەکەی (شێخ محمودی نەمر) تا دەگاته شۆڕشەکانی بارزانی و له کۆتایشدا هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گولآن و داواکردنی مافه نەتەوەییه رەواکان بۆ گەلی کورد له عێراق.



PDF 4 KURD

لەگەڵ هەڵچوونی توندوتیژیی کاره سەربازییەکان له کوردستانی عێراق دا به درێژایی سەدەی رابردوو وه بەکار هێنانی چەکی هەمه چەشنه له لایەن دەسەڵاته عێراقیەکانەوه، بەوانەشەوه که به شێوەیەکی نێودەوڵەتی رێگه پێنەدراوون، پاشان شاڵاوەکانی پاکتاوکردنی نەژادی که نیوەی دووەمی سەدەی رابردووی پیٚ ناسرایەوه) گەلی کورد بەردەوام بوو له بەرگریی کردن و بەر پەرچدانەوەو پێشکەشکردنی هەزاران له رۆڵه گیان بەخشەکانی لەسەر کوشتارگەی ئازادیی و سەروەریدا، بەڵام لەگشت ئەم شتانەدا کورد بیری لەوه نەکردۆتەوه ببێته دوژمنی گەلی عەرەبی له عێراقدا وه بەردەوام بووه لەسەر درێژکردنی دەستی کارکردن پێکەوه لەگەڵ برا عەرەبەکانیدا دژی دیکتاتۆریەت و چەوساندنەوەو بیٚ ویژدانی به وەرگرتنی دروشمێکی ناوەندیی له دەستەواژەی (دیموکراتیەت بۆ عێراق)ەوه بەردەمی خۆی پیٚ رۆشن بکات له ریٚ رۆیشتنیدا و له بنیادنانەوەی عێراقی چاوەڕێدا.

له جیاتی ئەوەی که دەسەڵاته عێراقیەکان لەسەر دەستی کورد خۆیان گورج و گۆڵ بکەنەوەو برابەشی کوردو عەرەب له نیشتمانەکەیاندا پەسەند بکەن هەروەك (مادەی سیٚ ی دەستووری عێراقی کاتی)، (یەکەم) ناوەڕۆکی لەسەر داناوه بەوەی که (کورد پشتی عەرەبەکان بێت له خۆشی و ناخۆشیدا) بەڵام بەداخەوه دەسەڵاته عێراقییەکان هەمیشه بەردەوام ناپاکیان دەکرد بەرامبەر سەردەمەکان و بەڵێنەکان، وه بەهێزترین ئازار ئەشکەنجەی گەلی کوردیان داو خاك و رەگەز و رەچەڵەکی کورد سووتا به ئامانجی بەرتەسك کردنەوەی هەبوونی کورد و تواندنەوەی له بۆتەی نەتەوەی عەرەب دا!!!

شاڵاوەکانی کوشتن و کۆچپێکردن و ناردنەوەی کورده فەیلییەکان بۆ دەرەوەی نیشتمان و سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژاد و ئەنفالەکان و بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ گەواهێکن که واقیعەکان و رووداوەکان سەلماندیانن و هەزاران زانیاریی و ژماره پشت راستیان دەکاتەوه بۆ گەیشتن بەو ئامانجانه، لەگەڵ ئەو هەموو ناسۆر و لێقەومانەدا، گەلی کورد بەسەر بەرزیی مایەوه و سروودی ژیان دەچڕێت لەتەك گەلی عەرەبی برایدا بۆ پێکەوه تێکۆشان به مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی دیموکراتی به لەبەر چاوگرتنی بۆچوونه نەتەوەییەکانی کورد له رژێمی (فێدراڵی) دا و لەناو دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا، بەو بڕوایەی ئەم کاره دەبێته بەردی بناغەی یەکێتی خاکی عێراق له لایەك، وه پێدانی مافه نەتەوەییه رەواکان به هاوڵاتیانی کورد له هەرێمی کوردستانی عێراقدا له لایەکی تر هەروەك چۆن نەتەوەکان و کۆمەڵەکانی تر بەشه مافەکانیان پارێزراو دەبێت له سایەی، رژێمی فێدراڵیدا به پێی قەبارەی دانیشتووانەکانیان.

لێرەوە هاوبەشیکردنی کاریگەریی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارە عێراقیەکاندا دەستی پێکرد، تا رادەیەکی زۆر بۆچوونەکان وەك یەك بوون بە تایبەتی لە دامەزراندنی رژێمی فیدراڵیدا بۆ کوردستانی عێراق ئەمە ئاشکرا بوو لەو کۆنگرانەدا کە بەرهەڵستکارەکان بەستیان لە ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا وە هەر لێرەوە دووبارە هاوبەشیکردنی کورد لە کارەکانی رزگارکردنی عێراق دا هەروەك سەرۆك (مەسعود بارزانی) جەختی لەسەر کردەوە تەنها بۆ لابردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەبوو بەڵکو لە پێناو دامەزراندنی رژێمێکی نوێ بوو کە باوەڕی بە مافە نەتەوەییە دروست و رەواکانی گەلی کورد هەبێت و کار بکات بۆ پارێزگاریی کردنیان.

ئایا پەسەندو گونجاوە پاش ئەو هەموو قوربانیانەی کە گەلی کورد پێشکەشی کردوە و رووبارەکانی خوێنی شەهیدەکان خاکە وشکەکەی کوردستانی پاراو کردووە گەلی کورد وازبهێنێت لەو مافانە!؟

ئایا راستەو دادپەروەرانەیە کە کورد داوای دابەشکردنی نیشتمانەکەی بکات بۆ (کانتۆنات) لەسەر بنەمای پارێزگاکان!!، یان وازبهێنێت لەو مافانە لە دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی دا وەك گەلانی سەرزەوی و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا!؟

یان ئایا مافی گەلی کورد نیە ئەو رژێمە دیاری بکات و هەڵببژێرێ کە ویست و خواستە یاسایی و رەواکانی دابین دەکات، یان ئەم گەلە رای وەرنەگیرا پاش پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی لە لایەن لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکانەوە بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ؟ هەروەك رای وەرگیرا لە دیاریکردنی (فەیسەڵ) دا وەك پادشا بۆ عێراق؟ بۆچی نابێت رای کورد وەر بگیرێت لەو رژێمە دا کە ئارەزووی لێیەتی؟

ئایا گەلی کورد مافی خۆیەتی پاش ئەو هەموو دەردە دڵ و ناسۆرە هەناسەیەك بهێنێتەوە بەر خۆیی و گۆچانی راونان و راگواستنەکەی هەتاهەتایە فڕێ بداتە سەرزەوی و راونراوەکان لە رۆڵەکانی کورد بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان وە عەرەبە هاوردەکانیش بکشێنەوە دواوە بۆ سەر خاکی نیشتمانەکەی خۆیان؟ وە کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵیەکانیان بۆ بگەڕێتەوە لەگەڵ خانووبەرە و موڵك و سامانەکانیان وە قەرەبووی چەندین ساڵەی هەژاریی و دەستکورتی و بێ بەریی کردنیان بکرێنەوە.



ئایا ئەم مافانە ئایینە ئاسمانیەکان دایان نەناوە، دەستوورەکانی سەر زەوی بڕیاریان لەسەر نەداوەو نەتەوە یەکگرتووەکان لە (راگەیاندنی جیهانی) مافەکانی مرۆڤدا ساڵی (١٩٤٨) رەزامەندیی لەسەر دەرنەبڕیوە؟

گەلی کورد دەستی درێژ دەکات بۆ گەلی عەرەبی برای لە عێراق دا، وە لە (یەکێتی ئارەزوومەندان- الاتحاد الاختیاری)ە دا نموونەیی ترین رێباز دەبینێتەوە بۆ بنیادنانی عێراقی دیموکراتی سەقامگیر و ئارام کە تیایدا کورد و عەرەب برا بەش بن لە نیشتمان دا بۆ سەر لە نوێ بنیاد نانەوەیی و گەشەپێکردنی و خۆشکردنی گوزەرانی، وە لە بەرژەوەندی رۆڵەکانیەتی کە هێزە کاریگەرەکانیان لەشەڕ سورئەم رێبازە کۆ ببنەوە، وە دەبێت سەر کردە نوێکانی عێراق بەوەفابن لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە خۆیان پێوە پابەند کرد بوو لە کۆنگرەکانی (نیویورك، لەندەن، سەلاحەدین)دا تا ببنە نموونەی دەگمەنی وەفای عێراقی لە بەردەم خوای مەزن و نیشتمان و هاوڵاتیاندا کە تا ئێستاش (لە سەردەمی نوێوە) هیوا دەخوازن بە ئاسایش و سەقامگیریی و خۆشگوزەرانی.

# بریار و بەڵگەنامە و زانیارییەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

مجلس قيادة الثورة

العدد: [illegible]

التاريخ: [illegible]

## قـــــــرار

نظراً لوجود حالات موروثة في سجلات فترة الحكم العثماني للعراق ومن اجل اعطاء الانسان حق اختيار قوميته .. وانسجاماً مع مبادئ حزب البعث العربي الاشتراكي من ان المواطن هو من يعتنق فكر الوطن العربي ويتكلم اللغة العربية ويختار العروبة مصيراً له ، واستناداً الى أحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة ما يأتي :

أولاً – لكل عراقي أتم الثامنة عشرة من العمر الحق في طلب تغيير قوميته الى القومية العربية .

ثانياً – يقدم طلب تغيير القومية الى دائرة الجنسية والاحوال المدنية المسجل فيها الشخص .

ثالثاً – يبت مدير الجنسية والاحوال المدنية في المحافظة في الطلب خلال (٦٠) ستين يوماً من تاريخ تقديمه .

رابعاً – يثبت قرار تغيير القومية في السجل المدني ، ويتخذ اساساً لتعديل جميع السجلات والوثائق الرسمية الاخرى .

خامساً – يصدر وزير الداخلية تعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار .

سادساً – ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

**وثيقة رقم (١): كركوك وقانون تصحيح القومية**



## قرارات مجلس قيادة الثورة

### رقم ٨٥٠

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٨/١١/٢٧ ما يلي –

أولاً – يمنع العراقي عربي القومية من تغيير قوميته الى قومية اخرى لاي سبب كان .

ثانياً – يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة كل من خالف أحكام الفقرة (أولاً) من هذا القرار .

ثالثاً – تسري احكام هذا القرار على كل من استبدل أو غير قوميته العربية قبل نفاذه اعتباراً من ١٩٨٠/٩/١ .

رابعاً – ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ويتولى الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذه .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

الوقائع العراقية – العدد ٣٢٣٢ ٩٥٤ ١٩٨٨/١٢/١٢

**وثيقة رقم (٢): كركوك وقانون تصحيح القومية**

جمهورية العراق

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
المكتب الخاص

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
المكتب الخاص
العدد
التاريخ ١٩٩ / /

الى / الشؤون الداخلية / التأميم

الموضوع / موافقة

كتابكم المرقم ١١/٤/١٦/١٠٤ في ١٩٩٩/٨/٢١ . ومما جاء بكتاب قيد السكن والسكانية لعام ١٩٧٧ الصادر من مديرية احصاء التأميم للمواطن ( حيدر علي قاسم ) وعلى ضوء التوجيهات المركزية ٢٠٠٣/٢/٧ الصادرة من وزارة الداخلية ـ الشؤون الامنية . نوافق على شمول المواطن بالامتيازات الخاصة وعدم الدور والعقارات في حدود محافظة التأميم . ليكون حافزا لتصحيح القومية لتغيير الواقع القومي للمدينة . اتخاذ ما يلزم .

اللواء الركن
نوفل اسماعيل خضير
محافظ التأميم

صورة الى /
++++++++++++++
المراسلات السرية / المحافظة ـ للحفظ .
الشؤون القانونية / المحافظة ـ للعلم والاطلاع .
القلم السري / المحافظة ـ للحفظ .
شعبة الاملاك / المحافظة
مديرية التسجيل العقاري / التأميم ـ لاتخاذ الاجراءات اللازمة بهذا الخصوص .

**وثيقة رقم (٣): كركوك وقانون تصحيح القومية**



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

وزارة الداخلية
الشؤون الامنية

العدد / ٢٨٣٦
التاريخ / ٢٠٠٠/٢/١٥

الى / محافظة التأميم ـ المكتب الخاص

م/ توجيهات رقم ٢٤

يجب الزام كافة منتسبي دوائر الدولة الرسمية والشبه الرسمية في حدودكم الادارية بقانون تصحيح القومية وفق الضوابط الخاصة . وتنفيذ ذلك خلال (ثلاثون) يوما . اعتبارا من ٢٠٠٠/٣/١ وبعكسه اتخاذ الاجراءات الخاصة بحقهم . ولكم كافة الصلاحيات واعلامنا النتائج .

موقع
الفريق الركن
سعدون طوان المصلح
و/ وزارة الداخلية للشؤون الامنية

نسخة الى /
مجلس الوزراء ـ مكتب الاعلام القومي ـ للعلم والاطلاع .
شعبة الاضابير السرية السابعة ـ الوزارة ـ للحفظ .
مديرية امن التأميم ـ لتنفيذ ما جاء في الكتاب واعلامنا .

**وثيقة رقم (٤): كركوك وقانون تصحيح القومية**

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق
وزارة الداخلية
محافظة التأميم
القلم السري
العدد /
التاريخ /

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
القلم السري
العدد /
التاريخ / / / ٢٠٠٠

الى / شركة نفط الشمال
رئاسة صحة التأميم

م / تصحيح القومية

تنفيذا للتوجيهات المركزية الصادرة من وزارة الداخلية الرقم ١٨٢٦ في ١٠/ ٢/ ٢٠٠٠ والمبلغ الينا بكتاب المكتب الخاص/ شؤون المحافظات والرقم ٨/ ٤/ ٤٢٢٨ في ٢٢/ ٢/ ٢٠٠٠ يجب تنفيذ ما يلي اعتبارا من ١/ ٣/ ٢٠٠٠ لغاية ١/ ٤/ ٢٠٠٠.

١- تبليغ كافة منتسبي دوائركم من ابناء القوميات الكردية والتركمانية بتصحيح قومياتهم وفق النماذج الخاصة وتأشير ذلك في سجلات الاحوال المدنية وارسال نسخة من الكتاب الى القلم السري بالمحافظة.

٢- اتخاذ الاجراءات الصارمة بحق الممتنعين عن التصحيح بعد ١/ ٤/ ٢٠٠٠ وسحب البطاقة التموينية للمواد الغذائية منهم وابلاغهم بذلك رسميا عن طريق اجراء تبليغات موقعة بهذا الخصوص واخيرا نقلهم الى المناطق النائية وتنزيل مناصبهم الادارية مع ايقاف العلاوات والترفيعات السنوية والمكافآت والمخصصات المهنية والخطورة بحقهم، واقالتهم من الدوائر الحكومية خلال مدة (٩٠) يوما.

٣- قرار التصحيح لا يشمل الأكراد والمسيحيين والارمن واليزيديين.

٤- اعلامنا عن طريق ارسال التقارير الاسبوعية.

حكمت طاهر عبدالله
م/ القلم السري

نسخة الى:
- مكتب السيد المحافظ المحترم - اعلام المبلغ الينا بكتابكم المرقم ٨/ ٤/ ٤٢٢٨ في ٢٢/ ٢/ ٢٠٠٠
- مديرية احصاء التأميم - تسهيل معاملات التصحيح ومراعاة الفقرة اعلاه من التوجيهات الخاصة للسيد المحافظ.

- كافة شعب واقسام الديوان
- شركة غاز الشمال
- مديرية زراعة التأميم
- مديرية صناعة التأميم
- مديرية التسجيل العقاري / التأميم
- ضريبة الدخل / التأميم
- مشروع ري صدام
- مشروع ري التأميم
- مديرية الجنسية والاحوال / التأميم
- المصرف العقاري / التأميم
- مديرية آثار التأميم
- مديرية بلدية التأميم
- مديرية ماء ومجاري التأميم
- مديرية عقارات الدولة / التأميم
- مديرية طرق التأميم

(للتنفيذ والعلم)

وثيقة رقم (٥٨)

**وثيقة رقم (٥): كركوك وقانون تصحيح القومية**



بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
المكتب الخاص
العدد /
التاريخ / / / ٢٠٠٠

محافظة التأميم
المكتب الخاص
العدد / [illegible]
التاريخ / ١١/ ١/ ٢٠٠٠

الى / وزارة الداخلية - شؤون المحافظات
الموضوع / (نتائج تصحيح القومية)

ادناه الموقف الشهري / حزيران حول تصحيح القومية لابناء القوميتين الكردية والتركمانية في محافظة التأميم .....
للتفضل بالعلم والاطلاع مع التقدير.

١/ العدد الكلي لرؤساء العوائل الكردية الذين قدموا على تصحيح قومياتهم من ١/٦/٢٠٠٠ لغاية ٣٠/٦/٢٠٠٠ بلغت ٢٢٤٣ الفان وثلاثمائة وثلاثة واربعون.

٢/ العدد الاجمالي لرؤساء العوائل الكردية الذين قدموا على تصحيح قومياتهم من ١/١/٢٠٠٠ لغاية ٣١/٦/٢٠٠٠ بلغت ١١٧٧٥ احدى عشرة الف وسبعمائة وخمسة وسبعون.

٣/ العدد الكلي لرؤساء العوائل التركمانية الذين قدموا الى تصحيح قومياتهم من ١/٦/٢٠٠٠ لغاية ٣١/٦/٢٠٠٠ بلغت ١٨٦٩ الف وثمانمائة وتسعة وتسعون.

٤/ العدد الاجمالي لرؤساء العوائل التركمانية الذين قدموا الى تصحيح قومياتهم من ١/١/٢٠٠٠ لغاية ٣١/٦/٢٠٠٠ بلغت ٩٠٦٤ تسعة آلاف واربعة وستون.

٥/ لا يزال حملة التصحيح مستمرة.

اللواء الركن
صباح نوري علوان
محافظ التأميم

صورة الى //
- مكتب تنظيمات محافظات / التأميم صلاح الدين، الحزب البعث العربي الاشتراكي للتفضل بالعلم والاطلاع ومعهم للاتصال.
- قيادة فرع التأميم للحزب، للتفضل بالعلم والاطلاع ومعهم للاتصال.
- قيادة فرع كركوك = = = = = = =
- الشؤون القانونية / الديوان للحفظ.
- المراسلات السرية / الديوان.
- القلم السري / الديوان.
- لجنة الجهد السكاني في المحافظة للعلم والتأشير.

**وثيقة رقم (٦): كركوك وقانون تصحيح القومية**

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة الداخلية
الشؤون الامنية

العدد / ١٢١٣٦
التاريخ / ١٩٩٦/١/٢١م

الى / محافظة التأميم ـ المكتب الخاص
الموضوع // تعليمات رقم ١١٠ ع ع .

الرقم السري / ١٦٤٣١٦

استنادا الى توجيهات ديوان الرئاسة والمبلغ الينا بكتابهم السري للغاية المرقم ١٢٢٢١ في ١٩٩٦/٨/٨ . وكتاب مجلس الوزراء ـ هيئة التخطيط والمتابعة المرقم ١١٣٠٢/٥/٤ في ١٩٩٦/٨/١٤ حول الاوضاع الشاذة والاجواء المتوترة في مدارس محافظة التأميم . وازالة بعض الظواهر السلبية لانجاح العملية التربوية على المستويات القومية . وتوحيد الصفوف وعدم فسح المجال الاجنبي بالتدخل من المقدرات المخصصة للتدخل والتلاعب بمقدرات الجيل الصاعد بالشعارات العنصرية . ولذا يجب الزام كافة طلاب مدارس المحافظة بتطبيق التعليمات التالية :ـ

اولا :ـ التربية والتعليم والدراسة بجميع مراحلها ( الروضة ، الابتدائية ، المتوسطة ، الاعدادية الاكاديمية والمهنية والمعاهد ، دور المعلمين والمعلمات الكليات ) باللغة العربية فقط . ولذا يجب التقيد بما يلي .

أ ـ يمنع منعا باتا استعمال اللغات المحلية ( الكردية ـ التركمانية ـ الاشورية ـ الكلدانية ) من قبل الهيئة التعليمية والهيئة التدريسية لا لقاء المحاضرات او مفردات الجمل المختصة بغير اللغة العربية . اثناء الدوام الرسمي .
ب ـ يمنع منعا باتا استعمال اللغات المشار اليها في الفقرة اولا من كتابنا بين قبل الهيئة التعليمية والتدريسية مع الطلبة في فترة الاستراحة .
جـ ـ يمنع منعا باتا استخدام اللغات المحلية هذا المعهد من قبل طلاب المدارس فيما بينهم .

ثانيا / يمنع منعا باتا ارتداء الزي الاجنبية المستوردة من الخارج . والتي تحمل العلم الامريكي والبريطاني والاسرائيلي والتركي واي دولة اجنبية وحمل كتابات اجنبية .

وثيقة رقم (١): نتائج سياسة التعريب



بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق
وزارة الداخلية
محافظة التأميم
الشؤون القانونية

العدد ٩٥٧
التاريخ

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
الشؤون القانونية
العدد /
التاريخ / / / ٢٠٠٠

الى / غرفة تجارة وصناعة التأميم

الموضوع / تعميم وزارة التجارة
xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

الرقم الخاص / ٦١٠٢٢

نرفق لكم طيا نص كتاب وزارة التجارة ـ الشؤون الامنية . المرقم ٢١٢ في ٢٠٠٠/٦/١٨ . والمبلغ الينا بكتاب السيد المحافظ المحترم . المرقم ١٤٠٢/٤/٨ في ٢٠٠٠/٦/٢٢ . والخاص بمزاولة التجارة حصرا على ابناء القومية العربية ( المتعربين ) وفق الشروط العامة . لاتخاذ مايلزم على ضوء ماجاء فيه .

المشاور القانوني / جاسم خلف حسين
م / الشؤون القانونية

نسخة منه الى :ـ
••••••••••••••••••••
ـ المكتب الخاص الموقر ـ المحافظة ... كتابكم اعلاه وامركم من التقدير .
ـ المراسلات السرية ـ المحافظة ... للعلم والاعلان .
ـ الشؤون الداخلية ـ المحافظة ... للعلم والاعلان .
ـ القلم السري ـ المحافظة ... للحفظ .

سعدي•••••••

وثيقة رقم (٢): نتائج سياسة التعريب

جمهورية العراق

مجلس الوزراء
وزارة التجارة
الشؤون الامنية

العدد/ ٢١٢
التاريخ / ٢٠٠٠/١/١٨

الموضوع :- ( خطة امنية تجارية )

تنفيذا لتوجيهات مكتب ديوان الرئاسة المرقم ٤١٤ في ٢٠٠٠/١/٩ اصدرنا التعليمات التالية وبموجبه يمنع المواطنين العراقيين الغير العرب مزاولة ما يلي :

١/ إستيراد وشراء وبيع وايجار واستئجار وسائل النقل المختلفة العامة والتي تدخل القطر بعد ٢٠٠٠/٢/١ .

٢/ ممارسة الاعمال التجارية الخارجية على خاوط دول الجوار .
٣/ امتلاك الاموال المنقولة والغير المنقولة . ومختلف المكائن والعدد ووسائط النقل التي تدخل القطر بعد ٢٠٠٠/٢/١ .
٤/ تشييد الابنية والمخازن والمحلات المختلفة .
٥/ المشاركة في المناقصات والمزايدات والدخول في مختلف التعهدات مع سائر القطاعات المالية والاقتصادية العراقية والاجنبية .

موقع
الفريق الركن
سعد خالد العبيدي
م / الشؤون الامنية

نسخة الى :-

كافة الوزارات العراقية - للعلم والالتزام وتبليغ الجهات المعنية بذلك .
كافة محافظات القطر - للعلم والالتزام واتخاذ مايلزم
كافة غرف تجارة وصناعة القطر - للعلم والالتزام واتخاذ مايلزم .

**وثيقة رقم (٣): نتائج سياسة التعريب**



بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
الشؤون الداخلية
العدد / ٩/ ١١/ ١٨٧٩
التاريخ / ٢٦/ ٢/ ٢٠٠٠

الى / الكتب الخاص المقر / الديوان

م / تنفيذ التوجيهات الخاصة

تنفيذا لامركم المرقم ٨/ ١١/ ١٢ الصادر في ١٢/ ١/ ٢٠٠٠ والمعطوف على توجيهات وزارة الداخلية - الشؤون القانونية المرقم ٤٦٢ في ٤/ ١/ ٢٠٠٠ حول محو اثار مخلفات الاعداء وقبر نواياهم . نود ان نعلم سيادتكم بما يلي :-

١ - التقارير الواردة من لجان تحكيم اللغة العربية في كافة مدارس المحافظة تشير الى انجاح العملية بشكل جيد . وتم فرض اللغة العربية على كافة المدارس . وتم تضييق الخناق على اللغات المحلية . ولم يبقى لها اى دور في المخاطبة . وبالاخص في مجال التربية والتعليم والتدريس . وتم ضبط الرقابة على ارتداء الملابس المستوردة الاجنبية . والتي تحمل شعارات وكتابات امريكية وصهيونية وتركية .

٢ - تمكن لجنة الرقابة الداخلية في المحافظة من تغيير كافة الاسماء والعناوين . للمحلات التجارية والصناعية . والكازينوات والمقاهي والمساجد والتكايا والشوارع والاماكن الاثارية والتي كانت مدونة بالابجات واللغات الكردية والتركمانية . وتم تبديلها باسماء وعناوين عربية اصيلة تاريخية عريقة . وبما ينسجم مع التغيير الشامل . حيث شمل جميع مرافق الحياة في داخل مركز المحافظة ..
للعلم وامركم مع التقدير .

العميد / نافع سلمان مطلك
م / الشؤون الداخلية

صورة منه الى /

- الاضابير الخاصة ١٤/ الديوان - للحفظ .
- الشؤون القانونية / الديوان - للعلم والاطلاع .
- القلم السري / الديوان - للحفظ .

**وثيقة رقم (٤): نتائج سياسة التعريب**

بسم الله الرحمن الرحيم

" سري وشخصي "

محافظة نينوى

الشؤون الداخلية

الرقم / ٢٨٦٨

التاريخ ٧ / ٥ / ١٩٩٤م

امـــر ١٢٩

كتاب لجنة الشمال / السكرتارية ٥٢٠ ... في ٢٧ / ٤ / ١٩٩٤

على ضوء ما جاء في خطة لجنة الشمال باعتبار محور موصل – الشيخان هو احد المحاور الاساسية المطلوب دراستها بالتعريب وتكثيف التواجد العربي الدائم فيه .. تقرر تشكيل لجنة برئاسة مدير أمن محافظة نينوى وعضوية كل من قائمقام قضاء الشيخان ومدير الاراضي الزراعية في نينوى وممثلين عن قيادة فرع نينوى لحزب البعث العربي الاشتراكي وقيادة الفيلق الخامس ومديرية مخابرات المنطقة الشمالية ومنظومة استخبارات المنطقة الشمالية لدراسة هذا المحور الذي يعتبر مركز القضاء مرتبطه بالمحور وناحية كل الاتجاهات سواء فيما يتعلق بعائلات الهاربين الى جانب الاعداء او تحديد العشائر العربية التي يتم اسكانها في المناطق الزراعية ضمن القضاء المذكور وعلى ضوء المقترحات والدراسة السابقة وتقديم المقترحات التي يمكن ان تتطابق في جميع الانشطة التي تحتاجها الى توضيح . على ان تنجز اللجنة اعمالها خلال اسبوعين وتقديم تلك الدراسة الى الاجتماع القادم لاتخاذ اللازم مع التقدير .

الفريق الركن

عبد الواحد شنان آل رباط

محافظ نينوى

/ ٥ / ١٩٩٤

نسخة الى / :

قيادة الفيلق الخامس / الامن
قيادة فرع نينوى لحزب البعث العربي الاشتراكي
مديرية مخابرات المنطقة الشمالية
منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
... تسمية ممثليكم ... اعلاه ... مع التقدير .

مديرية امن محافظة نينوى / لاتخاذ ما يلزم ... الدراسة ... مع التقدير .
قائمقامية قضاء الشيخان
مديرية الاراضي الزراعية في نينوى
... لاتخاذ ما يلزم ... رجاء

الشؤون الداخلية / الحاسبة .

**وثيقة رقم (١): المهجرون الكرد ..**

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

محافظة نينوى

المراسلات السرية

العدد / ٣٢٢ / ٢٢٢٩

التاريخ / ٢٩ / ١١ / ١٩٩٤م

(( سري للغاية ))

الى / قائمقامية قضاء الشيخان

مخمور

تلكيف

مديرية ناحية فايدة

م / تسكين العشائر العربية

اشارة الى المخابرات السابقة التي جرت بعلم ومن مديرية الشؤون الداخلية ومديرية بلديات نينوى ... لاتخاذ مايلزم بشان اكمال كافة الاسماء التي سترشح للسكن في مخمور مخمور – الكوير ... وقضاء الشيخان وناحية فايدة الى مديرية الشؤون الداخلية وباسرع وقت ممكن وذلك من اجل توحيدها وحجب المسال ... الاراضي السكنية في المناطق اعلاه خلال شهر كانون الاول هذا العام حصرا ... مع التقدير .

الفريق الركن

عبد الواحد شنان آل رباط

محافظ نينوى

/ ١١ / ١٩٩٤

المحرر

... الشيخان ...

الكاكي ...

٢٧ / ١١

نسخة الى /

**وثيقة رقم (٢): المهجرون الكرد ..**

بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة نينـــوى

الشؤون الداخليـــــه

الرقم / ٨٢٢٥

التاريخ ٥/١٠/١٩٩٤م

" عصر القادسية ومبتغياتها "

العدد : ١٦٢

التاريخ ١٨/١٢/١٩٩٤

الى / قائمقامية قضاء الشيخان / اللجنة الامنيه

الموضوع / توزيـــــع اراضـــي

كتابنا ٨٠٣٩ في ـــــــــــــ ٤/١٠/١٩٩٤

اعلمتنا مديرية بلديات محافظة نينوى بأن لدى تدقيق الاسماء المرشحه للتوزيع في القضاء تبين ان قسماً منها لم يذكر المعلومات عنه والقسم الاخر غراب لا تنطبق عليهـــــم الضوابط . وحسب السيد المحافظ ما يلـــــي :-

1) ٣٠٠ قطعه لعشيرة المزاويـــــن الشيخ سالم
2) ٣٠٠ قطعة لعشيرة الحديديـــن الشيخ سلطان الرشيدان
3) ٣٠٠ قطعة لعشيرة طـــــي الشيخ عرعر ... اشرع
4) ٣٠٠ قطعه الموظفين والمتقاعدين والعسكريين

لدى عرض الموضوع على انظار السيد المحافظ نسب استدعاء شيوخ العشائر المذكوره من قبل القائمقام واللجنه الامنيه بالقضاء وتزويدنا بالاسماء وخلال عشرة ايام وفق الضوابط المذكوره بكتاب لجنة الشمال المرقم ٣٩٢ في ١٤/١١/١٩٩٣ المرفق صورته طيا .

للتفضل بالاطلاع وتزويدنا بما هو مطلوب وخلال الفترة المشار اليها لاهمية الموضوع واعلامنـــا

مع التقديـــــــر .

المرفقات

صورة كتاب

السيد

مدير الشؤون الداخليـــه

٥/١٠/١٩٩٤

نسخة منه الى / :

مديرية بلديات محافظة نينوى / كتابكم ٢٩٦ في ٢/١٠/١٩٩٤ للعلم مع التقدير

وثيقة رقم (٣): المهجرون الكرد ..



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

وزارة الزراعة

... الزراعي / الثانيــــــ

العدد / ١/١٦/١٢/١

التاريخ / شعبان / ١٤١٥

١٩٩٥/١/ م

الى / محافظة نينوى / الشؤون الداخليـــــه

م / اراضي الشيخان

لحاقا بكتابنا ١٨٥٥٥ فـــي ١/٦/١٩٩٤ وبناء على الطلب المقدم الينا من قبل ... ومجموعته من سكان قرية الحمام / قضاء الشيخان نود ان نبين لكم ما يلـــي :-

١. ان كافة مقاطعات قضاء الشيخان استملكت بموجب قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٣٥٨ في ١٦/٣/١٩٧٨ لاغراض اسكان العوائل العربيه ... .

٢. عند صدور القرار اعلاه كانت المقاطعه ٢٢ / الحسينية تابعه الى ناحية القوش ( حيث لم تشمل بالاستملاك الا انه عند اسكان العوائل العربيه الحقت بقضاء الشيخان فتم توزيعها على العوائل العربيه المسكنه .

٣. في الآونة الاخيرة اقام الملاكين دعوى لدى المحاكم بغية اخذ تلك الاراضي من الفلاحين المسكنين بحجة عدم استملاكها .

٤. وبعد دعاوى الملاكين اصدرت محكمة بداءة الموصل قرارا باستحصال بدل اجر المثل من الفلاحين الى ... طيبهم واحالت القرار الى مديرية تنفيذ الموصل لغرض التنفيذ .

٥. صدرت الموافقه على اطفاء الحقوق التصرفيه للمقاطعه اعلاه وتسجيل الاراضي باسم الدوله بموجب كتاب ديوان ... الوزير المرقم ١٠٦٢٨ في ٥/١٠/١٩٩٤ .

٦. لما تقدم يرجى الايعاز الى المحكمة المختصة بالغاء قرارها الخاص بالمقاطعه حيث ليس لدى الفلاحين اى تجاوز على الارض سواء بالسكن او الزراعه . مع العلم بان المحكمة لم تفاتحنا بالموضوع بغية ابداء رأينا بذلك بل توجه المواطنين المذكورين وامركم بما تستوجبه مع التقدير .

المديـــــر

٥/١/١٩٩٥م

نسخة منه الى :-

مديرية تنفيذ الموصل / للتفضل ... اعلاه بايقاف الاجراءات الوارده بكتبكم ٤٨٥٢ - الى ٤٨٦٣ في ٥/١٠/١٩٩٤ .

مديرية زراعة قضاء الشيخان /

مديرية زراعة الشيخان / للتفضل ... اعلاه بايقاف الاجراءات لحين ورود جواب المحافظة

عبدالله / ٢٥ / ١

وثيقة رقم (٤): المهجرون الكرد ..

بسم الله الرحمن الرحيم

المحافظة الاولى / دهوك
مديرية الشؤون الداخلية
العدد / ١٧
التاريخ ٨ / رمضان / ١٤١٠
١ / نيسان / ١٩٩٠

سري وعاجل

الى / قائمقامية قضاء الموصل
قائمقامية قضاء الحمدانية

م / ترحيل عوائل الشبك في محافظة نينوى

تقرر بموجب كتاب ديوان الرئاسة بالعدد ق / ٩٦٦١ في ٣ / ٤ / ١٩٩٠ المبلغ الينا بكتاب وزارة الحكم المحلي مكتب الوزير ١٧٥ في ٥ / ٤ / ١٩٩٠ مايلي :

١ – تشكيل لجان في جميع المناطق التي ستشملها عملية ترحيل المذكورين في اعلاه تتألف من رئيس الوحدة الادارية وممثل المنظمة الحزبية فيها وضابط الامن وممثل عن دائرة عقارات الدولة ومديرية التسجيل العقاري في المنطقة لتحديد ملكية العقارات في تلك المناطق وفق ضوابط وشروط تحدد مسبقا على ان تقوم لجان الترحيل بحملة واسعة لهدم دور المرحلين كافة او تسليمها باسم ساكنيها ممن لم يسفروا لموطنهم

٢ – تسفير امانات المرحلين ومعاملاتهم وقطع حصصهم المادية في المنطقة ونقل سجلات نفوسهم ونقل الموظفين منهم خارج المنطقة وعدم قبول ابنائهم في المدارس الموجودة في القرى المرحلين منها وعدم تقديم أية خدمات لهم ومنع تطوعهم في الاجهزة الامنية والجيش

لاتخاذ مايلزم وتشكيل اللجان على النحو المذكور اعلاه فورا واعلامنا الاجراءات المتخذة بصدد التنفيذ رجاء.

دلامر توفيق
محافظ المحافظة الاولى دهوك

نسخة الى /
وزارة الحكم المحلي / مكتب الوزير / لتفضلكم العلم وسنوافيكم باجراءات اللجان لاحقا مع التقدير
قيادة فرع نينوى لحزب البعث العربي الاشتراكي
مديرية شرطة محافظة نينوى
مديرية امن محافظة نينوى
مديرية التسجيل العقاري – الموصل
مديرية عقارات الدولة نينوى
راجين تنسيب ممثليكم في اللجان اعلاه فورا واعلامنا مع التقدير

**وثيقة رقم (٥): المهجرون الكرد ..**



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

اللجنة العليا للاسكان والتطوير
في محافظة التأميم

العدد / ٤
التاريخ ١٩٩٤/٩/٧

م / الحزام الامني حول مدينة كركوك

بتاريخ ١٩٩٤/٨/٢ اجتمعت اللجنة العليا للاسكان والتطوير في محافظة التأميم والتي شكلت بموجب قرار مجلس قيادة الثورة الموقر المرقم ٧٢١ في ١٩٩٤/٨/٢ وبحضور كافة الاعضاء وبعد دراسة مطولة للمناطق التابعة لمحافظة التأميم من جميع الجوانب وخاصة الامنية والالتزام بما جاء بالقرار اعلاه والمشاورة بروؤساء العشائر العرب بخصوص القرار ومستقبلهم قررنا مايلي :-

١ – يعتبر كافة الاراضي الزراعية التابعة للمناطق الادارية التالية اراضي تابعة للدولة وفق القرار ٣٠ حول الاراضي الزراعية وقرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٧٢١ في ١٩٩٤/٨/٢ ويشمل اراضي ( ناحية ألتون كوبري وناحية الربيع وناحية شوان وناحية قره حسن وناحية تازة خورماتو ) ولايحق لأي مواطن التجاوز على هذه الاراضي ولايعمل بأي نص يعارض هذا القرار

٢ – قررت اللجنة وضع خطط لستة عشر مجمعا سكنيا عصريا ضمن مناطق شوان ويخصص لكل عائلة مساحة ١٠٠ متر مربع لبناء دور السكن و ١٢٠ دونم اراضي زراعية ديمية ويتكون كل مجمع من ٣٥٠ عائلة.

٣ – قررت اللجنة انشاء ثمانية مجمعات في مناطق ألتون كوبري وكل مجمع يسكن فيها

**وثيقة رقم (٦): المهجرون الكرد ..**

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

وزارة الزراعة
مديرية الزراعة لمحافظة التأميم
ـ الاراضي / التعاقد ـ

العدد / ٤٠٩
التاريخ / ٨ / ١٢ / ١٩٩٨
١٤١٩ هـ
١٩ / شعبان

سري

الى / محافظة التأميم ـ التخطيط والمتابعة
الموضوع / الاراضي المستغلة تجاوزاً

كتابكم المرقم ١١٨٦ في ٢٧/١١/١٩٩٨ ومرفقه صورة كتاب لجنة الشمال م/ش المرقم ٢٠٢٠/٥٤٦ في ٢/ ... نود ان نوضح مايلي :ـ

بالنسبة لاراضي المقاطعة ٦/ عمشه التي تم ترشيح افراد عشيرة [illegible] الوافدين من محافظة الانبار قبل اجراء التعاقد معهم وانما عشيرة [illegible] الوافدين من محافظة القادسية قبل اكثر من ١٥ سنة وكانوا يسكنون ضمن مقاطعة ٤٢ كوزه قبل اجراء التعاقد معهم ضمن المقاطعة ٢/ عمشه .

ان المرشحين من افراد العشيرتين المذكورتين لتوفر فيهم شروط وضوابط التعاقد المقرر من قبل لجنة الشمال وقد تم اسكانهم فعلاً".

ان اجراء التعاقد على اراضي المقاطعات المستغلة تجاوزاً "باشراف اللجنة الزراعية في المحافظة ولحوائل العرب ممن الذين تتوفر فيهم شروط وضوابط التعاقد المقررة لاسكان العشائر العربية .

اراضي المقاطعتين قره صالح و ٤٢ د ريانو كبير تم تخصيصها لعشيرتين [illegible] الوافدين من محافظة القادسية . بالاضافة الوافدين من محافظة نينوى .

اراضي المقاطعة ٤٤ كلوزي و ٤٦ جبلبوك كبير و ٤٧ جباجوك صغير تم تخصيصها لافراد عشيرة [illegible] ابو صلابه من مركز كركوك .

اراضي المقاطعات ٥٠ [illegible] و ٤٨ د ريانو كبير و ٤٩ د ريانو صغير تم تخصيصها لافراد عشيرة البو محله فخذ البو حسن مركز المحافظة ـ ناحية [illegible] .

اراضي المقاطعتين ١٨٢ صاري جم صغير و ١٨٣ صاري جم كبير تم تخصيصها لافراد عشيرتين الجبور القادمين من محافظة صلاح الدين ـ الشرقاط ـ البو حمدان مركز كركوك ـ ناحية التون كوبري .

تم توزيع معاملات تعاقد المرشحين من افراد عشائر المذكورة في الفقرات ٢ و ب/ج/د/هـ بمعاملات تعاقد معهم قيد الانجاز .

العشائر المشار اليها والتي تم توزيع الاراضي الزراعية عليها قاموا بنقل النفوس والبطاقة التموينية وحصصت لهم المجمعات السكنية ومعاملات التعاقد قسم منها منجز والقسم الاخر قيد الانجاز ..

يرجى التفضل بالاطلاع .. مع التقدير

سليمان [illegible] سلمان
مدير الزراعة
/ ١٢ / ١٩٩٨

صورة منه الى /ـ
مكتب [illegible] لجنة [illegible] قانون ٣٥ للعلم .. مع التقدير ..
المتابعة / الملفة الخاصة
سري

[illegible] //

وثيقة رقم (٧): المهجرون الكرد ..

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

وزارة الزراعة
مديرية الزراعة لمحافظة التأميم
الاراضي / التعاقد

العدد / ١١٢٨
التاريخ / ٥ / ١٠ / ١٩٩٨
١٤١٩ هـ

الى / شعبة الزراعة في الرشاد
م / الاشغال

اشارة الى كتابكم المرقم ٣٣٦٦ في ٢/١٠/١٩٩٨ ..
حصلت موافقة السيد المدير على شمول عشيرتي [illegible] التميم [illegible] و[illegible] جماعته في [illegible] .. الساكنين في [illegible] بتوزيع اراضي [illegible] العربية من الاراضي التعاقدية والسكن والامتيازات الاخرى المشمولة بالعشائر العربية .. نشعركم بالاطلاع والتنسيق مايلزم [illegible] .. مع التقدير ..

[illegible]
م. مدير الزراعة
٥ / ١٠ / ١٩٩٨

صورة منه الى /ـ
سكرتير لجنة المحرمات وقانون ٣٥ للعلم .. مع التقدير ..
الاراضي / التعاقد / مع الاوليات .

[illegible] ///

وثيقة رقم (٨): المهجرون الكرد ..

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

وزارة الزراعة
مديرية الزراعة لمحافظة التأميم
الاراضي المتابعة

العدد / ٦٦
التاريخ / ١١ / ٢ / ١٩٩٨
١٤ شوال ١٤١٨ هـ

سري

الى / محافظة التأميم - التخطيط والمتابعة
م / اراضي العقاوة ٢٣ مشروع ري صدام

كتابكم المرقم ٤١٨ في ١٩٩٨/١/١٧ بخصوص الفقرة ٣ من كتابنا المرقم ٢٦٧ في ١٩٩٧/٥/٢١ نود ان نوضح مايلي :-

١. قررت اللجنة الرئيسية للحرمات والتوزيع ٣٥ باجتماعها المنعقد بتاريخ ٢/ ٢/ ١٩٩٨ على ....

ا. التعاقد مع الفلاحين العرب المحرومين البالغ عددهم ١٥ فلاح في المنطقة ومن الذين لديهم اشتراطات احصاء سنة ١٩٧٧ كونهم عرب ولم يكن متوفرة لدى مديرية احصاء التأميم في حينها

ب. التعاقد على المساحات المتبقية مع المحرومين من العرب من سكنة القرية او من القرى المجاورة لها ..

جـ. في حالة عدم وجود محرومين من سكنة المنطقة يتم ترشيح فلاحين عرب من المحرومين في قضاء داقوق ...

٢. تم الايعاز الى اللجنة الفرعية في قضاء داقوق لاتخاذ اللازم واجراء التعاقد بموجب الفقرات المذكورة اعلاه ..

يرجى التفضل بالاطلاع .. مع التقدير ..

سليمان محمد سليمان
مدير الزراعة
١٠ / ٢ / ١٩٩٨

نسخة منه الى /-
سكرتارية لجنة الحرمات والتوزيع ٣٥ / كتابكم المرقم ٥ في ٣/ ٢/ ١٩٩٨ للعلم مع التقدير.
المتابعة / ملفة العقاوة ٢٣ مشروع ري صدام
المطبعة / مع الاوليات ...

ناظم ١٠ / ٢ / ١٩٩٨
(١-١)

**وثيقة رقم (٩): المهجرون الكرد ..**



بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق
قائمقامية قضاء كركوك
التحرير
سري
العدد /
التاريخ / /٣/ ١٩٩٩

الى / محافظة التاميم / المعاومات السكانية

م / مجمع العز

كتابكم المرقم ١٧٧ في ١٩٩٩/٢/٢١ كتابكم التاكيدي ٣٠٢ في ١٩٩٩/٣/١٦ نود ان نوضح لكم بان الفلاحين المتعاقدين على الاراضي الزراعية المشمولين بالسكن في مجمع العز موقفهم كما يلي :-

١.عشيرة الحديديين عددهم ٢٦ انجزوا بناهم يماطلون بالسكن
٢.عشيرة اللهيب عددهم ١٣ انجزوا بناهم يماطلون بالسكن
٣.عشيرة العجالي عددهم ٩ انجزوا بناهم يماطلون بالسكن
٤.عشيرة العزة البو محمد عددهم ١٥ يماطلون بالبناء
٥.عشيرة العزة البو محمد عددهم ٩ اثنين منهم متخلفين عن البناء
٦.عشيرة العزة البو نجدى عددهم ١٤ اربعة منهم متأخرون بالبناء
٧.عشيرة البو فضل عددهم ١٦ انجزوا بناهم يماطلون بالسكن
٨.عشيرة السبعاقيين عددهم ٢٠ ايماطلون بالبناء يراوغون لم يقوموا باقل من نصف العددالداخل مع ربع كمية البناء
٩.الوافدين عددهم ١٢ لم يبادروا بالبناء مطلقا غير مهتمين للتعليمات
عشيرة السادة الفكرة عددهم ١٠ لم يقوموا بالبناء لحد الان قدموا لنقل سكنهم لم تحصل موافقة السيدالمحافظ

لقد تم مقابلة السيد المحافظ من قبل بعضهم حول تأجيل السكن لم تحصل الموافقة بموجب كتاب المحافظة المرقم ٤١٤ في ١٩٩٩/٣/١٤ مكتب شؤون المواطنين .
نقترح ان تكون اخر مهلة لهم للسكن هي الاسبوع الاول بعد عيد الاضحى المبارك و فسخ عقود الذين لم يقوموا بالبناء لحد الان . راجين التفضل بالاطلاع مع التقدير

حامد طه عبدالله
قائمقام قضاء كركوك
١٩٩٩/٣/١٨

طبق الاصل

**وثيقة رقم (١٠): المهجرون الكرد ..**



PDF 4 KURD

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
قائمقامية قضاء كركوك

التحرير

(سري و شخصي) العدد/

التاريخ/ ١٥/٦/١٩٩٦

الى / محافظة التأميم / المعلومات المكتبية

تهجير الفلاحين المتعاقدين في المجمعات المثنى و الرشيد و عمر بن عبدالعزيز بالسلاح

[illegible] العشائر العربية في المجمعات المثنى و الرشيد و عمر بن عبدالعزيز [illegible] بالسلاح للاطلاع [illegible] [illegible] ...

[illegible] بالسلاح [illegible] مع التقدير

حامد [illegible]
قائمقام قضاء مركز كركوك
١٥/٦/١٩٩٦

[illegible] ....

[illegible] في [illegible] المعرفة (شاكر) .

**وثيقة رقم (١١): المهجرون الكرد ..**



SOYI: S/13/5936

و.ق [illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

وزارة الداخلية
محافظة التأميم
(الشؤون الزراعية)

العدد / ٥٩٢٣
التاريخ / ٤ / ١١ / ١٩٩٧

الى / مديرية زراعة وري التأميم - الاراضي

الموضوع / تنفيذ [illegible]

كتابكم المرقم ١٧ / ٤٣٨٢ في ٧ / ١٠ / ١٩٩٧ - وبناء على ضوء التعليمات ٦٨٥ في ٥ / ٣ / ١٩٩٥ الصادرة من ديوان رئاسة الجمهورية والمبلغ الينا بكتاب وزارة الداخلية المرقم ٥ ا س/ ٦٥٤١ في ٢٨ / ٣ / ١٩٩٥ . والتوجيهات المركزية وكتاب المكتب الفلاحي المرقم ١٥ س/ ٢٧١١ في ١٨ / ١٠ / ١٩٩٧ . فقد قررنا مايلي :-

١- تبليغ كافة الفلاحين والمزارعين من اهالي ناحية الدبس كوردي بعدم التجاوز على الاراضي الزراعية الواقعة ضمن المقاطعات (٣٧) و (٤٩) ، واعتبارا من ١١ / ١١ / ١٩٩٧

٢- فسخ كافة العقود على الاراضي الزراعية والتي أبرمت من مديريتكم والفلاحين دون تعويض وان جميع الاراضي الزراعية ضمن المقاطعات أعلاه [illegible] الدولة ولصالح مديرية زراعة التأميم .

٣- توزيع جميع الأراضي الواقعة في المقاطعات أعلاه على الفلاحين الوافدين الى المنطقة من أبناء عشيرة (الزبيدي) العربية ويخصص ثلاثة الاف دونم لرئيس العشيرة .. (نجم قادر محمد) ويخصص (١٢٠) دونم لكل فلاح من أبناء عشيرته والبالغ عددهم (٢٦) فلاحا .

٤- نعلمكم بان اتباع سبل التعويض [illegible] من الكاكائية الغير العربية غير مجزي بالاعطاء على حق التصرف بالاراضي الزراعية والتي بحوزتهم .

اللواء الركن
اياد فتيح خليفة الراوي
محافظ التأميم

صورة منه الى /

١- مديرية ناحية الدبس كوردي [illegible] مع مديرية زراعة التأميم ومجلس الشعب [illegible] في الناحية لتنفيذ ما جاء بكتابنا واعلامنا .

٢- المكتب الفلاحي / التأميم - كتابكم س/ ٢٧١١ في ١٨ / ١٠ / ١٩٩٧ وبموجب تعاونكم بالتنفيذ .

٣- الاتحاد المحلي للجمعيات الفلاحية التعاونية / التأميم العام .

**وثيقة رقم (١٢): المهجرون الكرد ..**

## قرارات مجلس قيادة الثورة

رقم ١٤٦٩

استنادا الى احكام الفقرة ( ا ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨١/١١/٢ ما يلي :-

اولا – تشكل بامر من محافظ ديالى لجنة او اكثر برئاسة قائمقام قضاء خانقين وعضوية ممثلين من منظمة حزب البعث العربي الاشتراكي ووزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في المحافظة تتولى اجراءات بيع دور المرحلين من نائع خانقين وجلولاء والدور العائدة الى وزارة المالية والاموال المجمدة في القضاء المذكور وتكون قراراتها خاضعة للتدقيق من قبل لجنة تؤلف في مركز المحافظة برئاسة نائب المحافظ واعضاء اخرين من ذوي الاختصاص يسميهم المحافظ ، يكون بضمنهم مدير امن المحافظة ، وتعتبر القرارات نهائية بعد مصادقة المحافظ عليها .

ثانيا – تقدر قيمة الدار في ضوء الاسعار السائدة وقت الترحيل ويجوز للجنة تخفيض بدل البيع بنسبة لاتتجاوز ( ٢٥٪ ) خمسة وعشرين من المائة من القيمة [illegible] بعد مصادقة المحافظ .

ثالثا – يجري بيع الدور وفق هذا القرار للاشخاص الذين لايملكون دارا على وجه الاستقلال ووفق الضوابط التي تحددها التعليمات التي يصدرها النائب الاول لرئيس الوزراء .

رابعا – ا – يتعهد المشتري باشغال الدار بنفسه وافراد عائلته التي يعيلها شرعا حصرا ولايحق له ان يؤجرها الى الغير او ترتيب حق منفعة عليها او بيعها ويؤشر ذلك في السجل العقاري .

ب – اذا توفي المشتري فلورثته الشرعيين نقل ملكية الدار الى الغير بعد موافقة المحافظ .

خامسا – تسجل الدار في دائرة التسجيل العقاري باسم المشتري دون استيفاء اي رسوم .

سادسا – يصدر النائب الاول لرئيس الوزراء التعليمات في كل ما يتعلق بتسهيل تنفيذ هذا القرار .

سابعا – ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

الوقائع العراقية – العدد ٢٨٥٩ ١١٥٠ ١٩٨١/١١/٢٣

وثيقة رقم (١٣): المهجرون الكرد ..



جمهورية العراق

مديرية بلدية خانقين
العدد: المساحة/١٣٢
التاريخ: ١٩٩٩/٢/٢٨

### إعـــلان

بناء على ما جاء بكتاب مديرية بلديات محافظة ديالى المرقم ١٠٠٥ في ١٩٩٩/٢/٢٢ وحسب ما جاء بكتاب دائرة التخطيط العمراني المرقم ١٣٢ في ١٩٩٩/٢/٢١ سوف تقوم بلدية خانقين بتحديث التصميم الأساسي المرقم ١٣١٥ وفق مادتين(٤٣-٤٤) من قانون التصميم ١٦٥ لسنة ١٩٦٤ فعلى الدوائر الحكومية الرسمية وشبه الرسمية والمواطنين ممن لديهم اعتراض تقديم اعتراضاتهم الى بلدية خانقين أو الى مجلس الشعب في القضاء خلال مدة أقصاها(٩٠) يوماً.



المهندس
مجول إبراهيم علي
مديرية بلدية خانقين وكالة

**ملاحظة:-**

أن مضمون الكتاب أعلاه تهديم الأحياء المذكورة (أدناه) لان غالبية تلك الأحياء من القومية الكردية وان هذا لقد اقترح بها قائمقام خانقين أثناء زيارة طه ياسين رمضان الى خانقين في شهر تموز/١٩٩٨.

الأحياء المشمولة بالتهديم:-

١. كهريز السفلى
٢. كهريز العليا
٣. حي ١٧ تموز (جنرة)
٤. محمد عبدالله بيك
٥. قرية دور
٦. قرية الاركوازي

وثيقة رقم (١٤): المهجرون الكرد ..

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية

المركز الكردستاني لحقوق الانسان في ... الارشيف التاريخ ...

الى / كافة السرايا /

الموضوع / الشريط الحدودي

كتاب قيادة فلق ٤ سري للغاية ٥٧١٦ في ٢١ آب ١٩٨٢

المبلغ الينا بكتاب ل ٢٤ ٤ السري للغاية ٢٦٨٦ في ٢٢ آب ١٩٨٢

يمنع التواجد بالشريط الحدودي ومعالجة كل من يتواجد فيه بالقوة ، للاستفادة والالتزام .

الرائد

نوري محمد صالح

ع / آمر ف ٥ ل مغاوير ٦١

سري للغاية

**وثيقة رقم (١): الأحزمة العربية حول كركوك**



١٧٦

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

(( سري للغاية ))

محافظة التأميم

شعبة المعلومات السكانية

العدد / ٢٩٨

التاريخ / / ٢ / ٢٠٠٠م

الى / مديرية زراعة التأميم

الموضوع / مقاطعات زراعية

طياً " قائمة بصدد المقاطعات الزراعية ضمن الحزام الامني لمدينة كركوك والتي لم تشمل بالتوزيع على العشائر العربية وفقاً " لخطة لجنة الشمال لبيان الرأي بصدد ذلك واعلامنا رجاء

المرفقات

قائمة

اللواء الركن

نوفل اسماعيل خضير

محافظ التأميم

٢٩ / ٢ / ٢٠٠٠م

محافظة التأميم شعبة المعلومات السكانية العدد / التاريخ / / / ١٩٩

(( سري للغاية ))

**وثيقة رقم (٢): الأحزمة العربية حول كركوك**

بسم الله الرحمن الرحيم

سري

محافظة التأميم
مديرية الشؤون الداخلية
شعبة المعلومات السكانية
العدد/ ٨٢١
التاريخ/ ٨/٥/٢٠٠١

إلى/ مجلس قيادة الثورة/ مكتب [illegible]
[illegible]

يرجى التفضل بالاطلاع وتعرض ما يلي:

١- كتاب لجنة الشمال سري للغاية وبتحيح المرقم ١٦٤ في ١٣/٦/١٩٩٩ المتضمن [illegible] الفلاحين [illegible] المشمولين بالتعريب الوافدين الى محافظتنا وفق القرار ٤٤ لسنة ١٩٨٤ الكريم بتخويل عقارات سكنية ولعائليتهم من الموظفين ولايمكن الاعتماد عليهم في تشكيل الحزام الأمني حيث [illegible] الاجراءات المطلوبة من قبلنا في حينها وتم فسخ العديد من العقود الزراعية .

- لكثرة الراغبين من الوافدين للتعاقد على الأراضي الزراعية في [illegible] الشرح المرفقة على ما يلي:

أ- ان يكون [illegible] مع [illegible] تعريب [illegible]

ب- ان يكون المتعاقد من غير منتسبي دوائر الدولة [illegible]

ج- [illegible]

د- ان يكون المرشح [illegible]

هـ- ان يكون [illegible]

و- عدم التصرف بالمعمورات للسكن القرار المذكور مع [illegible] الى الجميع [illegible] لاسكان المشتمل .

للتفضل ... مع التقدير .

[illegible]
[illegible] رؤوف محمد جواد
[illegible]

[illegible]
محافظ [illegible]

**وثيقة رقم (٣): الأحزمة العربية حول كركوك**



بسم الله الرحمن الرحيم

السيد أمين سر فرع كركوك للحزب القائد المحترم .....

تحية تقدير و أحترام//

م / تخصيص أراضي زراعية

لرغبة افراد عشيرة (البو مفرج) والمدرجة اسمائهم في القائمة المرفقة طياً للسكن وبناء مجمع لهم في منطقة(كتكه ) التابعة لناحية التون كوبرى . تجاوبا مع توجيهات قيادتنا الحكيمة وعلى رأسها القائد الرمز السيد الرئيس صدام حسين (حفظه الله ورعاه ) في زيادة الكثافة السكانية العربية وتأمين الحزام الأمني لمدينة كركوك .
يرجى التفضل بالموافقة على تخصيص أراضي زراعية لهم في مقاطعة (كتكه ) ضمن ناحية التون كوبري وانهم على إستعداد تام للسكن الدائم وتنفيذ كل ما هو مطلوب منهم.

ولكم فائق الشكر والتقـــــــــدير ...

المرفقات
قائمة بأسماء الفلاحين

المستدعي
حسن محمد عبدال المفرجي
محافظة التأميم / ناحية الرشاد
١٠/٧/٢٠٠٠

**وثيقة رقم (٤): الأحزمة العربية حول كركوك**



PDF 4 KURD

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق　　　　قائمقامية قضاء كركوك

التحرير

( سري و شخصي )　العـــدد/

التاريخ /١٩٩٩/٦/١٥

الى / محافظة التأميم / المعلومات السكانية

م / تجهيز الفلاحين المتعاقدين في المجمعات المثنى و الرشيد و عمر بن عبدالعزيز بالسلاح

لغرض سكن العشائر العربية في المجمعات المثنى و الرشيد و عمر بن عبدالعزيـز طلبوا منا تجهيزم بالسلاح للاطئمنان الامني و لمجابهة أي طارئ امني يمكـــن ان يحدث .

مؤيدين مطلبهم يرجى امركم بما تسبونه لتجهيزهم بالسلاح . مع التقدير

حامد طه عبدالله

قائمقام قضاء مركز كركوك

١٥/ ١٩٩٩/٦

الملاحظة ....

تقع المجمعات المذكورة اعلى في حدود بلدية ناحية ام المعارك ( ليلان ) .

**وثيقة رقم (٥): الأحزمة العربية حول كركوك**



حزب البعث العربي الاشتراكي
قيادة فرع السليمانية
قيادة شعبة دربندخان

ذات ... خاصة

العدد ٩/١٤٧١
التاريخ ١٩٨٥/١٠/٢٤

المركز الوثائقي لحقوق الانسان في العراق
التاريخ
الارشيف ٤٤٢١

الى / قيادتي فرقتي سعد والصديق

م / معلـــومــات

تحيــة رفاقيــة

كتاب قيادة فرع السليمانية المرقم ١/٩٩٧٦ في ١٩٨٥/١٠/٢١ المعطوف على كتاب مكتب تنظيم الشمال المرقم ٨٦٦٦/٢٨ في ١٩٨٥/١٠/١١ واشارة الى كتاب قيادة فرقة الصديق المرقم ٤٠٥٤/٣٧ في ١٩٨٥/٩/١٦ وتقرير الرفيق امين سر قيادة فرقة سعد بخصوص القرى العربية .

وردت معلومات عن رفض اهالي القرى العربية المشار اليها بكتابكم استلام حمل السلاح وتأمين الحماية الذاتية لهم ضد المخربين من المؤكد ان هذه القرى تتعامل مع المخربين والا كيف يفسر موضوع رفضهم السلاح . لذلك يعاملون معاملة القرى التي تتعاون مع المخربين وتتخذ الاجراءات بحقهم . للتفضل بالاطلاع .. واتخاذ مايلزم .. مع التقدير

ودمتم للنضال

الرفيق
... ...
امين سر قيادة شعبة دربندخان

**وثيقة رقم (٦): الأحزمة العربية حول كركوك**